




# بەشێک لە دیمانە و وتارەکانی

## هاوڕێ عەلی لەیلاخ

بەشی دووهەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- ئاوابوونی هەر وەرگێڕێداخرانی پەنجەرەیەکە ڕوو بە دنیایەکی دی........................................................ ٤

٢- خامۆشیی بولبولێک لە بەهاردا........................................................................................ ٧

٣- وەڵامی هاوڕێ عەلی لەیلاخ بۆ کارو چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی........................................................ ١٠

٤- لە نیوەی کۆتایی ئەم سادەیەدا........................................................................................ ١٢

٥- کۆمەڵگەیەک بە خەم و ویستی هاوبەشەوە................................................................................ ١٥

٦- پەرتەو کرماشانی، قەڵەمێکی "پەڕاو"ی و "کووچەباخ" ێک پڕ لە جوانی................................................ ١٨

٧- زامی کتێب و کتێبی زامدار........................................................................................ ٢١

٨- ئەگەر پیاوی وەرە لە کوردستان ژن بە!.................................................................................. ٢٤

٩- "زەریف" لە کاریکاتۆری "ئەمیرکەبیر"ەوە بۆ لاسایی‌کردنەوەی "بازرگان"........................................................ ٢٧

١٠- شۆڕش ئاهی: داگیرکەر نەیتوانیوە شوناسمان بفەوتێنێ و ڕێمان لێ ون بکا، چونکی پێشەوا قازی نەخشە گەورەکەی بۆ کێشاوینەتەوە.................................................................................................... ٣١

١١- چایی تاڵی بێتاقەتی!................................................................................................. ٣٧

١٢- خالید عەزیزی: ئەوە مافی گەلی کوردە کە پەنا بۆ ڕێفڕاندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی سەربەخۆی خۆی ببات..... ٤٠

١٣- شەهید چۆن نامرێ!..................................................................................................... ٤٨

١٤- سیاسەتی زاڵکردنی یەکزمانی و خەسارەکانی.......................................................................... ٥٣

١٥- د. کامران ئەمین ئاوە: د. عەلی گەلاوێژ لە دنیای دوو جەمسەریی‌دا................................................ ٥٨

١٦- بۆچی حیزبی دێموکرات دەکرێتە ئامانج؟................................................................................ ٦٨



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دووهەم

١٧- گوتاری نەتەوەیی ئێمە و ئالنگارییەکانی بەردەمی وتوویژ لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە............................ ٧٦
١٨- تاران لە نێوان کۆنسێرتی "متالیکا" و "شۆڕشی ڕۆمانی"دا.................................................... ٨٩
١٩- ٢١ی خەرمانان، پەیامێکی مانادار و هەڵقوڵاو لە هەناوی کوردستان............................................ ٩٣
٢٠- مامۆستای قوتابخانە و "ئـــا" وێنەی ئازادی!................................................................ ٩٧
٢١- بۆچی نارەزایەتییەکان لە ئێران سەرناگرێ؟.......................................................... ١٠١
٢٢- ٦ی ڕەزبەر و بێزراویی ڕێژیمی ناوکبڕاو بە تیرۆر!.................................................. ١١٢
٢٣- درێژترین ساڵی کۆماری ئیسلامی و درێژترین ڕۆژی ژاپۆن!............................................ ١١٦
٢٤- کورد یەکەم قوربانیی ئیسلامی سیاسییە...................................................................... ١٢٠
٢٥- بۆچی کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد؟!........................................................................ ١٢٤
٢٦- تەوسی تاڵی ژینی خەڵک و، مافیای "فیلم و فووتباڵ" لە ئێران.............................................. ١٢٩
٢٧- خەڵک ئیتر ئەسپی زینکراو بۆ دەسەڵات نین!............................................................. ١٣٣
٢٨- خۆخۆریی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی!............................................................ ١٣٧
٢٩- کوردبوون! (سووکەئاوڕێک لە ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین)..................................................... ١٤١
٣٠- سەدساڵەی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێران و، ماڵی جاڵجاڵۆکە!.................................................. ١٤٥
٣١- پێشمەرگە و ئالا، لە بیرەوەریی گشتییەوە بۆ هزری گشتی!............................................... ١٤٩
٣٢- سەرماوەزی تیرۆر، لە شار و شاخ!.......................................................................... ١٥٣
٣٣- یەڵدای خوێناویی دێموکرات! (لە ئاییینی میتراوە، تا دەنکەهەنارەکانی "زامستان")!........................... ١٥٧
٣٤- ئێرانێکی هەڵچنراو لەسەر لمی وەهمگەرایی (هنر نزد ایرانیان است و بس؟!)..................................... ١٦٢
٣٥- لە "ڕەشید یاسەمی"یەوە تا "ئێحسان هووشمەند"........................................................... ١٦٥

# ئاوابوونی هەر وەرگێڕێداخرانی پەنجەرەیەکە ڕوو بە دنیایەکی دی



شەوی ٢٧ی خەزەڵوەری ٩٧ی هەتاوی یەکێکی دیکە لە قەڵەمبەدەستانی کورد و هەڵسووڕ و خاوەن بەرهەم لە بواری ئەدەب و وەرگێڕانی کوردی، ماڵاوایی لە کێبخانەی کوردی و دنیای ئەدەب کرد.

حەکیم کاکەوەیس کە چەند شاکاری مەزنی ئەدەبی گەلانی جیهانی وەرگێراوەتەوە سەرزمانی کوردی لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا چاوەکانی بۆهەمیشە وێکناو بەم جۆرە ئاوابوونی وەرگێڕێک داخرانی پەنجەریەک روو بە دنیایەکی دیکە بوو. بەم بیانوویە جێگای خۆیەتی کە بە پێی توانای ئەم چەند دێرە ئاوریەکی کورد بدرێتەوە لە گرینگی ئەدەبی وەرگێران و بەتایبەتی کاریگەریی بەسەر ڕەوتی ئەدەبی کورد باسی لێوەبکرێ و وەفایەک بێت بۆ سەرجەم قەڵەمبەدەستانی ماندووییەنەناسی ژانری وەرگێڕان.

ڕەنگە زۆر کەس لە ئۆگرانی ئەدەب، سەرقاڵی وەرگێڕان بن بەڵام ئەوەی کە جێگای پەنجەی هێندێک کەس بەرچاوتر دیارە جیا لە خاوەن ئەزموونی و بۆ لێهاتوویی خۆدی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە کە لە چەند ڕەهەندەوە بە توانایی خۆی خزمەتێکی بەر درێژ بە زمان و ئەبیاتی نەتەوەکەی دەکا.

سەرەتا پێویستە بە باس کردن لە تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی چاک وسەرکەوتوو و ئاستی وەرگێڕانی کوردی تا ڕادەیەک بخرێتە روو.

## بەشی دووهەم

لە بارەی «وەرگێر»ی باش و سەرکەوتوو بیروڕای زۆر هەیە، بە رواڵەت «وەرگێر» بە کەسێک دەگوترێ کە دوو زمان بە باشی تێبگات و، بتوانێ بابەتەکانی زمانێک بۆ سەر زمانێکیتر بگوازێتەوە. بەڵام ئەمە بە تەنیایی بەس نیە، بەڵکوو هێندیک لێهاتوویی و تایبەتمەندیی دیکەیان بۆ «وەرگێر» داناوە. بۆ نموونە پسپۆری زمانەوانی «یوجین نایدا» دەڵێ: کەسێک کە خاوەنی بەرهەمێکی بەرچاو نەبێت ناتوانێ بەرهەمێکی بەرچاو وەرگێران بکات. وەرگێر دەبێ وەکوو کاراکتەرێک بە لێهاتوویی لە نێوان گەمە زمانوانی ودەستە واژەکانی دوو زمان ڕۆل بگیرێ.

لەسەر تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی سەرکەوتوو بە پێی چوارچێوە زانستییەکان کۆمەڵێک خاڵ ئاماژەی پێدراوەو کە هەر بەو پێوەرانە دەتوانین بڵێین بەخۆشییەوە ئاستی وەرگێڕانی کوردی بەهەموو گرفت و گیرەکانی بەردەم قەڵەمبەدەستانی کورد، شان لەشانی بەرهەمە هەرمان و سەرکەوتووەکان دەدا.

بە پێی سادەترین پێناسە بۆ وەرگێڕان ، دەبێ وەرگێڕ هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوەی نیزیکترین هاوتا بۆ گەیاندنی ناوەڕۆک و ناخی بابەت و دەقی وەرگێڕدراو بە بێ ئەوەی تایبەتمەندیی زمانی خەسار بە دەق و تێکستی وەرگیراو بگەیەنێ. ئەرەکی سەرەکیی وەرگێڕ گەیاندنی پەیامی دەقەی وەرگیراوە بە مەرجی پاراستنی تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان و هەروەها هەوڵدان بۆ ڕۆنانی دەستەواژەو وشەی تازەو بە گوێری پێویست بۆ تێگەیاندنی بەردەنگ لە بابەتەکە.

ئامەنتداری و وەفاداری بە دەقی زمانی «مبدا» و گواستنەوەی بۆ سەر زمانی «مەبەست» یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە هەر گرینگەکانی وەرگێڕانەو قەڵەمی کوردی ئەگەرچی زۆرجار لە زمانی دووهەمەوە بەرهەمەکانی کردووتە کوردی بەڵام لە ماوەی ئەزموونی وەرگێڕانی کوردی، هەوڵیان داوە شاکارە بەناوبانگەکان بە زمانی کوردی بە گەلی کوردی بناسێنن. کردنەوەی ڕچەو ڕێگایەک بۆ ناساندنی فیکرو هزرە جیاجیاکان و خزمەتکردن بە دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی و پەرەپێدان بە گەمەی زمانەوانی لە دەسکەوتەکانی وەرگێڕان و وەرگێڕی کوردە.

زۆرجا بیستوومانە کە دەڵێن ئەگەر بەرهەمێک لە ئەدەبی جیهان بە شاکار لە قەڵەم دەرێ، بێگومان بەشێکی هەرزۆر ئەو گڵۆبالێزمە مەنەتباری هەوڵ وماندوو بوونی وەرگێڕانەو هەر بۆیە لە شاکاربوونی هەربەرهەمێک، پشکی قەڵەم وهونەری وەرگێڕایشی پێوە دیارە.

سەیر نیە ئەگەر بڵێن ئەگەر کەسانێک قەڵەم و توانایی خۆیانیان بۆ تەرجومەو وەگەڕ نەخستابا، زۆرێک لە کەلتوورەکان و بەهرە فیکریی و هزرییەکان تا دەگاتە خەون و خولیا جیهانییە لە کپی و نامۆییدا دەمایەوە.

## بەشی دووهەم

ئەمە پردی ئاشنایەتی و گواستنەوەی وەرگێڕانە کە سنوورەکانی بەزاند و هەست ونەستی مرۆڤەکانی بەیەکتر دەناسێنن. هەربۆیە بە ڕەچاوکردنی ئەو گرینگییە، قەڵەمبەدەستانی کوردیش بەرەو ڕووی «تاک»ی کورد ڕۆچنەیەکیان کردووتەوە کە نیازمەندی گرینگی پێدانی زۆرترە.

ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی کە لە وەرگێراندا بەتایبەت «وەرگێرانی» کوردیدا دەبینین بە تەواوی بۆچوونی «ئادین دولە» و توێژەرانی دیکە پشتڕاست دەکاتەوە کە تا هەر ڕادەیەک نووسەری وەرگێر بە زانیاری و وردبینیەوە بابەتێک وەربگێرێتەوە بە راستی خزمەتێکی بە پیت و بە بەهرە دەکات بە بەرزکردنی ئاستی وشیاری و ئاگایی گەلەکەی لە بوارە جیاجیاکاندا وەکوو»ئەدەبیات، مێژوو، فەلسەفە، زانست. هەروەها کاتێک بەرهەمەکانی گەلی خۆی دەگوازێتەوە بۆ سەر زمانەکانی دیکە، واتا دەبێتە ئەوە کە ئەدەب و کلتووری گەلی خۆی بە جوانی بۆ گەلانی دیکە نواندوە و ئاکامی ئەم نواندە دەبێتە هۆی ناسیاری و تێگەیشتنی گەلان. ئەمە لە کاتێک دایە کە زۆر جار کەتمانی مێژووی و ململانێی نەتەوەکان دەگەڕێتەوە بۆ یەکتر نەناسینی فیکریی و فەرهەنگی. کەواتە «وەرگێر»ی بە توانا دەتوانێ نوێنەری گەلەکەی خۆی بێ بۆ هاوردەکردنی بەهرەی فیکری و هزری گەلانی دنیاو، هەروەها هەناردنی دەنگ و ڕەنگی جڤاکو نیشتمانی خۆی. وەرگێڕانی کورد هەم هەوڵیان داوە بەرهەمە ئەدەبییەکانی «شێعر و چیرۆک و زانستە مرۆییەکان و بیرۆکەکان...» لە گەلانی دیکە بکوردێنن، هەم بەوەی کە بەرهەمی نووسەرانی فارسینووس بکەن بە کوردی ئەو کەمایسییە پڕ بکەنەوە ماندوو بوون.

گەشەی فیکرو هزری هەر تاکێک گرێدراوە بەوەی کە بە نیسبەت بەرهەمە نوێیە فیکری و هزرییەکان خەمسارد و لێی غافڵ نەبێ، کەواتە وەرگێڕەکان لە گەشاندنی هزر و گەیاندنی بیرۆکەی نوێ و ناساندنی جیهانە جیاجیاکان، دنیاییەکی بەرفراوان بنیات دەنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

## خامۆشیی بولبولێک لە بەهاردا



لە کۆتاییەکانی مانگی بەهاردا، ژیانی هونەرمەندێکی مەند و نیان کۆتایی هات بەناوی سمایل سابوور. ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی جۆزەردان، «سماعیل سابوور»، هونەرمەندی کوردی خەڵکی شاری نۆدشە، لە نەخۆشخانەیەک لە شاری سلێمانی بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە ماڵاوایی لە ژیان کرد و هۆگرانی مووسیقی ڕەسەنی کوردی تازیەبار کرد.

بنەماڵەی سابوور کە بنەماڵەیەکی هونەرمەندن لە ناوچەی هەورامان و پارێزگای کرماشان و، فیرووز سابوور و سمایل سابوور دوو کوڕی ئەو بنەماڵەن کە لە مووسیقی کوردیدا جێگەی تایبەتیان هەیە.

سمایل سابوور خەڵکی شاری نۆدشە، لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاویدا لەدایک بووە. ئەو ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە شاری تاران، زانکۆی لە بەشی هونەرە جوانەکاندا تەواو کرد و چەندین ساڵ لە ڕادیۆ دەنگی کرماشان خزمەتی بە هونەری مووسیقیی کوردی کرد. ئەو هونەرمەندە دەنگ ئەهوورایییە تا کاتێک کە وڵاتی بە جێ نەهێشتبوو ١٠٥ گۆرانیی تۆمار کرد و ئاڵبۆمێکی بە ناوی «سەفەرنامەی کوردستان» بڵاو کردەوە.

سمایل سابوور خووگرتوو بە زوڵاڵیی دەنگی مەزهەر خالقی و هەڵکەوتوو لە داوێنی هەورامانی پڕ خرینگە و قاسپە، هەر لە منداڵییەوە عەوداڵی گۆرانی دەبێ و بەهۆی بەهرەمەندی توانی بە جوانی لەم ئاسمانەدا بدرەوشێ، بەڵام ئەوەی کە حاشاهەڵنەگرە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هونەرمەندان بوون بە دوو دەستە، دەستەیەک

## بەشی دووهەم

زێد و وڵاتیان بەجێهێشت و دەستەیەکی دیکە مانەوە و لەگەڵ ئەوبارودۆخە بەرتەسکەدا هەڵسوکەتیان کرد و تووشی کۆمەڵێک گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون و لە ئاکامدا نەیانتوانی بەو جۆرە کە حەزی خۆیانە، درێژە بە هونەرەکەیان بدەن.

کەم نین و بگرە زۆریشن ئەو هونەرمەند و نووسەر و شاعیرانەی کە بەهۆی ئەوەی نەبوون بە شایەری دەسەڵات و هونەریان بەهۆی هونەر پاراست، ئەگەریش تووشی سزا و زیندان نەبوون لانیکەم ژیان و ژینگەیان وەها بەرتەسک و داخراو کرا کە هەست بە غەریبی بکەن لە خاک و شاری خۆیان و بە ناچاری سەری سەوداسەرییان هەڵگرن و ڕوو بکەنە غەریبستان!

یەکێک لەو هونەرمەندانە کە هاوکاروانی حیشمەتوڵڵای لۆڕنژادە لە کرماشانی دێرین، سمایل سابوورە کە بە مەحزوونی ژیا و بە غەریبیش مرد.

لە نۆدشەوە بە قاسپەی کەو ڕاهات و لە تاران بە لاواندنەوەی نیشتمان بیری کوردانەی پەرەی سەند و لە ڕادیۆی دەنگی کرماشان وەکوو زیرەک بوو بە تەتەری بێتاقەتی گەلێکی خەمبار و جەفا چێشتوو.

کۆچی دوایی سابوور ناڵێم بۆ چەند کات بە دڵنیاییەوە بۆ چەند ڕۆژ کۆمەڵگەی کوردەواری داچڵەکاند و هەواڵی هەڵفڕینی ئەو بولبولە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی.

هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سمایل سابوور زیاتر لە ٤٠ ساڵ گۆرانی بۆ گۆرانی چڕی، لە پێناوی هونەرمەند بوونیدا دەربەدەری و ئاوارەگی و چەوساوەیی زۆری چێشت. بەڵام گرینگە بنەماڵەی سابووریش هەڵقوڵاوی جوغرافیای پان و بەرین و زێرینی کرماشانن و بە جورئەتەوە دەتوانین بێژین کە گەشەی مووسیقی فارسی لە ئێران لە گرەوی مووسیقی و مووزیسیەن و هونەرمەندانی ئەو بەشە لە کوردستانە کە ئاساییە دەسەڵات هەموو جۆرێک هەوڵی خۆی وەگەڕ بخا بۆ دابڕاندن و جیاکردنی و گرێدانی بە سانتراڵەوە.

بە چاوخشاندنێک بەڕەوتی میوزیکی ئێراندا کە بەداخەوە بەمووسیقیی فارسی ناسراوە! جێ پەنجە و کاریگەریی هونەرمەندان و ژەنیارانی کوردیان پێوە دیارە کە زۆرترینیان لە دایکبووی پارێزگای کرماشان و پەروەردەیلانکەی زاگرۆسن.

## بەشی دووهەم

لە کاسێتی «گوڵی سەد بەرگ» بە هونەرمەندیی «شەهرام نازری» و «بیژەن کامکار» بۆ یەکەمجار ئامێری دەف هاتە نێو مووسیقیی ئێران و کوردستان و بە وردبوونەوەیەک تێدەگەین کە هاوکاری و کاری هاوبەشی هونەرمەندانی کورد کاریگەریی بەرچاوی لەسەر گەشەی مووسیقیی ئێران و کوردستان داناوە.

ئەگەر لە هونەرمەندانێک وەکوو سووسەن و هایدە و مەهەستی گەڕێین، ئەمە سۆزی تەموورەژەنانێک وەکوو «سەید خەلیل عالینژاد» و «عەلیئەکبەر مرادی» بوو کە سۆزێکی دێرینی لە شارستانیەتی کوردانی بە ئێران و جیهان ناساند، ئەمە دیسان دەست و پەنجەی «کەیهانی کەلهوڕ»ی کرماشانییە کە لە «جادەی ئەبریشەم» بە هاوشانی گەورە مووزیسیەنەکانی جیهان، «شاری خامۆش» واتە هەڵەبجە دەلاوێنێ و ئێستاش بەشێکی زۆر لە مێلۆدی و ئاوازەکانی گۆرانیبێژانی فارس لە ئاستی بەرزدا وەکوو «شەجەریان» قەرزداری ژەنیارانی کورد بەتایبەتی کوردی پارێزگای کرماشانن.

بنەماڵەی «سابوور»، «زەهاوی»، «نازری» و «پوورنازری»یەکان ئەمانە ئالبۆمی ڕەسەنایەتیی ئاواز و مێلۆدیی کوردین کە مووسیقیی ئێرانیشیان گەشاندەوە و جێ پەنجەیان دیارە.

بەڵام خاڵی بەرچاوی کەسانێک وەکوو سمایل سابوور و فیرۆزی سابوور و یەدوڵڵای ڕەحمانی و حێشمەتوڵڵای لۆڕنژاد ئەوەیە کە بە ماندووبوونی خۆیان و هەست بە بەرپرسایەتییەک زێدەتر لە هونەرمەندبوون وەکوو سەنگەرێک گۆرانی و ئەدەبی زارەکیی ناوچەی هەستیاری کرماشانیان پاراستوە و ڕێگەخۆشکەرێکی خەمخۆر بوون هەتا بەرە و نەوەی نوێ زیاتر لە جیلەکانی دیکە لە پارێزگای کرماشان و ئیلام لە سیاسەتی داڕێژراوی پاکتاوکردن نەتوێنەوە.

بە لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجی سیاسی و مێژوویی کرماشان و ئیلام دەتوانین بێژین ئەمە مووسیقی و بەتایبەتی هونەرمەندانی دەروەستی ئەو ناوچانە بوون کە وەکوو قەڵغان، فەرهەنگ و زمان و ناسنامەی کوردستانی بوونیان پاراست.
لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێ کە ناوچەکانی کوردستان ئالبۆمی فرەڕەنگی دەنگەکانە و سمایل سابوور یەکێک لە ناسکە دەنگەکانی ناوچەی هەورامان و فەرهادی شەیدای گۆرانی «شیرین» بوو کە بە گۆرانی «خانباجی»یەوە، بووەتە نۆستالژیا و بیرەوەریی هاوبەشی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان و؛ تەنانەت مەرگیش دەرقەتی هونەر نایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٩

# دەقی وەڵامی هاوڕێ عەلی لەیلاخ بۆ کارو چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی




## ڕەحمان نەقشی و نەخشاندنی کۆمەڵێک بابەت و ماندووبوونێکی بێ بەرانبەر

بەو ڕادەیە کە کۆمەڵگە پیویستی بە نووسەر و قەڵەمبەدەستە، بەو ڕادەیش نیازی بە کۆمەڵگەیەکە کە بەدواداچوونی بابەتەکان بکات، دەنا کۆی بابەت ونووسراوەکان لە بازنەیەکی تەسکی خاوەن قەڵەم و دیسانەکە خۆدی نووسەر قەتیس دەمێنێتەوە.

لەم نێوانەدا ئەوانەی کە پردی گواستنەوەی فیکر و بابەت و وتارەکانن کەسانێکن کە هەست بەو پێویستییە گرینگە دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن کە بەرهەمەکان بە کۆکراوەی و ڕێکوپێکتر بگاتە بەر دیدی خوێنەران.

بۆ نموونە چەند ساڵە بەڕێزێک بەناوی ڕەحمان نەقشی، بەخۆ بە دوور گرتن لە نەقاشە بێ ئەنجامەکانی دنیای مەجازی، بە ماندووبوونی خۆی و گرد و کۆکردنی بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی "کوردستان و کورد" و هەروەها نووسراوەکانی دیکە لە هاوڕێیان و ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیویەتی بە جوانی گۆشەیەک لە کتێبخانەی کوردی پێبرازێنێتەوەو ئەو ماندووبوونەش لە چەند گۆشە نیگاوە جێگەی

سەرنج و پێزانینە.

١- ئەساسەن بە ئارشیڤکردنی بابەتەکان لە دنیای ئەمڕۆدا حرفە و پیشەییەکی پرۆفێشناڵە و یەکێکە لە بوارەکانی ڕۆژنامەگەریی.

٢- کاتێک کۆی نووسراوەکانی نووسەرێک لە دوتویی نامەیلکەیەک ئامادە دەکرێت، یەکەم قازانجی بۆ خودی نووسەرەکەیە کە بە ئاوردانەوەیەک لە ڕەوتی نووسینەکانی خۆی هەست بە لاوازی و بەهێزی بکات و قامک لەسەر کەموکوڕییەکانی خۆی دابنێت و هەوڵ بدا هەڵەکانی "چ فیکری و ڕوانگەیی و چ ڕێنووس و... هتد.." چاک بکات.

٣- کۆکردنی بابەت و وتارەکان لە بواری فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەتوانێ ببێە ئارشیڤ و ژێرخانێک بۆ هەرکام لەو بوارانە کە چ بۆ ئێستا و چ بۆ داهاتووش بە کەڵک دێت.

٤- لە دنیای ئەمڕۆدا نامیلکە و کتێبی ئێلکترۆنێکی برەو و بەردەنگی باشی هەیەو دیسانەکە هیممەتی کەسانی وەکوو کاک ڕەحمان هەوڵێکی ژیرانە و خەمخۆرانە و زانستییە بۆ ئەوەی بەردەنگی کوردیش بە ئاسانی هێندێک بابەت و وتار بخوێنێتەوە.

لە کۆتایی‌دا ڕەحمان نەقشی لە پێشگرتن لە پەرش و بڵاوی و هەروەها کۆکردنی بەشێک لە ئارشیڤی مەکتووبی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی بزووتنەوەی کورد، لە هێشتنەوەو ناساندنی ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەقشێکی بەرچاوەی هەیە و هیوادارم هەردەم بە هەناسەیەکی تازەوە بەردەوام بێت لەو ئەرکە گرنگ و فەرهەنگییە و منیش وەکوو خاوەنی قەڵەمێکی کرچ و کاڵ، دەست و چاوی ماچ دەکەم و خۆم بە قەرزداری دەزانم.

عەلی لەیلاخ

١٦ی جۆزەردانی ٩٨ی هەتاوی

## لە نیوەی کۆتایی ئەم سادەیەدا



لە نیوەی سەرماوەزی ئەمساڵدا چاوم بە کۆمەڵێک شێعری ڕامان سۆفی سوڵتانی لەژێر ناوی «لە نیوەی کۆتایی ئەم سادەیەدا» کەوت.

ڕامان لە چینی شاعیرانی بەرەی چواردا جێی دەبێتەوە کە پاش ١٨ ساڵ بە ٦٤ شێعری کورت و نیوە کورت ئەزموونێکی دیکەی لە شێعری کوردی تاقی کردۆتەوە.

لە کورتە شێعرەکانیدا بۆنی «خاک»ی مارف ئاغایی و خاک و خۆڵی کۆڵانی منداڵی و شەقامەکانی هەرزەکاری و بۆکانی لێ دێت.

ژانری کورتە شێعر کە هونەرێکی ئاستەم و بەبڕەوە ئەگەرچی لەژێر کاریگەریی ئەدەبی فارسی گەیشتووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام هەر زوو بە ماندووبوونی شاعیرانی کورد پێناسەیەکی کوردانەی بۆ کرا و ئێستاش لە هەڵکشاندایە.

ڕامان لە ئەزموونە نوێیەکەی خۆیدا هەوڵی داوە لە سەربنچینەی شێعری کوردی نوێگەرایی بکا و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو دیارە. بە گوتەی خۆی « فڕین چ سادەیەکی ئاڵۆزە» هەر بۆیە هەڵفڕینی شێعر و هەستی ئەمجارەی ڕامان سۆفی سوڵتانی ئاڵۆزییەکی پێوە دیارە، هەڵقوڵاوی ناسادەیی فڕینی هونەرمەندانەیە و باڵکشانە بە ئاسمانی هەستدا.

ئەگەر پێناسەیەکی سادەی شێعر ئەمە بێ کە دەڵێین: «شۆڕشی زمانە لە وڵاتی خەیاڵدا»، بە چاوخشاندنێک بە «لە نیوەی کۆتایی ئەم سادەیەدا»، نووسەرێکی شوڕشگێڕ لە زمان و دارشتنەوە دەبینین کە خاوەنی وڵاتێکی ئاڵۆز، شڵەژاو، پڕ لە هەڵاکات و کارەساتە... خودی شێعر کارەساتە و شاعیر خۆڵقێنەری کارەساتە زمانی و ئیحساسییەکانە.

ئاشقانەکانی ڕامان، ڕامانێکی ورد و جوان و نۆستالیژیایە بۆ وشە و گەشەپێدان بە هەستی ئەویندارانە کە لە ئەسمەرێیەکی بۆکانییەوە باوەش بە چارەڕەشیی خاکێکدا دەکا کە لە خولیاکانی «فەوزییە»وە تا «هێمن» هەوێنی خاکویستی و نیشتماندۆستی بووە.

لە نیوەی کۆتایی ئەم سادەیەدا، نووسەر نایهەوێ بە ناوی نوێخوازی لە ئەدەب، ساکارەکانی خۆی تێک بدا و سەوداسەرییەکانی ئاڵۆزتر بکا بەڵکوو زۆر بە سانایی و جوانی دەنووسێ:

«ئێستا دڵم زۆر تەنگ بووە
خانمەکەی ماڵ لەسەر کووچەی خۆمان
خۆمان کە کووچەیەکمان پڕپڕ هەبوو لە جمەت
لە گمەت
کە نەختە ئەزایە دڵمان
کە ئێستا زۆر زۆر تەنگ بووە
بۆت» .

جیا لە هارمۆنیای جێکەوتووی وشە و دارشتنی ژیرانە، لێرەدا کووچە چ وەکوو نۆستالژیا چ وەکوو ئاشنایەتی، هەڵگری پێناسەیەکی دیکەشە مادام شاعیر لەسەرەوە باس لە دڵتەنگی دەکات.

هێمن وتەنی دڵم هێند تەنگە هەر جێی تۆ دەبێ و بەس، دڵتەنگییەکەی ڕامان سۆفی سوڵتانیش لە هەمان چەشن و لە هەمان خەفەتە، خەمێکی ئەزەلی و ئازارێک بۆ ئازادی.

هیواخوازم بەردەنگە جیدییەکانی شێعری کوردی بەوردی سەرنجی شاعیرانی هاوچەرخ بدەن و قەڵەمی ڕەخنەگرانی شێعری کوردیش بۆ جوانتر و بەهێز کردنی بەرهەمە نوێیەکان زیاتر ماندوو بن.


بەشی دووهەم

«بیر لە پیتەکانت دەکەمەوە
زەڕنەقووتەی قامکەکانی تۆ لەکوێ و،
ڕمووزنەی پەلەپیتکەی کڵاشینکۆف لە کوێ؟
بیر لە پیتەکانت دەکەمەوە...»

ڕامان سۆفی سوڵتانی وا دەڵێ و منیش جیا لە کڵاشینکۆف، هیواخوازم قامکەکانی ئەو شاعیرە بۆ نووسینی وشە یاخییەکان گەرمتر و هەردەم هەناسەی تازەتر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## کۆمەڵگەیەک بە خەم و ویستی هاوبەشەوە



**زیاتر لە دوو مانگە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە چەند ڕەهەندەوە دنیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە.**

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا باس لە ململانێی مێژوویی نێوان زلهێزان کرا بە تایبەتی "ئەژدیهای زەرد"ی چین و هەڵۆی باڵ کراوەی ئامریکای کە بەپێی کتێبەکەی "چین" کە کیسنجێر نووسییەتی ئەو کێشمەکێشە تا ئاستی یەکتر بەزاندن بەردەوامە و سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشییەش لە وڵاتی چین بۆ ماوەیەک ململانێیە کلاسیکەکانی بەرجەستە کرد.

ئەو نەخۆشییە بەخێراییەکی زۆرەوە گەیشتە ئێران و دواتر کوردستانیشی گرتەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەڕێوەبەریی قەیران لەو وڵاتە و لە کاتێکدا کە دەبوا ڕێوشوێنی گشتیگیر بگرنە بەر، کەچی لەبەر بەشداریی خەڵک بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان و هەروەها هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بێدەنگەی لێکرا. لە لایەکی دیکەش کۆمپانیای فڕۆکەوانیی "ماهان ئەیر" کە سەربە سپای پاسدارانە بەبێ ڕەچاوکردنی پرۆتۆکۆلەکان و بۆ هەلپەرستیی ئابووری و بە بەردەوامیی گەشتەکانی خۆی پەرەی بە بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە دا.

دواتریش نەبوونی "مودیرییەتی قەیران" و خۆبواردنی بەرپرسان لە باسیکردنی ڕاستییەکان و لە هەموو گرینگتر بۆشایی متمانە لەنێوان خەڵک و حکوومەت وایکرد کە ئێران دوای وڵاتی چین زیاترین تۆشبووی هەبێ.

پاش تەشەنەسەندنی نەخۆشی کۆڕۆنا لە ئێران و گەیشتنی بە کوردستان ئاستی ئەو کارەساتە بەربڵاوتر دەرکەوت، ئەویش

## بەشی دووهەم

لەبەر جیاوازیی شێوەی مودیرییەت لە کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێرانە. زۆر زووش لە میدیاکاندا ئەو باسە ورووژا کە ئەولەوییەتی دەوڵەت پێشگرتن لە تەشەنەسەندنی ئەم پەتایە لە تارانە و ناوچەکانی دیکەی ئێران خراوەتە لاوە.

ئەمە یەکەم جار نەبوو کە خەڵکی کوردستان هەست بکەن لە نەهامەتی و قەیرانەکاندا تەنیان. خەڵک بوومەلەرزەکەی کرماشان و لافاوی لۆڕستانیان لەبیر مابوو. هەر بۆیە بەپێی ئەو ئەزموونە کە لایەنێکی خەمساردیی دەسەڵات و لایەنەکەی دیکەی خۆ ڕێکخستن و خۆبەڕێوەبەریی خەڵکییە، ئەمجارەش لە بەرانبەر قەیرانی کۆڕۆنادا بەجوانی دەرکەوتن.

هەر لە یەکەم ڕۆژانی تەشەنەسەندنی پەتای کۆڕۆنا لە کوردستان دیسانەکە ئەمە ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنیی کورد بوون کە بە هەستکردن بە قووڵایی ئەم قەیرانە و لە نەبوونی دەسەڵاتێکی بەمشوور، بە خۆڕێکخستنی خۆیان توانییان ببنە ناوەندێکی جێگەی متمانە و، هەروەها بەشی زۆری دۆخەکە کونترۆڵ بکەن.

ئەم ئەزموونەی خەڵکی کوردستان لە خۆبەڕێوەبردن و ئیدارەی خۆیان وایکرد ئەم قەیرانەش ببێ بە دەرفەتێک بۆ سەلماندنی ئەوەی شیاوی ژیانێکی شارستانین و مافی خۆیانە چارەنووسی خۆیان و بەڕێوەبەریی نیشتمانەکەیان لەدەست خۆیاندا بێ.
یەکێک لە دیوەکانی دیکەی قەیرانی کۆڕۆنا زانستتەوەری دژی خورافە و ئایدۆلۆژیای دوگمە کە بەخۆشییەوە خەڵکی کورد بەهۆی هەبوونی ڕێکخراو و ئەحزابی سیاسی، لەو بارەشەوە چەند هەنگاوێک لە پێشەوەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانن کە لەژێر سیاسەتی "ئەریستو کراسیی مەزهەبی"دا، هزر و زەینییان داخراوە.

کە سەرنجی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی ئەم دواییانەی خەڵکی کورد دەدەین واتە لە بوومەلەرزەکەی کوتۆڵ لە پارێزگای ورمێ تا بڵاوبوونەوەی پەتای کوشندەی کۆڕۆنا ئەوەی جێگای وردبوونەوەیە ئامادەیی خەڵکە بۆ کۆنترۆڵی قەیرانەکە و ئیدارەی شوێنی ژیانیان. لە هەمووی گرینگتر کاتێک کەمپەینی "پارێزەرانی ژیان" لە شاری جوانرو دوای ئەوەی شار و ناوچەی خۆیانیان پاک و خاوێن کردەوە ڕایانگەیاند کە ئامادەن بە هانای خەڵکی پارێزگای گیلان بکەون، ئەمەش جیا لەوەی ئەو پەڕی مرۆڤایەتییە، ڕێک بە پێچەوانەی ویستی ناوەند بوو کە هەموو کات هەوڵی داوە ڕۆخساری تاک و کۆمەڵگەی کورد ناشیرین نیشان بدا.
ئەمە چالاکانی مەدەنی و خەڵکی خۆبەخشی شارەکانی پیرانشار، شنۆ و نەغەدە بوون کە لەژێر ناوی "ژیان بەردەوامە"، لە ڕیزی پێشەوەی گیانفیداییدا لە شەقام و کۆڵانەکانی شار مانەوە هەتا خەڵک لە ماڵەوە سلامەت بن لە دەرد و بەڵا.

## بەشی دووهەم

هەر لە یەکەم ڕۆژانی گەیشتنی کۆرۆنا بە شارەکانی کوردستان بەتایبەتی لە شارەکانی سەقز و بۆکان چەندین گرووپ و کەمپەین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان کرد بە چالاکی و وشیارکردنەوەی خەڵک. لە لایەکی دیکەش شوڕای ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە ئەزموونی هەرەوز و هاوکاری کۆکردنەوە بۆ خەڵکی لافاولێدراوی لۆڕستان، ئەمساڵیش توانییان ببنە پردێکی هاوکاری لەنێوان چالاکان و خەڵکانی خەمخۆر لە چەندین شاری کوردستان.

هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵی قەیرانی کۆرۆنا کە لە واقعدا هەم ئەرکی دەوڵەتە و هەم بەپێی ئیمکانات لە توانای ئەودایە، دەبینین لە کوردستان بووەتە ئەرکێکی نیشتمانی و هەموو چین و توێژەکان هەرکامە و بە جۆرێک خۆیان لەو بارەوە بە بەرپرس دەزانن.

بێگومان لە "پساکۆرۆنا"دا ناسیونالیزمی کوردی شکڵی کۆمەڵایەتی و ژێرخانیی دیکە بەخۆیەوە دەبینێ، چونکە لە سەردەمی بێدەسەڵاتیدا ئەمە تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان بوونکە بۆ پاراستنی نیشتمان هەوڵی پاراستنی خەڵکی خۆیانیان دا. فەرامۆش ناکرێ کە بەشێک لە مامۆستایانی ئایینی بە زانست و مشوورەوە وتاری خۆیانیان بۆ وشیاریی خەڵک پێشکەش کرد و بەدژی هەر جۆرە خورافە و دڵساردکردنەوەی خەڵک هەڵوێستیان گرت. کەم نەبوون و پزیشک و پەرەستارە بەویژدان و شەریفانەی کە تاکاتی نووسینی ئەم دەقەش زۆرترین مەترسییان بۆ تۆشبوون لە سەرە، بەڵام کۆڵ نادەن و دەبێ وەکوو فریشتەکانی سڵامەتی سەیریان بکرێ.

گەر بمانهەوێ هەموو ئەم ڕووداوانە وەکوو ئاڵقەی زەنجیر سەیر بکەین, هەرکامەوە لەسەری ئەوی دیکە کاریگەریی هەبووە. بە واتایەکی دی چالاکیی مەدەنی و چالاکانی نێوخۆ لە کوردستان پێگە و جێگەی خۆی دۆزیوەتەوە و نەبوونی متمانە بە دەسەڵاتدا و خەڵکی کوردستان متمانەیان بە لاوان و مشوورخۆرەکانی خۆیانە و نیشتماندۆستی و کاری خۆبەخشانە بۆتە نەریتێکی پیرۆز و گشتگیر.

بێگومان کارەساتەکان ئینسانەکان لە یەکتر نزیکتر و لەگەڵ یەکتر مێهرەبانتر دەکەنەوە، هەربۆیە بە دڵنیاییەوە پاش کۆرۆنا هەرەوەز و تێکۆشانی خەڵک بەتایبەتی کەسانی چالاک دەبێتە "بیرەوەری هاوبەش" مان کە کەناری (خاک و زمان و جوغرافیای هاوبەش) خاڵێکی گرینگە لە بنیاتنانی دەوڵەتەکان و هەودایەکی نادیار و بەهێزە لە نەتەوەخوازی و مرۆڤدۆستی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠

## پەرتەو کرماشانی، قەڵەمێکی "پەڕاو"ی و "کووچەباخ"ێک پڕ لە جوانی



٢٧ی بانەمەڕ کە ڕۆژی لەدایکبوونی ئوستاد پەرتەوی کرماشانییە، شەش ساڵە بە هیممەتی قەڵەمبەدەستان و ئۆگرانی ئەدەب و ویژەی کوردی (ڕێکخراوی فەرهەنگیی دەنگی پەڕاو) لەو ڕۆژەدا ڕێز لەو شاعیرە بەنرخە دەگیردرێ کە بە ویستی خۆی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان خۆ دەبوێرێ.

(دەردم کەسی نییە زانید
داخم لە بیکەسی خوەم
تەنیا مە چوو بکیشم
ئیی هەمگە ناحەساوە!)

ئەمساڵیش کەسایەتییە فەرهەنگی و هونەرییەکانی کوردستان (قوتبەدینی سادقی، کەیخسرەو پوورنازری، عەتا نەهایی، بیژەن کامکار، شارام نازری، ئارام مستۆفی و...) بە بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆیەک لەسەر قەڵەم و ڕوانگەی هونەریی ئوستاد پەرتەو دوان.

شێعری "پەرتەو" کە زۆرتر لە خودی شاعیرەکە ناسراوە و بووەتە وێردی سەر زاری زۆریەک لە خەڵکی کوردستان و لەسەر غەزەلی ئەو شاعیرە ئاواز و گۆرانی دانراوە و دەتوانین بڵێین سیکلێکی بەهێزە لە نێوان "دانەر" و "خوێنەر" کە لە زۆرێک

## بەشی دووهەم

لە بەرهەمەکانی دیکەی قەڵەمبەدەستانی ئەو ڕەوتەدا نابینـدرێ و نووسـەری زۆر هەیە کە تەنیـا لە دیـوی مـاڵی خـۆی بەرهەمەکـانی دەبینـدرێ و یـان تـاقە دێڕێکـی لە سـەرزار و بـنزاری کەس نابیسـی و بەتەواوی بـێبەرییە لە بەردەنـگ! "علیاشرف نوبتی کرمانشاهی" ناسراو بە پەرتەو کرماشانی پێش ئەوەی بەرهەمەکانی لە دووتوێی کتێبی "کوچە بـاخی"هـا چاپ بکرێ، خوێنەر و ئەدەبدۆستانی کورد گیاخاوی دووبەیتی و چناری ڕیشەداری، غەزەلەکانیان دەناسی و ڕەنگە ئێسـتاش زۆر کەس نەزانـێ تێکسـتی گـۆرانیی "ئەرمەنـی" کە بـووەتە بیرەوەریـی هاوبەشـی زۆرێـک لە کـوردانی ڕۆژهەڵات و بگـرە پارچەکانی دیکەش هیی پەرتەوە و، ئەو نووسەرە لە سەردەمانێک هەوڵی داوە بە زمانی دایک بنووسێ کە کرماشـان لەمێژە فەرهەنگ و زمانی لەژێر ڕم و سمی ئاسیمیلەکردنێکی مێژووییدا دەیناڵاند.

بە کورتی ئەگەر ئاماژە بە خاڵە بەهێزەکانی شێعر و قەڵەمی "پەرتەو" بکەین، دەتوانین بڵێین شێعرەکانی هەڵگری سۆز و هەستێکی تـایبەتە و چیـدمان و بەکـار هێنـانی هێنـدێک دەستەواژەی کـوردیی پەتـی، نیشـاندەری ئەوەیە کە ئەو شـاعیرە خەڵکییە دەیهەوێ سەمیمانە بنووسێ و لەژێر ناوی "فازلانە نووسین" سەری لە خۆی و خوێنەر نەشێواندوە.

دووبەیتییەکانی "پەرتەو" فۆرمێکی ڕێک و نێوەرۆکێکی جوان و تـازەی تـێدایە کە خـوێنەر بە ئـاسانی دەتـوانێ هەسـتی پـێ بکـا. هەر بـۆیە پێشوازی لە نووسینەکانی پەرتەو کرماشانی لە بەشەکانی دیکەی کوردسـتان لە زێـدی خـۆی ئەگەر زۆرتـر نەبێ بەدڵنیاییەوە کەمتر نییە.

جوانییەکانی غەزەلی ناسیوە و بە جوانییش ناساندوویەتی بە خوێنەر و، لە دووبەتییەکانیدا وەکوو تایبەتمەندیی بەهێزی دووبەیتی لە یەکەم میسراع خوێنەر بە پەلەیە بگاتە دوایین میسراع کە چێژی هونەری دووبەیتی لەوەدایە:

"دڵم بیتاقەتە بەشکەم بوەیدەی
حەواست بوو لە ڕێ ترسم بخەیدەی
وە باخ هاتیت و سێفێک وەدەست بوود
حەرامت بوو، ئەگەر بیمە بخوەیدەی!"

ئەو پەرتەوە پەڕاوییـە، زۆر بە جـوانی و ژیـرانە لە تەنیشـت شـێعری بەسـۆزی ئەڤیـدارانە، هەسـتی نەتەوەیـی و نیشتماندۆستیی جـێ خسـتوە کە دەچێـتە خـانەی ئەدەبـی بەرگرییەوە، ئەویـش لە نـاوچەی هەڕەشە لەسـەر و هەسـتیاری کرماشان و ئەو دەڤەرە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دووهەم

ئەو لە سۆنگەی بایەخدان بە "کرماشان" لە بناری شاخی پەڕاو بۆ گشت کوردستان دەچریکێنێ کاتێک لە غەزەلێکدا دەڵێ:

"کرماشان دیارە عیشقە، حەیفە خاپووری نەکەین
خەرگ کورە بنیشم ئاو و خاکم هەر یەسە!

لە دەقێکی دیکەدا دەبێژێ:


"مە کرماشانی و تۆ کورد "بانە"
وەیەک دووریم و دووری دەردمانە"

ئوستاد پەرتەوی کرماشانی دەتوانێ سەرمەشقێک بێ بۆ جیلی نوێی نووسەرانی ئیلام و کرماشان کە لە مەتەرێزی قەڵەمدا قەڵەمڕەوی خۆیان و پێناسەی نەتەوەییان بپارێزن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٠


سەرچاوە Serchawe

## زامی کتێب و کتێبی زامدار



لێرەوە لە یەکێک لە سەنگەرەکانی دێموکراتەوە
پاش دووساڵ لە هەڵگرتنی کۆڵەخەمی ناخهەژێنی ١٧ی خەرمانان و تاسەباری یادی یارانی شەهیدمان
هەر لە قەڵایەک
کە بووەتە مۆتەکەی سەر خەونی گەنیوی نەیاران،
پێکەوە لە قەراخی ڕووباری هاوڕێیەتی و،
لە تەنیشت تەشایی شایی بەخۆکردن و لە بناری فێنک و دڵڕفێنی کتێبخانەکەی قەڵادا
یادێک دەکەین لە سەرجەم هەڤاڵانی خەرمانانی شەهید و، شەهیدانی خەرمانان.
ئەم کتێبخانەی ئێمە وەکوو قارەمانەکانی ئێمە
هەر لە قارەمان و کتێبخانەی ئێمە دەچن!
بە قەت لاپەڕەی کتێبەکانی بریندار بووە و،
بە ئەژماری پەڕتووکەکانی تەپوتۆزی تۆپبارانی لەیادە و،
بە کۆڵێ کوێرەوەرییەوە گەیشتۆتە کەناری ئێستاکە...
ئێستاکە کە لە داوێنی سوکنایی بەخشی کتێبخانەدا
یادی خەرمانانی لێوڕێژ لە زام دەکەینەوە،
شۆڕشگێرانە زات دەکەین کە بڵێین
حەددتان چییە لێتان بترسین و چیتر لە ئازادی نەخوێنین و نەنووسین!

لەم کتێبخانەیەدا

کتێب هەیە تووکی سەری وەکوو "حەسەنزادە" لە زایەڵەکوژراوی و دەربەدەریدا چەرمۆ کردوە

فەرهەنگێکی کوردایەتی تێدایە کە لە هەمبەر مانای جووڵانەوە، ناوی جەلیل گادانی دانراوە و

باوەڕتـان بـێ نـامیلکەییەکی تـێدایە کە هەر بەشـێوەزاری "فەتـاح کاویـان" باسـی سـەخاوەت و سـەربەرزی دەکـا و،

کە لاپەڕەکانی هەڵدەدەیەوە، بەدەم پێشمەرگەوە پێدەکەنێ.

کتێـب هەیە هێشـتا بـۆنی چـایی بەیانیـانی بنـاری بـۆڵێ و قرمژنـی فیشـەکبارانی قەنـدیل و گەلاڕێزانـی خـۆزگە ویسـتی "گەورەدێ"ی لە بیرە

پەڕتووک هەیە پڕیەتی لە پرمەی گریانی ژنانی دێموکرات و پەڵپ و بیانووی نەنووسراوی منداڵانی قەلاسەیدە

کتێب هەیە، تامی زاری زانستی قاسملوو دەدا و دیوانە شێعری تێدایە وەکوو شەرەفکەندی موحتەڕەمە

لەگەڵ ئێوەمە دەوڵەتی بێوڵەتی "ئازادیی بەیان!"

لەم کتێبخانەیەدا  تەنانەت نووسراوە بزمارڕێژەکەی ئێوەشمان هەیە

بۆ تیرۆری هزرو بنبڕکردنی چرۆی ئازادی نووسیوتانە

ئەوە ئێوەن کە دەلاقەی "کەرامەت" دەکوژن و

دەرگا لە ڕووی میوانی دیالۆگ دادەخەن و

بەرانبەر بە چووکەترین پرسیار چوولەکەش

دوایێکتان هەیە، و پتکێکتان هەیە و ئەوپەڕەکەی بەندیخانە

خۆتـان ئاسایی هەموو گیانتان بووەتە تەلبەندی سانسۆر

بە بیستنی بەیانی باش و کوردستان خوش و سروودی ئەی ڕەقیب

"دەماوەند"ی دەماری بەرزییتان پەست دەبێ

دەمارەکانی ئێوە خوێنی خوشەویستی هەڵناگری و

بە  سەیر کردنی قامەتی قەڵای خۆڕاگرییمان قوڵنج دەکەن!

ئێمە بە دیتنی لووتکەی سەربەزری  شاگەشکە و

ئێوە هەناسەبڕکێتانە!

لە کۆتاییدا

سڵاو بۆ ئەوانەی کۆڵانی مانگرتووی ٢١ی خەرمانانیان بە هەڵوێست نووسی

لاتاوێکیش لە ئێوە

لانیکەم لە خەرمانان لۆمەی کلاشینکۆفەکەی ئێمە مەکەن!

بەشی دووهەم

با "سنە" سەری نەیشێ و با "قاڕنێ" لە ڤیزەونی کۆیلەتیدا نەڕشێتەوە و

با موکریان  سەری خۆی هەڵنەگرێ و، دایکانی "منبەر"یش مەلوولتر نەبن.

ئێوە نازانن لە ترسی گیان، کەرامەت، سوخمەی شەرەف

باوەش بە کلاشینکۆف کردن چ توڤێنەرە؟

هەر نەبێ دەیان شوڕەسوار لە سەر ڤونداخەکەی

خەونی ئازادی و ڕوچنە و دیتنی "دایک"یان بینیوە!

با لەسەر دڵم نەبێتە گرێ

گلاراومە بۆ هەڵوەرینی کۆبوونەوەی پەرەپێدان بە ئازادی لە ١٧ی خەرمانان و

لە سەنگەری ویست و هەڵوێست و کتێبەوە

دەڵێین فەرموون: خۆ نامرن

لاپەڕەیەک لە کورتەباسی سەربەستیمان بخوێننەوە!

هەرلاپەڕەیەک

لاپەڕەیەک...

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## ئەگەر پیاوی وەرە لە کوردستان ژن بە*!



لە فەلسەفەی ئەفسانەی خیلقەتی «ئادەم و حەوا»دا، دەڵێن ئەگەر دایەحەوا ئادەمی هان دا هەتا لە سێوی قەدەغەکراو بخوا، پاش خواردن «بینایی» و هەست بە شعووری تێگەیشتن و فامکردنی پێ بەخشرا و بە ئاسانی توانی پشت لە بەهەشت و خۆشبژیوی بکا. بۆیە ئاساییە لە زەوی چەوسانەوەدا بژی بەڵام لە سایەی نێوچاوانی خۆشەویستییەوە. کەواتە بە پێی قسەیەکی دیکە «حەوا» بەختەوەرترین ژن بوو؛ چون هاوسەرەکەی «ئادەم» بوو!

ئەم ڕۆژانە دیسان باس لە سینگ هەڵدڕینی ژنانە بە چەقۆی ڕق و کینی پیاوان، ئەویش لە کوردستانێک وا یەکێک لە شانازییەکانی ئەوەیە کە لانیکەم لە ڕەوتی مێژوودا، تابلۆ فۆلکلۆرەکانی نموونە و نیشانەی هاوشانی و یەکسانیی ژن لەگەڵ پیاوانە. لەوەی کە هیچکات دۆخی ژیانی کورد ئەوە نەبووە کە لەسەر بنەما ڕەسەنەکانی ژیانی نوێ بنیات نرابێ و، هەرجارە و لەژێر کاریگەرییەکی «دەسەڵات چ سیاسی و چ ئایینی و کولتووری» ڕێگەی هەناسەدانی لێ بڕاوە، حاشای لێ ناکرێ. ژنی کورد ئێستاشی لەگەڵ بێ بەداخەوە لە نێو گوشارێکی دوو لایەنەدا بڕستی لێ بڕاوە، یەکیان نەریتێکی دواکەوتووە کە مۆتەکەئاسا لەگەڵیەتی و، ئەوەی دیکەش داخێکی گشتییە و هەڵقوڵاوی نێو گەلێکی بندەستە کە زۆربەی نۆرم و یاساکانی ژیان بە پێی پێوەری یاسای باڵا دەست و زاڵ داڕێژراوە.

کوردستانی نێو جوغرافیای ئێران کە ئەگەر لە دووردوردرێژیی مێژووی ئەو بەشەی لە کوردستان گەڕێین، لانیکەم لە چواردەیەی ڕابردوودا بە خوێندنەوەیەکی خێرا، دەزانین کە سیستمێکی دامەزراو لەسەر ئایدۆلۆژیای مەزهەبی چ خەسار و زەربەیەکی لە ڕەوتی گەشەی ژنان داوە کە دوای چل ساڵ، ژنکوژی و خۆکوشتنی ژنان خەریکە دەبێتە باو، چونکە نە

ناوەنـدێک هەیە بەلایەوە گرینـگ بـێ، نە ڕێکخراوێکـی خـاوەن دەسـەڵات هەیە کە لەو بـابەتە بپرسـێ و بکـۆڵێتەوە و هۆکارەکانی بخاتە ڕوو و پێش لە دووپاتبوونەوەی ئەو کارەساتانە بگرێ و؛ یەکێک لە نموونە و دەرکەوتەکانی «قەتڵی ناموسی»یە.

قەتڵی ناموسی ناوەکەی هێندە گرانە بە لامانەوە کە بە بیستنی زۆربەی تـاکی کـورد نـاخی خۆی دەکـاتە دادگـایەکی یەک ڕەهەند و یەک یاسا و یەک سزا، هەمـان ئەنجن ئەنجن کردنی ژنـان و هەڵواسینیان! چونکە کەڵەکەبـوون و «رسوبات»ی کۆن و ئایینی و خۆدزینەوە لە مافە سروشتییەکان ڕێگەی هەناسەی تازە و دیدی بەربڵاو نادا و هەربۆیە «سووک بـوونی ژن بە زرمە دەنگی دێ و سووکبوونی پیاو گەر زرمەشی هەبێ، بەهۆی ڕوانگەی نێرسالارییەوە دەنگی کپە و زۆرکەسیش حەزیـان لە بیستنی نیە. »

کارەساتە! کە کەمتر لە ٥ مانگ زیاتر لە ١٢ ژن و کچ لە نـاوچە جیاجیاکانی کوردستان بەدەستی کەسانی نیزیک کـوژراون و ئەو کۆمەڵکوژییە تەنانەت بەگوێرەی پێویست دەنگدانەوەی نەبووە. ئەگەر لە دیاردەی ژن کوشتندا، ئەنـدامانی بنەمـاڵەیەک تـاوانبـاری سەرەکیی بن، لە خۆکوشتنی ژنـان کـۆی کـۆمەڵگە و دەسـەڵاتی بـاو، تـاوانبەری بنەڕەتین؛ چونکە لە سـەرەتای ئەمسـاڵەوە زیـاتر لە ٤٥ کەس لە کوردسـتان خۆیـان کوشتووە وە دوور نییە کە هێنـدێکیان بەنـاو خۆکوشتن بڵاو کـرابێتەوە ڕەنگە هەمان ژنکوژی بێ و شاردرابێتەوە.

بەداخەوە ئەگەرچی خۆکوشتنەکان لە کوردستان هەموو چین و توێژەکانی گرتـۆتەوە لە منداڵەوە تـا گەورەسـاڵ بەڵام دیـارە لە خۆکوشتندا، بەشی شێر بە ژنـان بـڕاوە هەربـۆیە بەپێی ئامارەکـان لە سـاڵی ڕابـردوودا لە ١٧٠ حـاڵەتی خۆکوشتن ١٠٨ کەسیان ژن بوون.

خۆکوژی یەکێک لە کێشە هەرە گرینگەکانی نێو هـەر کۆمەڵگەیەکە، کەوا کـاریگەریی نەرێنیش لەسـەر ڕەوتـی سڵامەتی ئەو کۆمەڵگەیە دادەنێ. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهـانی خۆکوژی بـە کردەوەیـەکی ئاگادارانە و خۆویستانە دەسنیشـان دەکـا کە دەبێتە هۆی لەنێو چوونی تاک و کۆتایی هێنان بە ژیانی. ڕەوتی خۆکۆژی لە ئێران لـەم چوار دەیـەی دواییـدا هەڵکشـاوە و بە گۆڕانی بـایەخەکان جۆری خۆکوژیش لەم چەند دەیەی دواییدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

لـە دانیشـتنە جیهانییەکانـدا ڕێکخـراوی تەندروسـتیی (WHO) لـە سـاڵی ١٩٩٦دا؛ خۆکـوژی وەک بابـەتێکی گرینگـی تەندروستیی گشتی و هەڵسوکەوتێکی ڕانەهاتوو لە کۆمەڵگە ڕاگەیەندرا.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی دەروونناسانی پسپۆڕ، خۆکوژی بە یەکێ لە سەرەکیترین کێشەکانی کۆمەڵگە دێتە ئەدادەنرێ، کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا فاکتگەلی جیاواز و تایبەت بەخۆی هەیە. گرنگترین هۆکاری خۆکوژی بناغەکەی لە بنەماڵەوە سەرچاوە دەگرێ، بەو واتایە کەسێک کە بیر لە خۆکوژی دەکاتەوە یا خۆی دەکوژێ بە تەواوی لە هەموو شتێ بێهیوا بووە و ڕەشبینانە سەیری ژیان و دەور و بەری دەکا. تەنیایی، بێهیوایی و بێپشتیوانی، هەست بە بێبایەخ بوون، خەمۆکی و ئیستریسی زۆر، تووڕەیی و بەکار هێنانی مادەی هۆشبەر و مەشرووباتی ئەلکۆلی و نەخۆشی جسمی و ڕۆحی لە بیرۆکە و ڕووداوگەلێکن کە دەتوانێ حەولی خۆکوژی لە تاکدا پەرە پێبدا.


خۆکوژی لە کچان و ژناندا تا ڕادەیەکی زۆر وەک یەکن و تەنانەت لە نێو ژنانی خێزانداردا بڕێک زیاترە و، تەنانەت شووکردنیش نەیتوانیوە ڕێگر بێ لە بەرامبەر خۆکوژیی ئەواندا و بیانپارێزێ. توێژینەوەکان دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە هەبوونی کێشەی ئابووری و هەڵسوکەوتی نابەجێی پیاوان و بەگشتی دەوروبەرییەکانیان لەگەڵ ژنان، ترسی ژنان لە تەڵاق و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە لەگەڵ ئەواندا بۆتە هۆی ئەوە کە ژنانی هاوسەردار زیاتر بیر لە خۆکوژی بکەنەوە. ئەگەر شێوازی حکوومەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا زۆرجار ژیانی تاکی کوردی سروشتدۆست و شاد و هۆگری هونەری، هان داوە بەرەو «مەرگی کافکایی» بەڵام تیژکردنی چەقۆی کەللەڕەقی بە هەسانی ڕق و کین و کوشتنی ژنان بەدەستی «باوک، برا، هاوسەر»؛ دووپاتکەرەوەی بازنەی داگیرکاریی ژنانە و خۆگێل کردن و خەمساردیی ویژدانەکانە. ئەوەیە کە ژنان ناتوانن بەرامبەر بەو دۆخە ئارایییە، دەنگیان هەبێ یان لە هەمان دادگا کە لەسەرەوە باس کرا واتە «دادگای داخراو و یەکسزایی» هەڵەی پیاوان بە ئاسایی دەزانرێ و هی ژنانیش شیاوی کوشتن و خنکاندن!

کوردستان و نیشتمانی کوردان ئێستا پێویستیی پتری بە ویژدانی وشیار و ئاگایە تا «ئیزم»بازیی بێفەڕ و بێ کاریگەر.

* ناونیشانی ئەم وتارە لە تێکستێکی «بەرۆژ ئاکرەیی» وەرگیراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٢١

## "زەریف" لە کاریکاتۆری "ئەمیرکەبیر"ەوە بۆ لاسایی‌کردنەوەی "بازرگان"



بە پێی تێئوریی پسپۆڕانی بواری زانستی سیاسی و بزاڤناسانی وەک "ساموئێل هانتینگتۆن" و "چارلێز تیلی" ئینقلابی ئیسلامیی ئێران ڕاستە تایبەتمەندیی شۆڕش لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەو ڕووداوە مێژووییە لە جۆری خۆیدا دەگمەنە و هەڵسەنگاندنی ئاسان نییە.

هێندێک هەوڵ هەیە کە دەیانەوێ ئینقلابی ئیسلامیی ئێران بە شۆڕشی مەزنی فڕانسە بەراود بکەن، بەڵام تەنیا خاڵی هاوبەشی ئەم دوو شۆڕشە نەمانی دەسەڵاتی پاشایەتییە و هیچی دیکە. بە گوتەی "ئالێکسی دۆتۆکوێل"، شۆڕشی فەڕانسە ژێربەناکەی لیبرالیزم بوو، ئیستبدادی مەزهەبی کلێسایی لە "خودا و پاشاکان" وەرگرت و بە خەڵکی بەخشی. ئەمە لە کاتێکدایە کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ژێرخانی مەزهەبیی هەبوو کە زۆریشی نەخایاند و بوو بە ڕێژیمێک بە ئیستیبدادی مەزهەبییەوە. بۆیە دەگوترێ کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، ڕووداوێکی دەگمەنە کە ئاڵۆزییەکی پێناسەیی هەیە.

سەردەمی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە لە کاتێکدا بوو کە دۆخی ئابووریی وڵاتی ئێران لە باشترین حاڵەتی خۆیدا بوو، بە پێچەوانەی شۆڕشی فەڕانسە کە یەکێک لە هۆکارەکانی دارمانی ئابووری بوو. ئەگەرچی لە ئاکامی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، نیزامی ۲۵۰۰ ساڵەی پاشایەتی پێچرایەوە و ڕێژیمێکی نوێ و مەزهەبی هاتە سەرکار، بەڵام دەبینین کە هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە داخراوەیی و ئیستیبدادێکی خەست هەموو جومگەکانی ئەو وڵاتەی داگیر کرد و هێنایە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەگەر خوێندنەوەی هێندێک لە بزاڤناسان لەبەرچاو بگرین کە بە چاوی گومانەوە سەیری شۆڕشەکانی "کووبا، چین، هێند، و... دەکەن و دەڵێن: ئەگەرچی خەڵکی ئەو وڵاتانە لە چنگی داگیرکران ڕزگاریان بوو، بەڵام دیکتاتۆرێکی خۆجێیی

هاتە سەرکار، کەواتە ئەو شۆڕشانە تەواو نین.

ڕوونە لە ئێرانی پاش ٥٧ بەرەبەرە دیکتاتۆرییەتی پاشایەتی جێگەی خۆی دا بە توتالیتەریزمێکی مەزهەبی و ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو ڕێژیمە بە ڕێژیمی نادێموکراتیک دەناسرێ و شۆڕشەکەیش بەتاڵ بووە لە ویست وئامانجەکانی شۆڕشەکە. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ئیسلامی بە تایبەتی پاش هاتنەسەرکاری دەوڵەتی کاتیی مێهدی بازرگان، دەسەڵاتی بەهێزی دەوڵەتی سێبەر بوو. ئەگەرچی لە زانستی سیاسیدا پێناسەی دەوڵەتی سێبەر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە لە ئێرانی پاش شۆڕش هەیە و تا ئەمڕۆکەش هەر بەردەوامە.

دەوڵەتی کاتی پاش ٢٧٥ ڕۆژ بە هۆی دەستێوەردانی نایاسایی هەرەسی هێنا و بە هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ٥٨ی هەتاوی کە ناوی لێ نرا "شۆڕشی دووهەم" و دەستلەکارکێشانەوەی بازرگانی لێ کەوتەوە؛ دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی لە واقعدا هەم درێژەی باڵی مەشروعەیە کە لە بزاڤی مەشرووتەدا ستارتی لێدراوە و هەم دەوڵەتی سێبەر، بەهێزترە لە دەوڵەتی یاسایی.

## دەوڵەتی سێبەر

دەوڵەتی سێبەر یان شاراوە لە ئەساسدا ئاماژەیە بە دوڵەتێکی بەهێزتر لە دەوڵەتی یاسایی. خاڵی گرینگ لە پێناسەی دەوڵەتی سێبەر ئەوەیە کە بە بەکارهێنانی ئیمکاناتی دەوڵەتی و بە هۆوییەتێکی نامۆ و لە چوارچێوەی دەوڵەتی یاسایی بە چەشنێک جێگای خۆی دەکاتەوە کە هەوسارکردنی ئاسان نییە و بەدژی بەرژەوەندی نەتەوەیی دەجووڵێتەوە. پێناسەی دەوڵەتی شاراوە (deep state) لە ڕوانگەی ئێدوارد برنێز-ەوە زۆر جیاوازە چونکی ئەو دەڵێ: دەوڵەتی شاراوە چینێکی سەرتری کۆمەڵگەیە و خەڵکی ئەو چینە کارناس و ڕاهێنراو و ڕووناکبیرن و پێویست بە یەکتر ناسین ناکا و توانای کۆنترۆڵی ڕای گشتییان هەیە. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا دەوڵەتی سێبەر لە واقعدا کێشەخوڵقێن بووە و بە پێچەوانەی خودی یاسای وڵات جووڵاوەتەوە. بە زمانی سادەتر دەوڵەتی پشتئەستۆر بە شەرع! بەهێزترە لە دەوڵەتی بە ڕواڵەت یاسایی.

گلەیی و گازندەکانی مێهدی بازرگان، سەرۆکوەزیرانی یەکەمین دەوڵەتی پاش شۆڕشی ٥٧ ی هەتاوی لە سەروبەندی دەستلە کارکێشانەوەیدا بە ڕوونی باس لەوە دەکا کە هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە و تەنانەت ئیزنی دیتنی وەزیرەکانی خۆی نەبووە! ناوبراو باس لە کۆمەڵێک دامودەزگای نایاسایی دەکا کە هێز و دەسەڵاتیان لە دەوڵەتی یاسایی پتر بووە.

لەمڕۆژانەدا بڵاوبوونەوەی فایلی دەنگیی محەممەد جەواد زەریف بە شێوەی گوماناوی سەرەڕای هێندێک دانان بە شێوەی ئیدارەی ڕێژیم ئەوەی کە بۆ خەڵکی ئێران شتێکی سەیروسەمەرە نەبوو، دەرکەوت کە "زەریف" بە زەرافەتەوە دەیهەوێ بۆ خۆدەربازکردن لە کێشە کەڵەکەبووەکانی دەزگای دیپلۆماسی ئەو و دەوڵەتی ڕووحانی، لاسایی مێهدی بازرگان بکاتەوە. جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی ڕوحانی کە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ناوکیی ئێران ژێستی دیپلۆماتکارێکی زیرەکی بەخۆیەوە گرت و تەنانەت لایەنگرانی نازناوی "ئەمیرکەبیر"یان پێدا .

بەڵام ئەوانەی کە بیرەوەرییەکانی حەسەن ڕوحانییان - ئەوکاتەی سەرۆکی شۆرای باڵای ئەمنییەتی میللیی وڵات بوو" خوێندبێتەوە، دەزانن کە ئەمە سیاسەتی وردی ئیدارەی "ئۆباما" بوو کە ئەوانی ناچار کرد بچنە سەر مێزی وتووێژی (١+٥) کە یەکەم خاڵی بەستنەوەی کۆماری ئیسلامی بوو لە شەترەنجی دیپلۆماسیدا.
هەر لەو کاتەشدا دەوڵەتی سێبەر لەژێر ناوی پشتیوانی لە سەرۆککۆمار ئەحمەدینژاد بەربەستیان ساز دەکرد بۆ هەرچەشنە دانوستان لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەتایبەتی کە دواجار بە ناچارییەوە ملیان بۆ دانوستان ڕاکێشا. سەیر ئەوەیە خودی ڕووحانی لەو بارەوە لەگەڵ ئەحمەدی نژاد ناکۆکییان لێکەوتەوە و هەر بە ڕەشنووسێکی ئەحمەدینژاد لەسەر کارەکەی وەلانرا.

کەواتە هەڵسەنگاندنی حوسێن بەشیرییە لەسەر سیستەمی کۆماری ئیسلامی بەجێیە کە دەڵێ سیستەمێکی "ئاڵۆز و پێناسە هەڵنەگرە" کە چۆن دەبێ سەرۆککۆمار ئەحمەدی نژاد بەرەولای دەوڵەتی سێبەر کە سپای پاسداران و بەیتی ڕێبەرییە بچەمێتەوە و بە پێچەوانەی یاسا هەڵسوکەوت بکا. کەواتە دامودەزگاکانی بەیتی ڕێبەری و مافیای سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی سپای پاسداران چ لە داڕشتنی دیپلۆماسیی ڕێژیم و چ لە دەزگای وەزارەتی دەرەوە و مەجلیسی کۆماری ئیسلامی بەهێزترن.

دەرهاوێشتەی قسەکانی زەریف کە دەگوترێ دزەی کردووەتە نێو میدیاکان و بووەتە پرسێکی ڕۆژەڤ دەتوانین لە چەند خاڵدا باس لە بەهێزبوونی دەوڵەتی سێبەر بکەین و بەوکارەساتەوە کە خودی دەوڵەتی یاسا ملکەچی دەوڵەتی سێبەرە و لە واقێعدا ئەمە قاسم سولێمانی بوو کە وەزیری دەرەوەی [ئەسڵیی] سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، هەتا جەواد زەریف بەتایبەتی لە پرسی سووریە و یەمەن و عێراقدا.
لەو تۆمارە دەنگییەدا ئەوەی کە جێگەی داخە بۆ گەلانی ئێران باسکردن لە کارەساتی لێدان لە فڕۆکە ئۆکراینییەکەیە کە جەودا زەریف دەڵێ: بە برادەرانی "سپا "مان گوت: ئەگەر کاری ئێوەیە بیڵێن با بۆتانی داپۆشین! پرسیار ئەمەیە ئاخۆ چەند کارەسات و ڕووداوی دیکە بەدەستی دەوڵەتی چەکدار! ڕووی داوە و دەوڵەتی پارلەمانی بۆی داپۆشیوە؟

بەشی دووهەم

لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەی بایەخی نەبووە ڕێگەوشوێنی یاسایی بووە تەنانەت بەپێی هەمان یاسای پەسندکراوی خۆیانیش نەجووڵاوەنەتەوە. لە ئاستی سەرتر و فەرمیتردا پاش "ئەبولحەسەنی بەنیسەدر" ئەمە محەممەد خاتەمی بوو" کە خۆی بە "تەداروکاتچی" ناو برد کە ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بە پێگەی بەهێزی دەوڵەتی سێبەر لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا کە جاروبار لەژێر ناوی "دەوڵەتی شاراوە، برایانی قاچاخچی، دەوڵەتی بێچەک و... " لە زاری خودی دەمڕاستەکانی ڕێژیمەوە گوێمان لێبووە.

**بەم پێیە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هۆکارەکانی ئەو تۆمارە دەنگییەی جەواد زەریف و دزەکردنی دەتوانین بە ڕەچاوکردنی هەبوونی دەوڵەتی سێبەر و سات وسەودای لەگەڵ دەوڵەتی یاسا لە چەند خاڵدا پۆلێنبەندی بکەین:**

**یەکەم**: جەواد زەریف کە سیاسەتی دیپلۆماسییەکەی لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەش شکستی هێناوە لە کۆتا ڕۆژەکانی دەوڵەتی ڕوحانیدا دەیهەوێ لاسای مێهدی بازرگان بکاتەوە، بەو جیاوازییە کە بازرگان دەستی لەکارکێشایەوە.

**دووهەم**: کاریگەریی دانان لەسەر ڕەوتی وتووێژەکان سەبارەت بە بەرجام و پرسی ناوکی.

**سێیەم**: پاساو هێنانەوە بۆ شکستهێنانی تیمی دانوستانکار و وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە سیاسییەکان و تاوانبارکردنی دەوڵەتی سێبەر!نەژاد ن

**چوارەم**: بە تاوانبار زانینی سپا بەگشتی و سپای قودس بە تایبەتی لەهەمبەر کێشە و گرفتەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات. بڵاوبوونەوەی ئەو تۆمارە دەنگییە بە هە رهۆکار و بە هەر پلان و پیلانێک بووبێ، هیچ لە ئابڕووچوونی دەوڵەتی ڕوحانی و وەزارەتی دەرەوەی ئەو دەوڵەتە کەم ناکاتەوە و هەروەها دەستی دەسەڵاتداریی سەر بە بەیتی ڕێبەریی زیاتر ئاشکرا کرد*** .

## سەرچاوەکان:


- امنیت ملی و دیپلماسی هستەای، حسن روحانی
- گذار مخالفان شاه از گفتمان مبارزه مسالمتآمیز به گفتمان سرنگونی و مبارزه مسلحانه، اکبر گنجی
- قدرت در سایە و دولت، آگری اسماعیل نژاد


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## شۆڕش ئاهی: داگیرکەر نەیتوانیوە شوناسمان بفەوتێنێ و ڕێمان لێ ون بکا، چونکی پێشەوا قازی نەخشە گەورەکەی بۆ کێشاوینەتەوە



یەکێک لە هونەرە گرینگ و کۆنەکان هونەری نێگارکێشییە کە تەمەنێکی بەردرێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی مێژوو. لە سەردەمی ئەشکەوتنشینییەوە مرۆڤەکان بە نەخشاندنی هێندێک وێنە ڕەمز و پیرۆزییەکانی خۆیان لەسەر گاشەبەرد و دیوارەکاندا بەجێ هێشتووە. ئێستاکە ئەو هونەرە بە پێی قوناخەکان، فۆڕم و ستایلی جیاجیای بە خۆیەوە گرتووە و لە ئاستی جیهاندا نێگارکێشیی هەڵگری کۆمەڵێک ڕەمز و مەفهوومی تایبەتە بە مێژووی گەلان.

لەنێو گەلانی چەوساوەشدا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیستەمی ستەمکار و خۆسەپێن و دیکتاتۆر هونەرمەند هونەری خۆیان وەکوو چەکێک بەکار هێناوە. گەلی کوردیش کە مێژوویەکی درێژ و زێڕینی لە بەربەرەکانی لەگەڵ داگیرکەراندا هەیە، کەم نین ئەو هونەرمەندە دەرووەست و خەڵکییانەی کە لە ڕێگای هونەرەوە خزمەت بە ئێستا و داهاتووی نەتەوەکەیان دەکەن.

**ڕۆژنامەی "کوردستان" بۆ باس لەسەر نیگارکێشیی و هونەری دەرووەستی شێوەکاری وتوویژێکی لەگەڵ هونەرمەند شۆڕش ئاهی، نێگارکێش و پەیکەرتاشی لاوی کورد پێکهێناوە:**

**عەلی لەیلاخ:** شۆڕش ئاهی وەکوو هونەرمەندێک چەندین ساڵە بە نەخشاندنی سیمبول و نمادەکانی گەلی کورد چ وەکوو

## بەشی دووهەم

**پەیکەرتاشی چ وەکوو نیگارکێشی ناوێکی ئاشنایە. پێمان خۆشە لەسەر نوێترین بەرهەمی جەنابت قسە بکەین کە هەڵکەندنی پۆرترەی پێشەوا قازی محەممەد لەسەر دیوارە.**

**شۆڕش ئاهی**: ئەو هونەرەی بەڕێزتان باسی دەکەن پێی دەڵێن "street art" کە تەعبیر لە هونەری سەرشەقام یان هونەری موقاوەمەت دەکا. لە سەردەمانی تەمەدوونی ئاشووردا، ئەوان هەر کارێکی کردوویانە لەسەر دیوار و دیوارنیگارەکاندا تۆماریان کردووە. بەڵام لە هونەری نوێدا ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین هونەری هاوچەرخ و لقێکی دەبێتە هونەری شۆڕشگێڕی؛ هونەری شۆڕشگێڕیی لەم چەشنە یەکەمجار لە وڵاتێکی وەکوو مەکزیک دەردەکەوێ. ڕێبەرانی شۆڕشە گەورەکان و ئەو شۆڕشانە کە خەڵکی کردوویانە، کەسانێکی وەک "دوایی داڵفارۆ ، "سکت دی ڕووس" و "دیۆگو ڕیوێرا" ئەوانە کە بۆخۆیان لە پێشەوەی بزووتنەوەی ئەو مێژووییەدا بوون، بڕوایان لەسەر ئەوە بوو کە هونەر نابێ لە چوارچێوەی ماڵان یان لە ماڵی دەرەبگ و دەوڵەمەندان دابێ، هونەر دەبێ گشتی و لەبەرچاوی هەمووان بێ. هەموو جەماوەر کەڵکی لێ وەرگرن و هونەر دەبێ نیشانەی هەست و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و، ڕەنگدانەوەی ژیان و خەبات و چالاکیی خەڵکی کۆمەڵگەیەک بێ. ئەوە بوو بە هەوێنی ئەوەی کە لقێک وەکوو نیگارکێشیی دیواری"street art" ، یان هونەری سەرشەقام سەر هەڵبدا کە دواتر لە وڵاتانی ئورووپایی کەسانێکی زۆر بەناوبانگ ئەو کارەیان گەیاندە لوتکە. لە ئورووپا "گیت هارێنگ" و لەم دواییانەدا "بەنگ سی" کە هەڵوێستەکانی خۆی و ناڕەزایەتییەکانی خۆی دەردەبڕێ، لەبارەی سیاسەت یان هەڵە و چەوتییەک کە سیاسەتمەدارانی وڵاتانی ئورووپایی یان وڵاتانی دنیا دەیکەن سەبارەت بە خەڵکی خۆیان.

**عەلی لەیلاخ: مێژووی ئەم هونەرە لە کوردستانی خۆمان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**شۆڕش ئاهی**: ئەم هونەرە تەبیعەتەن لەنێو ئێمەشدا ئەگەر زۆر بە شێوەیەکی وێنە نەبووبێ، بەڵام لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا وەکوو ئێستا و لە ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا کەسانێکمان هەبوون کە لە بواری گرافیک یان وێنەوە کاریان کردووە. ئەوان توانیویانە وەکوو دروشم نووسین، وەکوو ئەوەی کە لەسەر دیوار کردوویانە کە ئەگەر من ناوێکی مۆدێڕنی بۆ بیبینمەوە دەڵێم تۆمارێک بووە لەسەر دیوارەکانی شار، هاوکات هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەی ئەو کەسانە بووە کە لەسەر دیوارەکان دەریان بڕیوە و ئەو هەست و هەڵوێستەی خۆیان یان ئەو پەیامەی کە بزووتنەوەکەیان یان شۆڕشی ئەو میللەتە ویستوویەتی بە خەڵکی بگەیەنێ. ئەو کارەی من دەیکەم ئیلهامەکەم لە هونەری شەرقی وەرگرتووە، بەڵام بە دەربڕین و چەمکگەلێکی مۆدێڕن کە تێکەڵ بە هونەری ڕۆژئاواییش بووە.

**عەلی لەیلاخ: کاک شۆڕش باست لەوە کرد کە ئەم کارە نوێیەی بەڕێزت نیشانەی ئەوەیە هونەر لە ژوورێکی تاکەکەسییەوە**

بێتە سەر شەقام و بێتە سەر دیوار. لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان ئەو کارەی کە بەڕێزت کردت، نەخشاندنی پەیکەری پێشەوای مەزنە. پرسیار ئەوەیە بۆ پێشەوا-ت هەڵبژارد و بۆ دیوارەکانی قەڵای دێموکرات؟

**شۆڕش ناهی**: ئەمن دوای ئەوەی بە ناچار ڕۆژهەڵاتی کوردستانم بەجێ هێشت، ژیانی سیاسییم چووە قۆناغێکی دیکەوە. تەبیعەتەن لەسەر بنچیینەی بنەماڵەیی و زۆر شتی دیکە. من ڕێبازێکم هەڵبژاردووە کە ڕێبازی حیزبی دێموکراتە. بێ ئەملاوئەولا، ئەگەر بگەڕێینەوە نێو قەڵا لە کۆنەوە، لە کەوناراوە، قەڵا سیمبولی خۆڕاگری و بەرخۆدان بووە. یانی لەهەر وڵات و قەڵەمڕەوێک کە قەڵاکە ڕووخاوە، ئەو وڵاتەش شکستی خواردووە و داگیر کراوە. ئەوەی کە من قەڵا-م هەڵبژاردووە، قەڵا ئەو هێما و سەمبوولە بووە کە من ویستوومە کاری تێدا بکەم. لەنێو قەڵا و لەنێو حیزبی دێموکراتدا کاتێک ئەمن کەسایەتییەک هەڵدەبژێرم وەکوو قازی محەممەد، ئەو کەسایەتییە بۆ منی نەوعی، بۆ منی هونەرمەند جیا لە ڕەهەندە سیاسییەکەی، هەڵگری زۆر شتی دیکەیە. بۆ وێنە وێنەی پێشەوا هەڵگری زۆر پەیامە، هەڵگری پەروەردەی نیشتمانییە، تەعبیر لە مەزنیی گەورە پیاوی مێژووی کوردە. من دەبینم کە پێشەوا وێنەی تاکەکەسیی لەگەڵ هێمن و هەژار هەیە. لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەوکاتدا کە دەسەڵات لە پاوانی دەرەبەگ و ئاغاوەتدا بووە، بەڵام پێچەوانەی نەریتەکان پێشەوا دوو تازەلاوی شاعیر کە تازەش دەستیان بۆ قەڵەم بردووە، لەمبەروئەوبەری خۆی دادەنێ. بۆ، چونکی قازی محەممەد دەیەوێ نەتەوە دروست بکا، نیشتمان چێ بکا، بۆ ئەوەش هەموو شتێکی لەسەر پەروەردە دادەنێ.

کاتێک ئەو ئینسانە باس لە پەروەردە دەکا، ئەوانە داتایەکی فیکری، فەرهەنگی و پەروەردەیین کە من لەو وێنانەدا دەیانبینم. شایەد بۆ زۆر کەسی دیکە مانایەکی دیکەی هەبێ. کاتێک سێ دانە خوێندکاری زانکۆی ئەفسەری لە زانکۆ دەگەڕێنەوە و لە کۆبوونەوەیەکدا پێشەوا قسەکانی ڕادەگرێ و دەڵێ: "ببوورن من وتارەکەم کورت دەکەمەوە، چونکی چەند کەسێک لە خوێندکارانی زانکۆ هاتوونەتەوە و من دەبێ بە پێشوازیانەوە بچم". ئەوە نیشاندەری گرینگیی پەروەردە بوون و ئەو شتەیە کە پێشەوا قازی محەممەد، کاری لەسەر کردووە و گرینگیی پێ داوە، چوونکە ئەوانە پەیامی ئەو شۆڕشە، پەیامی خەباتی ئەو نەسڵە بۆ نەسڵەکانی دیکە دەگوازنەوە. تەنانەت زەمانێک کە پێشەوا باس لە "کۆمار" و باس لە "دێموکراسی" دەکا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەواوی وڵاتانی دەوروبەری ئەو دەسەڵاتی پاشایەتی و دیکتاتۆرین، بەڵام ئەو ئینسانە هەڵدەستێ و باس لە دێموکراسی و جمهوورییەت دەکا.

هەروەها ئەو گرینگییەی کە ئەو دەیدا بە نەسڵی نوێ بەتایبەت لە ئەدەبیاتدا، لە پەروەردەدا، لە هونەردا بۆ وێنە کەسانێکی وەکوو کاک "سەدیقی ئەنجیری‌ئازەر"، "عەبدولڕەحمان زەبیحی"، "حەسەن قزڵجی" و زۆر کەسی دیکەش. ڕاستە شایەد لەو زەماندا گرافیستێکی باش نەبووبێ، نەققاشێکی باش نەبووبێ، پەیکە سازێک نەبووبێ، بەڵام ئەو ئەدەبیات و

هونەری بەرگرییە لەو کاتەوە شکڵی گرتووە و بۆ من ڕەمز و کۆد-ن. ئەمڕۆ پەیامی ئەو نەسلە بە من دەدا کە چۆن درێژەدەری ئەو ڕێباز و ڕێچکە بەرگریکارییە بەرنەدەم و وەکوو تاکێک لەو کۆمەڵگەیەدا هەڵوێستم هەبێ.

**عەلی لەیلاخ: تابلۆکە تەعبیر لە چی دەکا، دەیەوێ بڵێ چی، یان جەنابت دەتەوێ کام مەبەست و مژار بێنینە بەرباس؟**

**شۆڕش ناهی**: ئەمڕۆ من لەنێو خەڵکەکەی خۆمدا نیم بەڵام بەم بۆنەیە -٢ی ڕێبەندان- و بەم بەرهەمە، پەیامێکی دیکە بە کۆد و بە وێنەوە بۆ گەل و نەتەوەی خۆم زیندوو دەکەمەوە، وەکوو برینێک کە قەتماخەکەی لادەی خوێنی پێوە بکەی بۆ ئەوەی بیکولێنیەوە، بۆ ئەوەی وەبیر خەڵکی بێنییەوە، کە تۆ چ گەوهەرێکت لە مێژووی خۆتدا هەبووە.

من لە قەڵای حیزبی دێموکراتدا و لە شوێنێک کە ویستیان وێرانی کەن، لە شوێنێک کە ویستیان بیرووخێنن و مووشەکیان تێگرت، بەڵام وەک دەبینین هەر لەسەر پێیە و هەر ڕەمزە. ئەمن ویستوومە لەو ڕەمزەدا هاوکات ڕەمزی خۆڕاگری و هەرمانی نەتەوەیەکیش بنەخشێنم کە بە تەواوی نەسڵەکانی دیکە و بە نەسلەکەی خۆشم بڵێم ئێمە درێژەدەری ئەو ڕێگایەین، ئەو خەباتەین و، لەسەر پێین و ناکەوین.

**عەلی لەیلاخ: کاک شۆڕش بۆخۆت باش دەزانی ئەساسەن، یەکێک لە پێناسەکانی هونەر یانی "ئیعتێراز". دەشبینین کە نەیارانی کورد بەچڕی لە هەوڵ دان بۆ سڕینەوەی بایەخە مێژووییەکان و بۆ نموونە لە بەڵگە و نووسراوەکانی ئەوندا یان بە لاوازی یان بە خراپی باسی "پێشەوا" دەکەن کە بۆ ئێمە ڕەمزە. هونەری بەڕێزت جیا لەوە کە ناڕەزایەتیی دەربڕینە، لەم ماوەیە چەندە توانیویە ببێ بە هۆیەک بۆ ئەوە کە نەسڵی نوێ ئاوڕێکی باشتر لە شوناسی خۆی بداتەوە. مەبەستەم ئەوەیە ئایا لە خۆت ڕازیی لەوەی کردووتە؟**

**شۆڕش ناهی**: تەبیعەتەن ئەمن ناتوانم بڵێم لە خۆم ڕازی بم، هونەرمەند دەبێ خەڵک لێی ڕازی بێ و من هیچ داهێنانێکم نەکردوە و ئەزموونێکە دەیکەم. لەو ئەزموونەدا دوو ڕۆژی دیکە ڕەخنەگرانن کە هەڵیدەسەنگێنن کە ئایا ئەوە کارێکی هونەری بووە یان کارێکی هونەری نەبووە! بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ لە کوردستان دیکتاتۆری لە چوارپارچەی کوردستان زاڵە، بە هەموو جۆرێک دەیەوێ شۆناسی نەتەوەیی ئێمە بسڕێتەوە، ئەگەر توانیبای سەرکەوێ ئەمڕۆ منێک نەدەبووم لەو کۆمەڵگەیە کە بێ و ئەو حەقتانییەتە و ئەو جوانیناسییە لە بیرۆکەیەکی ئازادیخوازی نەتەوەیەکدا بدرکێنێ. تەبیعەتەن هونەرمەندانی زۆر گەورە هەن و من بە قامکی ئەوانیش نابم، مامۆستای زۆر شارەزا لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا، کەسانی زۆر سەرکەوتوو کە لە شێعر، شانۆ و فیلم کاریان کردووە و حەقتانییەتی ئەو میللەتەیان بە تەواوی بە دنیا سەلماندووە.

بەڵام ئەوەی کە من باسی دەکەم ئەوەی کە کۆدیکە لە وێنەیەکی سادەدا من وەریدەگرم، بۆ منی نەوعی و هەزاران کەسی دیکە بۆتە ئیلهام، دەمەوێ کار بکەم بۆ وێنە پەیامێکی بە تەواوی جیاوازتر و ئەوەی کە تۆ حەقتانییەتی ئەو خەباتە لە ناخی من و هەزاران کەسی وەک منڕا دەبینی کە ئەو ڕێگایە ڕێگایەکە بەرەو خۆر. ڕێگایەکە کە وەستانی نییە، ڕێگایەکە کە بەردەوامە و ڕێگایەکە کە داهێنانی تێدایە. ئێمە دەبینین داگیرکەرانی نیشتمان نەیانتوانیوە ڕێمان لێ ون بکەن و بمانسڕنەوە، چونکی پێشەوا قازی نەخشە گەورەکەی بۆ کێشاوین.

**عەلی لەیلاخ**: ئەساسەن شکڵ گرتنی شێوەی ڕوانین یان ڕوانگەی هەر هونەرمەندێک یەک شەوە نییە هونەرمەند ئەو شتانە وا لە هونەرەکەی ڕەنگ دەداتەوە جۆرێک بە ئەزموونی ژیانییەوە گرێ دراوە، پرسیار ئەمەیە شۆڕش ئاهی لە چ قۆناخێکدا ژیاوە کە بە پێچەوانەی هێندێک هونەرمەند خۆی و هونەرەکەی لە خزمەت نەتەوەکەیدا داناوە؟

**شۆڕش ئاهی**: ئەو شتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی من و سەردەمی لەدایک بوونی من.

دەزانن ئێمە وەکوو میللەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەبەر شاڵاوێکی زۆر ناڕەوا کەوتین، وەبەر فتوای جیهاد کەوتین و بنەماڵەی من و هەزاران کەسی دیکەش کە زیانیان لێ کەوت. ئەمن بە منداڵی بابم شەهید بووە و بنەماڵەی ئێمە تێچوویەکی زۆری داوە. چەندین شەهیدی دیکەمان لە بزووتنەوەی ڕەوای ڕزگاریی گەلی کورددا هەبووە، لە تاراوگە بووین، دەردی من دەردی هەزاران بنەماڵەی وەکوو من بووە کە وەبەر شاڵاوی تەبعید و داگیرکردنی ماڵ و سامان و دەرکردن لە زێد و نیشتمان کەوتووین. ئەمن ئازیزترین کەسەکانم لە دەست داوە.
جا ئیدی ئەمن ئەگەر باس لە شتێک دەکەم لە ئەسڵدا باس لە هیچ شتێکی دەرەکی ناکەم کە بڵێی شتێکی سەیر و سەمەرە بێ، لە ئەسڵدا من دەگەڕێمەوە سەر دەروونی خۆم، ژیانی خۆم، ژیانی خۆم لەنێو کۆمەڵگەدا، پەروەردەی خۆم لەنێو کۆمەڵگەدا و باوەڕ و ئینتیماکانم.

**عەلی لەیلاخ**: پرسیارێکی تایبەت کە ڕەنگبێ نەتەوێ وەڵامی بدەیتەوە. لە هێندێک لە کارە هونەرییەکانتدا ئەو ڕوخسارانەی کە دەیانکێشیەوە چاویان نییە، ئەوە شتێکی ئینتیزاعییە یان پێوەندی بە ژیان و ناخی خۆتەوە هەیە؟

**شۆڕش ئاهی**: یەکەم جارە لەو بارەوە پرسیارم لێ دەکرێ، شایەد من وەکوو قسەیەکی دۆستانە لە لای زۆر لە دۆستەکانی خۆم گوتبێتم، ئەو شتە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی تاکەکەسیی منەوە هەیە. من لە تەمەنی کوڕەکەی خۆمدا بووم - سێ ساڵ، سێ ساڵ و نیو- کە بابم شەهید بوو. بەداخەوە ئەوکاتیش ئەگەر پێشمەرگەیەک شەهید دەبوو بێڕێزییەکی زۆر

## بەشی دووهەم

بە تەرمەکەی دەکرا. ڕێژیم بۆوەی خەڵک چاوترسێن بکا تەرمی شۆڕشگێرکانی بە ماشین ڕادەکێشا یان بۆڕێزیان پێ دەکرد. یەکێک لەوانە کە من ڕاستە پێی نیگەران دەبم کە باسی دەکەم و دڵم پڕ دەبێ، شایەد خۆش نەبێ، بنەماڵەی من، یانی خۆشکەکەم و من واماندەزانی ئەگەر خومەینی بمرێ بابی من دێتەوە، خوشکم داخڵەی کڕیبوو و هەموو جارێک دەیگوت ئەگەر خومەینی بمرێ، بابم دێتەوە و کەواوپانتۆڵی بۆ دەکڕم، لەحاڵێکدا ئێمە لەبیرمان نەمابوو، و زۆر چکۆڵە بووین. ئەو بابە لە پشتی ماشێن ڕایانکێشابوو، چاویان بە سەرەنێزە هەڵکۆڵیبوو... بابی منیش بەشێکە لەو کارەساتانە، بۆیە قەت دڵم بڕوایی نەداوە و لەو کارانەی لەسەر کۆمەڵکوژی کرددوومە، ئەوانەی کە باس لە قەلاچۆ و کوشت و کوشتار دەکا، ئەوەم کردووە. ڕاستە تێکنیکەکەم هونەرییە و شایەد زۆر جوانکاریی هونەرییشی تێدا نەبێ، بەڵام بە خاتری کەسێک و بە حورمەتی ئەو چاوانەی کە هەمیشە لە دیتنیان بێبەش بووم، چاوم بۆیان دانەناوە.

**عەلی لەیلاخ**: دووبارە دەچمەوە سەر خانەی هونەری بەرگری. کورد چەندە پێویستی بە هونەری بەرگری هەیە و ئەساسەن هونەری بەرگریی کورد توانیویەتی شان بە شانی کلاشینکۆف لە وروژاندنی خەبات، لە گەیاندنی پەیامی خەبات کاریگەریی هەبێ؟

**شۆڕش ئاهی**: لە میللەتانی دیکەدا، مەسەلەن کەسانێکی وەکوو "ویکتۆر خارا" ئەوانە بە هونەرەکەی خۆیان لەسەر وشیاریی خەڵک کاریگەرییان هەبووە و هۆنەرمەندانی ئێمەش کەمیان نەکردووە و کەمیان کاریگەری دانەناوە. ئەگەر هونەر وەک چەکێکی گرینگ کەڵکی لێ وەرگرێ کە دوانەی دانەبڕاون لەگەڵ شۆڕش، بەرهەمی زۆر دەبێ. ئێستا دەبینین کە مەسەلەن لە جەریانی ماوەیەک پێش شۆڕشگێڕانی ئێمە چونەتەوە ناوچە خەباتیان کردووە. کە شەهید بوون هونەر و هونەرمەندانی دەرووست خۆیان بەخاوەنی ئەو خوێنە زانیوە. هەروەها هونەرمەندی وامان هەبووە، هاتوون بۆ ڕێزگرتن لە شەهید "شەریف باجوەر" و هاوڕێیانی نیشتماندۆستی فیداکار لە گەردەنەی "تەتە" لەسەر گاشەبەردەکان شتێکی زۆر باشیان لەسەر شەهید "شەریف باجوەر" نەخشاندووە و زۆر کەسانی دیکە شایەد لەو وتووێژە مەجال نەبێ و دەمهەوێ ئەوە بڵێم هونەری کوردی شان بە شانی شوڕش و پێشمەرگە هەبووە.

**عەلی لەیلاخ**: سپاس بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**شۆڕش ئاهی**: سپاس کە بەسەرتان کردمەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠٢١

## چایی تاڵی بێتاقەتی!



(خودایا باخی عەدڵ و دادەگەت ئاباد!)

بەوە نیە تەمەنت چەندەو لەچەند شەڕگە دەربازت بووە.هەر ئەوەی لە نزیکەوە لە گەڵ کارەساتەکان دەژی. دەبیتە بەشێک لە کارەسات!

ئێمە چەندە گیان سەختین و نازانم گیرۆدەی چ چارەنووسێکی ئەهریمەنین!

ئەمڕۆ ١٦ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی پاش ساڵێک لە کۆچی‌دوایی کاک جەلیل گادانی کە بەشەوق و زەوقی کوردانەوە ژیا بەڵام بە بێنازی بەڕێکرا بڕیار درابوو کۆڕیادێک بۆ بەڕێزیان بەڕێوەبچێ. منیش وەکوو بەڕێوەبەری کۆڕەکە..

کاتژمێر نیزیک دەو نیو کە لە دیوی بەرهەم هێنان(شوێنی کاری من و مووسا) خەریکی شت نووسین بووم کە سامان فەقێنەبی هاوڕێم هات و گوتی: مامە لە دوێنی‌شەوەوە مووسا دیار نیە و تەلەفۆنیشی داخراوە" یەکڕا ترسێک لە دڵما جووڵا ئاخر ئیمکانی نەبوو مووسا تلەفۆن دابخاو لە خەت نەبێ.. دوایی خۆم دڵنەوایی خۆمم ئەداوە کە نا کورە هیچ نیە لەوانەیە کە خەوی لێکەوت بێ، و یان لە ماڵی هاوڕییەکی ئیسراحەت دەکا لە هەولێر! شیلانیش هەر وای بەمن دەگوت پێم خۆش بوو وابێ بەڵام چ بکەین کە وا نەبوو...خەوبوو بەڵام خەوێکی خوێناویی!

## بەشی دووهەم

لە گەڵ مام سامان پەیتا پەیتا زەنگ دان و سوارخ گرتنی و نەیشماندەوێرا لەگەڵ هەموو کەس باسی بکەین!

کاتژمێرەکان بە خێرایی تەنگی لە دڵەوەرێزی و نیگەرانیی هەڵچنیبوو.

لەو لاشەوە میوانەکانی کۆڕیادی کاک جەلیل دەهاتن، من لەهەموو شوێنێک بووم بێجگە لە قەڵا.. لە چووڵەوانی لای جەستەی بێگیانی مووسای هاوڕێم لە ژوورێکی نامۆ، دەشت و بیابان بگرە هەتا چەم و رووبارەکانی باشوور، یان ئاودیو کردنی بۆ ئێران!

دیسان خۆم بە گژخۆمدا دەچووم کە هیچ نیە و ئەوە تاوێکی دیکە بەخۆی و سمێڵە زەردەکانییەوە پەیدا دەبێ..

دووجار چۆم لە دەرگای پەنجەرەی ژوورەکەی و دەرگاکەیم دا هەی بەشکەم هاتبێتەوەو خەوی لێکەوتبێ..

هەر زەنگ و زەنگ و زەنگ..نیزیک ساعەتی دوونیو دڵخۆش بووم کە مەسنجێری زەنگ دەخوات بەڵام هەڵە بووم و، کوژراوان چاوەڕێی هیچ تێل و تەماسێک نین ئیتر..

ڕێوڕەسم دەستی پێکرد خەڵک بەشداربوو بێ ئاگا و من دڵم پڕ و سەرم گێژ و چاوەم هەر دەگەڕا بە خواروژووری هۆڵی ڕێوڕەسمەکە..نا هیچ کام لەوانە مووسا نەبوون.

یەکەم برگەم کە پێشکەش کرد هەستێک ناخمی گۆشی و چوومە بەردەرگەی هۆڵەکە، رووخساری تێکچووی سامان هەڵگری هەواڵێکی ناخۆش بوو بەڵام نە بە قەت کوژرانی مووسا ی خۆشی نەدیو!

ژیان و جەبری ژیان بە خۆزگا و بەشکەم ناچێتە سەر. مووسای پێشمەرگەدۆست لە هوتێلێک جەستەی بێگیانی دۆزرابووە. جا دیسان بەوحاڵەوە وەرەوە بچۆ پشت میکرۆفۆن یەک دووجار نیزیک بوو بڵێم میوانەکان ببوورن، مام جەلیل گیان ببوورە ناتوانم نا..بوغزێک خەریکە دەمخنکێنێ.

ئەمە سکانسێکی واقعی بوو لە حاڵ و ڕۆژی ئێمەمانان کە سینەمایی نیەو خۆدی کارەساتە!

ئێستاش کە ئەمانە دەنووسم هێشتا بڕوام بەوە نیە چیتر مووسا بە قسەکانم تەنانەت قسەی ئاسایش پێناکەنێ و

بەشی دووهەم

بەرنامەی بانتر لەهەواڵمان بەس یەک هەواڵ دەبێ ئەویش: ماڵاوایی ئێگجارییە لە مووسا و خۆزگە هەڵوەریوەکانی! ئەمڕۆ ساڵڕۆژی دامەزراندنی کوردکاناڵ بوو بەڵام جێگەی هاوڕێی مووسا دیارو بەتاڵ. لەمە تاڵتر چی هەیە؟

نا شێرکۆی برام

تاران تەنیا بەدەم ئێمەوە پێناکەنێ و گشت پێکەنینەکانی بۆ بوغزاندنی ئێمەیە!

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## خالید عەزیزی: ئەوە مافی گەلی کوردە کە پەنا بۆ ڕێفڕاندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی سەربەخۆی خۆی ببات




**ئاماژە:**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین وتووێژی "کوردکاناڵ" لەگەڵ بەڕێزیاندا، سیاسەت و لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەهەمبەر پرسە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ئێستای ئێران و کوردستان شی کردەوە. "کوردستان" پوختەی ئەم وتووێژە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.**

**عەلی لەیلاخ: کاک خالید لەم ڕۆژانە دەیەمین کۆبوونەی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. شرۆڤەی بارودۆخی ئێران یەک لە بەرنامەکانی کاری ئەم کۆبوونەوەیە بووە. کۆمیتەی ناوەندی ئەو بارودۆخەی چۆن هەڵسەنگاند؟**

کۆمیتەی ناوەندی ڕای وابوو بۆوەی پێناسەیەکی ورد لە بارودۆخی ئێران بکرێ، دەبێ کۆمەڵێک فاکتۆر لە هاوکێشەکەدا بەشدار بکەی و بەپێی دەوری ئەو فاکتۆرانە بارودۆخی ئێستای وڵات هەڵسەنگێنی و بۆ داهاتوو پلان و بەرنامەمان هەبێ. لە هەنگاوی یەکەمدا ئێمە تاوتوێی بارودۆخی دەسەڵاتمان کرد، دوای نیزیک لە ١١٥ ڕۆژ لە دەسبەکاربوونی ڕەییسی، دواتر نارەزایەتییەکانی خەڵک کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر دەبنەوە و لە مێتۆد و شێوازی جۆراوجۆردا دەردەکەون. بەتایبەتی‌تر تاوتوێی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمیشە گوتومانە، شعووری سیاسی و هەستی نەتەوایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر

پەرەدەستێنێ و ئێمە شانازیی بە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان دەکەین. ئەوانە تەوەری سەرەکیی لێکدانەوەی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بوون کە ئەندامانی رێبەری ڕاوبۆچوونی خۆیانیان لەسەر دەربڕی و کۆبوونەوەکە کۆبەند و ئاکامگیریی لێ کرد و لەو پێوەندییەدا کۆمەڵە ڕاسپاردەیەک بە دەفتەری سیاسی درا.

**عەلی لەیلاخ**: کابینەی ڕەییسی بە یەکدەستکردن و نیزامیکردنی پتری دەسەڵات وڵات بەرەو کوێ دەبا؟ ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن و حیزبە کوردییەکان لەو بارودۆخەدا چییە؟

**خالید عەزیزی**: بە گشتی ئەوە سروشت و خەسڵەتی شۆڕشەکانە. کاتێک کە شۆڕش دەکرێ ئەو لایەنەی کە شۆڕش دەکا خەڵک ڕووی تێدەکا. لە ئێراندا بەرەی خومەینی و شیعە و ئیسلامی شیعە، بەربڵاو چوونە پێشێ و خەڵکێکی زۆریان ڕەگەڵ خۆیان خست. دوایە بەرەبەرە خەڵکیان لێ تەکییەوە و هەوڵەکان بەردەوام بۆ ئەوە بوون کە بەناوی ئەو خەڵکانە کە شۆڕشیان کردووە، دەسەڵات یەکدەستتر دەکەن. کە کات تێدەپەڕێ شۆڕش و عاتفە هەمووی تابیعی کەشوهەوایکە لەوێدا لێپرسینەوە و بەدواداچوون کەمە، ئەو کەسە کە دروشم دەدا تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕەپانەکە دەگرێتە دەست. بەڵام دوایە کاتێک کە دێتە سەر ئیدارەی وڵات، دەبێ وڵاتێک بەپێی هەموو پێویستییەکان بەڕێوە ببا و لێرەدا کێشەکان دەست پێ دەکەن. لەو ڕۆژەوە دەکرێ بڵێم ئاڵقەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەدژی خەڵک هەر دێ و بەرتەسک دەبێتەوە. مووسەوی، ڕەفسنجانی، خاتەمی، ئەحمەدینیژاد و ڕووحانی دێن و دەڕۆن و هەموو ئەوانە کە سەرۆککۆماری ئەو ڕێژیمە بوون، پاش ماوەیەک لەلایەن دەسەڵاتەوە کە خامنەیی ئاراستەکەی دیاری دەکا پرسیاریان لەسەر دروست دەبێ. ئیدی ئەمجارە ڕێبەری ڕێژیم بەو قەناعەتە گەیشت کە ئەو کێشانە لە کۆڵ خۆی کاتەوە، بەمجۆرە بە دەستنیشانکردنی ڕەئیسی، دەوڵەت و مەجلیس و ڕێبەری و ئۆرگانیزمەکانی دیکەی حکوومەت لە یەک بازنەدا جێیان گرت و دەکرێ بڵێی دەسەڵات پتر لە هەر کاتێک یەکدەست بووە. ئێستا ئیدی بەشێکی زۆر لەوانەی پێشتر لە ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕێژیمیش بوون ڕەخنەی توندی لێ دەگرن و ڕۆژ بە ڕۆژ لە خەڵکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی کەم دەبنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە ژمارەی دژبەرانی ئەم ڕێژیمە زیاتر دەبن.

بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی درێژەکێشانی تەمەنی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە سەر پەرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کوردیشەوە. بەڕێزت هەموو کات چ ڕەخنەگرانە و چ بە پێشنیار باستان لە پێویستیی کارابوونی ئۆپۆزیسیۆن و بوونی بە بەدیل و ئاڵترناتیف کردووە. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، باشترین ئاڵترناتیف بۆ کۆماری ئیسلامی چییە؟ جارێ با ئەوە بڵێم ئەوەی لە سەردەمی ئێستادا پێی دەگوترێ سۆشیال مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەورێکی زۆریان هەیە لە تەبلیغات دژی کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی دەیان ڕایەڵەی مێدیایی هەیە و پارەیەکی خەیاڵییشی لێ خەرج

دەکا و ئەگەرچی هیچیشی بۆ خەڵکی ئێران نییە و هەموو بۆ مەرامە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیم و هەناردەی شۆڕشە، کەچی دەرەقەتی ئەو سۆشیال میدیا بەهێزەی ئۆپۆزیسیۆن نایە. لەنێوخۆی وڵاتیش نارەزایەتییەکان بەربەرین و جۆراوجۆرە و ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵک پتر دێتە مەیدان و شێوازی جەماوەری دەگرێتە خۆی. دەمەوێ بڵێم لە ئێستادا زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لەدژی ئەو دەسەڵاتەن، خۆپیشاندان دەکەن و بەلەبەرچاوگرتنی سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم تێچووی قورسیش بۆ ئەو دژایەتییە دەدەن. ئەو دۆخە دەتوانێ چەندی زیاتریش بەو ڕەواڵە بڕواتە پێشێ، بەڵام نیزامێکی سیاسی هەر بە نەفسی نارەزایەتی و دژایەتی ناڕووخێ و ڕووخانی نیزامێکی سیاسی ئاڵترناتیڤی دەوێ. گرفتەکە لە ئێران ئەوە نییە کە خەڵک خەبات ناکەن بگرە خەڵک زۆرتر لە گۆڕەپانەکەدان و باجی زۆریش دەدەن، بەڵام کێشە لێرەدا ئۆپۆزیسیۆنە. سروشتی کۆماری ئیسلامی ڕوونە و خۆی لە سەرکوت و زەبروزەنگ و کوشتوبڕدا دەبینێتەوە و هەر ئەو سیاسەتەش بە دژی خەڵک، خەڵکێکی زۆر لێ دەکا بە ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام ئەو ئۆپۆزیسیۆنانە تا ئێستا نەیانتوانیوە ئاڵترناتیڤ و بەدیلێک بۆ جێگرەوەی ڕێژیم ساز بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕای وایە کە ئێستا پتر لە هەموو کاتێک لە ئێراندا پێویست بەو ئاڵترناتیڤە هەیە. کۆمەڵگەی جیهانی وەک ئێمە سەیری کۆماری ئیسلامی ناکا، ئەوان خەڵکی ئێران نین و بەو پێیەش دژی کۆماری ئیسلامی نین. ئەوان ئێران لە بازنەی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسەتی کەلانی ئەمنییەتیی خۆیاندا هەڵدەسەنگێنن و بەوپێیە سیاسەتی خۆیانی لەگەڵ دەکەن. بۆ ئەوەش کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جۆری ڕوانینی خۆی بۆ کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ، دەبێ جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی لەنێو بەرەی دژبەرانی ئەم ڕێژیمەدا دروست بووبێ. بەڵام ئەم کەمایەسییە بە چی جێبەجێ دەبێ؟ بە لێکنیزیکبوونەوەی ئۆپۆزیسۆنی کۆماری ئیسلامی. کە باس لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش دەکەین پێم‌خۆشە پێداگری لەسەر ئەوە بکەمەوە کە لە ڕوانگەی ئێمەوە گەورەترین ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەنێو خۆی وڵات و لانیکەم دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتن. ئەو لانی کەمە، هەرچەند لە سۆشیاڵ مێدیای فارسیدا زۆر دەردەکەون، بەڵام بەداخەوە کەم و زۆر وەکوو ئۆپۆزیسیۆنێکی مێدیاییان لێ هاتووە. چار چییە، چار ئەوەیە لە قسە و گوفتار و کرداردا ڕوو بە خەڵکی ئێران، شتێک بڵێن و شتێک دیاری کەن کە هیوا و ئۆمید بۆ خەڵکی ئێران دروست بکا.

**عەلی لەیلاخ:** لەو بەشەدا کە پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، کێشەی کورد هەر نەمانی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو چەندوچۆنیی ئەو مافە دێموکراتیک و نەتەوەییە کە دەبێ ئەوانیتر دانی پێدا بنێن. کەچی بەشی زۆری ئۆپۆزیسیۆن ئێستا هەمان شێوە ڕوانینیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی. گرفت چییە؟ ئایا لایەنە کوردییەکان نەیانتوانیوە لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆندا مافەکانیان بچەسپێنن؟ تەنانەت جۆرێک شەرمێونی بە داواکاریی ئۆپۆزیسیۆنی کوردییەوە دیارە. بۆ وایە؟



سەرچاوە
Serchawe

**خالید عەزیزی**: ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە دەرجەی یەکەم بە پانتایی پرسەکانی کوردستان و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حیزبە کوردییەکاندا و، دوایەش ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکاندا ئەوە سیاسەتمان بووە کە یارمەتی بە ڕێککەوتن و کۆدەنگی و لێکتێگەیشتنەکان بدەین. ئینسافەن حیزبی دێموکرات لەو بوارەدا بەرپرسانە جووڵاوەتەوە، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا، شەهید دوکتور قاسملوو، بەڕاستی ڕچەشکێن و کەسایەتیی دیاری ئەو مەیدانە بوو لە سیاسەتکردن و دیپلۆماسی و دانوستاندا. ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بیرەوەرییەکی باشیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیە، ئەو بیرەوەرییە باشە بەشێک بووە لە مێژوو و ئێمە دەتوانین وەبیریان بێنینەوە، بەڵام ناتوانین هەمیشە سیاسەتی پێ بکەین و سیاسەتی ئێمە دەبێ لەسەر بابەتەکانی ئەمڕۆ بێ. بەخۆشییەوە کوردستان لەدژی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەسەر خەتە. خەباتی سیاسی، جەماوەری، مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی، زمانی و دەرکەوتنی خەڵک بە بۆنەی سیاسی و مێژوویی ئامادەییەکی زۆری لە کوردستان لە هەموو چینوتوێژەکان و لە هەموو بەشەکاندا دروست کردووە. ئەوە گەورەترین ماتریالی ئێمە و ئۆپۆزیسیۆنی کوردە لەدژی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان کاتدا کە ڕوو بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و خەڵکی نێوخۆی ئەو وڵاتە بڵێین کوردستان ئەوەیە بەو حیزبانەی هەیەتی و بەو خەڵکانەی لە پشت حیزبەکانن و بەو داخواز و مافانەی بۆی تێدەکۆشن. کوردستان دەوروبەری ١٠ میلیۆن کەسە و ئەو خەڵکە مافخوازە ئەگەر بە مافەکانی نەگا، چ لەو حکوومەتەدا کە ئیحتمالی کەمە، و چ لە حکوومەتی داهاتوودا، خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دەبێ. بۆیە کوردستان فاکتەرێکە کە دەبێ لە ئێرانی ئێستا و هەروەها داڕشتنەوەی ئێراندا لەبەرچاو بگیردرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین کۆنگرەی خۆیدا ڕای وایە کە فێدرالیزم دەتوانێ چارەسەری مەسەلەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران بێ. ئێمە دەڵێین لەسەر ئەساسی بەشداری و هاوبەشی، لێکتێگەیشتن و یەکتر قەبووڵکردن هیچ لایەک نەخرێتە پەراوێزەوە و هەڵاواردن نەمێنێ و، ئێران بەیەکەوە ئیدارە بکەین. بە نەیارانی کۆماری ئیسلامیمان گوتووە ئەوە بە ڕێککەوتن و سازان دەکرێ. ئێمە ئەوە بە دێموکراسییەک ناسپێرین لە داهاتوودا کە ئێمە بکەوینە کەمینە و ئاوان زۆرینە بن. یەکەم لەسەر هێندێک ڕوکنی ئەساسی و قانوونی ڕێککەوتنێک دەکەین کە کەس هەڵینەوەشێنێتەوە. دوویەم، ئێمە با زۆر بە ڕاشکاوی بە هەموو لایەنەکان بڵێین لە کوردستان بە خۆشییەوە کە تا ڕادەیەک زۆر خەڵک سیاسەتەکانی حیزب دێموکراتیان قەبووڵە، خەڵک لە کوردستان وەزاڵە هاتووە و ڕەخنە لە من دەگرن، ڕەخنە لە حیزبی دێموکرات دەگرن و دەڵێن ئێوە هەوڵ دەدەن بۆ خودموختاری وەڵامتان نادەنەوە، باسی فیدراڵیزم دەکەن وەڵامتان نادەنەوە، لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زۆر بە حەوسەلە دەچنە پێشێ کەچی دیسان جوابتان نادەنەوە، بۆیە ئەگەر هەروا بڕواتە پێشێ با بزانن کە بۆچوونێکی بەهێز لە کوردستانی ئێران هەیە کە داوی دەوڵەتێکی کوردیی خۆی دەکا. دەڵێ وا دیارە ئێرانییەکان نایانەوێ بە هیچ جۆر لەگەڵ ئێمە بحاوێنەوە. جا ئەگەر وایە ئێمە ئەو هەمووە تێکۆشان و خەباتە دەکەین و

هیچ دەرەنجامێکی نابێ، حەقی ئێمەیە، حەقی ئەو میللەتەیە بیر لە داهاتووی سەربەخۆی خۆی بکاتەوە. دیارە ئەوە سیاسەتی ئێستای ئێمە نییە، بەڵام دەمەوێ بڵێم بۆچوونێکی ئاوا هەیە و بەهێزیشە. ئێمە لە دیدارەکانی خۆماندا گوتومانە کە تابیعی ڕاسپاردە و پەسندکراوەکانی کۆنگرەکانی خۆمانین و ئەوەی لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی لەسەری دواوین و گوتومانە کە بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی حیزب دەڕۆینە پێشێ. بەڵام لە کوردستانی ئێران ڕەنگبێ خەڵک لەو بۆچوونە ماندوو بووبێ، ماندووبوون نە بەو مانایە لە حیزبی دێموکرات ناڕازی بن، خەڵک حیزبی دێموکراتیان خۆش دەوێ، ئەو حیزبە حیزبێکە بەڕابردووە، ڕێبەرانێکی هەبووە لە پێناو ئەواندا خوێنیان داوە، بە هەزاران شەهیدیان بۆ مافەکانی گەل داوە، بەڵام خەڵک پێمان دەڵێن ئێوە لە تەعامووڵ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا زیادە لە حەد بەحەوسەلە بوون. بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەیە جموجۆڵێکی مافخوازانە و شوناسخوازیی نەتەوەییە کە هەمووی لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندایە. حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی خۆیدا باسی دیاریکردنی مافی چارەنووسی کردووە، بەڵام لەسەر چۆنیەتیی لێکدانەوەی ئەو مافە و بە خوێندنەوەی ڕەوشی دۆخ و مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە ئێستادا نیزامێکی فیدراڵ بەباش دەزانین. ئێمە لە کۆنگرەی ١٦دا ڕامانگەیاندبوو، ئەگەر وەڵاممان نەدەنەوە و بۆ داهاتووی ئێران ئامادەی ڕێککەوتن نەبن، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن حاشا لە ماف و داخوازە ڕەواکانمان بکەن، کورد مافی خۆیەتی پەنا بۆ ڕێفڕاندۆم ببا. ئەو نەتەوەیە دەیان ساڵە لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامە و هەموو مێتۆدێکی خەباتی تاقی کردۆتەوە و بەردەوام پێداگر بووە کە دەیەوێ بە ئاشتی و لە ڕێگەی دانوستانەوە مافەکانی دابین ببن، بەڵام کە هەر جواب نەبوو ئەو ناچارە ڕێگای دیکە بگرێتە بەر.

**عەلی لەیلاخ: کاک خالید حیزبی دێموکرات و پرسی کورد بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە یان هەڕەشە؟**

**خالید عەزیزی**: وەک گوتم کورد لە ئێران نیزیک بە هەشت دەیەیە بۆ دێموکراسی و ئازادی و مافەکانی خەبات دەکا. حیزبی دێموکراتیش حیزبێکی جەماوەرییە و هەموو چین و توێژەکانی تێدایە، هەموو زاراوە و ئایینەکانی تێدایە. ئێمە دەستمان ئاواڵایە و جێگامان هەیە بۆ هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵ. مادام دەستمان ئاواڵایە خەبات و تێکۆشانەکەشمان جۆراوجۆر و فرە ڕەهەندە و، ڕەهەندی ئەساسی و سەرەکیی ئێمە جووڵانەوەی نێوخۆی وڵاتە. نێوخۆی وڵات دەنگی بەرزە بەدژی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانییەکی بەهێزە بۆ حیزبی دێموکرات، شوێنێکە پەیام دەدا بە جیهانی دەرەوەش کە ئەگەر بیر لە داهاتووی ئێران دەکەنەوە، بەبێ خوێندنەوەی کوردستان ئەم وڵاتە ئەمنییەت و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ. بەڵام وەک گوتت مەسەلەکە ئەوەیە کە کوردستان دەرفەتە یان هەڕەشە؟ کوردستان دەرفەتە و هەڕەشە نییە، بۆ؟ لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کە ڕێز لە مافی مرۆڤ و مەنشوورەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگرێ و باس لە پێویستیی پەرسەندنی دێموکراسی و، وەدیهاتنی بنەماکانی مافی ئینسان و کۆمەڵ دەکا؛ هەموو ویست و داخواز و مافەکانی

ئێمە لەگەڵ پرەنسیپ و بایەخە جیهانداگرەکان تەبان و لە یەک چوارچێوەدا جێ دەگرن. ئێمە بینیمان کە لە عێراق کوردستانی عێراق دەرفەت بوو بۆ دروستکردنەوەی ئەو وڵاتە، عێراق کوردستانی لەگەڵدا نەبێ دروست نابێتەوە. لە سووریەش هەر وا دەبێ، تورکیەش لە داهاتوودا هەر دەبێ بەرەو ئەوە بڕوا. بۆیە کوردستانی ئێران بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە و ئەگەر ئێرانییەکان لەو دەرفەتە کەڵک وەرنەگرن، هەڵەیەکی گەورە دەکەن.

**عەلی لەیلاخ**: کاک خالید لەو ماوەیەدا دوو بابەتی گرینگ هەبوون. بەردەوامیی هەڕەشەکانی سپای پاسداران لە حیزبە کوردییەکان، هەروەها چەند ڕۆژ لەوە پێش سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باسی چۆنیەتیی پرسی کوردی لەو وڵاتانەدا کرد کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. لێکدانەوەی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**خالید عەزیزی**: نیزامی کۆماری ئیسلامی بەشێکی سیاسەتی ئەوەیە هەڕەشە بکا، لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوە خەڵک بتۆقێنی. لەهەمبەر حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد، ئەم هەڕەشانەشی عەمەلی کردووە. لە تێرۆری ڕێبەرانی شەهید و تێرۆری کادر و پێشمەرگەکانی دیکەمان ڕا بگرە تا دەگەینە ڕووداوەکەی شەوی یەڵدا و دواجار مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات. بەڵام ئەمری واقع دەری خستووە کە بە هەڕەشە و تێرۆر و سەرکوت جووڵانەوەی میلیی کورد لە ئێران بەچۆکدا نەهاتووە و، حیزبی دێموکراتیش بە خۆشییەوە لە مەیدانەکەدا بە بەهێزی ماوەتەوە. جا ئەگەر وایە زمانی هەڕەشە و ئێعدام و ئەشکەنجە کار لە ئێمە و حیزبی دێموکرات ناکا. ڕەنگە زیانمان پێ بگەیەنێ، بەڵام ئەو جووڵانەوەیە هێندە بەربەرینە هێندە جەماوەرییە، هێندە بەرحەقە کە بەردەوام دەچێتە پێشێ. ئەوەش کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا باسی کرد بۆچوونێکی زۆر باش و بەجێ بوو. کاک نێچیرڤان پێشووتریش هەر لەسەر خەت بووە و ئینسافەن بەو پرسەوە ماندوو بووە، لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی قسەی کردووە و لەگەڵ ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکرات قسەی کردووە، تەنانەت چەند ساڵ پێش دانیشتنێکیش بە نێوبژیوانیی کاک نێچیرڤان لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا کرا. نیازی کاک نێچیروان ئەوەیە کە چارەسەری پرسی کورد هەر وتوویژ و دانوستانە. جا ئەمن دیسان دێمەوە سەر بابەتی دەرفەت و هەڕەشە و پرسی کورد کە باسم کرد و دەڵێم لە بەینی هەڕەشە و دەرفەتدا هەڕەشە نایباتەوە، ئەوە دەرفەتەکە دیباتەوە. ئەزموون و ڕابردووی ٤٠ ساڵی پێشوو دەری خستووە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێمەی پێ لەبەین ناچی. پەیامی ئێمە لە سەردەمی شەهید دوکتور قاسملووی نەمرەوە کە هەمیشە بۆ ئەو بابەتە لەسەر خەت بووە، ئەوە بووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕی بە ڕێگا چارەی نیزامی نییە، بەڵام بەرگری لەخۆی دەکا. ئەگەر هاتە سەر بەرگری و مقاوەمەت، بێگومان لە خۆپاراستن و بەرگریکردن لە خۆی تەنەخی ناکا. بۆیە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان پێ پەیامێکی باش بوو.

## بەشی دووهەم

**عەلی لەیلاخ**: کاک خالید پرسێکی گرینگی نێوخۆی ڕۆژهەڵات پێوەندیی بە کورد و ئازەرییەکانەوە هەیە. هەر جارناجارێکیش کێشە و گرفتێک لەو ناوچانەی کورد و ئازەری بەیەکەوە دەژین دروست دەبێ. خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات و قسەی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوە بابەتێکی گرینگە و بە ئێمە و هەموو لایەک دەڵێ کە دەبێ بەدوای چارەسەری گونجاودا بگەڕێین. ڕوونە کە کورد و ئازەری بەدرێژایی مێژووی بوونیان لەو ناوچانە لە دراوسێیەتیی یەکتردا ژیاون و پێکهاتەی هێندێک لە شار و ناوچەکانیش وابووە کە لە هەردوو نەتەوەکەی تێدا بووە، ئەمە فاکتەرێکی سەرەکییە. فاکتۆری دووهەم ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئەو هاوکێشەیەی لە بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیدا بەکاری هێناوە. فاکتەری دیکە سپای پاسدارانە کە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەو پرسە دەکا و لەو ناوچانەی کە کورد و ئازەری پێکەوە دەژین، دەسەڵاتی موتڵەقی هەیە و دەبینی کە لە پارێزگای ورمێ و لەو ناوچە تایبەتانەدا ئەوە سپای پاسدارانە کە بە دەسەڵاتی میلیتارییەوە حکوومەت دەکەن بەسەر کورددا. بەڵام سیاسەتی ئێمە و چارەسەر. ئەمن بۆخۆم زۆر لە ناوچەی ورمێ و نەغەدە و شۆێنەکانی دیکە بووم و هاوڕێی زۆرم لەنێو ئازەرییەکاندا هەیە. ڕێگاچارەکە ئەوەیە، ڕووناکبیران و ئێلیت و نوخبەکانی ئازەری و کورد بەوە بگەن لە گێژاوی ئەو هاوکێشەیەدا نەمێننەوە کە کۆماری ئیسلامی دروستی کردووە یان هێندێک لە پان تورکیزمەکان خوڵقاندوویانە. لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە سەرەتاکاندا کورد و ئازەری هەماهەنگی و هاوکاریی زۆریان هەبوو. ئەمن خۆم ئەوکات خوێندکاری زانکۆ بووم و دۆستی ئازەریی زۆرم هەبوو. پێوەندییەکانی ئەو دوو نەتەوەیە زۆر خۆش بوو. پێشتر و لە سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا، پێشەوا قازی محەممەد و پیشەوەری زۆر لەو کێشانەیان چارەسەر کرد. تەنانەت ڕێککەوتن و بەڵگەنامەی لەسەرە. جا ئەگەر وایە ڕێگاچارە هەیە بۆ چارەسەرکردنی، ڕێگاچارە لە نێوان تێکۆشەرانی ئازەری و کورد دایە. بۆیە هیوادارم بەتایبەت لە شاری ورمێ تێکۆشەرانی کورد و ئازەری، کە بەپەرۆشن بۆ داهاتووی ناوچەکە و هەردووک لا خۆی تێدا دەبیننەوە، پێوەندییەکانیان زۆر و باش و پتەو بن، بەیەکەوە کۆڕکۆمەڵی فەرهەنگی دروست بکەن و هەوڵەکان لەو پێناوەدا بێ کە لێکتێگەیشتنی باشتر و زیاتر لەنێوانیاندا هەبێ. هەم ئازەرییەکان ئەوە قبووڵ بکەن کە لە تەنیشت خۆیان بۆ ئیدارەی ئەو ناوچەیە کورد ببینن، هەم کوردەکان ئەوە قبووڵ بکەن کە لەگەڵ ئازەرییەکان ئەوێ ئیدارە بکەن.

ئەگەر ئازەرییەکان بەشوێن حەزف و سڕینەوەی کورددا بن، لە هەڵەدان. ئەگەر کوردەکانیش بە دوای حەزفی ئەواندا بن هەر هەڵە دەکەن بۆ؟ چونکی هەردوولا دەبێ قەبووڵی بکەن کە بوونیان لە تەنیشت یەکتری ئەمری واقعە. نابێ بهێڵن کە سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ کە بە دوای مەرامی سیاسیی خۆیانەوەن، کێشەکانیان لێ قووڵتر بکاتەوە و، لاشم وایە کە چارەسەری یەکجاری کار و ئیرادە و بڕیاری هاوبەشی هەردوولا بەیەکەوەیە.

## بەشی دووهەم

**عەلی لەیلاخ: کاک خالید وەک دواپرسیار، پرسیاری هەمیشەیی خەڵک دەکەمەوە کە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان گەیشتە کوێ؟**

**خالید عەزیزی**: لەڕاستیدا ئەگەر قەبووڵی بکەین کە لێکدابڕان و لەتبوونی حیزبی دێموکرات ئاکامی تووڕەبوون و پێکەوە کارنەکردن لەگەڵ یەکتری بووە، بەڵام وەسەریەککەوتنەوە و بوون بە یەک حیزب ئاکامی بیرکردنەوە، عەقڵانییەت، زەرووڕەت و زاڵبوونی مەنتیقە. لەو هاوکێشەیەدا زۆر فاکتۆر هەن کە دەبێ قسەی لەسەر بکەین، لێک حاڵی بین، متمانە دروست بکەین، نیازپاکیی هەردوولا بۆ یەکتری دەربخرابێ؛ دوایە لە تەنیشت ئەوانە بۆ بە مەیدانی کردنی ئەو عەقڵییەتە، لەسەر ئەوانە قسە بکەی کە ئیدارەی هاوبەشی ئەو حیزبە لە داهاتوودا چۆن دەبێ. لە ئاکامی سەنگ و سووکیی هەمووی ئەوانەدا دەبێ بڵێین کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی جەماوەرییە، هەزاران کادر و پێشمەرگەی هەیە، دەیان هەزار ئەندامی هەیە، دەیان دامەزراوی جۆراوجۆری هەیە، تێکەڵکردنەوە و یەکخستنەوەی ئەوانە حەوسەلە و پشوودرێژی دەوێ. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، هەوڵمان داوە، لەژێر رووناکایی بە هەست بە بەرپرسیارێتیی حیزبی و، لە چوارچێوەی پانتاییەکی گەورە کە بۆ زەرووڕەت و پێویستیی خەباتی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە، ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکەین. بۆیە ئێمە لە ڕاستیدا هەم نەرمیی زۆرمان نیشان داوە و هەم هەوڵمان داوە لێکتێگەیشتنەکانمان ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر بین. بەڵام سروشتی دانوستان وایە، لە دانوستان لەسەر خاڵەکان قسە دەکەی، چ عەمەلی دەبێ، چ عەمەلی نابێ، ڕەنگە تۆ قۆناغێک ئاوا بڕۆیە پێشێ. دوایە لە جەریانی دانوستاندا، شتێک بێتە پێشێ و شتێک سەرنجی ڕانەکێشابێتی و وا بکا بڕێک بگەڕێیتەوە دوایە و دیسان بچیتە پێشەوە. مەبەستم ئەوەیە هەوراز و نشێوی دەبێ. من بە ئاکامی هەوڵەکانمان گەشبینم و خۆشبینیەکەم لەوە سەرچاوە دەگرێ کە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر یەکگرتوویی‌خوازن و زۆر داوای یەکگرتنەوە دەکەن کە داوایەکی پیرۆزە و ئێمەش لەو پێوەندییەدا هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین. لەو بارەیەوە چاوەڕوانیم لە خەڵک ئەوەیە کە یارمەتیمان بدەن، چاوەڕوانیم لە ئەندامانی دێموکرات لە هەر دوو لا ئەوەیە کە وەپێش ڕووداوەکان و وەپێش بڕیارەکان نەکەون. بەخۆشییەوە هەیئەتەکانمان ماندوویی‌نەناسانە لەسەر ئەو ئەرکە بەردەوامن.

**عەلی لەیلاخ: سپاس کە کاتتان بۆ ئەو وتووێژە دانا.**

**خالید عەزیزی**: ئێوەش ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## شەهید چۆن نامرێ!




**ئێعدامی جیابیران و بەرهەڵەستەکارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو ئەسڵێکی نەگۆڕ لە سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە ماوەتەوە.**

**لە لایەک دیکەش هێندێک ڕوانین و هەڵسوکەتی ئێمەش وادیارە کە بڕیار نییە گۆڕانی بەسەر بێ و هەر ئەم سیکلە بەردەوام بمێنێت واتە "کوشتن و بڕین و ئەشکەنجەو لە سێدارەدانی ڕۆڵەکانمان و هۆنینەوەو لاواندنەوەش بەشی ئێمە بێ! بە بیانووی لە سێدارەدانی حەیدەر قوربانی چەند سەرنجێک دەخەمە ڕوو:**

**- شەهید ئەوە نازناوە پیرۆزەیە کە بە هێندێک مرۆڤ کە لە پێناو و کەرامەت و کیانی نیشتمانیدا گیانیان بەخت دەکەن دەبەخشرێ. بەڵام جیا لە لایەنی هەستەکییەکەی، شەهیدیش دەمرێ و منداڵەکانی هەتیوو دەکەون و بنەماڵەکەشی سەری لێدەشێوێت. ڕازاندنەوەی شێوەی مەرگەکان هیچ لە خۆدی مردن ناگۆڕێ و ئەو چەمکە کاتێک بەنرختر دەرکەوێ کە کۆمەڵگە یان بەشێکی جڵەوکێشی کۆمەڵگە لە شەڕێکی هەمەلایەنەدا بێ، نەک زۆرجار سەیریکەری ڕووداوەکان( گرتن، ئەشکەنجە، سێدارە و...)**

**- کاتێک کەسێک لە لایەن ناوەندە ئەمنییەکانەوە دەسبەسەر دەبێ جا ئەگەر هۆکارەکەی چالاکیی دژبەرانەو سیاسی بێ،**

سـەرەتا لە لایەن هەواڵـدەرییەکانی دژ - بەڕێـژیم لە ئاسـت هەواڵێـک بڵاودەبێـتەوە. ئیتـر بێـدەنگی و نامۆمـانەوەی دەسبەسەرکراو تا ئەوەی حوکم دەدرێ! کە سەیری دەقی نووسراوی حوکمی دادگەش دەکەی بێجگە جیاوازیی لە ئەدەبیات بە نامۆیی نووسراوە کە فلان کەس بە تاوانی ئەندامیەتی لە یەکیک لە ئەحزابی دژبەری نیزامی ئەوەندە ساڵ سزای بۆ بڕاوەتەوە ! یان لە سێدارە دراوە.

ئیتر نانووسێ کام حیزب و لایەن! بەم جۆرە دەسەڵات دەسئاوەڵە دەبێ کە هەرکات سزای توندی بەسەریان سەپاند بەئاسانی "گروە تروریستی" وەپاڵ بخات و حوکمی دادگاش نەبێتە بەڵگەیەک بۆ ڕێژەی سەمپات و لایەنگرانی ئەحزابی کوردستانی.

لەبەرانبەریش هەواڵدەرییەکان بەهان شێوە و بە ئەدەبیاتێکی جیاواز و بگرە بەکار هێنانی چوار سیفەتی دژبەرانە هەواڵی سەپاندنی زیندان و ئێعدام بڵاودەکەنەوە.

### جا کێشەکە چییە؟

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی هێندێک مەفاهیمی قەزایی و ئیسلامی وەکوو "محاربە، بغی، ارتداد، هەتا تێکدانی ئەمنەیەتی میللی" بەئاسانی ناڕازیان و جیابیرانی خۆی سزا دەدا.

### ئەوەی کە لە بەرانبەری‌دا دەکرێ بریتین لە:

بێخاوەن مانەوەی بەشێکی زۆر لە گیراوان تا کاتی "ئازادی و ئێعدام" ئینجا شاهیدی پۆستێرسازکردن و پێهەڵگوتن و پەخشان و نرخاندیانین. بۆیە ئێستاشی لەگەڵ بێ فیداکاریی و گیانبازیی تێکۆشەرانی ئێمە نەبووتە بەشێک لە شوناس! چونکە ئەو هەستە بە پەلە و کتوپڕ دێ و، بە ئەساپی کاڵ دەبێتەوە.

### حەیدەر قوربانی نموویەکە کە هیوادارم دوا نموونە بێ کە بە چەند خاڵ ئاماژەی پێ‌دەدەم:

ناوبراو لە ساڵی ٩٥ی هەتاوییەوە تاکاتی ئێعدام کردنی لە ساڵی ١٤٠٠ بەهەموویەوە پێنججار لە هیچ کوێی باسی نەکراوە. تەنانەت هەواڵی دەستگیری و سزادانی لە میدیاکانی کۆماری ئیسلامی زیاترە تا ئۆپۆزسیون! بێجگە ئەوەی بۆ

چەواشەکردنی ڕای گشتی " کورتە فیلمی "رانندە مرگ" ی بە ژێرنووسی ئینگلیزی ساز کرد. کەواتە دەزگای دادی ئێران وەکوو هەمیشە ناوبراوی بە ئەندامی گرووپی "معاند" و" تیرۆریست" ناساند دەی ئەی وڵامی ئێمە؟ ڕاستە موعاندنی ڕێژیمی بەڵام خۆ تیروریست نی! عەتف و سۆز جێگەی خۆی هەیە، بەڵام پەخشان نووسین و یان چەند جنێو ڕیز کردن وڵام نیەو، هەر کردەوەییەکی سیاسی و ئەمنی دەبێ بە کردەوەییەکی هاوشێوە وڵام بدرێتەوە.

لەماوەی پێنج ساڵ دەسبەسەرکرانی حەیدەر قوربانی چەندجار بەخەستی بووتە بابەتی میدیایی ؟ هەموومان دەزانین بەهەمموویە و سێ جار ئەویش لە کاتی دەستگیری، دەرچوونی سزای ئێعدام و هەتا لە سێدارەدانی لە رۆژی یەکشەممە ٢٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠.

ئێستاکە تۆمار دەنگی حەیدەر قوربانی بڵابووتەوە زۆربەی خەڵک بەشێکی گرینگ لە قسەکانی کە لە واقعدا دواکارییەکەی جێیداخە سەرنجی نادەن، کە بە زمانی بێزمانی دەڵێ: با خەڵک لە پێناوی گیانی کەسانێک وەکوو ئەوان یەکرۆژ مان بگرن یەک رۆژ...

دەی ئەوە باشترین پرۆژەیە بۆ ڕاوەستان بەرانبەر بە دەسەڵاتی سەرکوتکەر.

**لە دوای ئێعدامی هەربەندییەکی کورد بەتاوانی ئەمنی و سیاسی هیچ لایەنێک ناتوانی خۆی بە خاوەنی بکات مەگەر لە کاتی گیران و زیندانی کردنی تا ئێعدامکردنی ئەم چەند هەوڵەی دابێ:**

١- بە بێ ئەوەی بووی گرینگ بێ سەربەکام حیزبە بەڵکوو وەکوو تاکێکی کوردی بەندکراو بە مەسئولییەتەوە بەدواداچوون بۆ دۆخی خۆی و بنەماڵەکەی بکا.

٢- بەدەر لە کاری هەواڵدەرییەکانی، ناوەناوە دۆخی زیندانیانی سیاسیی کورد و بەتایبەتی ئەوانەی سزایان قورسە وەکوو حەیدەر قوربانی وەبیر کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی هێنابێتەوە.

٣- چاوەڕێی ڕەوتی پڕ لە ناعەداڵەتی دادگاکانی کۆماری ئیسلامی نەکات و پەروەندی زیندانیانی سیاسی لە دەرەوەی ئێران و لە داگایەکی بێ لایەن وەکوو ئەوەی "ئابان"مانگ وەگەڕ خست بێ.

٤- نائەمنترین شوێن لە ئێران. زیندان و گرتنەگەکانی ئەو وڵاتەیە و لە کوردستان ئەم نائەمنییە زیاترە و دەبێ هەموو کات، ئەو خاڵە گرینگ و مەترسیدارەی وەبیر خەڵک و کۆمەڵی نێونەتەوەییەکان هێنا بێتەوە.

٥- ئەگەر ئەندامی ئەوانەو دڵنیاییە کە لەسەر ئەو حیزبە دەسبەسەر و سزا دراوە دەبێ بیکاتە پرۆژەیەکی قەزایی و سیاسی و لە سەرەوەی کار و ئەرکەکانی بێ.(با حوکمەکەی قورستر نەبێ، ڕاست ئاسانکەرییە بۆ جێبەجێکردنی سزاکەی لە ژێرناوی تیرۆریست و شەڕ بەدژی خودا و(...

٦- بە هاوکاریی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ، ڕەوەندی کوردیی تاراوگەی وەگەڕ خستووبێ بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی.

٧- هەوڵی دابێ کە خەڵک بە نیسبەت چارەنووسی گیراوانی سیاسیی خۆی بێ تەفاوەت نەبێ، بەتایبەتی لە شوشیالمیدیادا.

بە دەر لەم خاڵانە هەوڵەکان هیچیان لێی شین نابێ و کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروا بە خاترجەمییەوە درێژ بە سیاسەتی سەرکوت و ئێعدامی لایەنگران و تێکۆشەرانی ئەحزاب دەدات و بە ئاسانیش بەردەوام دەبێ لە سیاسەتی ئینکار. پێشنیارەکان:

جیا لەو حەوت خاڵە دەبێ بە هاوئاهەنگی تەشکیلاتی و ڕێکخستنەکان ئەحزابی کوردی لە هەفتەدا رۆژێک دیاری بکرێ بەناوی " رۆژی پشتیوانیکردن لە بەندکراوانی سیاسی و فەرهەنگی" و لەو رۆژەدا هەوڵ بدرێت کە پاڵپشتی کردن لە زیندانیانی سیاسی ببێ بە فەرهەنگ و فەزای تۆڕکۆمەڵایەتییەکان و هەڵوێستەکان "بابەت، ڕاپۆرت، بەرنامەی مێدیایی وهتد... تایبەت بەو پرسە بێ"

- پێداگریی کردن لە مافێکی ڕەوا بەناوی "تۆڵە"

نابێ بەربەستەکانی سەرڕێی "تۆڵە" ببێتە سەرینی خاترجەمی لە ژێر سەری دەسەڵات و ناوەڕۆکی بەیاننامەکان هەر ئەوە بێ کە "مەمانکوژن"! لانیکەم ئەو داوایە بە زمانی غەیرە کوردی بێ بۆ ڕێڕەوەکانی نێونەتەوەیی نەک بەزمانی چەوساوەکانی کوردستان کە تینووی عەداڵەتن.

## بەشی دووهەم

خۆ بەساحیبزانین لە ئاستی ئێعدامکراوان بەهەموو ڕێگاو شێوازێک و تەنیا چەند ڕۆژ بە رۆژەڤ بوونی ئەو بابەتە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دەسەڵاتی ئەنجامدەردا نییە و، لەم چواردەیەدا نموونەی ئێعدامی هاوشێوەی حەیدەر قوربانیمان زۆر بینیوە.

ئەگەر هەناسەکوژراوانێک وەکوو حەیدەر قوربانی، کە قوربانیانی دەستی سیستەمێکی ستەمکارن، ببوون بە هەناسەیەکی گەرم لە جەستەی پێکەوبوون و یەکبوون! ئێنجا دەتوانین پڕ بە گەرووی زامدارمان هاوار بکەین کە "شەهید نامرێ" دەنا بێدەنگ بین باشترە.

کۆتا قسەم با وەسیەتەکەی حەیدەرقوربانی وەکوو نەسیحەتێک وەربگرین بە هەموومان هەوڵ بدەین لانیکەم یەکڕۆژ بە مانگرتن، ڕێز لە گیان و یاد و ناوی بگرین و لەگەڵ شار و شەقامەکانی کوردستان بەوێنەی ٢١ی خەرمانان بۆ جارێکی دیکە پشت لە دەسەڵات بکەین و "نا"یەکی گەورە بە چاوی دیکتاتۆریدا بدەینەوە.

٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## سیاسەتی زاڵکردنی یەکزمانی و خەسارەکانی



حکوومەتە دیکتاتۆرەکان هەموو ڕێگایەک بۆ سەپاندنی هێژمۆنیی خۆیان دەگرنەبەر و لە بنەڕەتڕا مانەوەی خۆیان لە تواندنەوە یا ئەوانیتردا دەبینن.

لە ئێران کە بەرەبەرە نوێگەرایی بە لاسایی‌کردنەوە لە وڵاتی دیکە لە سەردەمی ڕەزاشای قاجارەوە هاتە ئاراوە، پاش کودەتای ڕەزاخان و دامەزرانی نیزامی پاشایەتیی پەهلەوی کۆلۆنیالیزمی فەرهەنگی و داگیرکردنی زمان و شوناسی نەتەوەو ئەتنیکەکان یەکێک لە سیاسەتە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی پەهلەوی بوو، کە بە میرات هێشتا لە ناخ و زەینی بەشێک زۆر لە بژاردە و کەسانی بەرچاوی غەیرە کورد ماوەتەوە و ئەمەش بەدەر لەوەی کە لە پاش ڕووخانی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئێرانشاریەتی تێکەڵ بە مەزهەبیش کرا و سیاسەتی زاڵکردنی یەک کولتوور و فەرهەنگ بەسەر نەتەوەکانی دیکە بە تایبەتی کورد ستایلی دیکەی بە خۆی گرت. دیارە بێگومان ئەگەر باگراوندنی خەباتی فەرهەنگی و نەتەوەیی کورد لەگەڵ هاتنە مەیدانی جیلی نوێی شوناسخواز نەبا، خەسارەکانی سیاسەتی یەکزمانی کردنی ئێران زیاتر و زۆرتر لە فەرهەنگ و زمانی کورد دەدرا.

**عەلی لەیلاخ:** بۆ تاوتوێکردنی زیاتر بابەتی سیاسەتی زاڵکردنی یەکزمان بۆسەر نەتەوە جیاجیاکان لە ئێران ڕاوبۆچوونی بەڕێزان ساماڵ ئەحمەدی، نووسەر و وەرگێڕ و عەدنان بەرزەنجی، بەرپرسی "ئەنیستیتۆی زمانی کوردیی ڕاژە" وەردەگرین:

## بەشی دووهەم

## ساماڵ ئەحمەدی:



توێژینەوە زمانناسییەکان ئەو بابەتەیان سەلماندووە کە پەیڕەوکردنی یەکزمانی لە وڵاتانی فرە زماندا نەک هەر خەسار بە زمانەکان دەگەیەنێ، بگرە دەبێتە هۆی لەنێوچوونیشیان. باس لەوە دەکرێ کە ٦٧٠٠ زمان لە دنیادا هەیە کە نیوەیان لە بەردەم مەترسیی لەنێوچووندان، هەربۆیەش لە ساڵی ١٩٩٩ەوە ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی دووی ڕەشەمە (٢١ی فێوریە)ی هەموو ساڵێکی وەکوو ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ناساندووە.

ئێران کە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە و جوغرافییا سیاسییەکەشی لە جوغرافیای فەرهەنگی و زمانی چەندین نەتەوە پێکهاتووە، بەداخەوە هەتا ئەمڕۆش سیاسەتی یەک زمانی پەیڕەو دەکرێ و دەسەڵات و فەرهەنگی زمانیی تاکەزمانێک کە زمانی فارسییە بەسەر زمانانی دیکەدا دەسەپێندرێ. ئەوەش بەو ئامانجە دەکەن کە دەیانەوێ چەمکێک کە خۆیان پێی دەڵێن فەرهەنگی ئێرانی کە چەمکێکی هەڵبەستراوە پێناسە بکەن و بڵێن ئەم فەرهەنگە کە ناوی فەرهەنگی ئێرانییە بەرهەمی زمانی فارسییە، ئاواش حاشا لە هەموو زمانەکانی دیکە بکەن و وا بەڕووی دنیادا بناسێنن کە ئەوە فەرهەنگی ئێرانییە و فەرهەنگی ئێرانیش واتە بەرهەمی زمانی فارسی.

بەداخەوە ئەم سیاسەتی حاشاکردنی زمانییە ئەوە نییە هەر لەلایەن ڕێژیمەکانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا پەیڕەو بکرێ یان هەر ئەوان دایانهێنابێ لە ڕاستیدا ئەمە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی ئاکادێمی و توێژەری هزری و سیاسییەوە دارێژراوە کە تێئۆریشی بۆ کراوەتە پاڵپشت و پاساوی بۆ هێنراوەتەوە، ئێمە دەزانین لە سەرەتای ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی کەسانی وەکوو "مەحموودی ئەفشار" و "موشفقی کازمی" و زۆر کەسی دیکە، ئەو بابەتی یەکزمانییە و گرینگیی ئەوەی کە ئەو

## بەشی دووهەم

مەسەلەیە بۆ فەرهەنگی ئێرانی گرینگە دایانڕشتووە و ڕێژیمەکانیش جێبەجێیان کردوە، لە ئێستاشدا کەسانی وەکوو "جواد تەباتەبایی" و "حەمید ئەحمەدی" کە کەسانی دانیشگاهین و لە بواری فکری و سیاسییەوە توێژینەوە دەکەن تێئۆریی و پاساوی بۆ دادەتاشن. مەبەستی سەرەکیی ئەوان لەم سیاسەتە ئەوەیە کە هەرچی ئیمکاناتی فێربوونە لەو جوغرافییا سیاسییە بەرینەدا کە پێی دەڵێن ئێران بۆ زمانی فارسی بێ و هەم ئیمکاناتە مرۆڤییەکە و هەم ئیمکاناتە مادییەکەی هەرچییەک هەیە لە پێناو پێشختستنی زمانی فارسیدا بێ و ڕێ لە خوێندنی زانستی و فێربوونی زانستی زمانانی دیکە بگرن بۆ ئەوەی ئەو زمانانە نەتوانن بەرهەمی فەرهەنگیی خۆیان، بەرهەمی نەتەوەیی خۆیان، ئەدەبی خۆیان، بەرهەمی فکری و سیاسیی جیاوازی خۆیان بەرهەم بێنن و هەموویان بە زمانی فارسی، گۆیا فەرهەنگی ئێرانی بەرهەمی بێنن. ئەوەش دیارە هەر خۆی لە خۆیدا پێناسەی چەمکێکی هەڵبەستراوی وەکوو فەرهەنگی ئێرانی حاشاکردنە لە فەرهەنگەکانی دیکە و ئێمەش دەزانین هەموو فەرهەنگێک حاسڵی زمانە ئەوەش حاشاکردنە لە زمانەکان و دیارە بە مەبەستی لەنێو بردنیشیان.

### عەدنان بەرزەنجی:



زمانی دایک یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانە لە باسی فەرهەنگیدا و من وا فکر دەکەمەوە کە زمانی دایک بنەڕەت و بناغەی زمانە. کەچی بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا زمانی دایک پێگەیەکی زۆر باشی نییە بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە چەند زمانەن، زمانی دایک و هەندێ لەوانەی کە کەمینەن زۆر بەلای دەسەڵاتەکانەوە گرینگی پێ نادرێ و ئاوڕی لێ نادرێتەوە. هەر لەم سۆنگەیەوە ئێمە دەبینین کە زمانی دایک وەبەر پلار دەدرێ و زیانی زۆری بەر دەکەوێ.

ئێمەی کورد نەتەوەیەکین کە لە چوار وڵاتدا دەژین و لەم چوار وڵاتەدا کە چەند زمانەیە کەمینەین و بەردەوام زمانەکەمان وەبەر ئەو پلارە دەکەوێ و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەتوانم بڵێم زیاتر لە هەر زمانێک مەترسیی لەسەرە. زمانی کوردی ئەگەرچی چوارەمین زمان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوای عەرەب، تورک و فارسە بەڵام زۆرترین زەبری لێ دەدرێ،لەبەر ئەوەی کە بەردەوام لەو وڵاتانەدا کەمینە بووین و زمانەکەمان پشتگوێ خراوە. لەلایەکی دیکەوە بەداخەوە زمانی دایک

وەکوو لە ڕۆژهەڵات بە ڕوانگەیەکی سیاسی و ئەمنییەتییەوە سەیری دەکرێ و زمانی کوردیش یەکێک لەو زمانانەیە کە زۆر بەسیاسی کراوە و ئەمە خۆی لە خۆیدا خەسارێکی گەورەی لە زمانی دایک داوە.

ئەمن هیوادارم ئەو ڕۆژە ببینم و ئەو ڕۆژە بێت کە زمانی دایک وەکوو زمانی دایک بمێنێتەوە و ئەوەی کە زمانی دایک وەکوو سەنعەتی دایک ئاوها ئاوڕی لێ بدرێتەوە و کاری لەسەر بکرێ. من وا هەست ئەکەم ئەو ڕۆژەیە کە ئێمە دەگەین بەو ئاوات و ئارەزووە کە نازانم کەی دەبێ. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هەم لە بواری یاساوە و هەم لە بواری ئایینەوە، چون زۆربەی ئەم دەسەڵاتانە ئەم خەڵکەی وا لە ئەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە دەژین ئایینیان ئیسلامە، و هەم لە بواری نێونەتەوەییەوە خەسارەتێکی زۆر لە زمانی دایک دەکەوێ. ئەگەر ئێمە بەپێی ئەو فاکتەرانە سەرنجی خودی ئەو خەسارەتانە بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە چ خەسارەتێکی گەورە لە زمانی دایکی ئێمە کە زمانی کوردییە دەدرێ.

**ساماڵ ئەحمەدی**:

ڕێژیمی ئایدۆلۆژیکی ئیسلامیی ئێران وەکوو چۆن بەبێ ئەوەی پرس و ڕا بە هیچ کام لە پەیرەوانی ئەو ئایینانە بکا کە لەو وڵاتەدا دەژین، وڵاتەکەی ناو ناوە ئێرانی ئیسلامی هەر بەو شێوەیەش هەڵبەت بە درێژەدان بە سیاسەتی ڕێژیمی پێشوو بەبێ ئەوەی کە پرس بە هیچ کام لە ئاخێوەرانی زمانانی جیاوازی نێو ئەو جوغرافیا سیاسییە بکا زمانی فارسی کردووە بە زمانی ڕەسمی. ئەم سیاسەتە کە بێگومان سەر لەبەر دژی مرۆڤییە، بەبیانووی ئەوە داڕێژراوە و تیوریزەش کراوە کە ڕێگری لە دابەشبوونی یەکپارچەیی خاکی ئێران بکا. دیارە هەر زمانێک با بڵێین لایەنی دیاری فەرهەنگیی خۆی هەیە لە جیهانبینی ئاخێوەرەکانیدا، واتە ئاخێوەری هەر زمانێک جیهانبینیی جیاواز، فەرهەنگی جیاواز، فیکری جیاواز و ڕێبازی جیاوازی هەیە و هەمووی ئەمانە لە جیاوازیی زمانییەکە دەکەونەوە، بەڵام دەشکرێ ئەم جیاوازییە نەک هەر هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی جوغرافیایەکی سیاسی نەبێ بگرە هۆکاری تێگەیشتنی باشتری مرۆڤەکان لە جیهانی جیاوازی یەکتر و پێکەوە ژیانیان بێت. بۆ نموونە زۆرن ئەو وڵاتانەی کە ڕێژیمەکانیان ڕێژیمی فێدڕالییە و بەهۆی ئەوەی کە جیاوازییەکانی یەکتریان قبووڵ کردووە و هەموو زمانە جیاوازەکانی نێو ئەو وڵاتانە ڕەسمین و مافی ڕەسمیی خوێندن و فێربوون و داهێنانیان هەیە و ڕێزیان لە یەکتر گرتووە، جیاوازییەکانی یەکتریان قبووڵ کردوە، دەبینی زۆر بە ئازادی و دڵخوازانە پێکەوە دەژین و هیچ کێشەیەکیشیان نییە. بۆ نموونە خەڵکی کبک لە کانادا چەند جارێک تەنانەت ڕاپرسیشیان کردووە بۆ ئەوەی کە ئایا ئەوان کە فەڕانسەوی زمانن دەیانهەوێ لەگەڵ خەڵکی ئینگلیزی زمانی کانادا پێکەوە لە چوارچێوەیەکی جوغرافییایی سیاسیدا بمێننەوە و هەموو جارێک دەنگیان بەمانەوە داوە و دەنگیان بە جیابوونەوە نەداوە؛ لەبەر ئەوەی مادام ڕێز لە یەکتر دەگرن، مادام زمان و فەرهەنگی یەکتریان قەبووڵە چ پێویست بە جیابوونەوە دەکا. گەلانی ئێرانیش

## بەشی دووهەم

ئەگەر ڕێز لە زمانەکانیان بگیرێ ڕێز لە فەرهەنگە جیاوازەکەیان بگیرێ و فەرهەنگی جیاوازی ئەوان لە چەمکێکی گشتی وەک فەرهەنگی ئێرانیدا حاشای لێ نەکرێ، بێگومان هەموان ئەوکاتە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کە بە ڕێزگرتن لە یەکتر پێکەوە بژین و هیچ جیاوازییەکیش نەبێتە هۆکاری ئەوەی کە لێک دابڕێن، بگرە ببێە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر یەکتر بناسن و ڕێزی زیاتر لە یەکتر بگرن. ئەو تیۆرییە هەڵەیەی کە سیاسەتی زمانی لە ئێران لەسەر دارێژراوە کە گۆیا سیاسەتی یەک زمانی ڕێگری لە دابەشبوونی یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکا و یەکپارچەیی خاکی ئێران دەپارێزێ ئەوە تەنیا شتێکی شۆڤێنیستییە، فکرێکی شۆڤێنیستییە و هیچ پاساوێکی مەنتقی و زمانناسیشی لە پشت نییە.

***

دەرهاوێشتەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی بواری زمانناسی، باس لەوە دەکا کە پەرەپێدان بە زمانەکان لە ئەساسدا پەرەپێدانە بە کولتوور و فەرهەنگ و ئەزموونە مێژووییەکان و بە پێچەوانەکەشی زەرو خەسار لێدانە لە میراتی مرۆڤایەتی.

بەڵام لە ڕەهەندی سیاسەتی ناوەندگەرا و پاوانخوازەوە ئەوان لە نێوبردن یان کۆیلەکردنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکان و بەستنەوەیان بە فەرهەنگی باڵادەست، بناغەی کۆیلەکردنی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و هەربۆیە لە ڕێگای جۆراجۆر وەکوو چاپەمەنی، سینەما، ڕۆژنامە و گرتنی فستیڤاڵ و سمینارە هتد...دەیانەوێ وێڕای سەپاندنی خۆیان هەرچەشنە خەونی ڕزگاری و بەختەوەریی گەلانی دیکەش لە نێو بەرن.


لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو بووژانەوە فەرهەنگییە لە بواری زمانی دایک تا ڕادەیەکی زۆر توانی پێش لە ئاستی بەرفەراوانی کارەساتی یەکزمانی کردن بگرێ کە لە پەروەردەی وڵاتی ئێران پێڕەو دەکرێ. بەڵام چونکە زمانی هەستیاریی خۆی هەیە و دەبێ ئەوە ئەرکی دەوڵەتەکان بێ و نەبوونی کیانی سیاسی و فەرهەنگیی کوردیش ڕەوتی گەشەی زمان و فەرهەنگی کوردی خاو کردووتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## د. کامران ئەمین ئاوە: د. عەلی گەلاوێژ لە دنیای دوو جەمسەرییدا ڕزگاریی نەتەوەکەی لە بەرەی سۆسیالیزمدا دەدیت



دوکتور عەلی گەلاوێژ

### ئاماژە:

دوکتور عەلی گەلاوێژ یەکێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی چەپی کورد بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵی ١٣٦٧

ئێعدامی کرد. دوکتور عەلی گەلاوێژ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لەگەڵ پۆلێکی دەیان کەسیی لاوانی کورد بۆ خوێندنی زانکۆ دەنێردرێتە شاری باکۆ لە کۆماری ئازەربایجان. ئەو دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان نەگەڕایەوە وڵات و دوکتۆرای ئابووریی سیاسیی وەرگرت. ئەو دواتر وەک کوردێکی مارکسیست لە ڕیزی حیزبی توودەدا درێژەی بە چالاکییە سیاسییەکانی دا و هەتا ئاستی ڕێبەریی ئەو حیزبە ڕۆیشت، بەڵام قەت پرسی شوناسخوازیی نەتەوەکەی لەبیر نەکرد.

"کوردکاناڵ" ماوەیەک لەوەپێش و لە نەوەدونۆیەمین ساڵەی لەدایکبوونی د. عەلی گەلاوێژدا بۆ شەنوکەوکردنی چەند لایەنێک لە ژیانی سیاسیی ئەو وتووێژێکی لەگەڵ د.کامڕان ئەمین‌ئاوە پێک‌هێنابوو. "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژە بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە:

**عەلی لەیلاخ**: دوکتور کامران! ئێوە بەبۆنەی نەوەدونۆیەمین ساڵەی لەدایکبوونی دوکتور "عەلی گەلاوێژ" بەدواداچوونێکتان بۆ ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبیی بەڕێزیان کردوە. با ئەو پرسیارە بکەینە دەروازەی باسەکەمان کە جەنابتان چۆنتان دوکتور عەلی گەلاوێژ ناسی؟

**د. کامران ئەمین ئاوە**: ئەمن تەمەنم ١٥ ساڵ بوو. مامۆستا "عەلی گەلاوێژ"م بۆ یەکەمجار لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ و لە شاری بۆکان لە چەند کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسیدا چاو پێکەوت. درەنگتریش کاتێک ماڵمان لە تەورێز بوو، بە هەڵکەوت زۆرجار لە شەقامی شاناز دەمدیت و ئەو شانازییەم پێ دەبڕا کە نیزیک نیو سەعات و جاری وابوو زیاتریش پێکەوە پیاسەیەک بکەین. ئەمن ئەو پرسیارانەی بووم ئاراستەی مامۆستام دەکرد و ئەویش بە دڵئاوەڵاییەوە وەڵامی دەدامەوە. خاڵی سەرنجڕاکیش لە کەسایەتیی مامۆستا عەلی گەلاوێژدا ئەوە بوو کە وەختێک پرسیارێکت لی دەکرد ئەگەر ئاگاداری نەبایە و نەیزانیبا، زۆر ڕاحەت دەیگوت نازانم، پرسیارت بۆ دەکەم و وەڵامەکەت دەدەمەوە. ئەوە شتێک بوو ئینسان دەیتوانی لە مرۆڤێکی ئاوا بەرز و زانا فێری ببێت کە کاتێک ئاگاداری بابەتێک نییە پێویست ناکا قسەی لەسەر بکا.

لەسەر ژیانی دوکتور عەلی گەلاوێژ، ئەوە کە کەی لەدایک بووە؟ لەکوێ خوێندوویەتی؟ بوارەکانی دیکەی ژیانی بەڕێزیان؟ قسەکردن لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی مامۆستا بەهۆی کەمیی سەرچاوە و نووسراوە قورس و ئەستەمە، بەڵام ئەوەندەی ڕوونە ئەوەیە کە مامۆستا "عەلی گەلاوێژ" ساڵی ١٣٠١ی هەتاوی لە گوندی "ساروقامیش"ی بۆکان لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی فەیزوڵابەگی لەدایک بووە. مامۆستا عەلی گەلاوێژ لە یەکەم کەسەکان بووە کە بۆ دەرس خوێندن نێردراوەتە تەورێز و توانیویەتی لە ساڵی ١٣١٩دا قۆناغی دواناوەندیی ببڕێ و دیپلۆم وەربگرێ. لە کاتی کۆماری کوردستاندا کە تازەلاوێکی ٢٣ - ٢٤ ساڵان بووە، پلەی کاپیتانی پێ بەخشرا. برایمخان باوکی بەڕێزیان یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای

کوردستان بووە. دوکتور عەلی گەلاوێژ ساڵی ١٣٢٥ لەگەڵ نیزیک بە ٦٠ لاوی کورد لەلایەن کۆماری کوردستانەوە نێردرا بۆ باکۆ بۆوەی لەوێ لە زانستگای سپاییدا دەرس بخوێنن. ئەو و سێ نەفەر لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لەوێ تەنانەت وەکوو قوتابیی هەڵکەوتوو ناو بردران.

دوای ڕووخانی حکوومەتی ساوای کۆماری کوردستان بەشێک لە قوتابییەکان گەڕانەوە، بەڵام مامۆستا گەلاوێژ و بەشێک لە کوردەکانی ئەوێ وەکوو "د. ڕەحیم سەیفی قازی"، "د. سوڵتان ئۆتەمیشەیی"، "د. کەریم ئەیبووبی" و "د. مستەفا شەڵماشی" و... ئەوانە لەوێ مانەوە و توانییان لە بواری جۆراوجۆردا بە ئاستێکی بەرزی زانستی بگەن. بۆ وێنە کاک کەریمی ئەیبووبی لە باری زمانەوانیدا، دوکتور سوڵتان ئۆتەمیشی لە بواری پزیشکیدا، دوکتور عەلی گەلاوێژ لە بواری ئابووریناسیدا، یانی هەریەک لەمانە بەخۆشییەوە توانییان قۆناغی بەرزی زانستی ببڕن. بەتایبەت مامۆستا گەلاوێژ و دوکتور ڕەحیم سەیفی قازی ماوەیەکی زۆر لە پەنای ڕۆژنامەی ئازەربایجان، ڕۆژنامەی "کوردستان"یان وەکوو ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو دەکردەوە کە نزیک بە ١٣٣٧ ژمارەیان لەنێوان ساڵەکانی ١٣٢٦ تا ١٣٣٩ چاپ کرد.

بە پێی بەدواداچوونەکانی من عەلی گەلاوێژ تا ساڵی ١٣٣٩ وەکوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجاندا کاری کردوە. تەنانەت ساڵی ١٣٢٩ لەگەڵ دوکتور ڕەحیم سەیفی قازی وەکوو ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی ئەو حیزبە هەڵبژێردران. کاتێک ساڵی ١٣٣٩ فرقەی دێموکرات و حیزبی توودە پێکەوە یەک دەگرن، دوکتور عەلی گەلاوێژیش پەیوەست بە حیزبی توودەی ئێران دەبێ و لەو ساڵانەی کە لە دەرەوەی وڵات بوو، لە ڕادیۆ "پەیک"ی ئێران وەکوو بێژەر کاری کردوە، هەروەها نووسراوە و وتاری زۆری لە گۆڤاری "دنیا"دا بڵاو کردۆتەوە کە دەتوانم بڵێم سەتا ٩٩ی نووسینەکانی هەموو سەبارەت بە مەسەلەی کورد و کوردستانە. ئەو پاش شۆرشی ٥٧ و دوای نزیک بە ٣٠ ساڵ ژیان لە تاراوگە توانی بگەڕێتەوە ئێران و بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی توودە لە کوردستان. لە بانەمەڕی ساڵی ٦٢دا و دوای هێرشی دووهەم کە کرایە سەر حیزبی توودە و پاشماوەی ڕێبەرانی ئەو حیزبە گیران، مامۆستا گەلاوێژ یەکێک لەوان بوو کە لە زیندان کەوتە ژێر ئەشکنجە و ئازارێکی زۆرەوە و لە خەرمانانی ١٣٦٧ لەگەڵ هەزاران شۆڕشگێڕی کورد و ئێرانی لە زیندانی ئێڤین لە سێدارە درا.

**عەلی لەیلاخ**: ئێوە لە بابەتێکدا کە لەسەر عەلی گەلاوێژ نووسیوتانە، باس لە چارەنووسی تاڵی ئەو دەکەن، هۆیەکەی لە چیدا دەبینن؟

**د. کامران ئەمین ئاوە**: ئەمن لە نووسینێکی پێشوومدا باسم لە چارەنووسی تاڵی عەلی گەلاوێژ کردوە. کەسێک کە دوای

بەشی دووهەم

نزیک بە ٣٠ ساڵ ئاوارەیی دێتەوە وڵاتەکەی خۆی بەڵام ڕەنگی ئازادی نابینێ و دوای ماوەیەکی کورت دەگیرێ، ئەشکەنجە دەکرێ و وای لێدەکەن بێتە سەر تەلەڤیزیۆن و بیر و هزری خۆی ڕەت بکاتەوە و دواییش بەم چەشنە تراژیدیکە لە سێدارە دەدرێ ئەوە بۆخۆی چارەنووسێکی تاڵە. عەلی گەلاوێژ ئاواتەخوازی ئەوە بوو کە ئەگەر دێتەوە، ئازادی نیشتمانەکەی ببینێ، نیشتمانیش بۆ ئەو کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کوردستان بوو. بەڵام بەداخەوە لە ماوەیەکی کورتی پێنج ساڵەدا هەموو ئاوات و ئارەزووەکانی ئەو و زۆر کەس کە پێیان وابوو دوای شۆرشی ٥٧ پرسی کورد چارەسەر دەبێ بە با چوون، ئەوە بەشێکیەتیی.

بەشێکی تر مامۆستا گەلاوێژ سەرەڕای ئەوەی تەواوی ژیانی لە پێناوی مەسەلەی کورد و کوردستاندا کاری کردبوو و شتی نووسیبوو، لە ساڵەکانی ئاخری ژیانی خۆیدا لەنێو حیزبێکدا بوو کە سەرەڕای ئەوەی باوەڕی بەوە بوو دەبێ پرسی کورد لە چوارچێوەی مافی خودموختاریدا چارەسەر بێ؛ بەڵام کەوتبووە بەرەی جمهووریی ئیسلامی. کاتێکیش عەلی گەلاوێژ گیرا، ئەشکنجە کرا و دوایە لەسێدارە درا، بەداخەوە ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا کە بتوانن ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆیان بدەنەوە، پێداچوونەوەیەک بەو سیاسەتەدا بکەن کە وێڕای ئەوەی باوەڕی بە پرسی نەتەوەیی گەلانی ئێران هەبوو، بەڵام لە بەرەیەکدا بوو کە دژایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی دەکرد و ئەوەش بۆخۆی بە باوەڕی من چارەنووسێکی تاڵ بوو بۆ کەسێکی وەک دوکتور گەلاوێژ.

**عەلی لەیلاخ**: وەک دەزانین د. عەلی گەلاوێژ لەگەڵ پۆلێک خوێندکاری دیکە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان دەچنە یەکیەتیی سۆڤییەتی ئەوکات و لە باکۆ درێژە بە خوێندن دەدەن. بەرهەمی خوێندنە ئاکادیمییەکەی د. عەلی گەلاوێژ چی بوو؟

**د. کامران ئەمین ئاوە**: مامۆستا گەلاوێژ لە ساڵی ١٩٥٥ بە زمانی تورکیی ئازەربایجانی کتێبێکی نووسیوە بە ناوی "پێوەندیی وەرزێڕەکانی کوردستانی ئێران" کە تەنانەت نەمر دوکتور قاسملوو لە کتێبی "کوردستان و کورد"یشدا وەکوو سەرچاوە کەڵکی لێ وەرگرتوە. بەداخەوە ئەم کتێبە ئێستا لەبەردەست نییە کە ئینسان بتوانێ هەڵیسەنگێنێ و باسی بکا. بەڵام لە ساڵی ١٣٦١ کتێبی "مناسبات ارضی در کردستان: فروپاشی نظام عشیرەای" واتە پێوەندیی وەرزێڕەکانی کوردستانی ئێران و ڕووخانی سیستەمی عەشیرەیی نووسی کە لەلایەن دەزگای "روزبە"وە چاپ کرا. بەڵام ئەویش زۆر زوو حکوومەت دەستی بەسەردا گرت و ئیزنی بڵاوکردنەوەی نەدا. لەم ساڵانەدا pdf ی ئەو کتێبە لەلایەن کتێبخانەی عەبدوڵڵا شەهبازییەوە کەوتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. کەسێک کە ئەم کتێبە بخوێنێتەوە ئاگاداری ئاستی بەرزی زانایی مامۆستا گەلاوێژ لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کوردستان و وەزعییەتی ئابووریی ئەو دەبێ. واتە ئەم کتێبە هاتووە باری ئابووری و

کۆمەڵایەتیی کوردستانی لە نێوەڕاستی سەدەی ١٩ تا نێوەڕاستی سەدەی ٢٠م لێک داوەتەوە و پێمان دەڵێ کە چۆن عەشیرەکان سەر دەگرن و لەبەین دەچن، هەروەها پێوەندیی سەرمایەداری چۆناوچۆن لەو کۆمەڵگایەدا پەرە دەستێنێ. بە باوەڕی من کەسێک ئەگەر بیهەوێ لەسەر مەسەلەی کوردستان و مەسەلەی ئابووری و مێژووییەکەی کار بکا بێگومان پێویستی بەم کتێبە دەبێ. ئەم کتێبە بە زمانی فارسی چاپ بووە و هیوادارم ڕۆژێک ئێمە ببینین کە ئەم کتێبە بە زمانی کوردی تەرجەمە کراوەتەوە و خەڵکی کورد لە بەشەکانی دیکە بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن. ئێمە کەمایسییەک کە بەگشتی هەمانە ئەوەیە کە زانایانی ئێمە زۆر کەم خۆیان لە شتی قورس و قووڵ داوە. ئەگەر ئێمە تەنانەت سەرنج بدەینە کاری حیزبە سیاسییەکانی خۆمان لە چل ساڵی ڕابردوودا، کاری ئەدیبەکانی خۆمان و چالاکانی مەدەنییش، کارێکی ئاوا قورس کە بتوانێ وەزعییەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیی کوردستان و دۆخی چینایەتیی ئەو وڵاتە هەڵسەنگێنن، نابینین. بەڵام کاتێک ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەینەوە، سەرەڕای هەموو کەموکوڕی و ناتەواوییەکان لەوکاتدا، سەرەڕای نەبوونی ئینتێرنێت و کەمیی سەرچاوە زانستییەکان؛ بەڵام کەسانێک وەکوو مامۆستا عەلی گەلاوێژ بە نووسینی ئەم کتێبە، یان دوکتور قاسملوو بە نووسینی کتێبی کوردستان و کورد بەڕاستی شاکاریان خوڵقاندوە. ئێستاش ئێمە ئەو کتێبانەی بتوانن لە ئاستی ئەم بابەتانەدا بن بەداخەوە زۆر کەمیان دەبینین.

**عەلی لەیلاخ**: یەکێک لە لایەنەکانی ژیانی دوکتور عەلی گەلاوێژ زمانزانی و هۆگریی ئەو بە ئەدەبی کوردی بووە تا ئەو ڕادەیە کە مامۆستا هەژار لە "چێشتی مجێور"دا پێی هەڵدەڵێ. لەگەڵ ئەوەدا لەو بارەیەشەوە هەر کەم ناسراوە. بۆ؟

**د. کامران ئەمین ئاوە**: بە ڕای من یەکێک لە هۆیەکانی، نەبوونی ئەو دەرفەتە بوو کە مامۆستا گەلاوێژ بتوانێ شێعر و بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بڵاو بکاتەوە. ژیان و مانەوەی لە یەکیەتیی سۆڤییەت، نەبوونی هاتوچۆ، نەبوونی ئەو دەرفەتانەی کە ئەوڕۆ ئێمە لە سۆنگەی بوونی ئینتێرنێت و سۆسیالمێدیاوە هەمانە، هەموو هۆکارێکن بۆ ئەوە.

شێعرەکانی مامۆستا گەلاوێژ زۆرتر لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپی باکۆ بڵاو بوونەتەوە. دەفتەرێکی شێعریشی بوو کە زۆر درەنگ مامۆستا حەسەن سەلاح "سۆران" ناردی بۆ دەرەوەی وڵات و بەخۆشییەوە بەشێکی لە ماڵپەڕی "بۆکان ڕۆژهەڵات"دا بڵاو بۆتەوە. بەڵام ئەوە کە ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆیەی لە کوردستان نەبووە و ئەو دەرفەتەش نەبوە کە تەنانەت لە کوردستانی عێراقیش زۆربەی شێعرەکانی بڵاو بێتەوە، یا وەکوو دیوانێک کۆ بێتەوە، ئەوە بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەم لایەنەی کەمتر بناسرێ. مەنزوومەی "زووحەیاتەین" کە بەخۆشییەوە دوای شۆڕشی ٥٧ لە ئێران چاپ و بڵاو بۆوە، زۆر زوو بوو بە شتێکی نایاب و کەمیاب کە بەداخەوە ئێستا وەکوو کتێب لەبەردەست نیە، بەڵام لەسەر چەند سایتدا بەخۆشییەوە بڵاو

بۆتەوە. یانی نەبوونی ئەو دەرفەتە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی بووە، لەلایەکی تریشەوە ئەو جۆرەی کە من ئاگادار بم بەشێک لە شێعرەکانی لە ڕۆژنامەی "ئازادی"دا کە ئەوکات حیزبی شیوعیی عێراق دەری کردوە، بڵاو بۆتەوە کە ئارشیوەکەی ئەویش بەداخەوە لە بەردەستدا نییە. ئەمن هیوادارم دەفتەر شێعرەکەی یان نووسینەکانی دیکەی کە بەدەستی کەسانێکەوە هەن بدرێتە ئەو کەسانەی کە خوازیارن چاپی بکەن یان بتوانن بینێرن بۆ دەرەوەی وڵات بەڵکوو بتوانین بەبۆنەی سەدەمین ساڵی لەدایک بوونی چاپ و بڵاویان بکەینەوە.

**عەلی لەیلاخ**: ئێمە دەزانین کە د. عەلی گەلاوێژ لە حیزبی توودەدا گەیشتە پلەی ڕێبەرییش. هۆکار چی بوو کە ئەو وازی لەو حیزبە نەهێنا، بە تایبەت لە هەلومەرجی هەستیاری ئەوکاتی کوردستانیشدا؟

**د. کامران ئەمین ئاوە**: بۆ باس لەسەر ئەو بابەتە کە چۆن بوو کەسانێک وەکوو مامۆستا گەلاوێژ یا زۆر کەسی تر وەکوو د. قاسملوو، مامۆستا حەسەن قزڵجی و زۆر کەسایەتیی دیکەی کورد قۆناغێکی تایبەت لە ژیانیان لە چوارچێوەی حیزبی توودەی ئێراندا تێپەڕ کرد، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کەمێک دوورتر. یانی بزانین چۆن بوو کە زۆربەی ئەوانەی هەستێکی قووڵ و نەتەوەییان هەبوو بەرەو حیزبە چەپ و مارکسیستییەکان ڕۆیشتن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بۆ یەکەمینجار لە مێژووی جیهاندا ئەوە کۆمۆنیستەکان بوون کە کێشەی نەتەوەییان بەفەرمی ناسی و خوازیاری دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان هەتا پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییش بوون. لەو مەسەلەیەدا شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ و پێکهاتنی دەوڵەتەکانی فێدراڵی یەکیەتیی سۆڤیەت وەکوو "کۆماری ئازەربایجان"، "کۆماری ئۆزبەکستان"، "کۆماری تاجیکستان" کە ئەوانە نەتەوەگەلێک بوون کە پێشتر ژێر چەپۆکەی دەوڵەتی تێزار بوون و تەنانەت پێکهاتنی کۆماری سووری کوردستان لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا کوردەکانی هان دەدا کە پێوەندییەک لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت بگرن و لە ڕاستیدا بەرەو ئەم بەرەیە بکێشرێن، یانی لە دونیای دوو جەمسەریی سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا ڕۆڵەی کورد بەشی سۆسیالیزمی هەڵبژارد. لە باکووری کوردستانیشدا دەبینین کاتێک لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی کۆمیتەی سەربەخۆی کوردستانی ئەرزڕۆم "سەرهەنگ خالد بەگی جوبرانلی" بەرپرس دەکا کە پێوەندی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤییەت بگرێ تەنانەت داوا دەکا کە ئەو بەشەی کوردستان ببێتە بەشێک لە یەکیەتیی سۆڤییەت. ئەو عەتفە لە نامەی "شێخ مەحموود" لە ساڵی ١٩٢٣ بۆ کۆنسوولی تەورێز و تەنانەت لە وتەکانی "پێشەوا قازی محەممەد"یشدا دەیبینین کە لە دوو کۆبوونەوەی ساڵەکانی ١٣٢٠ و ١٣٢١ لە بینای ناسراو بە دادگای قازی تەنانەت باسی ئەوە دەکا کە چۆن نووری شۆڕشی ئۆکتۆبر ئاسمانی کوردستانی ڕووناک کردۆتەوە. ئێمە ئەوە لە شێعرەکانی مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، وێردی و لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا یان لە نووسراوەکانی مامۆستا زەبیحی لە "نیشتمان"دا دەیبینین کە ئەوان لە واقیعدا سۆسیالیزم و یەکیەتیی سۆڤیەتی ئیستالینیان وەکوو ڕزگارکەری گەلی کورد دەدی. واتە لە دنیای دوو جەمسەریی ئەوکاتدا زۆربەی ڕووناکبیرانی کورد بەرەی سۆسیالیزمیان

هەڵبژارد و پێیان وابوو لەگەڵ وەدیهاتنی سۆسیالیزم لەم کۆمەڵگەیەدا مەسەلەی نەتەوەییش بە شێوەیەکی ئۆتووماتیک لەو چوارچێوەیەدا چارەسەر دەکرێ. هەر ئەو تێڕوانینە وایکردبوو کە بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیرانی چەپی کورد بەرەو حیزبی توودەی ئێران بکێشرێن.

**عەلی لەیلاخ:** کە شێعرەکانی دوکتور عەلی گەلاوێژ دەخوینیتەوە، تەژیین لە هەستی نیشتمانخۆشەویستی. بە سەرنجدان بە دنیابینیی دوکتور عەلی گەلاوێژ و پێناسەی بەرێزیان بۆ نیشتمان، چون دەکرێ ئەو وەک چەپێکی کورد پێی وابێ کە چارەسەری کێشەی کورد تەنیا لە نیزامی سوسیالیستیدا دەکرێ؟

**د. کامران ئەمین ئاوە:** ئێمە بۆ ئەوەی پێناسەی نیشتمان لە دنیابینیی مامۆستا عەلی گەلاوێژدا بکەین پێویستە زۆرتر بۆ لای شێعرەکانی مامۆستا گەلاوێژ بڕۆین کە توانیویەتی بە لێزانییەوە ئەو هەست و سۆزەی خۆی بۆ نیشتمانەکەی بخاتە چوارچێوەی دەربڕینەوە. بەڵام پێش ئەوەی بچمە سەر ئەو باسە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مامۆستا گەلاوێژ مارکسیست لێنینیست بوو، بیر و باوەڕی ئەنترناسیۆنالیستیی هەبوو، بەڵام تەواوی نووسراوەکانی ئەو کەسە سەرەوەی نەوەد لەسەدی لەبارەی نیشتمانەکەی واتە لەبارەی کوردستانە. ئەو لە پێشەکی بۆ بەشێک لە شێعرەکانی و بە تایبەتی بۆ شێعری" هیوای دوارۆژ "سەبارەت بە کاتی تێپەڕکراوی لە تاراوگە دەنووسی: "وەبیرم کەوتەوە پاش مانگ و نیوێکی دیکە، دروست پەنجا ساڵ لە عومرم تێدەپەڕێ و بەڵام من هێشتا هەر لە غوربەتم و هیچم بۆ نیشتمانەکەم نەکردوە" و فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارێ.

**مامۆستا گەلاوێژدا لەم شێعرەدا هەست و سۆزی خۆی بۆ نیشتمانەکەی و ئاواتەکانی بۆ دواڕۆژ و لە کاتی گەڕانەوە بۆ زێدەکەی ئاوا دەردەبڕێ:**

**لە دەورم کۆ ئەبن خوشک و برازا**
**بە خاڵە – خاڵە یا خۆ مامە – مامە**

**لە ملیان لائەچی کۆتی ئەسیری**
**بە فیشاڵی مەزانن، ئەم کەلامە**

**لە خوێندنیان ئەنێم بە زمانی کوردی**
**کە زگماکی زمانی عەقڵ و فامە**

ئەبێ بێستوون بە جەولانگای شیرین
ئەکا فەرهادی کێوبڕ ئەم مەڕامە

لەوێ کێ پیر ئەبێ و کێیە کە بمرێ؟
سەری خەرمان و نوخشەی خاس و عامە

سەماکەن دۆست و هاوپەیمانی کۆنە
بە دەنگی "تەیرەکر" و "شیرین هەلامە"

حاشاهەڵنەگرە عەلی گەلاوێژ لە ڕاستیدا کوردێکی چەپ بوو، یانی حەولی بۆ ئەوە دەدا مەسەلەی نیشتمانەکەی کە کوردستان بێت لە چوارچێوەی سۆسیالیزمدا چارەسەر ببێ و گەلەکەی بە مافی خۆی بگا.

ئەو لە شێعری "پاش ۲۷ ساڵ"دا دەڵێ:

"ئەی خاکی پیرۆز، قەزای تۆ لە خۆم
ببم بە خۆڵیش، هەر پێشمەرگەی تۆم

لە دەردی دووری با کوێر و شەل بم
با دەستەملانی پەیکی ئەجەل بم

نیشتمان یا هو! کوردستان هەیهات
بۆ مردنیش بێ، هەر دێمەوە بۆ لات"

مامۆستا گەلاوێژ تا دوا سات و کاتی ژیانی خۆی هەر ئاواى دەڕوانی و نیشتمان بۆ ئەو خاکی کوردستان بوو. حەتتا وەختێکی نووسەر و وەرگێڕی بە ناوبانگی ئێرانی مەحموود ئیعتیمادزادە - "بە آذین" لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە دوای مردنی بڵاو بۆوە و باسی عەلی گەلاوێژ دەکا، ئێمە دەبینین تەنیا سەرنج دەداتە بەشێک لەو هەستەی کە مامۆستا گەلاوێژ نیسبەت بە نیشتمانی خۆی بوویەتی و تەواوی ئەو ناسین و بیرەوەرییەی لە ئەو بوویەتی لەو ڕستەیەدا کۆ دەکاتەوە و دەڵێ: "مایەیەکی خەست و خۆڵی لە خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان هەیە."

بە باوەڕی من ئەم کەسایەتییە نیشتمانی خۆی زۆر خۆش ویستوە و ئەگەر کارێکیشی کردوە هەر لە پێناوی ئەوە بووە

بەڵکوو ڕێگایەک بدۆزرێتەوە، نەخشەڕێگایەک پەیدا ببێ کە کورد بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی بگا.

لە بەشێک لە نووسراوەکانی مامۆستا گەلاوێژ کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" چاپی باکۆ و پێش پەیوەست بوونی بە حیزبی توودە بڵاو بونەتەوە، دەبینین بەرێزیان تەنانەت چارەنووسی کورد هەمیشە بە تاران نابەستێتەوە و پێی وایە ئەگەر دەیان دەوڵەت لە تارانیش بگۆڕدرێ ئەوە هەر دەوڵەتی فارس و ئێرانییە و **"خەڵکی کورد بەم کارە واتە بە ڕووخانی دەزگای دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران، بە هیچ ئامانجێکی بنەرەتیی خۆی ناگات"**. ئەو باوەڕی بەوە بوو کورد بێ گەیشتن بە کیان و دەوڵەتی خۆی چارەنووسەکەی یەکلا ناکرێتەوە، بەڵام لە عەینی کاتیشدا بەهۆی ئەوە کە دوایە لە ساڵی ١٣٣٩دا پەیوەست بە حیزبی توودەی ئێران دەبێت، ئەو ڕێگایەک هەڵدەبژێرێ کە وەکوو قۆناغێک کورد بەو ئامانجە نزیک کاتەوە. بەڵام هەڵوێستەکانی حیزبی توودە بەتایبەت لە دوای شۆڕشی ٥٧دا جۆرێک بوو کە ئەم حیزبەی لە بەرانبەر بە بزووتنەوەی کورددا ڕاگرت.

**عەلی لەیلاخ:** وەک دواپرسیار، بە سەرنجدان بەو پاشخانە فکرییەی دوکتور عەلی گەلاوێژ و قۆناغ و بڕگە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی ئەو، لە ئێستادا میراتی هزری و زانستی دوکتور عەلی گەلاوێژ بۆ نەوەی نوێ و بۆ داهاتووی نەتەوەی کورد چییە؟

**د. کامران ئەمین ئاوە:** هەرچەند مامۆستا عەلی گەلاوێژ و زۆر کەسایەتیی دیکەی کورد هی سەردەمی دنیای دوو جەمسەریی سۆسیالیزم و سەرمایەدارییین، بەڵام ئەو ئەزموونەی کە ئێمە دەتوانین بۆ ئەم سەردەمەی لێی وەرگرین ئەوەیە کە کورد بە گشتی دەبێ تەواوی کار و خەبات و چالاکییەکانی لەپێناوی گەیشتن بە کیان و دەوڵەتی خۆیدا بێ. ئەم ئامانجە پیرۆزەش بەبێ هەبوونی ستراتیژییەکی نەتەوەیی وەدی نایە، یانی ئێمە وەکوو کورد، تەواوی حیزبەکانمان، کەسایەتییەکانمان دەبێ لەو شتانەی کە لە ڕابردووی مێژووی کورددا دیومانە کەڵک وەرگرین و بە هەبوونی ستراتیژییەکی نەتەوەیی و بە یەکگرتوویی خۆمان بۆ وەدیهێنانی ویستی نەتەوەییمان هەنگاو هەڵێنین، تەنانەت ئەوە دەگەڕێتەوە سەر شێوازی هەڵسوکەوتی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ حیزبە سەراسەرییەکانیشدا. بۆ وێنە، کاتێک ئێمە دەبێ بچینە نێو بەرەیەک کە ئەو بەرەیە بیهەوێ بەشێکی بەرچاو لە ویستەکانی نەتەوەی گەلی کورد لەبەرچاو بگرێ و لە قۆناغی داهاتوودا، یانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەوە بکاتە ئەمری واقیع. بێتوو ئێمە لەو بوارەدا هەنگاو هەڵنەهێنین بێگومان لە داهاتوودا تووشی شکست دەبین.

**عەلی لەیلاخ:** دوکتور کامران زۆر سپاس کە کاتت بۆ ئەو دیمانەیە تەرخان کرد. ئەگەر لەسەر د. عەلی گەلاوێژ قسە و

**باسێکی نەگوتراو ماوە، بفەرموون؟**

**د. کامران ئەمین ئاوە**: دوکتور عەلی گەلاوێژ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ و گەڕانەوە لە کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتی سۆڤیەتی بۆ زێدی خۆی، ڕۆژێک لە ساڵۆنی دەبیرستانی شەهید کەماڵ حەمیدی (کوورش کەبیر)ی بۆکان لە کۆڕێکی پێکهاتوو لەلایەن ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، بەکوردییەکی ڕەوان و بە خۆشڕاوێژی وتارێکی پێشکەش کرد. لە بەشێک لە قسەکانیدا سەرەڕای ئەوەی ئەندامی کومیتە ناوەندیی حیزبی تودەی ئێرانیش بوو گوتی: "لەو ماوە دوور و درێژەی غەوارەیی تاقە یادگارێکی گرینگ و بەنرخ کە هەمیشە بۆ هەموو شوێنێک پێم بووە، کارتی ئەندامەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووە". کارتەکەی لە گیرفانی کۆتەکەی دەرهێنا و نیشانی بەشداربووانی کۆڕەکەی دا. کارتەکە مۆری کۆماری کوردستانی پێوە بوو. پاش ئەو هەمووە ساڵە دەتگوت تازە چاپ و نووسراوە.

لە کۆتایی قسەکاندا من سپاسی ئێوە دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند کە ئەمڕۆ بتوانین لێرەدا باس لە کەسایەتیی مامۆستای نەمر عەلی گەلاوێژ بکەین. زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی و ئیسلامیدا بە هەر هۆیەک بوون بە ئەندامی حیزبە چەپە ئێرانییەکان، خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و پێویستە بە تایبەتی ئەوانەی کە بە حوکم و بڕیاری ئەم حکوومەتانە لە زیندانەکاندا پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر گیانیان بەخت کرد، بیانهێنییەوە نێو ماڵی کورد و ڕێزیان لێ بگرین و نەهێڵین ناو و نیشانیان بزر بێ. یەکێک لەوانە کەسایەتی گەورەی کورد - دوکتور عەلی گەلاوێژە.

**یادی نەمر عەلی گەلاوێژ و تەواوی گیانبختکردووانی ڕێگای ئازادی کوردستان بەرز و بەڕێز بێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢٢**

## بۆچی حیزبی دێموکرات دەکرێتە ئامانج؟



حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە  تاکوو ئێستا ئەو دەرەتانەی بۆ نەڕەخساوە کە وەکوو حیزبێکی سیاسی و خاوەن بەرنامە چالاکیی سیاسیی خۆی هەبێ و بەپێچەوانەوە و بە بەردەوامی لەلایەن ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکان لە ئێران هەوڵ دراوە بەشێوازی جۆراوجۆر هەناسەی لێ ببڕن.

سەرەڕای هەموو ئەو هێرش و لێدانانە کە زیانێکی گەورەی بە توانا مرۆییەکانی ئەو حیزبە گەیاندووە، ئێستاشی لەگەڵ بێ حیزبی دێموکرات چ وەکوو ڕێباز و ڕێچکەی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران و چ وەک قەوارە و ناونیشانێک بۆ ئازادیخوازانی کورد هەر ماوەتەوە و لەبەرامبەریشدا گەیشتووەتە ئاستێک کە دەگوترێ هیچ  هاوکێشەیەکی سیاسی لە ئێران بە بێ کوردستان  ناگاتە ئەنجام و هیچ کردەیەکی سیاسیش لە کوردستان بەبێ حیزبی دێموکرات سەرناگرێ.

کەواتە هیچ ئاڵۆڕێکی سیاسی لە ئاستی ئێران بەبێ موشارەکەت و بەشداریی حیزبی دێموکرات بە دڵنیاییەوە سەر ناگرێ.

**عەلی لەیلاخ:** پرسیار ئەمەیە حیزبێک کە بە پێی پێڕەو و بەرنامەی سیاسی خۆی کە لەسەر سێ بناغەی گرینگی دێموکراسی و مافی نەتەوەیی و کەرامەتی ئینسانی دامەزراوە، بۆچی لەگەڵ زیاترین و زۆرترین کردەوەی تیرۆریستی

## بەشی دووهەم

ڕووبەڕوو بۆوەتەوە؟

### ئاگری ئیسماعیل نەژاد:

بنەمای بزووتنەوی کوردستان بەگشتی و بنەمای دامەزرانی حیزبی دێموکرات لەسەر یەک شتە، ئەویش قاییم بە مافی سەروەری بۆ نەتەوەی کورد، واتە پێداگری لەسەر پرسی شوناسی سەربەخۆی کورد و خەبات لەپێناو دەستەبەری ئەو مافەدا. ئەو داوایە کاتێک لەبەرانبەر ئەو ڕوانگەیەی فارسەکان لە ئێران لە بەرانبەر ئەو کۆڵەکانە دادەنرێ کە دەسەڵاتی ئێرانی لەسەری دامەزراوە، واتا تاکدینی، تاکزمانی و شوناسی ئەفسانەیی سازکردن و تواندنەوەی هەموو شوناسەکان لەنێو ئەو شوناسەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هۆکاری سەرەکیی دژایەتیی دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەندی باوەڕی بە شوناسێکی یەکسان لە جوغرافیای خۆیدا هەیە؛ بەڵام بزووتنەوەی کوردی و حیزبی دێموکرات باوەڕی بەوەیە شوناسی کورد شوناسێکی سەربەخۆیە لەو شوناسە ئێرانییە خەیاڵییە کە هەوڵ دەدرێ بە سەریدا بسەپێنن. ئەو شوناسە سەربەخۆ کوردییەش مافی دەسەڵاتدارەتیی هەیە و سرووشتییە وەختێک ئەو مافەی هەبێت، مافی کۆمەڵایەتی، کولتووری و فەرهەنگییش بەدوای خۆیدا دێ لە گەڵی.

بۆیە ئەوان هەمیشە حیزبی دێموکراتیان بە سەرچاوەی نەمانی خۆیان زانیوە و هۆکارەکەش ناگەڕێتەوە سەر ئەوەی بڵێین دەسەڵاتی سیاسی یان هێزی حیزبی دێموکرات ئەوەندە بووە کە بتوانێ شوناسی ئەوان لەبەین ببات، بەڵکوو بنەمای فکریەکە بە شێوەیەکە لە بەرانبەر بنەمای فکری ئەواندا ڕادەوەستێ. یانی تۆ ئەو بەرت بزووتنەوەی کوردییە کە باوەڕی بە پلۆرالیزم، مافی ئینسانەکان و مافی شوناسی سەربەخۆ هەیە. یانی ئەو بەری تۆ ڕوانینێکە هەموو ئەو شتانە ڕەت دەکاتەوە و باوەڕی بە شوناسێکی خەیاڵیی ٢٥٠٠ ساڵە و زمانی فارسی و ئایینزای شیعە وەک ئایین و زمانی هەمووان هەیە و لە پشت ئەوانەوە هەموو شوناسێک دەسڕێتەوە. بەمجۆرە سروشتییە کە گوتاری حیزبی دێموکرات وەک گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ڕێک بەرانبەر بە گوتاری ئێرانییە و بۆیەش ئەوان چ لە قاڵبی ئۆپۆزیسۆندا و چ دەسەڵاتدا هەمیشە دژایەتیی گوتاری حیزبی دێموکراتیان کردووە.

بە چاوخشاندنێک بە مێژووی ئەو حیزبە و کۆی ئەو کارەساتانەی بەسەریدا هاتووە بۆمان دەردەکەوێ کە دامەزران و گەشەکردنی ئەم حیزبە وەکوو دەرفەتێکی سیاسی و ژیرانە بووە بۆ بنیاتنان و پەرەپێدان بە دێموکراسی و بەها ئەخلاقییەکان لە کۆی ئێران و نێو گەلانی ئەو جوغرافیایە؛ بەم پێیە قسەیەکی بێجێ نییە گەر بڵێین ئەو حیزبە بۆ گەشەی داری ئازادی و دێموکراسی تێچوویەکی خوێناوی داوە و هەموو ئازادیویستانی غەیرەکوردیش دەبێ خۆیان بەقەرزداری

بزانن.

وەک روئیا حەکاکیان ژنەنووسەری فارس لە پێوەندی لەگەڵ کردەوە تیرۆریستییەکانی ڤییەن و میکۆنۆسدا دەڵێ: ڕێبەرانی شەهیدکراوی حیزبی دێموکرات تەنانەت لە ئاستی ئیدارەکردنی کۆی ئێرانیشدا بوون بۆیە کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵێکی دا بۆ تیرۆرکردنیان.

## مامەند ڕۆژە

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەمیشە سیاسەتێکی ئەمنیەتی بووە و لەنێو سیاسەتی ئەمنیەتیشدا ئەو ستراتیژییەی کە شورای عالیی ئەمنیەتی میللی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دایڕشتووە، تێرۆریزەکردنی پرسی کوردە. سەردەمێک بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە هێرش و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پاشەکشە بوو، سەردەمێک جۆرێک لە هاوسەنگی ستراتیژیک دروست بوو، سەردەمێکی تریش بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان چەند جارێک لە دوای یەک شکستی قۆناغی خوارد و ناچار بوو پاشەکشە بکا بۆ قووڵایی باشووری کوردستان. لەم پاشەکشەیە بەتایبەت کاتێک پێگە ستراتیژیکەکانی خۆی لە زەنجیرە چیاکانی زاگرۆس لەدەست دا، لەم دۆخەدا کۆماری ئیسلامی لە ڕووی سیاسەتی ئەمنیەتیی خۆیەوە کەوتە پۆزیسیۆنی هێرشبەر لە پۆزیسیۆنی هێرشبەریشدا هەموو مێتۆدەکانی تێرۆر، ڕەشەکوژی و ڕاودوونانی تاقی کردۆتەوە. ئەم قۆناغەش دەکرێ بە سەر سێ قۆناغدا دابەش بکەین. قۆناغی یەکەم لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە زۆرتر کادری لیدەری بە ئامانج دەگرت. قۆناغی دووهەم سەرەتاکان و نێوەڕاستەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بوو کە نەک هەر کادری سەرکردە، بەڵکوو کادرەکانی مامناوەندیی و کادرەکانی خوارەوە و پێشمەرگەشی بەئامانج دەگرت. ئەو جۆرە ڕەشەکوژییەشی بە ژمارە تەنیا ئەمە نەبوو تاک بکاتە ئامانج، بەڵکوو بەگرووپیشی بەئامانج دەگرت و لە ژارخواردووکردنەوە بگرە تا هێرشی سەربازی و تەقاندنەوە و دانانەوەی مین کە بەم شێوە زیاتر لە ٢٥٠ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوونە قوربانی. قۆناغی سێهەمیش لەم ١٠ ساڵەی ڕابردووەوە دەستی پێ کردووە و بە هێرشی مووشەکی و درۆن و تێرۆر و ڕاکێشان و کوشتنی جۆراوجۆر دەبیاتە پێشێ. شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حیزبی دێموکرات شەڕ لەگەڵ شەرعییەتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردە کە لە چەند ڕەهەندەوە ڕەوایی هەیە.

یەک لە ڕەواییەکان، ڕەوایی خاک و خەڵک و ئیرادەی سیاسییە. هەر جۆرە مەشرووعیەتێک پێوەندی بە خاک و خەڵک و دۆزی سیاسی و خەڵکەوە هەبێ و بەتایبەت مافی ڕەوا و مەزڵوومییەت لەئارادا بێت و ئەم سیاسەت و ستراتیژییە لە خەڵک و خاک و ئیرادەی مێژووییەوە هەڵبقووڵێ، بەئاسانی بنەبڕ ناکرێت. ئەم شەرعییەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا چەند قۆناغێکی بڕیوە، وەک ڕێفڕاندۆم و هەڵبژاردنەکانی سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی. ئێمە دەزانین کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خۆبرەگاندا نوێنەرەکانی حیزبی دێموکرات ژمارەیەکی یەکجار زۆری دەنگی خەڵکی کوردستانیان بەدەست هێنا، لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەوەی یەکەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامیشدا بەربژێرەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر دەنگی خەڵکی کوردستانیان بەدەست هێنا و ئەمەش شەرعییەتێکی هەڵبژاردنە، شەرعییەتێکی قانوونیی دێموکراتێک. جگە لەمەش کاتێک بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بەرگریی ڕەوای دەست پێ کرد و لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا دەستی بۆ چەک برد، مقاومەتێکی میللی هەر لە ماکۆ و خۆیەوە هەتاکوو کرند و شاباد لە پارێزگای کرماشان دەستی پێ کرد و سێ پارێزگای کوردستانی گرتەوە. لە قۆناغی مقاومەتی میلیی بەرگری ڕەوادا، خەڵکی کوردستان پشتیوانی سەرەکیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بوون.

***

بەم خوێندنەوەیە دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکرات بۆتە قوتابخانەیەک بۆ پەروەدان بە حەقانیەتی خەباتێکی ڕەوای شوناسخوازانە لەسەر بناغەی پێوەرە ئینسانی و دێموکراتیکە جیهانییەکان. ئەگەرچی هێشتا لەلایەن پیلانداڕێژەرانی مەدرەسەکانی "حقانی" لە قوم و تاران هێشتا سێبەری سامناکیی تیرۆرو ڕەشەکوژیی لەسەرە. کەواتە پرسیاری جیددی لێرەدا ئەوەیە کە بۆ دەبێ حیزبێک کە تەنیا بەتەمای دەستەبەرکردنی مافی خەڵکی خۆی نییە، بەڵکوو مافی گەلانی دیکەیشی ڕەچاو کردووە و باس لە دێموکراسییەکی بەرفراوانی هەمەگیر بۆ کۆی ئێران دەکات، وەها دڕندانە بەر پەلامار بکەوێ؟

لە دەسپێکی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تاکوو ئێستە دەوڵەتی سێبەر هەموو کات دەسەڵاتی لە دەوڵەتی یاسایی زیاتر بووە؛ بەتایبەر دوای مردنی خومەینی ئیتر ئەوە دەوڵەتی سێبەر بوو کە ڕێوشوێنی بۆ دەوڵەتی یاسایی دیاری دەکرد.

خومەینی مرد، بەڵام شێوەڕوانینی بۆ دژبەرانی ئەو ڕێژیمە و حوکم دەرکردنی بۆ لێدان و لەنێوبردنی جیابیران وەکوو ئەرکێک لە مەردەسەی ڕیفا و کۆشکی فیرۆزە هەتا بچووکترین ناوەندی ئەمنیەتی بە دەقنەشکاوی مایەوە و هەر چل ڕۆژ پاش نەمانی، بۆ ئەوەی بڵێن ڕێژیم بە مردنی دامەزرێنەرەکەی هەر ڕێگەی ڕەشی هەڕەشە و کوشتن بەر نادا، سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکرات، د.عەبدوڵرەحمان قاسملوویان تێرۆر کرد و بە هەناسەبڕکێوە تەنیا سێ ساڵ دواتر پەلاماری جێگری بەحەقی قاسملوو، دوکتور سادق شەرەفکەندیشیان دا و لە میکۆنۆس شەهیدیان کرد. ئەمە زەبرێکی گەورە و گران بوو بۆ حیزبێکی لە حاڵی شۆڕش کە لە زێد و خاکی خۆی دوورە! بەڵام ئەو کەشتییەی سەر زەریای زوڵم و زەلکاوی کوشتن

و بڕین ڕانەوەستا و لەگەڵ ئەوەیکە زۆرترین زیان و زەربەی لێ کەوتووە، بە پاراستنی پرەنسیپ و بەها ئینسانی و خەباتکارانەکانی خۆی درێژەی بە ژیانی سیاسی خۆی داوە.

لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا کۆماری ئیسلامی هەم شەقامە ڕازاوەکانی ولاتانی ئورووپایی بە قورولیتەی تێرۆر قیزەون کرد، هەمیش بە پێشێلکردنی یاسا و ڕێسای دراوسێیەتی خاکی عیراق و هەرێمی کوردستانی کردە مۆڵگەی تێرۆریستەکانی و مەیدانی ڕمبازێن و تەڕاتێنەکانی خۆی؛ ئەویش لەژێر ناوی باشترین بەرگریکردن هێرش بردنە! کە دیتمان بە شێوازی جۆراوجۆری وەک دەرمانداوکردن، تەقینەوە، ڕفاندن و تێرۆر زیاتر لە ٣٠٠ کادر و پێشمەرگەیان تێرۆر کرد. بەڵام سووڕی خوێناویی هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات لە ١٧ خەرمانانەوە بە هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئەو حیزبە چووە قوناخێکی دی. مووشەکبارانی قەڵا و بنکەکانی دیکەی ئەو حیزبە کە بە دەیان ئەندامی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و ژن و منداڵی تێدا شەهید بوون، پەڵەیەکی ڕەشی دیکەی کردەوە تێرۆریستی و تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و دوژمنایەتیی ڕێژیم لەگەڵ حیزبی دێموکراتە کە ئەگەر بەجیددی سەرنجی درابا و پێش بەو هەوسارپچڕاوییە زێدەخوازانەی کۆماری ئیسلامی گیرابا، لەوانەیە دووپاتبوونەی هێرشە مووشەکییەکەی ٦ی ڕەزبەر و هێرشەکانی مانگی خەزەڵوەری هەمان ساڵ بەو شێوەیە نەبووایە.

لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان بەولاوە کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی دڕندەی خۆیی نیشان داوە بۆ لێدان لە تێکۆشەرانی دێموکرات کە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لە مافخوازی و ئازادیویستی و شوناسخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کۆماری ئیسلامی بنکەی سیاسیی ئەو حیزبەیان بە مەبەستە پێکاوە و ئامانج لە هێرشکردن بۆ سەر بنکەی سیاسیی لە واقیعدا هەر درێژەی پرۆسەی لێدان و تێرۆری ڕێبەرایەتی و کادر و ئەندامانی ئەو حیزبەیە، دەنا خۆیشیان باش دەزانن ئەوەیکە دەڵێن کاکڵەی ڕاستەقینەی حیزبی دێموکرات لە شار و گوندەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. جا ڕێژیم کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسییانەی لەگەڵ حیزبێکی بەمێژوو بەڕابردوو نییە، هەر زمانی مووشەک و هەڕەشە شک دەبات. ڕاستە ئەم هێرشانە زیانێکی گەورەی گیانی لێ داوین و زۆر بنکە و بارەگامان لەو سۆنگەیەوە وێران بوون؛ بەڵام ئەوەی ڕێژیم ناتوانێ زەفەری پێ ببات، ئازادی خەبات بۆ ئازادی و ئازادیخوازیی تێکۆشەرانی دێموکراتە.

## حەمەنەزیف قادری

دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و ئەو دۆخە نوێیەی لەو سۆنگەیەوە هاتە ئاراوە، کۆماری ئیسلامی لەو



سەرچاوە Serchawe

کاتدا کە هێشتا دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان وەک ئەنجوومەنی وەزیران، پارلمان، دامەزراوە ئەمنییەکان نەکەوتبوونە سەر پێ، لەو دەرفەت و بۆشایی دەسەڵاتە کەلکی وەرگرت و دەیان کردەوەی تێرۆریستیی لەدژی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات کرد.

باسێکی‌تر لە ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی عێراق بەتایبەت دوای ۲۰۰۳ کە حکوومەتی بەعس ڕووخا و پاشاگەردانی لە عێراق ڕووی دا، کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی دا گرووپە میلیشاییەکان ڕێک بخات و تەیاریان بکات و ئەو گرووپانە بەشێکی هەرەزۆریان ئەو لایەنانە بوون کە لە کاتی نیشتەجێبوونیان لە ئێران لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون. هەر لەجێشدا پرسی ئیدئۆلۆژیکیی ناردنەدەرەوەی شۆڕش و دواتر پرسی بەهاری عەرەبی و کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی سیاسی کە لە ناوچەدا ڕوویان دا؛ کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتی نانەوەی ئاژاوە لە وڵاتانی ناوچە و تەڕاتێنی لە سووریە، لوبنان و یەمەن هەڕەشە و قەیرانی ئەمنیەتیی لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست کرد. لەو چوارچێوەیەشدا لە ڕێگەی ئەو گرووپە نیابەتی و میلیشیایەی ڕێکی خستوون و هەر لەجێدا لەژێر چەتری سپای قودس و دامەزراوە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیدا ڕێک خراون؛ کەوتە سڕینەوە و لێدان لە دژبەرانی خۆی. تەنانەت نەک لە ناوچە کوردییەکان، بەڵکوو لە ناوچە سوونەنشینەکان و تەنانەت لە شوێنە شیعەنشینەکانی عێراقیشدا کۆمەڵێک کەسایەتی و سیمای ناسراوی دژبەری خۆی تێرۆر کرد. بۆیە کۆماری ئیسلامی لە هەر شوێنێک بۆشاییەک بێ، لە ڕێگەی بەکرێگیراوەکانی خۆیەوە سیاسەتی تێرۆر و قەیرانخوڵقێنیی خۆی دەباتە پێشێ.

بێگومان ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی و دەوڵەتان بەجدی لەبەرانبەر ئەو دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامی کەمتەرخەم نەبان، بەرنامە پەهبادییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاسایشی وڵاتانی ناوچە و وڵاتێک وەکوو ئۆکراینیشی نەدەخستە مەترسییەوە. جیا لەم پرسانەی باس کران ئەو ڕاستییەش دەبێ بخرێتە بەر باس کە بەتەنیاجێهێشتنی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە ئاگری جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا ژن و منداڵی بێدیفاع و تێکۆشەرانی ئەو حیزبەی نەکردە قوربانی، بەڵکوو دووکەڵی ئەم شەڕەنگێزییانە لایەنەکانی دیکەشی گرتەوە و هەڕەشەی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و پێشکەوتنەکانی لە پیشەسازیی دڕۆنسازیدا مەترسیی ئەمنیەتیی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی دروست کردووە. هەر بۆیە ڕاوەستان بەرانبەر بە کردەوە تێرۆریستییەکان و لەقاودانی پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بەدژی حیزبێکی سیاسی و خاوەنڕابردووی وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەرەنتییەکی قایمە بۆ ئەمنیەتی گشتی و بۆ پێکەوەژیانی سیاسی لە ئێستا و لە داهاتوودا.

## ناسر باباخانی

بەداخەوە بەشێک لەو کارەساتانەی بەسەر ئێمە دێ ڕاستە بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی دەسەڵات بە زەبری ئەو هێزە سەختئامێرەی هەیەتی بەسەر ئێمەیدا دەیسەپێنێ، بەڵام لە هەمووی ئەو قۆناغانەدا کە کورد قوربانی کراوە، بە شێوەیەک بۆخۆیشی نەیتوانیوە خۆی لە دۆخی قوربانی ڕزگار بکا بۆ ئەوەیکە بتوانێ دەنگی خۆی بگەیەنێتە ئەو شوێنانەی دەتوانێ شوێندار بێ و لە داهاتوودا بتوانێ یارمەتیدەری بێت.

سەبارەت بە پرسی مووشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانان تا ٢١ی خەرمانانی ئەو ساڵدا لە ماوەی ئەو ٥ ڕۆژەدا ئەو جموجۆڵەی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ساز بوو، بە تایبەتی کە ئەوپەڕەکەی لە ٢١ی خەرمانانداندا خۆی نیشان دا و خەڵک وەک پشتیوانیی سەرەکیی بزووتنەوەی کوردی بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشانیان دا تا چ ڕادەیەک گوتاری ئەم حیزبە لەنێو دڵ و دەروون یان با بڵێین مێشک و زەینی تاکەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پەرەی ستاندووە. ئەمن هەر ئەوکات پێشنیارم کرد ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی خۆڕاگریی نەتەوەیی نێودێر بکرێ. چونکی کاتێک کارەساتێکی ئاوەها ڕوو دەدا و ڕەنگدانەوەی بەربڵاوی هەبوو لە میدیا و ڕێکخراوە جیهانییەکان و تەنانەت کەسێکی وەکوو نیکی هەیلی -کە ئەوکات باڵوێزی ئەمریکا بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئێستا دەیهەوێ خۆی بەربژێر بکا بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری ئەمریکا- بەڕاشکاوی باس لەوە دەکا و یەکەم جارە ناوی حیزبێکی سیاسیی کوردی بەڕاشکاوی بێنی و باس لە ڕادەی قوربانیان و زیانلێکەوتووان و ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێنی؛ بە باوەڕی من ئەوە دەتوانێ پۆتانسییلێکی بەهێز بێت بۆ ئەوەیکە تیمێکی یاسایی بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە بکەن. بەڵام بەداخەوە ئێمە لەو جۆرە مەیدانەدا لاواز بووین. تەنانەت لە کەیسی شەهید بوونی د. قاسملووشدا ئاکامێکی ئەوتۆ وەرنەگیرا. ڕاستە لە میکۆنووسدا کورد توانی هیچ حەیایەک بە کۆماری ئیسلامییەوە لە جیهاندا نەهێڵێ، بەڵام دیسان بە باوەڕی من دەکرا کورد لەو کارتە زیاتر کەڵک وەربگرێ بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. ...

## ئەحسەن حەسەنپوور (مافناس)

لە یۆنانی باستان گوتیانە ئەگەر خواکان گەرەکیان وێت کەسێک نابوود بکەن، بەر لەوە تووشی جنوونی دەکەن. ئەو هێرشە ئاسمانییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی حیزبە کوردییەکان و شەهیدکردنی ژنان و منداڵان و مرۆڤە مەدەنییەکان نیشانەی جنوونێکە و ئەو جنوونەش خاوەنەکەی بەرەو مەرگ و نابوودی ڕەکێش دەکات.

## بەشی دووهەم

ئێمە ئەگەر لە بواری یاساییەوە بمانەوێ ئەم کەیسە ئانالیز بکەین، قەتعەن ئەوەی ڕووی داوە جینایەت و تاوانە، بەڵام یاسای نێونەتەوەیی وەکوو سیستم وەکوو عەمەڵ ناکات و ئەوە نییە ئێمە بتوانین بە متمانەوە چاوەڕێی کاردانەوەیەکی سازمانە مەربووتەکان بین. ئەمە واقعیەتێکی تاڵە، بەڵام ئێمە دەبێ قەبووڵی کەین ئەو نائۆمیدیە لە ئۆمێدێکی واهی و پووچ بۆ ئێمە بەنرخترە. ئەو شتەی دەتوانێ خەڵکێک ڕزگار بکات، درۆ یا ئۆمێدی واهی و پووچ نییە، بەڵکوو ناهۆمیدیە. ئێمە لەگەڵ ئەم واقعیتە سەختە بەرەوڕووین کە تەنیاین و تەنیا لایەنێک کە دەتوانێ ڕزگارمان بکات، هەر خۆمانین و متمانەکردن بە خۆمانە. بەڵام ئەو ناهۆمیدیە نابێ ببێتە هۆی بێدەنگی. کۆمەڵگەیەکی زیندووە لە بەرانبەر تاوان و جینایەتدا بێدەنگ نییە. هانا ئارێنت لە تەحلیلەکانی لە سەر ئورشەلیمدا دەڵێ: ئەگەر تاوانبار و جینایەتکارەکان موحاکمە نەکرێن و سزا نەدرێن، ئەوە بێڕێزییە لە حەق قوربانییەکاندا. هەر هەنگاوێک لەم ڕێگە کە داکۆکی لە قوربانییەکانی ئەم جینایەتانەی ڕێژیم دەکا بەنرخە و دەتوانێ لە خزمەت ڕزگارکردنی ئێمە دابێت. بێگومان قوربانییەکان قەت ڕوخساری جەللادەکانیان لەبیر ناکەن.

***

پاش هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕەزبەر و خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوودا (١٤٠١)، بیرەوەریی شەهیدانی ئەو هێرشانە و قەڵای دێموکرات وەکوو بیرەوەرییەکی خوێناوی لە یادمان دەمێنێتەوە. لەوەش دڵنیاین قەڵای خۆڕاگری و تێکۆشانی خەڵکی خۆڕاگر و تێکۆشەری کوردستان، بنەماڵەی سەرفەرازی شەهیدان بەتایبەتی شەهیدانی هێرشی هەوایی بۆسەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات بە هیچ هێزێک لەبن نایەت.

ئێوە هەر ئەو خەڵکەن کە لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ساڵی ڕابردوو سەلماندتان کە هێزی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

## گوتاری نەتەوەیی ئێمە و ئالنگارییەکانی بەردەمی




(وتوویژ لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، مافناس و مامۆستای زانکۆ)

"کوردکاناڵ" لە دیدارێکی تایبەتدا بۆ باس لەسەر پرسێکی هەستیار وتووێژێکی لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، تێکۆشەری سیاسی و مامۆستای زانکۆ پێک هێنا. تەوەری ئەم باسە گرینگە گوتاری نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوورەدیمەن و بۆشاییەکانی نێو ئەو گوتارە سیاسییە و دۆخی خەباتی کورد لە ئێران بوو. ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەم دیمانەیەی پیادە کردوە و پاش ئێدیتکرانی لەلایەن د. ئاسۆوە، بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە.

**عەلی لەیلاخ**: د. ئاسۆ پێناسەکانی گوتاری نەتەوەیی و تایبەتمەندییەکانی چین؟ گوتاری نەتەوەیی بە دیاریکراوی لەنێو حیزبی دێموکراتدا چۆن شکڵی گرتووە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەو بابەتە بابەتێکی پێکهاتەیی و بنەڕەتیی خەباتی ئێمەیە. ڕاستە خەبات لە مەیداندا دەچێتە پێش و مەیدانداریی پێویستە، کەرەستەی ململانێی سیاسیی بە هەموو شێوەکانی بەتایبەتی بە شێوەی ماددی وعەینی پێویستە، کەرەستەی مرۆیی پێویستە، بەڵام پێش ئەوە ڕوانگەیەک دەبێ هەبێ بۆ خەبات کە ئەم ڕوانگەیە گوتارێک

بەرهەم دێنێ. جا هەتا گوتارەکە ڕوونتر و قایمتر گەڵاڵە بکرێ، ئاراستەکردن و تەرجوومەکردنیشی لە مەیدانی کردەوەدا باشتر وەدی دێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییە کە لەنێوان خەباتی کورد لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا هەیە، دەتوانین بڵێین وێکچوونێکی زۆریش لەباری بنەماکان، تەزادە دەروونییەکان و پارامێترە دائیمی و بگۆڕەکانی پرسی کورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە. ئەگەر بە شێوەیەکی مێژوویی چاوی لێ بکەین، لەگەڵ ئەوە کە ئێمە پێش سەردەمی مۆدێرنیش یانی پێش ئێرانی ئەمڕۆ خەباتێکی چەند سەت ساڵەمان بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان هەیە و لە سەردەمی تازەشدا بەتایبەتی لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی و دامەزرانی کۆماری کوردستان و ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمەوە هەتا ئێستا داڕشتوە و دواتریش لەگەڵ حیزبەکانی دیکە بردوویەتە پێش؛ ئەگەرچی لە فۆرموولە کردنی ستراتژیدا جیاوازی هەبووە و بەتایبەتی ئەمڕۆ فرەچەشنییەکی زیاتر لە پانۆڕامای سیاسیی خەباتی ئێمەدا هەیە، بەڵام لە کاکڵدا لە ڕۆژی ئەوەڵەوە هەتا ئێستا گوتاری نەتەوایەتیی ئێمە - بەدەر لەوە کە چ فۆرموولێک بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی یا پرسی کورد لە ئێران پێشنیار کراوە - لەسەریەک گوتارەکە گوتارێکی سەروەریخوازانە بووە. دیارە سەروەریخوازی مەرج نییە هەر بە مانای سەربەخۆییخوازی بێ. سەروەریخوازی ئەوەیە کە لەسەر بنەمای خاک و ناسنامەی نەتەوەیی داوای گەڕانەوەی حاکمییەتی نەتەوەیی بۆ گەلەکەی خۆت بکەی، ئەمەش لە ڕێگای هێماسازی و نیهادەکانی بەڕێوەبردنی خۆت و خۆناساندن و خۆدەرخستنت بەڕووی ئەوانی دیکەدا لەسەر بنەمای ئەو خاک و ناسنامەیە. هەرلەوکاتەدا ئەو گوتارە گوتارێکی دەمارگرژ نەبووە و زەرفییەتی سیاسیی زۆر تێدا بووە. هەر ئەو زەرفییەتەشە کە وای کردووە کۆمەڵێک کەلێن و کولێن و کەموکوڕی و ناڵێکی دەروونیی لێ بکەوێتەوە.

**عەلی لەیلاخ: تا چ ڕادەیەک ئەم گوتاری نەتەوەییە بۆ نموونە لە خەباتی بەردرێژی بەتایبەتی حیزبی دێموکراتدا شۆڕ بووتەوە نێو کۆمەڵگە یان لەلایەن کۆمەڵگەوە پێشوازیی لێ کراوە؟**

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** کاتێک وتاری نەتەوایەتی یا هەر ستراتژییەکی سیاسی دیاری دەکرێ لە هیچ شوێنێکی دنیا حیزبێک ناچێ ڕێفراندۆم بکا لە سەر ئەوە کە چ وتارێکی نەتەوایەتی یا چ دروشمێکی ستراتێژی هەڵبژێرێ. حیزبێکی بەرپرسیار و هەڵقوڵاو لە کۆمەڵگەی خۆی بەپێی زەروورەتەکانی سەردەمی خۆی و بەپێی نیاز و چاوەڕوانییەکانی ئەو جۆغرافیایەی تێدا دەژی، هی سەرزەمینەکەی خۆی و بە تایبەتی ئەوە کە خەون و مەرام و ئارەزووی خەڵکی خۆیەتی بیر دەکاتەوە کە دەبێ چ بۆشایەک پڕ بکاتەوە و بۆچی دروست دەبێ؟ حیزبی دێموکڕاتیش هەر وای کردوە. ئەگەرچی شەرعییەتی دیاریکردنی دروشمی ستراتژی لەپێشدا زۆرتر شەرعییەتێکی ڕێکخراوەییە (چونکە کە تۆ ستراتێژییەکەت گەڵاڵە کرد لە مەوعیدێکی تەشکیلاتیی وەک کۆنگرەدا پەسندی دەکەی)، بەڵام دواتر بەپێی خەڵکیبوون و جەماوەریبوونی حیزبەکە و خەباتەکەی و

بەپێی پشتیوانیی خەڵک و بەپیلەوەهاتنی خەڵک بۆ بانگەواز و بەرنامەکانی لەبواری دابینکردنی کەرەستەکانی خەباتدا دەبینی خەڵکەکەت لەگەڵە یا لەگەڵ نییە و ئەمە لە درێژمەودادا شەرعیەتی جەماوەریش بە گوتار و دروشمی حیزبەکە دەبەخشێ. لەپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و حیزبە بەرابردووەکانی دیکەشدا دەبینین کە پشتیوانیی خەڵک وای کردووە کە دروشم و داواکارییەکانیان هەم هەڵقولاوی خەڵک بن هەم دووبارە شۆڕ ببنەوە نێو کۆمەڵگا. بەڵام لە ڕەوتی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی سیاسی و وشیاری نەتەوایەتیی خۆماندا، بەپێی بەردەوامبوونی سەرکوت و زەبروزەنگ یان تەنانەت بەپێی ئەوە کە نەسلەکان نوێ دەبنەوە و نەوەی نوێ رەنگە بیەوێ بە خەون و ڕوانگەی نوێوە بێتە مەیدان، جاری وایە بۆشایی تازە دروست دەبێ. لێرەدایە کە حیزبەکان دەبێ گوێیان لە دەنگە نوێیەکانی نێو کۆمەڵگا بێ و جیا لە ڕوانگەی خۆی، پێ بە پێ لەگەڵ کۆمەڵگەش پێویستیی بەڕۆژکردنەوەی خۆی و بەرنامە سیاسییەکەی هەست پێ بکا چونکە پێوەندی نێوان حیزبەکان و کۆمەڵگە دەبێ پێوەندییەکی دوو لایەنە بێ.

**عەلی لەیلاخ:** دوکتور هەر کاتێک لە ئێستای ئێراندا ڕووداوێک ڕوو دەدا بەتایبەت لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بە دیاریکراوی پاش شۆڕشی ژینا کە پرسی کورد زیاتر ورووژایەوە، نەک هەر دەسەڵات بەڵکوو بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنیش یەکسەر باس لە تەجزیەتەڵەبی دەکا. لەلایەکی دیکەوە باس لە پێویستیی نەمانی دیواری ئێتنیکی دەکرێ. لە بنەڕەت ڕا تەجزییەتەڵەبی چییە و چ تاوانێکە کە دەدرێتە پاڵ کورد و چ جیاوازییەکی لەگەڵ سەربەخۆییخوازیدا هەیە؟

**د. ناسۆ حەسەنزادە:** زۆر بەجێ ئاماژەت بە شۆڕشی ژینا کرد. لە شۆڕشی ژینادا بە تایبەتی لە سەرەتاکاندا هاوپێوەندییەکی هەرگیز نەدیتراو لەنێوان کۆمەڵگای سیاسیی ئێران لە ناوخۆ و لە دەرەوە لەگەڵ کوردستان بە خەڵک و بە حیزبەکانیەوە دروست بوو. بەڵام تەنیا دوای چەند مانگ دەرکەوت کە ئەم شۆڕشە دەرفەتێکیش بوو بۆ بەرجەستەتر بوونەوەی جیاوازی و مەودای نێوان ئەو دووانە و دەرکەوت کە ڕوانگەی گشتیی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران لانیکەم لەو بەشەدا کە تەعبیر لە مەزنیخوازیی ناسیۆنالیزمی فارس دەکا زۆر لەوە کە ئێمە ئارەزووی دەکەین دوورە. سەبارەت بە تۆمەتی "تەجزیەتەڵەبی" دەبێ بڵێم ئەوە ئیستلاحێکە لەلایەن شۆڤێنیستەکانی ئێرانەوە داتاشراوە و هەربۆخۆی تەعبیر لە مەزنیخوازی لە چوارچێوەی فەوارەیەکی گەورەدا دەکا. هەر چەمکێک، هەر دەستەواژەیەک کە لە زمانە موعتەبەر و کارپێکراوەکانی دنیا لە بواری زانستی سیاسیدا هاوواتای نەبوو بزانە شتێکی دروستکراو و بێمانایە. هەڵبەت لەو زمانانەدا شتێکمان بە ناوی جودابیخوازی هەیە، بەڵام هیچ بەرامبەرێکمان بۆ تەجزیەتەڵەبی نییە. لە قانوونی نێودەوڵەتیشدا تەنیا وەختێک وشەی -تەجزیەDissolution بە کار هات کە یەکیەتیی سۆڤیەت و یووگۆسلاڤی لەبەریەک هەڵوەشان. ئێمە وەکوو کورد لەگەڵ ئەوە کە پێمان خۆشە گەل و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەش لە ئێران بە مافە

نەتەوایەوتییەکانی خۆیان بگەن، بەڵام خۆ ئێمە بە وەکیلایەتیی ئەوان داوا ناکەین ئەوان سەربەخۆ بن هەتا بڵێن تەجزیەتەڵەبین (چونکە تەجزیەتەڵەبی یانی لایەنگری لە لەبەریەکهەڵوەشان). کەوابوو تەجزیەتەڵەبی هەر لە بنەڕەت ڕا قسەیەکی بێجێیە. دەمێنێتەوە جوداییخوازی یا سەربەخۆییخوازی کە ئەوە چەمکێکە، مافێکە هەیە و هیچ گوناحیش نیە. ئێستا ئەگەر جەنابت لە من بپرسی ئەتۆ لایەنگری ئەوەی ستراتیژیی سیاسیی ئێستامان بۆ سەربەخۆیی بگۆڕدرێ؟ بە هۆکارگەلێک کە ئێستا جێگای نییە لە وڵامدا دەڵێم نەخێر، ستراتیژییەکەی ئێستامان وەک ئەسڵ هیچ عەیبی نیە، بەڵام لە فۆرموولەکردن، کارپێکردن و خوردکردنەوەیدا کۆمەڵێک کەلێن و کولێن و کەموکوڕی هەیە کە دەبێ ئەوانە چاک بکەین. بەهەرحاڵ جوداییخوازی هیچ تاوان نیە. تەنانەت ئەمن پێم وایە ئەگەر دەنگی سەربەخۆییخوازی لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمەدا هەبێ، دەبێ ئەو دەنگە بەهێز بکەین. ئێمە دەتوانین لە چوارچێوەی سەنتێزێکی نەتەوایەتیدا، فیدراڵیخوازی و سەربەخۆییخوازی و تەنانەت ئەوانە کە داوای کەمتر لە فیدراڵیش دەکەن لەژێر ناوی ئەوەدا کە ئەمن ناوم نا سەروەریخوازی بە جۆرێک کۆ بکەینەوە کە هەموویان ببنە تەواوکەری یەکتری.

**عەلی لەیلاخ: چەندە ڕەفتاری ئەوانی دی و لایەنی بەرانبەر کاریگەریی لەسەر ئەو گوتارەی تۆ وەکوو کورد هەیە، بە جوداییخوازیشەوە؟**

**د. ناسۆ حەسەنزادە:** پێش هەموو شتێک ئەمن لەو باوەڕەدام کە واقیعی سیاسی هەرچی بێ، بۆ نموونە لەبواری مەیدانییشدا پاشەکشەت پێ بکەن، ئەتۆ نابێ لە جەوهەری گوتاری خۆت پاشگەز ببیەوە. ئەتۆ دەکرێ تووشی حاڵەتێک بی کە کەسێکی دی بێتە سەر ماڵەکەت یا لە ماڵی خۆت دەرت بکا، بەڵام کە لە ماڵەکەت دەری کردی نابێ بڵێی وایە، ئێرە ماڵی هەردووکمانە، وەرە با پێکەوە تێیدا بژین. نەخێر ئێرە ماڵی منە و ئەتۆ هاتوویە سەرم یا دەرت کردووم. ئەتۆ نابێ قەبووڵی بکەی کە کەسێکی دیکە داوات لێ بکا حاشا لە خۆت و ناو و ناسنامە و مافی بنەڕەتیی خۆت بکەی. تۆ کە گوتت ئەمن نەتەوەی کوردم، باسی جیاوازیی نەتەوایەتیت کردوە. جیاوازیی نەتەوایەتییش لەبواری حقووقیدا ڕیزێک ئاکام و دەرەنجامی هەیە. کەوابوو واقیعی سیاسی هەرچی بوو، ئێمە هەر دەبێ لە کۆمەڵێک بابەتی بنەڕەتیی پێوەندیدار بە گوتار و ناسنامە و هێماکاندا، لە جۆری قسەکردن و بەکاربردنی چەمکەکانی پێوەندیدار بە ناسیۆنالیزم و نەتەوەبوون یا سەبارەت بە ڕێگاچارەی پرسی نەتەوایەتی، دەبێ بە شێوەی نەگۆڕ و قائیم بە زات قسە بکەین و داکۆکی لە جەهانبینی و مۆدێلی خۆمان بکەین. ئەوی دی هەرچی بڵێ، ئێمە نابێ ببین بە بڵێندگۆی ئەوەی ئەو دەیڵێ کە لەڕاستیدا شتێک نیە جگە لە حاشاکردن لە بوونی ئێمە. ئەگەر دۆخی خەباتی ئێمە بەجۆرێکە کە خوازراو نیە ئەوە خەتای ئەو شتە نیە کە داوای دەکەین و پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە گوتارەوە نیە، بەڵکوو پێوەندیی بە کۆمەڵێک فاکتەری دیکەوە هەیە کە فاکتەری سیاسی و مەیدانیین. ئەتۆ داوای هەرچییەک بکەی، داوای هەرە کەمەکەش بکەی، مادام دەڵێی کوردم و جیاوازم و وەک کورد

ئازادییم دەوێ، ئەو هەر ئەوەت لەگەڵ دەکا کە لەگەڵی کردووی. ئێمە نابێ بۆخۆمان بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بکەین وەک ئەوەی تابوو بێ، چونکە ئەگەر لە بە تابووکردنی سەربەخۆییخوازیدا یارمەتیت بەوان کرد، ئەودەم هەموو ئەو فۆرموولانەی دیکەش کە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی پێشنیاری دەکەی، مادام لەگەڵ ناوەندگەرایی و مەزنیخوازییەکەی ئەوان ناگونجێ، هەر تابوو دەبن. سەرنج بدەن ئەوانەی بەناوی تەجزیەتەڵەبی تەکفیری کورد دەکەن، تەنانەت دژایەتی لەگەڵ سادەترین مافی کوردیش کە خوێندن بە زمانی دایکە دەکەن.

**عەلی لەیلاخ**: مەبەستت ئەوەیە کورد نابێ بترسێ و ئەگەر فشاریشیان بۆ هێنا نابێ تەجزیەتەڵەبی بە تاوان بزانێ؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: هەروەک گوتم تەجزیەتەڵەبی هیچ مانای نیە. کورد ئەگەر تەنانەت بیهەوێ لە ئێرانیش جودا بێتەوە، هێشتا تەجزیەتەڵەب نیە، بەڵکوو جوداییخوازە. ئەوەش نە تاوانە و نە شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە. ئەمن دەتوانم زۆر نموونەت لە وڵاتانی دێموکراتیک بۆ بێنمەوە (بۆ نموونە کانادا، پۆرتووغال، ئیتالیا، بێلژیک، دانمارک،... هتد) کە پارتە سیاسییەکانی سەر بە گەلێک لەوێ جوداییخوازیشن، کەچی لە پارلمان نوێنەریان هەیە و تەنانەت جاری وایە دەچنە نێو کابینەی دەوڵەتیشەوە. لە ئیسپانیا پاش ریفراندۆمی سەربەخۆیی کاتالۆن سەرکردەکەیان تەنانەت حوکمی جەلبی بۆ دەرچوو، کەچی یەک دوو ساڵ دواتر کاندید بوو بۆ هەڵبژاردنی پارلمانی ئورووپا و هەڵیش بژێردرا. حاشای لێ ناکرێ مامەڵەی حکومەتی ئیسپانیا لەگەڵ کاتالۆن زۆر خراپ بوو و وەک ئەو مامەڵەیە نەبوو کە ئینگلستان لە بابەتی سەربەخۆییخوازیدا لەگەڵ سکاتلەند یان کانادا لەگەڵ کێبێکی کردووە و ئەوە نیشانی دەدا هەر وڵاتێک بەستێنی خۆی هەیە و دێموکراسی بە تەنیا پرسی نەتەوایەتی چارەسەر ناکا. دەمەوێ بڵێم ئەوە کە ئێرانییەکان دەڵێن مەرجمان بۆ دانیشتن لەگەڵتان ئەوەیە کە کەس بەلای پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا نەچێ، قسەیەکی زۆر غەیرە دێموکراتیکە.

**عەلی لەیلاخ**: ئەی سەبارەت بە دیواری ئێتنیکی بۆچوونتان چیە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەوەش کە دەڵێن نابێ دیواری ئێتنیکی هەبێ هەر چاوەڕوانییەکی ناواقیعی و بێجێیە. ئێستا هێندێک رووناکبیری کوردیش لەژێر ناوی فەزیلەتی ئاکادیمییەوە فێر بوون دەڵێن دیواری ئێتنیکی خراپە. لە دنیادا هەموو نەتەوەکان، هەموو دەوڵەتەکان تەعەلوقیان بە ناسنامەیەکی ئێتنیکی و نەتەوایەتییەوە هەیە، جا ئەو ناسنامەیە دەکرێ فرەچەشن بێ و ڕەنگدانەوەی فرەنەتەوایەتی بێ کە ئەوە شتێکی باشە و ئێمەش بۆ ئێرانی داهاتوو هەر ئەوەمان دەوێ. بەڵام هەموو دەوڵەتێک و هەموو قەوارەیەک زمانی هەیە، ناسنامەی هەیە، سروودی هەیە. دەی باشە ئەو

کەرەستانەی خۆدەرخستن و خۆنیشاندانی سیاسی و ئەو ئامرازە گشتییانەی بەسیاسی کردن کەرەستە و ئامرازی هەڵقوڵاو لە کولتور و فەرهەنگی گەلانن. خۆ ئینسانەکان رۆبۆت نین، بە زمانی ئێسپێرانتۆ قسە ناکەن یان لە ئەستێرەی مەریخ ڕا ئەو شتانە ناهێنن. ئەوانەی بە کورد دەڵێن نابێ دیواری ئێتنیکی هەبێ، بۆخۆیان لەرێگای باڵادەستیی سیاسی و فەرهەنگیی فارس یا فارسگەراییەوە حەسارێکی ئێتنیکییان بەدەوری هەموو ئێتنیکەکانی نێو ئەو جوغرافیا و قەوارەیەدا کێشاوە. لە باشترین حاڵەتدا کاتێک دەڵێن نابێ دیواری ئێتنیکی هەبێ، مەبەستیان ئەوەیە دەبێ لەنێو شتێکی وەهمی بەناوی مافی هاووڵاتیبووندا خۆت بتوێنیەوە. مافی هاووڵاتیبوون ئەگەر بەڕاستی هەبێ، شتێکی زۆر باشە. بەڵام پرسیارێک هەیە کە مافی هاووڵاتیبوون بەتەنیا ناتوانێ وڵامی بداتەوە، ئەویش پرسی نەتەوەییە. کەوابوو حاشاکردن یان هەوڵی لادانی سنوورە ئێتنیکەکان نەک نارەوا، بەڵکوو ناواقعبینانەشە. بەڵام کە ئەوەمان گوت ئەمە بەو مانایە نیە کە گوتار و شوناسی ئێتنیکی زەرفییەتی مامەڵە لەگەڵ ئەوانی دیکەی تێدا نەبێ. ماڵەکە هەر ماڵی ئێتنیکەکانە، بەڵام دەکرێ دیوارەکانی ئەو ماڵانە پەنجەرەیان بەسەر ماڵەکانی دیکەشدا هەبێ. واتە دەکرێ پێکهاتەکان و رێکخراوەکانیان خۆیان لەسەر بنەمای نەتەوایەتی پێناسە بکەن و خواستی نەتەوایەتییان هەبێ، بەڵام هەم لە دەڤەری خۆیان دەمارگرژانە نەجوڵێنەوە و هەم لە پڕۆسە سیاسییە گەورەکانیشدا، واتە لە بازنەی گشتیی وڵاتدا بەشدار بن، ئەوەدەمیش هەر لەسەر بنەمای ناسنامەی تایبەت بە خۆیان.

**عەلی لەیلاخ**: باسی ئەوەت کرد کە گوتاری نەتەوەیی ئێمەش بێ کەموکوڕی نییە. بەرچاوترینی ئەو کەموکوڕییانە چین کە پێت وایە زیانی پێ گەیاندوین؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: دیارە بابەتەکە زۆر بڵاوە و ئەمن لێرە تەنیا ئیشارە بە هێندێک لەوانە دەکەم دیسان دەڵێم ئەو خەونە کە لە زەینی مرۆڤی کورددا هەمیشە هەبووە و هەیە بە بڕاردە سیاسییەکانیشیەوە شتێکی مونسەجیمە. ئەو میللەتە ئازادیی دەوێ، ئازادیی خۆی دەوێ. میللەت نیە لە دنیادا ئیمکانی هەبێ کە بە ئازادی بژی و ڕەتی بکاتەوە. میللەت نیە لە دنیادا کە ئەگەر چەند هەزار کەسیش بێ پێی بڵێن دەوڵەتێکت بۆ دروست دەکرێ تایبەت بە خۆت، بە زمان و هێما ومۆئەلەفەکانی دیکەی ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆتەوە، دەتوانی بۆخۆت بە ئازادی تێیدا بژی، خۆت بەڕێوە ببەی، چارەنووسی خۆت بەدەستەوە بگری، دژمنکاریشت ناکرێ و لە جامی جیهانیشدا تیمی فووتباڵی خۆت دەبێ؛ چ میللەتێک شتی وا ڕەت دەکاتەوە؟ سەبارەت بە کوردیش، جیا لە شۆڕشەکانی کورد لە سەدەکانی پێشوودا کە مۆرکێکی ڕوونی سەروەریخوازانەیان پێوە بووە، تەنانەت لە دروستبوون و دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانیشەوە هەتا ئێستا سەرەڕای جیاوازیی دروشمی ستراتژیک لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە چ لەسەر بنەمای زاتی، چ لەسەر بنەمای هەلومەرج (چونکە هەردووکی ئەوانە شوێندانەرن لە دیاریکردنی دروشمی ستراتیژیکدا)، لەسەریەک ئامانج هەر ئەو

سەروەریخوازییە بووە کە عەرزم کردی. کورد لە ناخی خۆیدا هەمیشە دوورەدیمەنێکی روونی هەبووە و دژمنان و دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنە بەناو دێموکڕاتەکەی ئەو وڵاتانە و دنیاش دەزانێ کە کورد چی دەوێ. یەکەمین کەموکوڕییش هەر ئەوەیە، واتە کورد پێویست ناکا لەوەدا ئێمە تەعاروف بکا. کورد ئەگەر بۆی هەڵ بکەوێ نەک پێی خۆشە حەقی خۆشیەتی سەربەخۆ بێت. بەڵام هێزی بەرپرسیار و متمانەپێکراو لەلایەن کۆمەڵگەکەی خۆیەوە بە واقعبینییەوە هەموو پارامێترەکان هەڵدەسەنگێنێ و پلاتفۆرمی خۆی دەداتە دەرێ کە ئامادەیە لەگەڵ لایەنی دیکەی غەیری خۆی ڕێک بکەوێ یا نا.

کەموکوڕیی دیکە ئەوەیە کە وەک پێشتر باسم کرد ئەگەر ئێمە لە باری مەیدانیشەوە وەزعمان باش نەبوو، ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێمە یەکسەر لە گوتاری خۆماندا نەوەسان و ڕاڕایی دروست بکەین. سووڕەتی مەسەلەکەمان و جەوهەری پرسەکەمان دابەزێنین، دایبشکێنین، یان بە جۆرێک باس لە بوونمان یان لە بەرپرسایەتیی رابردوو و ئێستامان بکەین کە هاودژی لەگەڵ خۆمان و لاوازی لە بەرامبەر ئەوی دیکەدا نیشان بدا. چونکە ئەوی دیکە بەتایبەتی دەسەڵاتی حاکم بەو شتانە باوەڕ ناکا و بەو قسانە نایەتە سەر ئەوەی لەگەڵت بسازێ. لە عەوەزدا زیان لە هێزو هیوا و متمانەی گەلەکەت دەدەی. کەوابوو گوتاری نەتەوایەتیی ئێمە دەبێ باوەڕبەخۆتر و قایم بەزاتتر بێ، و بە هیچ جۆر تووشی پاشکۆیەتی نەبێ. مەسەلەی دیکە ئەوەیە کە ئەمن پێم وایە بۆ ئەوەی شتێک جێ بکەوێ پێویستە دووبارەی بکەیەوە. بۆ نموونە جەنابت و من ئەگەر ئێمە سەر بە یەک نەتەوە و لە یەک بنەماڵەی سیاسیداین، پێویستە لە قسەکردندا تەواو هەماهەنگ بین. هەردووکمان وەک یەک و پاشان هەم بە کوردی و هەم بە فارسی بە یەک جۆر قسە بکەین. هێندێک چەمک و کلیل وشە هەن زۆر گرینگن و بژاردە سیاسییەکانی سەر بە گەلی حاکم لێیان شارەزان، پێویستە بە دیقەتەوە بەکاریان بێنین. یان هێندێک کەلێن و کولێنی سیاسی، مێژوویی و حقوقی لە گوتاری ئێمەدا هەیە کە جاری وایە باش وڵامیان نادەینەوە یان بیرمان لی نەکردۆتەوە کە چۆن وڵامی بدەینەوە. بۆ هەموویشی وڵام هەیە، بەڵام نەهاتووین پێکەوە دانیشین کە ئەو وڵامانە پوختەتر، زانستیتر و حقووقیتر دابڕێژین. لە هەمووشی گرینگتر لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک و هەلومەرجەکە هەرچی بوو پێویستە هەمووومان هەموو کات بەبێ گرێ و گۆڵ بەرە و یەک دوورەدیمەن بڕوانین. ئەگەر ئێمە وەکوو بژاردەی سیاسی و کۆمەڵگەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەنگ و یەکگرتوو و یەکدەست بین، هەرچی بڵێین ئەوە دەیباتەوە، جا کەم بێ، یا زۆر بێ، چونکە پرش و بڵاوی نالێکی زەرەری زۆرمان لێ دەدا.

**عەلی لەیلاخ:** حیزبێکی بەرپرسیار وەک دەڵێن بەپێی ڕیئاڵپۆلێتیک واتە واقعبینانە سیاسەت دەکا. لە تەنیشتی ئەوە دەنگی ئێلیت و بژاردە و ئاکادێمیسیەن هەیە کە باس لە سەربەخۆییخوازی دەکەن. حیزبێکی بەرپرسیار چۆن دەتوانێ هەم واقعبینانە سیاسەت بکا هەم ئەو دەنگانە پشتگوێ نەخا؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەمن دیسان دەیڵێمەوە گوتاری نەتەوایەتیی حیزبی دێموکرات یا ئەو وتارەی لە ڕۆژهەڵات و لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمەدا زاڵە لە ئاکامگیریی کۆتاییدا دڵخوازە و هەڵە نییە. یانی ئەوە کە ئێستا نالێین دەمانهەوێ لە مەدار بچینە دەر، ئەوە دروستە و هۆکاری خۆی لە پشتە. بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم بۆشاییەک ئێستا خەریکە لەنێوان ئێمە و کۆمەڵگادا دروست دەبێ و ئێمە دەبێ بۆخۆمان ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە. ئەگەر چاو لێ بکەی، کۆمەڵگەی ئێمە لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ ئەوە کە بەتایبەتی ئێستا زۆر لەژێر تەوژمی زەبروزەنگ و سەرکوتی ڕێژیمدایە، بەڵام لە هەڵسوکەوت و خۆدەرخستنیدا، لە وەختی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕێژیم، لەکاتی ناشتنی شەهیدەکانیدا، بە تایبەتی لە پەراوێزی شۆڕشی ژینادا زۆر سەروەریخوازنەتر، زۆر باوەڕبەخۆتر، زۆر شۆڕشگێڕانەتر لە جاران خۆی دەردەبڕێ و خۆی دەخاتە ڕوو. ئەوە هەر شتێکی ئیحساسی نیە و مانای سیاسیشی هەیە و لێرەدایە کە مەترسی ئەوە هەیە کە ئێمە لە کۆمەڵگەی خۆمان بەجێ بمێنین. دیارە مەبەستم ئەوە نیە کە ئەتۆ دروشمی خۆت بگۆڕی بۆ سەربەخۆیی. بەڵام لە چوارچێوەی ئەو سەروەرخوازییەدا کە باسم کرد بە فەلسەفەیەکی دیکەی گوتاری، بە کۆمەڵێک چەمک و بنەما و هێماسازی، دەبێ هەوڵ بدەین دەنگی نێوخۆی کۆمەڵگای خۆمان و ئەو بژاردە و لایەنانەش کە باست کردن ببیستین. ئەو دەنگانە نەک خراپ نین بەڵکوو دەبێ یارمەتی بکەین بەهێز بکرێن. بە مەرجێک بزانین کە بەستێنێکی هاوبەش لەنێوان هەموو ئەو هێزانەدا دروست بکەین کە داوای ئازادیی کورد لە ئێراندا دەکەن، ئەوەش لە چوارچێوەی سەنێتزێکی سیاسی - نەتەوەییدا کە دەرفەتی ئەوە بدا کە هەموو بتوانن پێکەوە کار بکەن. ئەمن ئەو دەنگی سەربەخۆیخوازییە بە هیچ جۆر بە هەڕەشە بۆسەر جێگە و پێگەی بۆ نموونە حیزبی دێموکرات نازانم، چونکە ئەوەڵەن حیزبی دێموکرات حیزبی دێموکراتە، پاشانیش زۆر نادێموکراتیک دەبێ ئەگەر ئێمە دەنگەکانی دیکە نەبیستین. بەپێچەوانەوە بیستن و ڕەنگدانەوەی ئەو دەنگدانە لە گوتارمان لەڕووی سیاسیەوە تەنانەت ڕوو بە ئێرانییەکانیش بەرهەمدارتر دەبێ.

**عەلی لەیلاخ**: دوکتور با بگەڕێینەوە سەرەتاکانی شۆرشی ژینا کە لەوکاتەدا کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتن لەنێوان ئەحزاب و بژاردەکانی کورد و فارسدا هەبوو. ڕاستە دەنگی سەربەخۆییخوازی کە جەنابت باست کرد مەشرووعیەتی هەیە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە تۆ دەتهەوێ هەنگاو بە هەنگاو بچێتە پێش. ئایا ئەمە بەربەست ساز ناکا واتە ئایا دەکرێ هەم باس لە سەربەخۆیی بکەی و هەم بچیە نێو گەمەی سیاسی لە ئاستی ئێراندا. ئایا ئەمە هاودژی دروست ناکا؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: قسەی من ئەوە نیە کە دروشمی ئێستامان بۆ سەربەخۆییخوازی بگۆڕین. قسەی من ئەوەیە کە دەبێ گوتاری نەتەوایەتیمان باوەڕبەخۆتر و سەروەریخوازانە بێ. بۆ ئەوەش نابێ بابەتی سەربەخۆییخوازی وەک تابوویەک چاو لێ بکەین. وەک عەرزم کردی لە دنیای دێموکراتێکدا نموونەمان زۆرە کە حیزبێک جوداییخوازیشە و لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا ئەندامیشی لە پەرلەمان هەیە و جاری وایە تەنانەت وەزیریشی هەیە. دێموکراسی ئەگەرچی مۆدێلی جیاوازی

هەیە و سیستمی جۆراوجۆری سیاسیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لە نێوەڕۆکدا جەوهەرێکی هاوبەشی هەیە. دیارە ئەمن لەگەڵ ئەوەش نیم کە بڵێین وەڵڵا ناو و شکڵی نیزامەکە هیچ گرینگ نیە. ڕاستە بە قەولی دوکتور قاسملوو ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە نێورۆکە و نابێ فریوی ناو و شکڵ بخۆین. بەڵام ناو و شکڵی نیزام بێ دەرەنجامیش نین. بۆ نموونە ئەگەر سیستمێک ناوی سیستمی کۆماری بوو ڕەنگە کۆماری نەبێ، بەڵام ئەگەر ناوی کۆماری نەبوو، بەدڵنیاییەوە کۆماری نییە. دەبێ بزانین هەموو چەمکەکان و هەموو فۆرموولە سیاسییەکان ئاکام و دەرەنجامی خۆیان هەیە، واتە ئەگەر بەو ڕێگایەدا بڕۆی دەگەیتە ئەو نوختەیە، ئەگەر بەوی دیکەدا بڕۆی دەگەیتە نوختەیەکی دیکە. بۆیە لە بناغەوە ئەتۆ دەبێ بزانی داوای چی دەکەی و لایەنگری لە چ سیستمێکی سیاسی دەکەی. ڕاستە لە سیاسەتدا هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ڕێککەوتنی کۆتایی و دەنگی خەڵک بەڵام وەک خۆت هەتا ئاخری و دواتریش هەر دەبێ دیفاع لە مۆدیلەکەی خۆت بکەی، جا ئەوە لە بابەتی سێکۆلاریسمدا بێ، لە بابەتی چارەسەری پرسی نەتەوایەتیدا بێ، یان لە بابەتی مەسەلەکانی دیکەی پێوەندیدار بە بنەما و کۆڵەکەکانی دێموکراسی. ئێستا هیچ نەبووە، ئەتۆ نابێ واز لە هەموو شتێکی خۆت بێنی. بەتایبەتی لە شۆڕشی ژینادا کە لەلای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هێندێک جەمسەر و سێلێبێرتی لەپڕ بەرجەستە بوونەوە و هێندێک کەس پێیان وابوو دەبێ ئێمەش دەمودەست وەدوایان بکەوین، ئەوە شتێکی خراپە. سەبارەت بە پرسیارەکەشت، نەخێر هیچ هاودژی نیە، چونکە ئەوە زۆر نادێموکراتیکە کە لایەنی ئێرانی بە ئێمە بڵێ بە مەرجێک لەگەڵتان دادەنیشم کە ئەو دەنگانە کپ بکرێن کە داوای دەرچوون لە مەدار دەکەن! گرینگ ڕێککەوتنە لەسەر پلاتفۆرمێکی کۆتایی. لە یاریی سیاسیدا بە سوێند و نییەت هیچ ناکرێ، بەڵکوو بە گەرەنتی دەکرێ و بەرهەمی سازانەکە دەبێ گەرەنتیی بۆ دابنرێ. دەنا چ گەرەنتییەک هەیە کە مەسەلەن لایەنی بەرانبەریش بە قەولی فارس لە ژێری نادا. مادام وایە بۆ دەبێ ئێستا هیچ نەبووە ئەمن بڵێم باشە ئەو دەنگانەی داوای زیاتر لەوە دەکەن کە ئێمە نوێنەرایەتیی دەکەین، دەبێ کپ بکرێن. ئێمە لە ئێستادا هیچ ئامرازێکی ئەندازە گرتنی دەنگی سەربەخۆیی خوازی و دەنگی خۆشمانمان نییە، چونکە لەمێژە حیزبەکانمان ڕاستەوخۆ لە هیچ هەڵبژاردنێکدا بەشدار نەبوون هەتا بزانین خەڵک بەڕاستی لەگەڵ چیە. ئەمن پێم وایە هەم دەنگی سەربەخۆییخوازی کە دیارە دەنگێکی ڕێکخراو نییە و هەم وتاری سیاسیی ئێستامان ئەوەندە زەرفییەت و ئینعتافیان تێدا هەیە کە سەنتێزێکیان لێ دروست بکەین و بە کۆی ئەو دەنگانە ماڵێکی تازە و سازوکارێکی تازەی گوتاری بنیات بنێین کە بۆ نموونە بتوانێ ببێتە جێگرەوەی ناوەندیی هاوکاری.

**عەلی لەیلاخ:** نوێنەرانی بیری ناسیۆنالیستیی ئێرانی کە لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمی فارسە زۆر جار ناوی دوکتور قاسملوو دێنن کە کاتی خۆی گوتوویەتی کەس بە قەت ئێمە ئێرانی نییە. دەمهەوێ بپرسم غایەتی ئەندێشەی ڕێبەرێکی وەکوو دوکتور قاسملوو کە بەرپرسیارانە ڕێبەریی کردوە و جەنابیشت زۆر شارەزای ئەندێشەکانی ئەویت، چیە لەو بابەتە؟ ئەو ئێرانی بوونە لە ڕوانگەی ئەوەوە چۆن پێناسە دەکرێ، ئێران وەک جۆگرافیایەکی سیاسی یان وەک ناسنامەیەکی گشتییە؟



سەرچاوە
Serchawe

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: دوکتور قاسملوو کاریگەریی سەردەمی خۆی بەسەرەوە بووە و کەسێک نەبووە لە دەرەوی کۆمەڵگە و سەردەمی خۆی هاتبێ. کەسێکی پراگماتیستیش بووە و یەکجار زۆر خەمی ئەوەی بووە ئەو تەزادە زاتییانەی مەسەلەی کورد پێیانەوە گرفتارە ئاشت بکاتەوە یان ئەو پارامێترە بێ ڕۆحمانەی واقعی سیاسی کە پرسی کوردیان دەور داوە، بیانگۆڕێ. بەڵام بۆ هەموو کەس ڕوونە کە خەسڵەتی نەتەوایەتی یەکجار لە بیر و کرداری سیاسیی دوکتور قاسملوودا بەرجەستە بووە، چ بە هۆی ئەو پاشخانەوە کە هەیبووە وەهەر لە گەنجییەوە دەبینین کە چ ئاکامگیرییەکی بۆ تێزی دوکتۆراکەی کردووە و چ دواتر کە ڕێبەرایەتیی بزوتنەوەی کردووە. جەوهەری باوەڕی دوکتور قاسملوو باوەڕێکی تۆخی نەتەوایەتییە کە بە زانستی خۆی تیۆریزەی کردوە و بە پرەنسیپی نوێی  دیموکراتیک و ئینسانیییش دەوڵەمەندی کردوە. ئەو هەم لە وتاریدا هەم لە هەڵسووکەوتی دا تەعبیری لە باوەڕبەخۆبوونێکی قووڵی کوردی کردوە. ئەوەش کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بۆ یارمەتی دان بە دروستبوونی بەستێنێکی گونجاوی سیاسی قسەیەکی کردوە، هیچ دژایەتیی لەگەڵ ئەو باوەڕە بەهێزە نەتەوایەتییە نییە. تازە هیچکام لە دەربڕینەکانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەو دوورە دیمەنە متمانەبەخۆیە کوردییەی دژایەتیی نەبووە و باس و بابەتی ئێرانی بوونیش ڕاست بەو جۆرە بووە کە باست کرد، واتە ئێرانی بوون ئەو ئێرانی بوونە نییە کە دەسەڵاتی حاکم یا شۆڤێنیستی فارس مەبەستیەتی، بەڵکوو ئەوە کە ئێمە لە جوغرافیایەک و لە قەوارەیەکی گشتیدا دەژین ئێمە کە ناوی ئێرانە. ئەو بابەتە بۆیە گرینگە کە ئێستا هێندێک لە ڕووناکبیرانیش دەرگیری ئەو باسە بوون کە ئایا کوردستان کۆلۆنییە یا نا. ئەگەر لەڕووی قانوونی نێونەتەوەییەوە بۆ بابەتەکە بچین، دەزانین کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان لە یاسای نێونەتەوەییدا بە شێوەیەکی گشتی ڕاگەیەندراوە. بەڵام وەختی خۆی شتێک هەبوو بە ناوی تێستی 'ئاوی سوێر' دەیانگوت ئەو مافە تەنیا ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە لەنێوان وان و دەسەڵاتی حاکم بەسەریاندا ئاوی سوێر واتە ئۆقیانووسەکان هەن، واتە دەسەڵاتێک چووە داگیری کردوون. دواتر ئەوە قبووڵ کرا کە ئەو گەلانەش کە حکوومەتێکی نادێموکراتیک و سەرکوتکەر حاکمییەتیان بەسەردا دەکا و ئاپارتایدی ئێتنیکییان بەسەر بەڕێوە دەبا، ئەوانەش مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە. تەنانەت دادگای لاهە ڕایگەیاند کە یاسای نێونەتەوەیی جیابوونەوەی گەلێک قەدەغە ناکا. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی ئەو پێوەر و پێناسە حقووقییە سەرەتاییە کۆلۆنی یان خاکێک نیە کە لەلایەن دەسەڵاتێکی ئیستعمارییەوە داگیر کرابێ، بەڵام لەڕووی گوتارییەوە دەتوانین هەم پشت بەو گەشەسەندنانەی یاسای نێونەتەوەیی ببەستین هەم بەتایبەتی بڵێین کە کوردستان مامەڵەی کۆلۆنیالیستیی لەگەڵ کراوە و سیاسەتی داگیرکارانەی لەسەر بەڕێوە دەچێ. مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین لە مشت و مڕ لەگەڵ فارسەکان و باقی ئێرانییەکاندا هێندێک چەمک و بنەما بەکار بەرین کە ئەو دوورە دیمەنە ڕزگاریخوازانەیەی باسم کرد بپارێزێ.

**عەلی لەیلاخ**: ناوەندێکی وەکوو ناوەندی هاوکاری بە چ شێوەیەک دەتوانێ کۆمەڵێک خاڵی جەوهەریی نەگۆڕ کە وڵامدەری چاوەڕوانیی خەڵکی خۆی بێ پەسەند بکات بۆ ئەوە کە کورد بەو خاڵانەوە بچێتە سەر مێزی وتووێژ؟  چونکە ئێستا

**خەڵکێکی زۆر هەیە نارازین و دەڵێن ئێمە لەڕادەبەدەر نەرمی دەنوێنین، بۆ نموونە ناوێرین لە میدیایەکی فارسیدا بڵێین مافی خۆمانە ئەگەر جیاش ببینەوە یان ناوێرین بڵێین کوردستانمان هەیە ناوچەی کوردنشینمان نییە. بە ڕای جەنابت ناوەندێکی وا چۆناوچۆن دەتوانێ ئەو بابەتە چارەسەر بکا؟**

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: هەر ئەو نموونانەی هێناتنەوە بە باشترین شێوە مەبەستەکەی من دەگەیەنێ. مەسەلە ئەوەیە ئێمە دەمانەوێ چ فەرهەنگێکی سیاسیی دیکە لە فەزای گشتیی کۆمەڵگەی ئێراندا زاڵ بکەین. بە دڵنیاییەوە ئێرانییەکان ئەوەمان بۆ دروست ناکەن. ئەو بەستێنە ئەتۆ دەبێ دروستی بکەی چونکە ئەتۆ غەدرت لێ کراوە، ئەتۆ ڕۆئیایەکی دیکەت هەیە و لایەنگری مۆدێلێکی دیکەی. ئەوەش ئالیەتی خۆی پێویستە. ئەگەر جەنابت هەتا ئێوارێ قسەی چاک بکەی و بەو جۆرە تەعبیر لە خواستی نەتەوایەتیی کورد بکەی کە شایانیەتی، مادام ئەمن لەگەڵت هەماهەنگ نەبم بە هیچ کوێ ناگەین، چونکە با لەباری گوتاری و ڕەفتارییەوە کاریگەرییەکی ڕێژەییشت لەسەرم هەبێ، لە کۆتاییدا ئەگەر بە ئەندازەی حیزبی دێموکڕاتیش گەورە بی، هێشتا هەر دەرسەدێکی سنووورداری یارییەکەت لەدەست دایە. بۆیە هەر مەجبوورین زەرفێکی نیهادی دروست بکەینەوە جا چ لەسەر بنەمای ئەزموونی ناوەندی هاوکاری چ لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا کە لە بەستێنی سیاسی و لە بوارە ستراتژییەکانی هەرمان و ئایندەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕوانگە و ڕێکاری هاوبەش بداتە دەست. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین شتێک دروست بکەینەوە کە وەک ناوەندیی هاوکاریی بەسەر نەیە، پێویستە خۆمان زیاتر بە دیاریکردن و بەهێزکردنی بنەماکانیەوەماندوو بکەین، واتە کۆمەڵێک پرەنسیپی بنەڕەتی کە زۆر شت دەگرێتەوە. نزیکترین و زەروورترین شت کە هەمیشە بۆ کورد سەرچاوەی دەردێکی گەورە بووە و لاوازی کردووە، موناسباتی نێوخۆیی بزووتنەوەی کوردە. بۆ ئەوەش کە ئەو موناسباتە بە شێوەیەکی پایەدار چاکتر بکرێ، هیچ مەرج نیە لەسەر ستراتیژیی نەتەوەیی ڕێک بکەوین. کەرامەتی مرۆڤی کورد و خوێنی شەهیدەکان و زەروورەتی میللەتێکی هەڕەشەلەسەر وا دەکا کە بە تەعەهودەوە لەسەر ئەوانە ساغ بینەوە. پاشان دێینە سەر بابەتە سەختترەکان کە چیمان دەوێت؟ بە چ کەرەستەیەک کار دەکەین؟ قۆناغبەندییەکانمان چین؟ ئەگەر خۆمانی پێوە ماندوو بکەین، ئەگەر خودکەفا نەبین و کەڵک لە توانای بژاردەکانمان وەربگرین (بە تایبەتی ئەوانەی وا لە مێژووی میللەتی خۆیان نامۆ نین و دەیناسن، لە ڕەگی ئیرادەی میللەتی خۆیان نادەن و ناڵێن خەتای ئێمە بوو کە کەوتینە کێوان!)، ئەگەر حیزبەکان (بەدەر لەوە کە جێگە و پێگەی هەر حیزبێک چیە) بە تەوازوعی سیاسیی تەواوەوە پێکەوە دانیشن و گوێ لە بژاردەی ناوخۆش ڕابگرن چونکە ئەوە ئەو شتەیە کە کۆمەڵگا لە ئێمەی دەوێ، ئەودەم ئەمن پێم وایە ئەو زەرفییەت و توانایەمان هەیە کە ئالیەتێکی ئاوا کە هەموو ئەو وڵامانەمان بۆ دابین بکا دروست بکەین. بەڵام دیسان دەڵێم خۆ پێوە ماندووکردنی دەوێ. ئەگەر بمانەوێ بە دوو کاتژمێر و لە یەک لاپەڕەدا بیبڕێنینەوە، هیچی لێ دروست نابێ.

**عەلی لەیلاخ**: بابەتێکی دیکە ئەوەیە کە هێڵی سوور هەبێ یا نا. وابزانم یەکەم پەسەنکراوی ناوەندیی هاوکاری حەرامکردنی شەڕی براکوژی بوو کە شتێکی زۆر باشە. بەڵام بە گشتی هێندێک کەس دەپرسن ئێمە بۆ هێڵی سوورمان نییە؟ ئەدی بۆ فارس هەیەتی، بۆ نەتەوەکانی دیکە هەیانە؟ ئایا پێویست ناکا کوردیش بۆ چەند شتێک هێڵی سووری هەبێ، لەسەر بابەتی چارەنووسساز، نەک بە مەعنای دۆگم بوون؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: بەڵێ، هەبوونی هێڵی سوور بە هیچ جۆر بە مانای دۆگماتیست بوون نییە. مرۆڤێک دەکرێ هێڵی سووری نەبێ هەتا میللەتێک نەیبێ؟! بێگومان دەبێ هێڵی سوورمان هەبێ. وشەی حەرامکردنت بەکار برد. ڕەنگە بۆ ئێمە ئەمە لەڕووی ئێتیمۆلۆژییەوە بارێکی مەزهەبیی تێدا بێ. بەڵام لە قانوونی ئەساسیی فەڕانسەش دا کۆمەڵێک شت حەرام کراون. ئەوە ئەو شتانەن کە بۆ وان هێڵی سوورن. ئەگەر لە وڵاتانی دێموکڕاتیکدا هێڵی سوور هەبێ، بێگومان گەلێکی کە هەڕەشەی ژێنۆسایدی لەسەرە و بژاردەکانی ئەو گەلەش دەبێ هێڵی سووریان هەبێ. بەڵام کێشەکە دیسان لەو خۆپێوەماندووکردنەدایە کە باسم کرد. واتە نەهاتووین بیر بکەینەوە و ڕێک بکەوین کە چ شتێک هێڵی سوورە، چ لە بواری چەمک و هێما و گوتاری ستراتژیکدا و چ لە بواری تاکتیک و مانۆڕی سیاسیدا. گوتاری نەتەوایەتیی ئێمە دەبێ پتەو و باوەڕبەخۆ و دووربین بێ، لە هەمان کاتدا گوتارێک بێ کە زەرفیەتی هەبێ و بتوانی لەسەر عەرزی واقیع کاری پێ بکەی. جا ڕێک لێرەدایە واتە لە بابەتی زەرفیەتی گوتاریدا کە هێندێک جار لەو شتانە کە دەبوو هێڵی سوور بن تێدەپەڕین، ئەوەش تەنیا بە گفتگۆ و کارلەسەرکردن چارەسەر دەبێ.

**عەلی لەیلاخ**: وەک دوا پرسیار ئایا گوتاری نەتەوەیی کورد چ لە ئێستادا و چ ئەوەی وا لە داهاتوودا دەبێ کاری بۆ بکرێ، گوتارێکی هێژێمۆنیخوازە؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەو گوتارە هەڕەشەیە لەسەر گەلانی دیکە یان بەپێچەوانەوە دەتوانێ دەرفەتێک بێ بۆ ئەوانیش کە هاوکات کە خاوەنی ڕەنگ و دەنگی خۆیانن بتوانن پێکەوە بژین؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەمن پێم وایە کە هەموو ئەو خەباتە کە کورد کردوویەتی بە شێوەی قایم بە زات هەقی خۆیەتی چونکە میللەتێکی جیاوازە، واتە ئەگەر کورد دەوروبەرەکەشی ئاوا لەگەڵێ بێڕۆحم نەبایە، هەر هەقی خۆی بوو بڵێ مادام نەتەوەیەکی جیاوازم و خاوەن ئیرادەی خۆمم، قەوارەی خۆمم دەوێ، جا ئەو قەوارەیە لە هەر شکلێکی سیاسی و حقووقیدا بێ. کە چاو لە مێژووی سێ سەت ساڵی ڕابردووی کورد دەکەی، هەرچی ئەو گەلە کردوویەتی خەبات بووە نەک بۆ سەپاندنی هێژێمۆنیی خۆی بەڵکوو بەدژی هێژێمۆنی و مەزنیخوازیی ئەوانی دیکە بەسەریدا. کورد بەدوای هێژێمۆنی بەسەر کەسدا نیە، بەدوای ئەوەیە کە لە ماڵی خۆی حاکمی خۆی بێ. ئەوەش هێژێمۆنیخوازی نیە، هەقخوازییە، گەڕانەوەیە بۆ ئەو شتە کە ئەمن ناوی دەنێم باری سروشتیی شتەکان. کورد بە تەبیعەتی خۆی، هەموو دنیاش شایەتیی بۆ دەدا،


میللەتێکی دەمارگیر و دەمارگرژ نییە نە لە بواری مەزهەبی نە لە بواری ئێتنیکی چ ئەگەر ڕۆژێک بەشێکی یا هەمووی بەسەربەکەوە سەربەخۆ بێ، چ ئەگەر بە ڕێگای دیکەدا مافە نەتەوایەتییەکانی بەدی بێنێ. ئەو خیسلەتەی کورد لە ڕابردوودا سەلمێندراوە و لە ئێرانیش لەدوای شۆڕشی ژینـاوە فارسەکان بۆخۆیان دانیان پێداناوە کە گەلێکە کە خۆی و بژاردەکانی بیرکراوەن و بنیاتگەرا نین. (دیارە دەبێ وریای هێنێدێک لەو ستایشانەی ئەوان لە کورد بین و نابێ فریوی هەموو قسەیەک بخۆین چونکە زۆر جار لە پشتیەوە مەزنیخوازی خۆی حەشارداوە و زۆرتر بۆ دەست بادانی ئێمەیە!). بەهەرحاڵ کورد نایهەوێ لە هەقی کەس بخوا بەڵام وێڕای ئەوەش نابێ لەوە کە هەقی بێئەملاوئەولای خۆیەتی وەک نەتەوەیەک، پاشگەز بێتەوە.

**عەلی لەیلاخ**: سپاس دوکتور بۆ ئەو دەرفەتەی بە ئێمەت دا.

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

## تاران لە نێوان کۆنسێرتی "متالیکا" و "شۆڕشی ڕۆمانی"دا



ڕەفتار و هەڵسوکەوتی حکومەتە دیکتاتۆرەکان هێندە وێکچوون و خاڵی هاوبەشیان هەیە کە بە سەرنجدان بە هەرکامەیان دەتوانی حکومەتێکی وەک کۆماری ئیسلامی پێ، ئانالیز بکەی؛ چونکە لە بنەڕەتدا دیکتاتۆرەکان بەسەر ستۆندەکی خەڵک و هێزی سەرکوتکەر و دەزگای پروپاگاندا خۆیان ڕاگرتووە.

خەڵکی ئێران و کوردستان بەتایبەتی بنەماڵەی داخدار و تازیەباری ڕاپەڕینی ژینا لە کاتێکدا پێ دەنێنە سێیەمین ساڵیادی ئەو ڕاپەڕینە خوێناوییە کە هێشتا هیچ کام لە جینایەتکارانی ئەو کارەساتە نە دادگایی کراون و نەناسیندراون و هەروەها حاکمییەتی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامیش لەسەر تەختی خوێن دەسەڵاتدان.

یەکێک لە خسڵەتە دیارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆدزینەوە لە ئاست بەرپرسایەتییەکانی و کێشەی ماهییەت یان چییەتی خۆی و هەروەها بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی، بریتییە لە پەنابردن بۆ هەستی ئێرانگەرایی و بۆ ئەم مەبەستەش دەستاوەڵاییەک دەهێڵێتەوە بۆ هێندێک ڕووداوی فەرهەنگی؛ تەنانەت گەر هێندێک مەلا و مەرجەع تەقلیدی قوم و جەمارانیش لێی لالووت بن و پرتەوبۆڵەی ئایینییان هەبێ.

## بەشی دووهەم

ساڵی ١٩٩١ی زایینی گرووپی مووسیقیی ڕاکی "مێتالیکا" لە فرۆکەخانەی "توشینو" لە سەر داوای حکومەتی ئەوکاتی مۆسکۆ کۆنسێرتێکیان بەڕێوەبرد کە دەگوترێ نیزیک بە دوو میلیۆن کەس لەو کۆنسێرتەدا بەشدار بوون و بە هۆی قەرەباڵغییەوە ٥٣ کەس کوژران و سەدان کەس بریندار لێکەوتەوە!

هەر سێ مانگ دوای ئەوە لە دێسامبری هەمان ساڵ یەکیەتیی سووڤیەت هەڵوەشایەوە و مووسیقیی جیهانیش سارێژی کێشە بنەڕەتییەکانی نەکرد.

بڕیار بوو ڕۆژی هەینی واتە ١٤ی خەرمانان بە هەمان شێوە و لە قەبارەی چووکەتردا "هومایون شەجەریان" لە مەیدانی ئازادیی "تاران"ی ئازادیکوژ! کۆنسێرتی خۆڕایی بەڕێوە ببات و چەندین کەسی دیکەش لە نۆرەدان. ئەویش لە دۆخێکی وەکوو ئێستا کە خەڵک بەسازی "مەرگەسات"ەوە هەناسەکێشانی خەم و خەفەتیانە!

یەکەم ئەوەی کە دەسەڵات لە بەرەبەری ساڵیادی ڕاپەڕینی ژینا و هەروەها کاریگەرییەکانی شەڕی ١٢ ڕۆژە کەوتووەتە مانۆڕی وا بۆ ئەوەی پیشان بدات هەموو شتێک لە جێگەی خۆیەتی و "خەڵک و دەسەڵات" پێکەوەن و بە وروژاندنی هەستی "ئێرانی - فارسی" دیسانەوە مەشرووعییەتی نەبووی سیاسیی خۆی بچەسپێنێ و بڵێ ئێران شام شەریفە!

لە کاتێکدا هەر لەو شەقام و فۆلکانەی ژێر دەسەڵاتی تاران بوو کە سێ ساڵ پێش دەیان گەنج و لاوی مووسیقیدۆست و ژیانویست، کە ئەو دەسەڵاتە تاریکەیان نەدەویست کوژران و کوێر کران و حاکمانی سەرمەست لە خوێن هێشتا لەسەر تەختی دەسەڵاتن.

لەلایەک دیکەشەوە سەڵتەنەتخوازانی "دەرفەتدز" بانگەشەیان بۆ ئەوەیە کە لە ئەگەری بەشداری خەڵک کە بەشداریش دەکەن ! بڵێن ئەوە ڕێکخستنەکانی ئەوان کاریگەریی هەبووە بۆ کۆبوونەوەی خەڵک و گوتنەوەی "مرغ سحر"ێک کە ٤٧ ساڵە سەربڕاوە و ئیتر دادی پاوانخوازیی سیاسی - فەرهەنگیان نادا.

ئەم خۆزەفکردنەوە نابەجێی پاشاخوازانیش هاوشێوەی هەمان (الیگارشی کۆمۆنیستی حاکمیەتیی مسکۆ لە ١٩٩١ بێجگە پۆپۆلیستییەکی رووکەش، ناتوانێ کاریگەرییەکی بنچینەیی هەبێ.

بێگومان ئەو کۆنسێرتە بەخۆڕایی نەبووە و نییە، بەڵکوو نرخەکەی فێڵکردن و گەمژاندنێکی قورس و گرانە بۆ خۆنواندنی حاکمییەت ڕوو بە دنیای دەرەوە و هەروەها سەرقاڵکردنی خەڵک و بەلاڕێدابردنی ئەسڵی بابەتەکان کە کێشە و گرفتە ئابووری و سیاسییەکانە.

**خاڵی جێگای سەرنج و بگرە جێی دڵخۆشیش ئەوە بوو کە زۆرینەی خەڵک لە سوشیالمیدا بەو هەواڵە شاگەشکە نەبوون بەڵکوو تووڕەییان گەیشتە ئاستێک کە بەرێوەبەرانی ئەو کۆنسێرتەی دوودڵ و دڵسارد کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی؛ کە دەتوانین ئەم چەند خاڵە بە هۆکار بزانین:**

یەکەم کۆماری ئیسلامی لە پاش شەڕی ١٢ ڕۆژەوە پێویستی بە مانۆر و گردبوونەوەی جەماوەرییە، ئەم مانۆڕەش وەکوو سالانی پێشوو بۆی نالوێ کە لایەنگرانی ڕێژیم دیسان بڕژێنە سەرشەقام و پاش کرووزانەوەی ڕێبەر و باسی جەستەی نوقستانی، دەست بکەن بە دروشمدان و ئالا سووتاندن؛ بەڵکوو لە ڕێگای "تەقییە"و فێڵی شەرعییەوە لە هەوڵدان بۆ کەمکردنی بۆشایی نێوان لایەنگرانی خۆیان و نارازییانی سەرشەقام. هەر بۆیە لە مەراسمی تازیەباری عاشووورای ئەمساڵ خامنەیی ئەمری کرد بە "مەداح"ەکەی کە "سروودی ئەی ئێران" بڵێتەوە!

کەواتە ئێرانگەرایی بووەتە ئەولەویەت و سەرەتی کاری ژوورە ئەمنییەکانی ڕێژیم و هەرچەشنە هەوڵ و هەواڵی هاوشێوەی کۆنسێرتەکەی "هومایون شەجەریان" دەچێتە هەمان خانەوە.

**ئەو ڕووداوە تا ئێستا وادیارە پەک خراوە و دەتوانین بەم شێوە خوێندنەوەی بۆ بکەین:**

**یەکەم** هەروا کە ناوەندە ئەمنییەکان ڕێگەیان پێداوە دیسانەکە بە تێبینیی ئەمنی ئەوانەوە بە دوومەبەست هەڵوەشاوەتەوە.

سەرقاڵکردنی کۆمەڵگە بە ڕۆڵگێڕی ئیسلاحخوازانی دەوڵەتی بە فێڵی سواوی چاکسازی و کرانەوەی فەرهەنگی و سیاسیی لە ئێران و پەرەپێدان بە سیاسەتی "تەحەموڵ و چاوەڕێ"کردن لە جیاتی تووڕەیی و هەڵتەکاندنی بنەڕەتیی ڕێژیم.

**دووهەم** ترسی ناوەندە ئەمنییەکان لەم ڕیسکە کە هاوشێوەی شۆڕشی ڕۆمانی مێژوو دووپات ببێتەوە تەنانەت ئەگەر لە ئاستی چووکەتریشدا بێ.

## بەشی دووهەم

ساڵی ١٩٨٩ "نیکۆلا چائۆشسکۆ" دیکتاتۆرە کۆمۆنیستەکەی ڕۆمانی وەکوو یەکەم میوانی بیانی سەردەمی سەرکۆماری هاشمیی ڕەفسەنجانی، لە کاتێکدا خەریکی دانانی تاجەگوڵینە لەسەر گۆڕی خومەینی بوو، لە وڵاتەکەی ئاژاوەیەک سەری هەڵدا کە هەر زوو گۆڕی خۆی و دەسەڵاتەکەی پێ هەڵکەندرا.

"چائووشسکۆ" ناسراو بە "شەیتانی ڕۆمانی" سەرەڕای خوڵکی گەرمی دیکتاتۆرە هاوشان و هاوبیرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوی لە تاران بە پەلە ئێرانی بەجێهێشت هەتا لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاو سەرلەنوێ بە وادە و بەڵێن و خۆسەپاندنی کەسیەتیی خۆی دەست بداتە "وتار دەرمانی" بەڵام لە ڕۆژی ٢٠ی دێسامبری ساڵی ١٩٨٩ لەو کۆبوونەوە هەزاران کەسییەدا نەتەنیا چەپڵەی بۆ لێنەدرا بەڵکوو خەڵک هێرشیان کردەسەر کۆشک و تەلاری دیکتاتۆرییەکەی و ناچار بە هەڵاتن بوو و چەند ڕۆژ دواتریش خۆی و خێزانی "ئێلێنا چائووشسکۆ" تیرباران کران.

بێگومان وەبیرهێنانەوەی ئەم ڕووداوانە دڵەڕاوکێی خستووتەسەر ناوەندە ئەمنییەکانی ڕێژیم کە هەم پێویستیان بە کۆکردنەوەی خەڵکە و هەم نیگەرانی پەنگخواردووی تووڕەیی خەڵکن.

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا کاردانەوەکان لەهەمبەر کۆنسێرتی خۆڕایی مەیدان "ئازادی" ی تاران، دەریخست کە تەنانەت پەنابردن بۆ مووسیقیی سوننەتی و ئێرانگەرایی ناتوانێ زۆرینەی خەڵک پێکەوە گرێ بدا و ڕاستە مووسیقیی هونەرێکی مەزنە، بەڵام لە دەستی دەسەڵاتی خوێنمژ هەموو جوانییەکان ڕزیو دەبن.

بەهەرحاڵ تاران و تارانییەکان کەیفی خۆیانە خوێن لە بیربکەنەوە و بەدەور مەیدانی "ئازادی"ی مەملەکەتی دیلکەوتووان "سەما" بکەن بەڵام دەنگۆی هەوڵی هاوشێوە لە کوردستانیش هەیە کە وشیاری زیاتری خەڵکی کوردی پێویستە بۆ بێ بایەخکردنی ئەو هەوڵە ناخەڵکی و فێڵاوییە.

**کاتی خۆی خومەینی گوتی: جمهووری ئیسلامی نە کەلیمەیەک زیاتر و نە کەلیمەیەک کەمتر"؛ ئێستاش بە پێی دووپاتبوونەوەی مێژوو هەتا دێ ئەو لایەنە بەهێزتر دەبن کە خوازیاری "نەمان و تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامین نە وشەیەک زیاتر و نە وشەیەک کەمتر.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی خەرمانانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ٢١ی خەرمانان، پەیامێکی ماندار و هەڵقوڵاو لە هەناوی کوردستان




لە سەروبەندی ڕاپەڕینی ژینا کە خەریکن بە سێیەمین ساڵی ئەو ڕووداوە نیزیک دەبینەوە کاتێک لە لایەک ڕۆژانە شەقامەکانی کوردستان خوێناویی و لە لایەک دیکەش بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بە "شەو" تەرمی سوورخەڵاتانی مووشەکبارانی دەناشت! بوێری و ڕەفتاری ژیرانەو خەباتکارانی خەڵکی کورد و لایەنەسیاسییەکانی بوو بە هۆی ئەوەی کە دروشمێک ببێتە هەشتەک و ترێندنی سەر تووڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر ناوی "کوردستان کۆڵ نادا".ئەم ڕستەکورتە، سەربوردەی خەباتی ڕەوای گەلی کوردە.

کاتێک لەلایەک ڕۆژانە شەقامەکانی کوردستان خوێناوی و لەلایەکی دیکەش بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بە "شەو" تەرمی سوورخەڵاتانی مووشەکبارانی دەناشت، بوێری و ڕەفتاری ژیرانە و خەباتکارانی خەڵکی کورد و لایەنە سیاسییەکانی بوو، کە بوو بەهۆی ئەوەی کە دروشمی "کوردستان کۆڵ نادا" ببێتە هەشتەک و ترێندنی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم ڕستە کورتە، سەربوردەی خەباتی ڕەوای گەلی کوردە. ئەگەر چیرۆکی کۆڵنەدانی ئەفسانەیی خەڵکی کورد بەرانبەر بە داگیرکاری و ستەمکاریی دەسەڵاتی خۆسەپێنەر و پاوانخوازی ئایینی کۆماری ئیسلامی، ئەمڕۆکە ناوێکی ئاشنا و ئادرەسێکی دەقیقە بۆ چەوساوەکانی دژبەری ڕێژیمی تاران، ڕیشەی ئەم دارە کوڵنەدەرە لە خاکی خۆڕاگری و ئاوی ئیرادەیەکی لەبن‌نەهاتوودایە.

هەر ئەوکات کە دەسەڵاتی تازە بەتەختنیشتووی کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی "هیئت حسن نیت" ویستیان کوردستان بە ویستی خۆیان بچەمێننەوە، بەڵام ئەزموونی سیاسیی کورد بەهۆی هەبوونی ڕێکخراوی سیاسی و جەماوەری بۆ نموونە: حیزبی دێموکرات، بوون بە لەمپەرێکی بەهێز لەسەر ڕێی پیلانی بەتاڵکردنی کوردستان لە مافخوازی و سەرنواندنی گەلی کورد بەرانبەر بە فەرمان و فیتواکانی قوم و جەماران. هەر بۆیە لە گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا، خومەینی چیتر خۆی پێڕانەگیراو فەرمانی گرتن و کوشتنی دوکتور قاسملووی دەرکرد، و دوابەدوای ئەوەش هێرشی سەرانسەریی بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد. هەر لەو گەلاوێژەوە تا ئێستاکە، کوردستان و کورد بۆ لەسەر پێمانەوە؟ چونکە پەیمانی کۆڵنەدانی بەستووە و لە چلەپۆپەی ڕاپەڕینی ژیناش بە ئێران و جیهانیشی سەلماند کە هەم خۆی کۆڵنەدەرە، و هەم کۆڵهەڵگری مافی گەلانی دیکەشە، کە ساڵانێکە لە جەغزی ڕق و بۆغزی حکوومەتی ناوەندیی ئێران بەژێر چەپۆکەیی و هۆمۆساکەری دەژین. هەر بەوچەشنە کە دەسەڵاتی تاران خاوەنی ڕقێکی بەردرێژە لەهەمبەر کورد و، کوردستانی پێ ژانەسەرە! خەڵکی کورد و بزاڤی مافخوازانەی ئەم گەلەش، سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکان، هێشتا نەچەماوەتەوە و هەتا دێ بەرهەقبوونی خەباتەکەشی باشتر دەناسێندرێ. هێرش بۆ سەر کوردستان تەنیا بە هێزی ڕەشی پۆتین نەبوو، بەڵکوو شەڕی نەرم و ڕوانیی ئایدۆلۆژیک بە دژی گەلی کورد و ناوزڕاندنی فیداکارانی ئەو گەلەشی لەگەڵ بوو، کە تا ئەمڕۆ ئەو شەڕە بە هەر دوو شێواز بە دژی گەلی کورد، وەکوو خۆی بەردەوامە. هەر لە درێژەی ئەم شەڕە نابەرابەر و زاڵمانەدا، حەوتساڵ لەمەوبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دووکردەوەی ستەمکارانە و تیرۆریستیانەدا، کارەساتێکی بەناوی ١٧ی خەرمانان خوڵقاند، کە لەو ڕۆژەیە، لە بانگی بەیانیی (بە افقی) جینانەتکاریی تاران، سێ چالاکی سیاسی لە سێدارەدران و لای کاتژمێر ١١ی هەمان ڕۆژ سپای تیرۆریستیی پاسداران بە ئاگاداری شۆڕای باڵای ئەمنییەتی میلیی ڕێژیم، بە مووشەک و درۆن هێرشی کردە سەر قەڵا و بنکەکانی حیزبی دێموکرات و کۆبوونەوەی بەشێک لە ڕێبەریی ئەو حیزبەی کردە ئامانج، کە بەداخەوە لەو کردەوە تیرۆریستییەدا ١٦ کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبەی لەگەڵ دەیان کەسی دیکە لە خەڵکی سڤیل شەهید و بریندار کران. لەوانەیە کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست ئەو دوو ڕووداوەی لەیەک ڕۆژدا ڕێکخست بێ، کە ببێتە هۆی تۆقاندنی خەڵک و "شۆک" و حەپەسانی کۆمەڵایەتی. ڕاستە ئەو کارەساتە دڵهەژێنە زامێکی گەورە بوو لە جەستەی نیشتمان و کۆی ئازادیخوازنی کورد. بەڵام پەڵەی ڕەشی "ئیعدام و تیرۆر" لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان زیاتر بەناوچاوانی تارانەوە دەرکەوت. چونکە هەر چوار ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە، واتە لە ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویدا، لە ڕەفتارێکی ژیرانە و گشتگیر و کوردانەدا، لە ڕۆژژمێری کۆڵنەدانی کوردستان حیماسەی بەشکۆی ٢١ی خەرمانان تۆمار کراو، و ناکرێ باس لە نافەرمانی مەدەنی و تووڕەیی کۆمەڵایەتیی کوردستان بکەین و باس لەو ڕۆژە مێژوویە نەکەین. ئەگەرچی خەڵکی کورد بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆڕاگرتن و خۆسەلماندن هەموو شێوازە خەباتێکی گرتووتەبەر. هەر لە کۆچی مێژوویی شارەکانی مەریوان و سنە بەرانبەر هێرشی ئەرتەش بۆ سەر کوردستان تا ڕەشپۆشین لە ڕۆژی تیرۆرکرانی ڕێبەرانی ناوداری کورد، وەکوو عەبدولڕەحمانی قاسملوو و سادقی شەرەفکەندی تا دەیان



سەرچاوە
Serchawe

نموونەی دیکە، کە هەر کام لەوانە بۆ ڕاڤەکردن دەبن، بەڵام بەرچاوترین و گشتگیرترین مانگرتنی ئیعترازی دەگەڕێتەوە بۆ ٢١ی خەرمانان کە لەوێڕا نموونەکانی هاوشێوەی لە ڕاپەڕینی ژینادا دەبینن. تایبەتمەندییەکانی مانگرتنی سەرانسەریی ٢١ی خەرمانان، دەتوانین بەم جۆرە بەکورتی باس بکەین: یەکەم سەرنەگرتنی پیلانی پاش خولقاندنی کارەسات، کە کۆماری ئیسلامی پێ وابوو خەڵک دەستەوەستان دەکات و ئۆپۆزیسیۆنی کورد بۆ ماوەیەکەی نادیار سەرلێشێواو دەبن. بەڵام بینیمان یەکەمجاربوو کە هاوئاهەنگییەکی خێرا و بە دوور لە بروبیانوو گرتنی ئەحزاب لە شێوەی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکدی، ڕوویدا و لایەنە سیاسییەکان لەو مانگرتنەدا هاوکار و بەشداربوون. دووهەم شکستهێنانی پرۆژی ئینکار و ناوزڕاندنی ئەحزاب لە چوارچێوەی شەڕی نەرم و سەختی ناوەندە ئەمنییەکان. کاتێک لە سەرەوی کوردستان تا خوارووی کوردستان ڕۆژی چوارشەممە زۆربەی هەرە زۆری دووکان و بازاڕەکان داخران و خەڵکی کورد بەو ڕەفتارە سیاسی و جەماوەرییە پەیامێکی ڕوونیان بۆ نەیارانی کورد لە تاران نارد. بێگۆمان ٢١ی خەرمانان وڵامدانەوەیەکی بەربڵاو و بەرچاو و واتادار بوو بە حاکمییەتێک کە پێ وابوو توانیویەتی بە سیاسەتی ئینکار و ئیعدام و ڕاودوونان، هەتا تاقێکردنەوەی بەرنامە مووشەکیی خۆی، بە تەواوی سنووری نێوان خەڵکی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کورد کاڵتر بکاتەوە. بەڵام پێچەوانەکەی ڕوویداو، لە ٢١ی خەرمانان کۆمەڵگەی وشیاری ئێمە، بەو مانگرتنە مێژووییە، لایەن و کۆڵانی خۆی لەگەڵ تاران جیاکردەوە. هەر ئەم جیاکردنەوەی سیاسییەیە کە فەلسەفەی موبارەزاتی ئێمەی لەسەر بنیات نراوە. خاڵێکی جەوهەری لە ماگرتنی ٢١ی خەرمانان کە نابێ فەرامۆش بکرێ، بەڵکوو دەبێ لە ڕووداوەکانی دیکەدا هەوڵ بۆ دووپاتکردنەوەی بدرێ، ئەوەیە کە ئەو ڕووداوە گرنگە بەرهەمی هاوکاریی ئەحزاب و کۆمەڵگەی مەدەنی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان و ئاکتڤیستانی دەرەوەستی کورد بوو، کە بە هاوبەشی و بە دوور لە ناکۆکی سیاسی لە دەور بازنەی "کارەسات " و " تووڕەیی کۆمەڵایەتی"دا بۆ کاری هاوبەش کۆبوونەوە و هەتا مەزنارۆژی ٢١ی خەرمانانی لێکەوتەوە. پێناسەی مانگرتنی گشتی کە بنەڕەتی بۆ تیۆریسییەن و بیردۆزانی چەپ و بزاڤە کرێکارییەکانی جیهان دەگەڕێتەوە، کە دەگوترێ یەکەم کەس "وێلیام بێنبۆ" لە بزاڤی چارتیسمی بریتانیا لە دەیەی ١٨٣٠ی زایینی باسی لێوەکردوە. بەڵام لە کوردستانی ئێمە بانتر ڕەوتێکی چینایەتی (تایبەت بە چینێکی دیاریکراو) بۆ بە ڕەفتارێکی گشتیی و نموونەی ئەم گشتاندنەش لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ٢١ی خەرمانان وەکوو نموونەیەکی بەرچاو بینیمان. ئەساسەن مەبەست لە یادکرنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان تەنیا سۆز و عەتف نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکوو سەرنجدانێکی سەرلەنوێی ئەو "پرسە"یە و وەگەڕخستنەوەیە بۆ بەشاندنی لە قۆناغەکانی دیکەی ژیان. کە پرسیار بکەین چۆناوچۆن بوو لەو ڕۆژەدا گشت کوردستان بەو مانگرتنە مانادارە پشتی لە تاران و باوەشی بۆ زام و ئازاری ڕۆڵە فیداکارەکانی خۆی ئاوەڵاتر کرد؟ خەڵکی کورد سەلماندوویانە گەر شاهیدی یەکڕیزی لایەنەکان بن، ئەوانیش تۆختر سنووری خۆیان و حاکمییەتی نارەوا جیا دەکەنەوە. ڕیشاڵی "نا"وتنی مێژوویی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانەوە گەیشتە مانگرتنەکانی ڕاپەڕینی ژینا و خەڵکی ئێرانیش بە دۆست و دوژمنەوە بۆیان سەلمێندرا کە کوردستان خاوەنی سیاسیی خۆی هەیە. ئەمە لە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دووهەم

کاتێکدایە کە لایەنە غەیرە کوردەکان، سەرەڕای ئیمکاناتی زیاتر، تا ئێستا نەیانتوانیوە لە هیچ کام لە شارە گەورەکانی ئێران بۆ هیچ بابەت و پرسێک بە دژی ڕێژیم مانگرتنێکی هاوشێوەی کوردستان بەڕێوە ببەن. ئەم بە هاناهاتن و لەسەر هەستبوونی خەڵکی کوردە، لە مانگرتنی ۲۱ی خەرمانان هەتا مانگرتنەکانی ڕاپەڕینی ژینا، ئەزموونێکی زێڕینە کە دەخوازێ لایەنە سیاسییەکان بەجیددیتر قەدری بزانن و زیاتر ڕێز لە یەکڕیزیی شەقامی کوردی بگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ۲۲ی خەرمانانی ۲۷۲۵

## ٢١ی خەرمانان، پەیامێکی مانادار و هەڵقوڵاو لە هەناوی کوردستان




لە سەروبەندی ڕاپەڕینی ژینا کە خەریکن بە سێیەمین ساڵی ئەو ڕووداوە نیزیک دەبینەوە کاتێک لە لایەک ڕۆژانە شەقامەکانی کوردستان خوێناویی و لە لایەک دیکەش بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بە "شەو" تەرمی سوورخەڵاتانی مووشەکبارانی دەناشت! بوێری و ڕەفتاری ژیرانەو خەباتکارانی خەڵکی کورد و لایەنەسیاسییەکانی بوو بە هۆی ئەوەی کە دروشمێک ببێتە هەشتەک و ترێندنی سەر تووڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر ناوی "کوردستان کۆڵ نادا".ئەم ڕستەکورتە، سەربوردەی خەباتی ڕەوای گەلی کوردە.

کاتێک لەلایەک ڕۆژانە شەقامەکانی کوردستان خوێناوی و لەلایەکی دیکەش بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بە "شەو" تەرمی سوورخەڵاتانی مووشەکبارانی دەناشت، بوێری و ڕەفتاری ژیرانە و خەباتکارانی خەڵکی کورد و لایەنە سیاسییەکانی بوو، کە بوو بەهۆی ئەوەی کە دروشمی "کوردستان کۆڵ نادا" ببێتە هەشتەک و ترێندنی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم ڕستە کورتە، سەربوردەی خەباتی ڕەوای گەلی کوردە. ئەگەر چیرۆکی کۆڵنەدانی ئەفسانەیی خەڵکی کورد بەرانبەر بە داگیرکاری و ستەمکاریی دەسەڵاتی خۆسەپێنەر و پاوانخوازی ئایینی کۆماری ئیسلامی، ئەمڕۆکە ناوێکی ئاشنا و ئادرەسێکی دەقیقە بۆ چەوساوەکانی دژبەری ڕێژیمی تاران، ڕیشەی ئەم دارە کوڵنەدەرە لە خاکی خۆڕاگری و ئاوی ئیرادەیەکی لەبن‌نەهاتوودایە.

هەر ئەوکات کە دەسەڵاتی تازە بەتەختنیشتووی کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی "هیئت حسن نیت" ویستیان کوردستان بە ویستی خۆیان بچەمێننەوە، بەڵام ئەزموونی سیاسیی کورد بەهۆی هەبوونی ڕێکخراوی سیاسی و جەماوەری بۆ نموونە: حیزبی دێموکرات، بوون بە لەمپەرێکی بەهێز لەسەر ڕێی پیلانی بەتاڵکردنی کوردستان لە مافخوازی و سەرنواندنی گەلی کورد بەرانبەر بە فەرمان و فیتواکانی قوم و جەماران. هەر بۆیە لە گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا، خومەینی چیتر خۆی پێڕانەگیراو فەرمانی گرتن و کوشتنی دوکتور قاسملووی دەرکرد، و دوابەدوای ئەوەش هێرشی سەرانسەریی بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد. هەر لەو گەلاوێژەوە تا ئێستاکە، کوردستان و کورد بۆ لەسەر پێمانەوە؟ چونکە پەیمانی کۆڵنەدانی بەستووە و لە چڵەپۆپەی ڕاپەڕینی ژیناش بە ئێران و جیهانیشی سەلماند کە هەم خۆی کۆڵنەدەرە، و هەم کۆڵهەڵگری مافی گەلانی دیکەشە، کە ساڵانێکە لە جەغزی ڕق و بۆغزی حکوومەتی ناوەندیی ئێران بەژێر چەپۆکەیی و هۆمۆساکەری دەژین. هەر بەوچەشنە کە دەسەڵاتی تاران خاوەنی ڕقێکی بەردرێژە لەهەمبەر کورد و، کوردستانی پێ ژانەسەرە! خەڵکی کورد و بزاڤی مافخوازانەی ئەم گەلەش، سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکان، هێشتا نەچەماوەتەوە و هەتا دێ بەرهەقبوونی خەباتەکەشی باشتر دەناسێندرێ. هێرش بۆ سەر کوردستان تەنیا بە هێزی ڕەشی پۆتین نەبوو، بەڵکوو شەڕی نەرم و ڕوانیی ئایدۆلۆژیک بە دژی گەلی کورد و ناوزڕاندنی فیداکارانی ئەو گەلەشی لەگەڵ بوو، کە تا ئەمڕۆ ئەو شەڕە بە هەر دوو شێواز بە دژی گەلی کورد، وەکوو خۆی بەردەوامە. هەر لە درێژەی ئەم شەڕە نابەرابەر و زاڵمانەدا، حەوتساڵ لەمەوبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دووکردەوەی ستەمکارانە و تیرۆریستیانەدا، کارەساتێکی بەناوی ١٧ی خەرمانان خوڵقاند، کە لەو ڕۆژەیە، لە بانگی بەیانیی (بە افقی) جینانەتکاریی تاران، سێ چالاکی سیاسی لە سێدارەدران و لای کاتژمێر ١١ی هەمان ڕۆژ سپای تیرۆریستیی پاسداران بە ئاگاداری شۆڕای باڵای ئەمنییەتی میلیی ڕێژیم، بە مووشەک و درۆن هێرشی کردە سەر قەڵا و بنکەکانی حیزبی دێموکرات و کۆبوونەوەی بەشێک لە ڕێبەریی ئەو حیزبەی کردە ئامانج، کە بەداخەوە لەو کردەوە تیرۆریستییەدا ١٦ کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبەی لەگەڵ دەیان کەسی دیکە لە خەڵکی سڤیل شەهید و بریندار کران. لەوانەیە کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست ئەو دوو ڕووداوەی لەیەک ڕۆژدا ڕێکخست بێ، کە ببێتە هۆی تۆقاندنی خەڵک و "شۆک" و حەپەسانی کۆمەڵایەتی. ڕاستە ئەو کارەساتە دڵهەژێنە زامێکی گەورە بوو لە جەستەی نیشتمان و کۆی ئازادیخوازنی کورد. بەڵام پەڵەی ڕەشی "ئیعدام و تیرۆر" لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان زیاتر بەناوچاوانی تارانەوە دەرکەوت. چونکە هەر چوار ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە، واتە لە ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویدا، لە ڕەفتارێکی ژیرانە و گشتگیر و کوردانەدا، لە ڕۆژژمێری کۆڵنەدانی کوردستان حیماسەی بەشکۆی ٢١ی خەرمانان تۆمار کراو، و ناکرێ باس لە نافەرمانی مەدەنی و تووڕەیی کۆمەڵایەتیی کوردستان بکەین و باس لەو ڕۆژە مێژووییە نەکەین. ئەگەرچی خەڵکی کورد بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆڕاگرتن و خۆسەلماندن هەموو شێوازە خەباتێکی گرتووتەبەر. هەر لە کۆچی مێژوویی شارەکانی مەریوان و سنە بەرانبەر هێرشی ئەرتەش بۆ سەر کوردستان تا ڕەشپۆشین لە ڕۆژی تیرۆرکرانی ڕێبەرانی ناوداری کورد، وەکوو عەبدولڕەحمانی قاسملوو و سادقی شەرەفکەندی تا دەیان

بەشی دووهەم

نموونەی دیکە، کە هەر کام لەوانە بۆ ڕاڤەکردن دەبن، بەڵام بەرچاوترین و گشتگیرترین مانگرتنی ئیعترازی دەگەڕێتەوە بۆ ٢١ی خەرمانان کە لەوێڕا نموونەکانی هاوشێوەی لە ڕاپەڕینی ژینادا دەبینن. تایبەتمەندییەکانی مانگرتنی سەرانسەریی ٢١ی خەرمانان، دەتوانین بەم جۆرە بەکورتی باس بکەین: یەکەم سەرنەگرتنی پیلانی پاش خولقاندنی کارەسات، کە کۆماری ئیسلامی پێ وابوو خەڵک دەستەوەستان دەکات و ئۆپۆزیسیۆنی کورد بۆ ماوەیەکەی نادیار سەرلێشێواو دەبن. بەڵام بینیمان یەکەمجاربوو کە هاوئاهەنگییەکی خێرا و بە دوور لە بڕوبیانوو گرتنی ئەحزاب لە شێوەی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکدی، ڕوویدا و لایەنە سیاسییەکان لەو مانگرتنەدا هاوکار و بەشداربوون. دووهەم شکستهێنانی پرۆژی ئینکار و ناوزڕاندنی ئەحزاب لە چوارچێوەی شەڕی نەرم و سەختی ناوەندە ئەمنییەکان. کاتێک لە سەرەوی کوردستان تا خوارووی کوردستان ڕۆژی چوارشەممە زۆربەی هەرە زۆری دووکان و بازاڕەکان داخران و خەڵکی کورد بەو ڕەفتارە سیاسی و جەماوەرییە پەیامێکی ڕوونیان بۆ نەیارانی کورد لە تاران نارد. بێگۆمان ٢١ی خەرمانان وڵامدانەوەیەکی بەربڵاو و بەرچاو و واتادار بوو بە حاکمییەتێک کە پێ وابوو توانیویەتی بە سیاسەتی ئینکار و ئیعدام و ڕاودوونان، هەتا تاقێکردنەوەی بەرنامە مووشەکیی خۆی، بە تەواوی سنووری نێوان خەڵکی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کورد کاڵتر بکاتەوە. بەڵام پێچەوانەکەی ڕوویداو، لە ٢١ی خەرمانان کۆمەڵگەی وشیاری ئێمە، بەو مانگرتنە مێژووییە، لایەن و کۆڵانی خۆی لەگەڵ تاران جیاکردەوە. هەر ئەم جیاکردنەوەی سیاسییەیە کە فەلسەفەی موبارەزاتی ئێمەی لەسەر بنیات نراوە. خاڵێکی جەوهەری لە ماگرتنی ٢١ی خەرمانان کە نابێ فەرامۆش بکرێ، بەڵکوو دەبێ لە ڕووداوەکانی دیکەدا هەوڵ بۆ دووپاتکردنەوەی بدرێ، ئەوەیە کە ئەو ڕووداوە گرنگە بەرهەمی هاوکاریی ئەحزاب و کۆمەڵگەی مەدەنی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان و ئاکتیڤیستانی دەرەوەتی کورد بوو، کە بە هاوبەشی و بە دوور لە ناکۆکی سیاسی لە دەور بازنەی "کارەسات " و " تووڕەیی کۆمەڵایەتی"دا بۆ کاری هاوبەش کۆبوونەوە و هەتا مەزنارۆژی ٢١ی خەرمانانی لێکەوتەوە. پێناسەی مانگرتنی گشتی کە بنەڕەتی بۆ تیۆریسییەن و بیردۆزانی چەپ و بزاڤە کرێکارییەکانی جیهان دەگەڕێتەوە، کە دەگوترێ یەکەم کەس "وێلیام بێنبۆ" لە بزاڤی چارتیسمی بریتانیا لە دەیەی ١٨٣٠ی زایینی باسی لێوەکردوە. بەڵام لە کوردستانی ئێمە بانتر ڕەوتێکی چینایەتی (تایبەت بە چینێکی دیاریکراو) بۆ بە ڕەفتارێکی گشتیی و نموونەی ئەم گشتاندنەش لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ٢١ی خەرمانان وەکوو نموونەیەکی بەرچاو بینیمان. ئەساسەن مەبەست لە یادکرنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان تەنیا سۆز و عەتف نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکوو سەرنجدانێکی سەرلەنوێی ئەو "پرسە"یە و وەگەڕخستنەوەیە بۆ بەشاندنی لە قۆناغەکانی دیکەی ژیان. کە پرسیار بکەین چۆناوچۆن بوو لەو ڕۆژەدا گشت کوردستان بەو مانگرتنە مانادارە پشتی لە تاران و باوەشی بۆ زام و ئازاری ڕۆڵە فیداکارەکانی خۆی ئاوەڵاتر کرد؟ خەڵکی کورد سەلماندوویانە گەر شاهیدی یەکریزی لایەنەکان بن، ئەوانیش تۆختر سنووری خۆیان و حاکمییەتی نارەوا جیا دەکەنەوە. ڕیشاڵی "نا"وتنی مێژوویی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانەوە گەیشتە مانگرتنەکانی ڕاپەڕینی ژینا و خەڵکی ئێرانیش بە دۆست و دوژمنەوە بۆیان سەلمێندرا کە کوردستان خاوەنی سیاسیی خۆی هەیە. ئەمە لە

## بەشی دووهەم

کاتێکدایە کە لایەنە غەیرە کوردەکان، سەرەڕای ئیمکاناتی زیاتر، تا ئێستا نەیانتوانیوە لە هیچ کام لە شارە گەورەکانی ئێران بۆ هیچ بابەت و پرسێک بە دژی ڕێژیم مانگرتنێکی هاوشێوەی کوردستان بەڕێوە ببەن. ئەم بە هاناهاتن و لەسەر هەستبوونی خەڵکی کوردە، لە مانگرتنی ٢١ی خەرمانان هەتا مانگرتنەکانی ڕاپەڕینی ژینا، ئەزموونێکی زێڕینە کە دەخوازێ لایەنە سیاسییەکان بەجیددیتر قەدری بزانن و زیاتر ڕێز لە یەکڕیزیی شەقامی کوردی بگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٥

## بۆچی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران سەرناگرێ؟

### (ڕاپەڕینی ژینا وەکوو نموونەیەکی کەموێنە!)




سێ ساڵ بەسەر یەکێک لە گرنگترین ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران بەرانبەر بە دەسەڵاتی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی تێپەڕ بوو، و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بەشێکی زۆر لە خەڵک و بەتایبەتی هەڵسووڕاوانی سیاسی بە دوای وڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێن، کە بۆچی سەرەڕای بەربڵاویی ئاستی خۆپێشاندانەکان و بەردەوامبوونی تا چەندین مانگ و تەنانەت دەنگدانەوەی بەرینی جیهانی، بەڵام دیسانەکە کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتەکەی لەم کێشەیەش ڕزگاری بوو؟

سەرەتا با بزانین ناولێنانی ئەم ناڕەزایەتییە لەژێر ناوی شۆڕشی ژینا چەندە پێناسەی شۆڕش (ئینقلاب) لەخۆ دەگرێ، و ئەساسەن جیاوازیی شۆڕشەکان لەگەڵ ڕاپەڕینەکان چین؟ کۆماری ئیسلامی لەسەر چ کۆڵەکە و بە کام دارەڕا تا ئێستا خۆی ڕاگرتوە؟

## بەشی دووهەم

ئەگەر بمانهەوێ بە زمانێکی سادە باس لە جیاوازییەکانی ئینقلاب لەگەڵ سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بکەین، هەر بەپێی پێناسە و ئەزموونی جیهانی ئەوەیە کە "شۆڕش" بەرهەمی ناڕەزایەتی و تووڕەییەکی پەنگخواردوویە، کە ڕێبەرایەتیی دیاریکراوی هەیە و لە ڕێگای ڕەفتاری جەماوەری و ڕادیکاڵییەوە بە مەبەستی هەڵتەکاندن و سەروونکردنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، ڕوو دەدا و بەرچاوترین ئەو شۆڕشانەی کە بە چاوگەی شۆڕشەکانی دیکە دەناسرێن لە مێژوویی جیهاندا، بریتین لە: شۆڕشی فەڕەنسا (١٧٩٩ - ١٧٨٩) و شۆڕشی ١٩١٧ی زایینی لە ڕووسیە، و هەتا ئەوەی پێوەندیدارترە بە ئێمەوە بێ، واتە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا.

**خاڵی هاوبەشی سەرنەگرتنی کۆیی گشتیی ڕاپەڕینەکانی ئێران کە تا ئەمڕۆ بەرچاوترین و بەربڵاوترین بووە، دەتوانین بەم شێوەیە گەڵاڵەی بکەین:**

**- گشتگیر نەبوونی ناڕەزایەتییەکان و تووڕەیی کۆمەڵایەتی**

سەرەکیترین ماتریاڵی شۆڕشەکان، تووڕەیی و بەشداریی خەڵکە، بە مەبەستی لادان و لەنێوبردنی دەسەڵاتی سەرەڕۆوە.

هەردوو حەوتوو دوای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کاتێک کە خومەینی لە مەدرسەی "رفاه"وە فەرمانی حیجابی ئیجباری لە شاری تاران دەکرد، لە ڕۆژی ١٧ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، نزیک بە ٨٠٠٠ هەزار ژنی کارمەند و فەرمانبەر بە دژی ئەو یاسایە دەستیان کرد بە خۆپێشاندان و تا ئەمڕۆکە، واتە ساڵی ١٤٠٤، زیاتر لە ١٣ زەنجیرە ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی چووکە و بەربڵاو لە ئێران و کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چووە، و تێچوویەکی قورس و خوێناویی لەسەر دەستی خەڵک داناوە.

لە کۆتاییەکانی دەیەی نەوەدی هەتاوییەوە، دەتوانین بڵێین ڕێژەی بەشداریی خەڵک و بەربڵاویی خۆپێشاندانەکان لەچاو ساڵانی پێشوو زیاترە، بەڵام هەمان چارەنووسیان بەسەر هاتوە. ئەویش مودیرییەتی ئەو قەیرانە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بەشێوەی جۆراوجۆر بووە. هۆکاری سەرەکییەکەی ئەمەیە کە هیچ کات ئەم ناڕەزایەتییانە بەربڵاو و بەردەوام و گشتگیر نەبوون و چینی"خۆڵەمێشی" غائیبی گەورەی ئەم ناڕەزایەتییانەن کە لە پێوەندیی لەگەڵ ڕووداوەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە.

## "چینی خۆڵەمێشی" ئێران و" ئاساییکردنەوەی خەراپەکاریی "ئارێنت"ی

**هانا ئارێنت، فیلسووفی ئاڵمانی لە کتێبی "ئایشمەن لە ئۆرشەلیم"دا** باس لە ئاساییبوون و جێگرتنی نەگبەتی و خراپە دەکات لە کۆمەڵگەدا و بەو پێیە "بێتەفاوەتی تاکەکان" لە بەرانبەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان بە هۆکاری سەقامگیریی تۆتالیتەر دەزانێ. بەش و پشکی بەرچاوی خەمساردان بە نیسبەت ڕەوشی هەنووکەیی (وضع موجود) بە چینی خۆڵەمێشی پێناسە دەکا.

**ئارێنت دەڵێ:** "پەیتا پەیتا درۆکردن لەگەڵ کۆمەڵگە، تەنیا جێکەوتنی درۆی لە کۆمەڵگە لێناکەوێتەوە، بەڵکوو چیتر خەڵک بڕوای بە قسەی کەس نامێنێ". ئەم وتەیە لەگەڵ دۆخی خەڵکی ئێران ڕاست دێتەوە و، پێویستی بە توێژینەوەی کۆمەڵناسانەیە.

خەڵکێک کە گرنگایەتیی بە بەرژەوەندی تاکی بدا، خەڵێک کە لە پرسە سیاسییەکان دووری گرت و ڕێگای دا بڕیاری بۆ بدەن، خەڵکێک کە تەماحی ئابووری وەپێش ویست و مافی سیاسی خست، ئیتر لە تاکێکی شوێندانەرەوە کە ڕەنگدانەوەی هەبێ لە ڕووداوەکان، بەرەبەرە دەبنە چینی خۆڵەمێشی و ناڕاستەوخۆ، دوورەپەرێزی ئەوان لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بە قازانجی دەسەڵاتە و با لەگەڵ دەسەڵاتیش نەبن.

ڕاستە لە ڕاپەڕینی ژینادا سەرەتا هەموو چین و توێژەکان بەشدار بوون بەتایبەتی لە کوردستان، بەڵام نەبوونی پرۆژەی ڕوونی سیاسی، پەرتەوازەیی و تەنانەت سەنگەری دروشم لە یەکترگرتنی ئۆپۆزیسیون و نەبوونی ناوەند و مەرجەعێکی کارا بۆ ڕێکخستن و ئاراستە بەخشین بە شەقام، هۆکاری سەرەکی بوون لە چۆڵبوونی شەقام و دوورگرتنی چینی خۆڵەمێشی. لە مێژوویی سەرهەڵدانەکانی ئێرانیش، پاش شۆڕشی ٥٧ی هەتاوی، ئەم چینە یان سەیرکەری ڕووداوەکان بوون، یان لە نێوەڕاستی ڕێگاکەدا کشاوەنەتەوە. هۆکارەکەشی جیا لە سیاسەتی سەرکوتی حاکمییەت، دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ڕێبەریی لە شۆڕشەکان.

کۆماری ئیسلامی وەکوو هەمیشە لە ئاڵنگارییەکانی بەردەمی لە ڕاپەڕینی ژینا دەستی کرد بە وروژاندنی هەستی خەڵکی خۆی و دوو سیاسەتی پێڕەو کرد. هاوشان لەگەڵ خەڵکانی دیکە، تەنانەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات بە قامکدانان لەسەر هەستی ئێرانگەریی (فارسی- شیعە) و دروشمی "مەرد، مەیهن ئابادی" لە بەرانبەر بە "ژن، ژیان، ئازادی" دانا و،

حەقیقەتی ڕاپەڕینی ژینای بە ئاڕاوەیەک بۆ لێدان لە بنەما ئیسلامی و ئێرانییەکان ناوبرد و هەبوونی دەستی دەرکیی وێرانکەر و "تەجزیەتەڵەبی" دووپاتە ورووژاندەوە.

لە بەرانبەر پیلانەکانی ڕێژیم، بێ پلانی لە ڕاپەڕینی ژینا، دەستی دەسەڵاتی ئاوەڵاتر کرد، ئەم بێ پلانییە بریتیی بوو لە: تەسککردنەوەی ویستی نەمانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی دروشمی سێنفی و ڕەگەزی و بەستنەوەی بە شێوەی جلوبەرگ، ئەمەش جۆرێک کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر چینی خۆڵەمێشی دانا، کە بۆچی تێچوو بدەن؟ لە کاتێکدا جلوبەرگی ئەوان هێندەش نەبەستراوەتەوە بە دەسەڵاتەوە، بەڵکوو بەشێک لە عورف و فەرهەنگی ئەوانە! کەواتە مافە بنەڕەتییەکانی ڕاپەڕینی ژینا بەرەبەرە پەراوێز خراون، و جێگەی خۆیاندا بە داواکاریی و دروشمی چینانیەتی و دابەزاندنی ڕەفتاری ڕادیکاڵی سەر شەقامەکان، تا ئاستی تەوس و تەنز و هەواڵی درۆ! کە دواتر دەپەڕژێمە سەر ئەم خاڵانەش.

ڕاپەڕینی ژینا تا کاتێک کارایی خۆی هەبوو کە، دروشمەکان سیاسی و بەشێوەی بەربڵاو خەڵک لە بێتەفاوەتی لەهەمبەر "جێکەوتنی خراپەکاری" هاتبوونە دەرەوە و ترسێکی گەورەی خستبووە جەستە پرتووکاوی کۆماری ئیسلامییەوە، بەڵام کەلکی خراپوەرگرتن لە سۆشیال مێدیا و کاریگەریی نەباشی "کەڵە مێدیا"کان و لە لایەکی دیکەش دەزگای بەربڵاو و خاوەن ئەزموونی تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی لە کوێرکردنی ڕێگاکە و بەلاڕێدابردنی ئەو ڕاپەڕینە کە ماتەوزەی "شۆڕش"ێکی بنەڕەتی تێیدا هەبوو، بووە هۆی دامرکانی بڵێسەکانی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە.

### سەرکوت و تۆقاندنی خەڵک وەکوو چەکێکی بەهێز

سەرجەم حکوومەتە ناوەندییەکان لە مێژووی ئێراندا و بەتایبەتی لە سەفەوی بەملاوە بە زەبروزەنگ و کوشتن، دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتوە و درێژەیان بە دەسەڵات داوە.

### کۆماری ئیسلامی لەم بارەوە ڕێژیمێکی تایبەت و دەسەڵاتێکی جێڕامانە.

بە گشتی زۆرداری ئەو ڕێژیمە وەکوو دیکتاتۆرەکانی دیکە، فراوانیی هێز و پۆلیسی سەرکوتکەرە، کە هەر لە سەرەتای ئینقلابەوە بەشێوەی بنچینەیی بناغەی هێزی خۆیانیان لە دامەزرانی سپای تێرۆریستی پاسداران و لقەکانییەوە بەتایبەتی "بەسیج" دارشت و پەرەیان پێدا.

فراوانی و باوەڕمەندبوونی چەکدارەکان و هێزەکانی ڕێژیم تا ڕادەیەک بووە، کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان، تەنیا بەرگرییان لە دەسەڵات نەکردوە، بەڵکوو بەتوندترین شێوەی بەرژەوەندیی و قازانجی خۆیانیان پاراستوە. چونکە نەبوونی پرۆژەیەکی ڕوونی سیاسیی هەنووکەیی و بەرنامە بۆ دوارۆژ ئەوانی خستۆتە خانەی بەرگرییەوە. هەتا خەمساردی و خۆدزینەوە لە سەرکوت! نەمانی کۆماری ئیسلامی بە نەمانی خۆیان و بنەماڵەیان دەزانن. بۆیە لە هیچ چەشنە توندوتیژییەک سڵ ناکەن، بەتایبەتی کە خەڵکی سەرشەقام دەستیان بەتاڵ بێ و تەنیا لە دروشمدا ڕادیکاڵ بن. نموونەی جێیوەبیرهێنانەوەی خوێناویکردنی شەقامی ناڕەزایەتییەکان دەتوانین ئاماژە بە ڕاپەڕینی ژینا بکەین کە لەو شەش مانگەدا کۆماری ئیسلامی و هێزە سەرکوتکەرەکانی لە لێدان و کوشتن، کۆتاییان نەکرد و ئەم چاوترساندنە لە تەکانەوەی خەڵک لە شەقام زۆر ئاساییە. بەتایبەتی دەزگای پروپاگاندای بەهێزی ڕێژیم ژێرپێستی ڕادەی توندوتیژیی و ڕەفتاری تەجاوزکارانەی خۆی بە مەبەستی تۆقاندنی خەڵک بڵاو دەکردوە.

ئەمانە بەشێک لەو هێزانەن کە بە دڕندەیی لە ڕادەبەدەر "ڕاپەڕینی ژینا"یان سەرکوت کرد: فەرماندەریی ئینتزامی، سپای تێرۆریستیی پاسداران، هێزە وشکانییەکانی ئەرتەش، پۆلیسی بەرگری، پۆلیسی ئاگاهی، پۆلیسی ئاسایشی گشتیی، پۆلیسی کەشی بەرهەمهێنان و ڕاگواستنی زانیاریی (فەتا)، هێزە تایبەتەکان (یگان ویژە)، نوپو (هێزە تایبەتەکانی ویلایەت) گوردانەکانی ئیمام عەلی، نخسا (هێزە خۆڕسکەکانی سپای ئیسلام) کە قاسم سولەیمانی کاتی خۆی دایمەزراندبوو، هەتا تێڵابەدەستەکانی دیکە.

لەبیرمان نەچێت کە سەرجەم ئەم هێزانە، تەنیا هێزی ئەمنییەتی و ئینتیزامی نین، بەڵکوو بەشێکی گرنگن لە قاچاخچییەتی و مافیای ئابووریی وڵات، هەربۆیە بۆ پارووی چەورتر، دەستیان لە خوێنی خەڵک و گیرفانی ڕێژیمە.

## چاوەڕوانیی "ئیسلاح" و ئیسلاحتەڵەبی حکوومەتی

هەر بەپێی ستراکتۆری شەرقیبیانەی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی شیعەگەرایی چاوەڕێکردنی "ڕزگاریدەر" و سپاردنی عیلاجی کێشە و گرفتەکان بە دەستی قەزا و قەدەر، لەسەر دابەزینی ئیرادەی جەمعی و هزری گشتیی کۆمەڵگە کاریگەریی نەرێنی داناوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەش تەنانەت "سیاسەتی چاوەڕوانی" شتێکی نامۆ نەبووە، لە گۆڕەپانی سیاسەتی دژبەرانی ئەو ڕێژیمە کە بەتایبەتی بە گۆڕینی سەرۆککۆمارەکانی ئامریکا زیاتر شاهیدی دەبین و لە ٧ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ی

زایینییەوە زۆرێک لە چاوەکان سەیرکەری ئاسمان بوون کە هێرشی هەوایی ئیسرائیل و ئامریکا، کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، ئەم هێرشەش ڕووی دا، بەڵام بۆ پەرپووکردنی ڕێژیم بوو هەتا ڕووخاندنی ڕێژیم کە دیسانەکە نەبوونی "پرۆژەی سیاسی" بۆ جێگرەوەی ڕێژیم و ناڕوونی لە چارەنووسی بەرژەوەندییەکانیان پاش کۆماری ئیسلامی، پرسی ڕووخانی لە لایەن زلهێزانەوە سڕ کرد.

لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنانەت خۆدی نارەزایەتیی بەربڵاوی خەڵک ناتوانێ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە مسۆگەر بکات و پێویست بە دەستی دەرکییە و کاتێک باس لە دەستی دەرکیش دەکرێ خۆدی ڕەخنەگرانی ئەم بابەتەش لە دەروەی کۆماری ئیسلامی و بە ناو ئۆپۆزیسیۆن کەم نین.

ئەمە زەروورەتێکی هەنووکەییە زۆرینەی ویست لەسەر تێپەڕبوون لە گشتییەتی ڕێژیم بێ هەتا مانەوە لە "وەهمی"چاکسازیی حکوومەتی و وادەی "ئیسڵاح"کردنی گرفتارەکان. کە بە چاوخشاندنێک بە ڕاپەڕینەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، بۆمان دەردەکەوێ کە ویست و ئیرادەیەکی گشتگیر نەبووە بۆ گۆڕینی ڕێژیم. ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە و باڵی بەناو ئیسڵاحخواز لە ڕووداوەکان دەکەونە نێوانی خەڵک و دەسەڵاتەوە. ڕاستە کە بەشێکیان بەجیددی ڕەخنەگری نیزامن، بەڵام لە ڕووداوەکانی هاوشێوەی "ژینا" ناچنە بەرەی شەقامەوە، بەڵکوو ئەوان دەزانن لە دوارۆژدا نوێنەر و دەمڕاستی شەقام نین و بوونی خۆیان لە مانەوەی دەسەڵاتدا دەبینن. ڕۆڵی ئەوان بە لیدەر و ڕۆژنامەنووسانیان لە هێورکردنی دۆخی ڕادیکاڵی ڕاپەڕینەکان و هیوابەخشین بۆ "سارێژ"ە لە جیاتی ڕووخانی ئێگجاری.

## ڕێبەریکردن و "پلان"ی سیاسی

نەبوونی پلانی سیاسی کە هەمان "پرۆژەی سیاسی"یە لە ئینقلابەکانەدا بەرچاوە هەم وەکوو خۆی گرنگە و هەم لە گرێدانی خەڵکی سەرشەقام خاڵێکی جەوهەرییە.

"پرۆژەی سیاسی" لیدەر و ڕێبەریی خۆی هەیە و دەبێتە هۆکاری کۆکردنی زۆرینەی خەڵک بە دەور مەبەست و ویستێکی دیاریکراو و پێش لە پەرشوبڵاوییەکانی شەقام دەگرێ.

کاتێک داواکارییەکان تەنیا سێنفی بێ، بێگومان سێنفێکی دیار دەگرێتەوە و کە خۆدی ئەو سێنفەش هەموویان بەشدار نابن، بۆیە کۆنترۆڵکردنی بۆ دەسەڵات ئاسانترە. خوێناترینی خۆپیشاندانی سینفی لە ئێران، نارەزایەتیی خوێندکارانی زانکۆی تاران بوو، کە تەنانەت نەبووە پرۆژەیەکی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گشتیی بە دژی دیکتاتۆری و نەبوونی

ئازادی ڕادەربڕین. بۆ نموونە: ساڵی ٥٧ی هەتاوی دروشمەکان و داواکارییەکان یەکێک بوون و پرۆژەی سیاسیش نەهێشتنی ڕێژیمی پاشایەتی بوو، کە خومەینی بە سادەیی گوتی:"شاه باید برود"

ئەم "شا دەبێ بڕوات" خومەینی و شوێنکەوتووانی کردە براوە و لە هەنگاوی دیکەدا بۆ ئەرخەیانی خەڵک و بێدەنگکردنی ڕەخنەگرانی، باسی لە یەکسانیی ئیسلامی و پێدانی "ئاو و بەرق" بەخۆڕایی کرد! دیسان ئەمەش ڕیشەی لە فەرهەنگی ئێرانیدا هەیە و کولتووری چاو لەدەستبوون! نەیانپرسی لە کوێی دنیا و کام وڵاتی پێشکەوتوو بەرهەمە پیشەییەکان بەلاش و بەخۆڕایی دەدرێتە خەڵک!؟

لێرەش پێویستی بە ڕاوەستان و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی مێژووییە، بۆ باشتر ناسینی خەڵک و دەسەڵات لە مێژووی ئێراندا.

مێژووی ئێران لانیکەم لە سەفەوییەوە کە بنە و بنچینەی کۆماری ئیسلامییە (ئێرانی-شیعەگەرایی) هیچکات خاوەنی حکوومەتێکی ناوەندیی بەهێز و کارامە و خەڵکدۆست نەبووە. بەپێچەوانە بانگەشەی پاشاخوازان، کۆی دەسەڵاتدارانی ئێران نە خاوەنشکۆ بوون و نە غەیرەتی ڕاگرتنی دەسەڵاتی پاشایەتییان هەبووە، بەبێ کارتێکەریی و دەستێوەردانی دەرەکی. مێژووی گوشراوی ئەم فەترەیە لە مێژوویی ئێران لێوانلێوە لە تاڵان، تەجاوز، کوشتن و بڕین و ملکەچکردن بۆ ڕۆژاوای گەشکردووی پاش شکستەکانی شەڕی سەلیبی و شۆڕشی پیشەسازی.

بەپێی کتێبی"کۆمەڵناسیی بژاردەکوژی لە ئێران" لەکاتێکدا ڕۆژاواییەکان بە پشتبەستن بە کارو زانست خۆیان تەیار دەکرد بۆ داگیرکردنی دنیا، لە ئێران حکوومەتەکان بە دەستی کەسێکی عەیاش و حکوومەتێکی سەرەڕۆ بە نێوخۆی وڵات و ملکەچ بە دەرەوە (وەکوو کۆماری ئیسلامی) بووە. پاش سەفەوییە کە بە زەبری شمشێر شیعەگەریی لە ئێران چەسپاندو و دەسەڵاتی بۆ حکوومەتیی ئایینی خۆشکردن. ئێمە شاهیدی بە لوتکەگەشتنی حکوومەت و سیلسیلە گەندەڵەکانین کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر زەینی تاک و کۆمەڵگەی ئێرانی کاریگەریی نێگەتیڤیان داناوە.

هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە نادرشای ئەفشار کە ئێرانییەکان بانگەشەی شکۆمەندانەی بۆ دەکەن، لە ڕاستیدا لە ماوەی ١٢ساڵ دەسەڵاتداریەتیی، جگە سەرەڕۆیی و کوشتن و بڕینی خەڵکی بێتاوان هیچی دیکەی بەناو "اقتدار" نەبووە.

تەنانەت کەریمخانی زەند لەپێناو گرێبەست لەگەڵ ئینگلیزییەکاندا، بری ٢٠٥٠٠ ڕۆپیەی بەرتیل وەرگرتوە و ئەوپەڕیی



سەرچاوە
Serchawe

نەهامەتییە کەسێک کە خاوەنی وڵاتێکی گەورە و بەرین بێ، ببێتە بەرتیلخۆری وڵاتی دیکە. کەواتە شاکانی ئێران، زۆربەیان پارێزەرانی بەرژەوەندیی وڵاتانی کۆلۆنیالیزم بوون. ئەم شێوە حاکمییەتەش بێگومان لەسەر کۆمەڵگە کاریگەریی هەبووە و ئیرادەی سەرهەڵدان و ملنەدانی جەمعیی ئێرانییەکانی خەساندوە. بۆیە دەتوانین بڵێین بێمانا نیە، کە وادەی دڵخۆشەکەرانەی "ئاو و کارەبا" بەخۆڕایی، ڕێفۆرم و دیدی ڕەخنەگرانە و هەوڵدان بۆ پلۆرالیزمی سیاسی و فەرهەنگی لە بیری خەڵک بردەوە.

ئەم ئەریستۆکراسییە مەزهەبییە کە خومەینی ڕێکخەری بوو، ئێستاش هەر ئەستۆندێکی بەهێزی نیزامە و ڕاپەرینەکان بەبێ پلانێکی دیار و کارا بۆ ڕووبەڕووبووە لەگەڵ حاکمییەت سەرناکەوێ. کاتێک خاڵە بنەڕەتییەکانی نیزامێک بناسی دەتوانی بۆ لێدانی "پرۆژەی سیاسی"ت هەبێ سەرتر لە ویستی سینفی و داواکاریی چین و توێژ. ئەم پرۆژە سیاسییە غاییبێکی گەورە بووە لە کۆیی ڕاپەرینەکانی ئێران و کوردستانیش بە هۆکارگەلێک ناتوانێ پرۆژی سیاسیی خۆی لەو بەستێنەی ئێستای ئێراندا جێبخات.

غایەتی ڕاپەرینی ژینا "کیانێکی ئازادکراوی کوردی و دەسەڵاتێکی سێکۆلار" بوو کە لانیکەم خۆدی ئەم دوو ویستەش نەبوون بە ویست و خوازی لایەنە سیاسییەکانی کورد بۆ داڕشتنی "پرۆژەی سیاسی."

## کەڵە مێدیاکان و هەواڵی وەهماویی و تەوسی ناپێویست و بەرانبەر یەک وەستانی ئێمەش

کە خۆپیشاندانێک لە ئێران ڕوو دەدا، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی، لە هێندێک مێدیا و سۆشیال مێدیادا وا دەردەکەوێ ئەوە بە سووک و ئاسان کۆماری ئیسلامی ڕووخاوە و ئێمە بەجێ ماوین! هیچ هەواڵێکی درۆ خەڵکی خەواڵوو ڕاناچڵەکێنێ و تەنیا هەستی "وەهم" ویستییان پاراو دەکا. کە دەنووسرا ئەوە چەند بەرپرسی "کشوری و لشکری" ئێران هەڵهاتوون کەس نەبوو پرسیار بکا، کوا سەرچاوەی ئەو هەواڵە و کوا وێنە و فیلم؟ لایەنێک دەڵێن: ئەمە بەشێکە لە شەڕی ڕەوانی بۆ ئەوەی خەڵک سوورتر بکات و بەردەوامبوون لە ناڕەزایەتی و هیوادارتر بجووڵێنەوە. بەڵام ڕای من وایە کە کاریگەریی نێگەتیڤ و نە باشی هەیە و خەڵک دەڵێن مادام لە لێواری ڕووخانە ئیتر چ پێویست بە مانگرتن یا خۆپیشاندان دەکا.

کاتێک کە ئەم ڕاپەڕینە سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاند و گەیشتە شارەکانی دیکەی کوردستان، ڕاست لەو سەروبەندەدا پێویست بوو بزاڤی کوردی باوەڕبەخۆبوونی مودیرییەتی هەبێ، دەبینین دیسان کە بە کەوچکە ئاوێکی ناڕوون کەوتنە ملەکردن و لە جیاتی پێکەوە کارکردن کاریان بۆ ئەوی "دیکە" دەست پێکرد! لە کاتێک کە دەبوا پەرە بە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان بدرێت و تەنانەت لە چوارچێوی کوردستان وەکوو سەنتەرێکی دێموکراتیک ڕووی قسەی لە دەرەوەی کوردستانیش بێ بۆ نموونە بەلووچستان، بەپێچەوانە نەتەنیا پەرەی پێ نەدرا، بەڵکوو سڕ کرا، و هیچ کەس و لایەنێکیش

بەرپرسایەتییەکەی هەڵنەگرت. کەواتە جێی گلەیی نیە، ئەگەر زۆربەی خەڵک لە ڕووداوەکانی دیکە "سەیرکەر بن هەتا کاراکتەر! "

هاوکات کە لە کوردستان دروشمی "کوردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان" نمەنمە کەم کرایەوە و لەجیاتی ئەو دروشمە "اینجور برات نمیره بالا" بوو بە ترێندی سۆشیال مێدیا و یەکرێزیی سەر شەقامە خوێناوییەکانی نیشتمان لە جیهانیی خەیاڵی سۆشیال مێدیا بەشبەش کران و، لە بەرانبەر یەک دانران. هەستی تۆڵەستاندنەوەش تا ئاستی تانە و لاتاوی سیاسییانە دابەزی. لە تاران و شارەکانی دیکەش هەموو ئامانج و دووره دیمەنەکانی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە تا لە لۆی لەچک و درێژ و کورتی مانتۆوەکان کورتکرایەوە. دیسان دەسەڵات پرسی ژن و سەرپۆشی کردە ئامرازی سەرپۆش دانان لەسەر ماهییەتی خراپکارنە و گەڕاندنەوەی مەشروعییەتی سیاسیی خۆی. بە بەردەوامیش لە ڕاگەیاندنەکانی غەیرە کورد ! لە جیاتی باسکردن لە شێوەی ئیدارەی ئێران دوای ڕووخان و پرسی نەتەوەکان و مافە بنەڕەتییەکان. پەیتا پەیتا وەکوو تیزر ئەمە نیشان دەدرا، کە ئەوە کیژۆڵەیەک بە هەڵهاتن لە مەندیلی مەلایەک دەدا و وەکوو ڕەفتارێکی بوێرانە و شۆڕشگێڕانە دادەنرا.
ڕاستە ئاخۆند لە ئێران و کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی دواکەتوو و ڕقئەنگیز و زاڵم دەکا. بەڵام کەس ئەم پرسیارەی نەکرد، ئاخۆ دەکرێ لە مەندیل و سەروێنی "گوڵپایەگانییەکان و ڕێشەهرییەکان و قادر قادرییەکان بدرێ؟ یان نە، ئەوان شارۆماندانە لەسەر شەقام نین!

ئایا ئەمە جێگۆڕینی ئیعتراز نیە لەگەڵ (تعرض) و دەسدرێژی بە شارومەندێک لە شەقامە و بەتەنیا دەڕواتەوە؟ خودی فۆکۆسکردن لەسەر چینێک و مانەوە لە وێستگەیەک بەناوی نارەزایەتی مەدەنی، دەرفەتی بە ڕێژیمدا بۆ کەلکوەرگرتن لە ڕووداوەکان و کەمتەرخەمییەکان.

چونکە کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕێژیمی ناوازە و حکوومەتێکە کە بە چاوگەی (ئیسلامی شیعە، ئیرانشاری) ئابدەیەت دەبێتەوە. ئەم ڕێژیمە بە ڕواڵەت دێموکراتیک و بە نێوەڕۆک پاوانخواز لە زانستی سیاسیدا، ڕێژیمی "دووفاق یا تێکەڵە (Hybrid Regime) پێدەگوترێ کە هەم خاوەنی موئەسەساتی خەڵکتەوەرە، وەکوو "پارلەمان و هەڵبژاردن و چاودێری بەسەر پرۆسە دێموکراتیکەکان"ە هەمیش پاوانخواز و، تەکرەهەندییە!

لەواقیعدا لەم چەشنە ڕێژیمانە کە کۆماری ئیسلامی باشترین نموونەیەتی، هەموو ئەو ناوەند و سەنتەرانە ڕواڵەتن و بڕیاری نەهایی لە زۆر بابەت کە هەمان "حوکمی حکوومەتی"یە لە لایەن "نایەبی ئیمامی زەمان"ەوە جا چ لە حوسێنییەی

ئیرشادەوە بێ، یان لە حەشارگە و ژێر زەمینییەک بێ، کە لە دەروەی تاران دەردەچێ و بەسەر خەڵکدا فەرز دەکرێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی هەم ئەو ساختارە تێکلاوەیە، کە جیاوازی دەکاتەوە لەگەڵ "بەعسی عێراق" و "کۆرەی باشوور" هەم بەرهەمی پاشخانێکی ئایینی و ئێرانییە، کە لە کاتی پێویست بە شوێنکەوتووانی خۆی کە ڕێژەیان کەم نیە ئاراستەیەکی خوازیاری خۆی دەبەخشێ و ڕەتی ڕووداوەکان دەگۆڕێ.

دوکتور سمایل بازیار لە وتارێکدا لەژێر ناوی "ڕۆڵی ڕووحانییەتی شیعە لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوییدا" دەڵێ: "ڕووحانییەتی شیعە لە مێژوویی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ئێراندا پاشخانێکی چەندسەد ساڵەی هەیە و، هەر لە سەردەمی سەفەوییەوە (١٥٠١ی زایینی) کە مەزهەبی شیعە بە زەبری شیعە بوو بە مەزهەبی فەرمی لەو کاتەوە کولتووری سیاسیی ئێران لەسەر دوو کۆڵەکەی مەزهەب و دەوڵەت ڕاوەستاوە." هەروەها دەڵێ: ڕووحانییەت لە سەردەمی پەهلەوی بە کەلکوەرگرتن لە تەزادی نێوان سوننەت و پرۆژەی مودێرنیزاسیۆنی حەمەڕەزاشا"کە بێ دیققەتی و ناڕێکی هەبوو لەگەڵ ستراکتۆرە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی (ئیسلامی- شیعە) ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ وروژاندنی هەستی ئایینی خەڵک و جێخستنی ڕوانگە و مەرامی خۆیان.

بە پێی ئەم وتەیە دەبینین لە قوناغە هەستیارەکاندا شوناسی ئێرانی (ئیسلامی - شیعی) دەبێتە دەزۆێکی بەهێز و نادیار لە گرێدان یان پەلکێشکردنی خەڵک (لە توێژی خۆڵەمێشییەوە هەتا بژاردەکان) بۆ مانەوەی دەسەلات! نووسەرێکی ئامریکایی بە ئاماژەدان بە شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسڕائیل دەڵێ: زۆر بەلامەوە سەیرە کە خانمێک کە دوو کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی بە دەستی ڕێژیمی تاران ئێعدام کراوە، هاتووەتە لام کرووزاوەتەوە بۆ ئەوەی لە بابەتێکدا هێرش بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئیسڕائیل و ئامریکاوە مەحکووم بکەم!

دەمهەوێ بڵێم خۆدی ئەم پاشخان و ڕوانینە نارەزایانی ڕاستەقینەی سەرشەقام و بەتایبەتی خەڵکی کورد و ڕاپەڕینەکانی بەتەنیا دەهێڵێتەوە و زۆرجاریش کۆسپ و لەمپەر ساز دەکا.

چڵە پۆپەی وروژاندنی هەستی پۆپۆلیستی و ئێرانشاری (شیعە- پارسی) هەم لە ڕاپەڕینی ژینادا دیتمان و هەم لە شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسڕائیل.

## ئاکامگیری:

ناسین و وەردانەوەی خسڵەت و تایبەتمەندییەکانی حاکمییەت، ڕێژەی فریوخواردن و بەلاڕێدا چوونی ڕاپەڕینەکان کەم دەکاتەوە، و هەڵگرتنی دروشمێکی ڕوون و سیاسی نەک کۆمەڵێک پرسیاری فەلسەفی لە قوناغی ئێستادا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر سیناریۆیەکی دیکە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی زەرورەتە. شۆڕشەکان کاریان ڕامالینە و ئاوەدانکردنەوەی وڵات لە باری سیاسی و پێکەوە ژیان قوناغێک دواترە. لە ئێستاوە پێویستە بزاڤی کوردی مەرجەعییەتێکی دامەزراوی بەسەر ئەساسی بەرژەوەندی نەتەوەیی هەبێ بۆ هاتنەئارای هەر ئەگەرێکی دیکە لە ئێران و کوردستان بە جارێکتر نەڵێین ئێمە وەکوو لایەنی کوردی ئامادەگییمان نەبوو. بەڵکوو دەبێ خۆمان و بزاڤەکان بزوێنەر بین، نەک هەر بمانبزوێنن.

لە دیالۆگی فیلمی "ئۆپراسیۆنی نەهایی" کە باس لە شوێنهەڵگرتن و ڕفاندنی "ئادۆڵف ئایشمەن" لە لایەن دەزگای سیخوڕی مووسادەوە دەکات. شەوی پێش عەمەلیاتەکە سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ئیسرائیل بە گرووپی ڕاسپێردراو دەڵێ: ئەم ڕیسکە مەترسیدارە بۆ ئاسایشی ئەمڕۆ و داوڕۆژی گەلەکەمانە، کەواتە هەوڵ بدەن سەربکەون.

ئێمەش ئەگەر لە ڕاپەڕینەکان و ڕووداوەکاندا ڕەچاوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکەین لە ئێستاو بۆ داوڕۆژ، بێگومان سەردەکەوین.

### ژێدەر:

- چەند ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی ڕادیۆ فەردا
- "جامعەشناسی نخبەکشی"، عەلی ڕەزاقولی، چاپی بیست و ششم
- "ڕۆڵی ڕووحانییەت لە بزاڤی مەشرووتە و لە شۆرشی ٥٧"، دکتور سمایل بازیار
- ماڵپەڕی b.b.c

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

## ٦ی ڕەزبەر و بێزراویی ڕێژیمی ناوکبڕاو بە تیرۆر!




سێ ساڵ لەمەوپێش لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی لە کاتێکدا ڕاپەڕینی ژینا و، کوردستانێکی تووڕە تەنگی بە ڕێژیمی ناخەڵکیی کۆماری ئیسلامی هەڵچنیبوو، سەرلەنوێ سەردارانی سپای پاسداران بڕیاریان دایەوە زامێکی دیکە لە جەستەی ئەم خەڵکە کۆڵنەدەرە بدەن و، لەو هەلومەرجەداچاوگەی مەترسییە سەرەکییەکەی سەر دەسەڵاتی خۆیان کپ بکەن و لە خوێنی وەربدەن. ئەوە بوو کاتژمێر نیزیک بە ١١ی هەمان ڕۆژ جارێکی دیکە بە پێشێلکردنی هەرێمی ئاسمانیی عێراق و باشووری کوردستان، وەکوو پیشەی هەمیشەییان لە کردەوەیەکی تیرۆریستیی دیکەدا هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر بنکە و بارەگای لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چڕتر لە شێوەی کارەساتی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ٢٠١٨ برینێکی دیکەیان خستە جەستە و، ناخی حیزبی دێموکراتەوە.

ئاکامی ئەو هێرشە دڕۆنی و مووشەکییەدا، پۆلێکی دیکە لە تێکۆشەرانی ئەو حیزبە شەهید کران و، "وانیار"ی تەمەن یەکڕۆژ، کاڵترین گوڵی هەڵوەریوی ئەو جینایەتە بوو، کە تا تەمەنی کۆماری ئیسلامی ما بێ، داخی "وانیار"ەکان و قوتابخانەی ڕووخاوی منداڵانی "ئازادی" لەبیر ناچن و، وانەیەکی واتادارن بۆ بەردەوامیی خەباتی ڕەوای گەلێکی چەوساوە لە بەردەم ڕێژیمێکی دڕندە و نارەوا.

## بەشی دووهەم

ئەگەر بمانهەوێ سەرلەنوێ وڵامی ئە پرسیارە بدەینەوە کە بۆچی هەرکات حاکمییەت لە کوردستان هەست بە مەترسییەکی "ئەمنی و سیاسی" دەکات، دەستبەجێ، دەستی ڕەشی تیرۆری بەدژی تێکۆشەرانی کورد لە بنهەنگڵی بیری گڵاوی دەردێنێ و لە هیچ جینایەتێک سڵ ناکات؟ ڕەنگە وڵامەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە دەسپێکی هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە نەشیاوەوە، کورد و کوردستان بەرانبەری ڕاوەستان و تەنانەت پیت بە پیتی وشەی ئازایەتی و "نا"وتن بە دیکتاتۆرییان خستەسەر زاری گەلانی دیکەشەوە.

کەمتر لە حەوتوویەک دوای دەسپێکی ڕاپەڕینی ژینا و لە کاتێکدا شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەڵکی تازیەبار و نارازی جمەی دەهات و هەر ڕۆژ هەواڵی هاتنە سەر شەقامی شارێکمان دەبیست و شەهیدانی ئەو ڕاپەڕینە لەسەر دەستی ئیرادەی بە چووکدانەهاتووی گەلەکەمان "بە فەخر"ەوە ئەسپەردەی خاکی نیشتمان دەکران؛ لە لایەک دیکەش شارەکانی دیکەی ئێران دانیان بەوە دادەنا کە کوردستان چرای سەرڕێی سەرهەڵدان و چاوگەی خەبات، بەدژی ستەمکاریی و دەرفەتێکی ئینسانییە بۆ پێکەوە ژیانی گەلان.

هەر ئەمەش ناوەندە ئەمنییەتییەکانی وەجووڵە خستەوە کە هاوکات لەگەڵ کپکردن و کوێرکردنی دەنگ و ڕەنگی شەقامەکانی ڕۆژهەڵات بە لێدان لە بنکە و بارەگای حیزبەکان و بەتایبەتی دێموکرات کە پاش یەکگرتنەوە هەناسەیەکی گەرم و نوێی بە خەڵک بەخشیبوو، ئەم چەند مەبەستە بپێکێ:

**یەکەم،** کۆماری ئیسلامی بەو ئەزموون و ناسیاوییەی کە هەیەتی دەیزانی تەنیا ئۆپووزسیۆنێکی بەکردەوە و خاوەن هێزی مرۆیی و ڕەگاژۆ لەنێو کۆمەڵگەی خۆی، لایەنە کوردییەکانن کە دەتوانن مەترسیدار بن. ئەوانەی دیکە بە کیلۆمێتر یان لە واقعی کۆمەڵگەی خۆیان دوورن، یان تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی سەر کاغەزن.

**دوویەم،** ویستی لەو ڕێگایەوە هەرچەشنە "ئیبتکار" و بزاڤێکی چەکداری بەدژی خۆی لە سنوورەکانی باشوورەوە "ناکئاوت" بکات.

**سێیەم،** ئەو باش پەی بە پێوەندیی خوێنی و هەستەکیی خەڵک و تێکۆشەرانی کوردی بردوە و بەم هێرشانە ناڕاستەوخۆ ڕایگەیاند لە ئەگەری هاندانی نێوخۆی وڵات بێبەزییانەتر نارازییانی سەرشەقام دەکوژێ و بە پێچەوانەش تەنانەت بە هێرشی کوێر ڕۆحم بە وانیاری تێکۆشەرانی ئەو دیوی سنوورش ناکات.

## بەشی دووهەم

بەرزکردنەوەی دروشمە نەتەوەییەکان وەکوو "کوردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان" هەتا "قاسملوو، قاسملوو رێگات درێژەی هەیە" بۆ خۆی حەکایەتبێژی ئەو پێوەندییە مێژوویی و مانادارەیە کە شەقام و تاراوگەی ئێمە پێکەوە گرێ دەدا و سەرەڕای سیاسەتی بەردرێژی "ئینکار" و ناوزڕاندنی حیزبە کوردییەکان، دیسانەکە لە ٦ی ڕەزبەر شاهیدی ئەو پێکەوەبوونە واتادارە بووین کە تووڕەیی و هەراسانیی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتەوە. بۆچوونێکی تەواو هەڵە ئەمە بوو کە لە زاری هێندێک سیاسیی کوردەوە دەگوترا کە گوایە ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و دەنگی نارەزایەتیی شەقام، هێرشی کردووتەسەر لایەنەسیاسییەکان. ئەم شێوە ڕوانینە دەرخەری هەستنەکردن بە قووڵایی ستراتێژیکی حیزبە کوردییەکان و نەناسینی کۆماری ئیسلامییە لەو بوارەدا. چونکە هەر کات دەنگی نارەزایەتیی لە شەقامەکانی کوردستان وەکوو سیاسیترین ناوچە لە چاو ناوچەکانی دیکە لە چوارچێوەی ئێراندا، بەرز دەبێتەوە، ناوەندە ئەمنییەتییەکان بە وردی سەرنجی ئۆپووزسیۆنی کورد و بەتایبەتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی حیزبی دێموکرات دەدەن. ئەمەش باکگراوەندی مێژوویی هەیە و باش دەزانن کە ئەم حیزبانە سەرەڕای پەرشوبڵاوی و بێدەرتانیی جوغرافیایی، بەڵام خاوەنی پێگەی جەماوەریی خۆیانن کە ئەگەر بەریان بۆ چوڵ بکەن، نەک لە کوردستان تەنانەت دەتوانن شوێندانەرییان لەسەر ناوچەکانی دیکەش هەبێ. کەواتە لێدان لە لایەنەکان ئامرازێک نیە بۆ خۆدزینەوەی ڕێژیم یان بەلارێدابردنی ڕای گشتی، ڕاست بەپێچەوانە لێدانێکە لە ئەسڵی بابەتەکە و "ئاچمەز"کردنێکی نیزامییە. ئەم هەقیقەتە لە زاری زۆربەی کاربەدەستانی ڕێژیم تفت و تاڵە کە لایەنە کوردییەکان سەرەڕای ئەو هەموو زەبر و گوشارە سەنگەریان بەرنەداوە و، بە خەباتی فرەچەشن و بەکردەوە بەدژی کۆماری ئیسلامی مەتەرێزی شەرەفیان پاراستوە. هەر بۆیە هەرچەشنە جوڵەو بزاڤێکی سیاسی و ڕادیکاڵیی خەڵک لەچاو ئەحزابەوە دەبینن.

لە ئێستادا جیا لە ژوورە ئەمنییەتییەکانی ئەو ڕێژیمە بەڵکوو زۆرینەی خەڵکی ئێران نەخاسما دوای ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ژینا ئەم هەقیقەتەیان هەست پێ کردوە کە ئەوەی کوردستان و کوردی لە ناوچەکانی دیکە جیا کردۆتەوە، نە ڕێژەی جەماوەر و نە پانتایی خاک و جوغرافیایە، بەڵکوو ئەزموونی سیاسی و خەباتی تاقیکراو بە دژی زوڵم و ستەمە لە وڵاتی کوردان کە ڕیشەی لە فرمیسک و خوێندایە و وجوودی ڕێکخراوی سیاسی، لەسەر بوێری و سیاسیی بوونی کوردستان کاریگەریی داناوە. ئەگەر ئەم ئەزموونانە نەدەبوون و ئەگەر ڕۆڵە فیداکار و ڕێبەرانی سەربەرز و نەبەز نەبوایان و ئەگەر ڕێچکەی کوماری کوردستان هەتا دڵی "کۆمار دەرئۆفتادە"کان درێژە نەدرابا، بێگومان جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان مەهاباد و مەلایر، سنە و ئیسفەهان، بۆکان و بێهبەهان، سەقز و سیمنان، شنۆ و شیراز، جوانرۆ و بوجنوورد و کرماشان و کرمان لە ڕەهەندی سیاسییەوە نەدەما.

ئەم نەتەوەدۆستی و فەلسەفەی کورد لەسەرپێمانەوە بە ئاڵاهەڵگریی خەباتکارانی کورد، خەریکە دەبێتە "ئیجما"عێکی

## بەشی دووهەم

گشتی و هزرێکی جێکەوتوو لە کوردستان. بۆیە ئەگەر قوربانیانی ڕاپەڕینی ژینا لە شارەکانی دیکە بە بێدەنگی و بەشداریی تەنکەوە دەنێژران، لە کوردستان لەنێو ئاپۆڕای خەڵک و بە چەپڵەڕیزان و دروشمی "شەهید نامرێ"، سیاسییانە و کوردانە ئەسپەردەی خاک دەکران!

٦ی ڕەزبەر کە یەکێکی دیکە لە هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتە، دەچێتە خانەی تێرۆری دەوڵەتیی تارانەوە کە لە جەنگەی ڕاپەڕینی ژینادا، ویستی لە ڕەهەندی سۆبژەکتیڤیی تێرۆرەوە، زیاتر کەشی توقاندن پەرە بدات و، تەنانەت بە وەگەڕخستنی پرۆژەی داخستن و دەرکردنی بنکەکان و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە گوشارخستن بۆ سەر بەغدا و حکومەتی هەرێم، سەرلێشێواوی و دڵەڕاوکێ بخاتە دڵ تێکۆشەران و خەڵکی کوردستانەوە. بەڵام بەدەر لە زیانی گیانیی مووشەکباران و تێچووی گیانی و ماڵیی کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕێژیم، ئەمڕۆکە لە کاتێکدا یادی شەهیدانی ٦ی ڕەزبەر و کۆی گیانبەختکردووانی ئەم ڕێبازە پیرۆزە بەرز ڕادەگرین کە هێشتاکە خانووە قوڕاوییەکانی فیداکارانی ئەم گەلە بە چەشنی سەنگەری خۆڕاگرییان هەر ئاوەدانە و، زۆرێک لەو سەردار و پاستارانەش کە لە ڕاپەڕینی ژینادا قامکی هەڕەشەیان بە دژی ژن و منداڵی بێدەفاع ڕادەوەشاند، لە "پێنت هاوس" و تەلارەکانیشان نەحەسانەوە و بە "فەلاخن و فەڵماسکی داوود" و لە ئاگری ئەو شەڕەی کە خۆیان تاویان دابوو، کوژران و سووتان.

لەم تاڵیادی ٦ی ڕەزبەردا وێڕای بەرزنرخاندنی یاد و بیرەوەریی سەرجەم شەهیدان و قوربانیانی دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی شەهیدانی ٦ی ڕەزبەر بەبێ هیچ دوودڵییەک دەتوانین بڵێین: تێکۆشەرانی کورد لە ئێستاوە تێچووی گران و بەنرخی ئازادی و سەربەستییان نەتەنیا بۆ خەڵکی کورد، بەڵکوو بۆ کۆی ئازادیخوازانی ئێران بژاردوە.

**بەرز و بەڕێز بێ یادی شەهیدان و سەنگەری خەباتیان هەر ئاوەدان.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

## درێژترین ساڵی کۆماری ئیسلامی و درێژترین ڕۆژی ژاپۆن!



١٤ لەسەر ١٥ی ئاگۆستی ١٩٤٥ی زایینی بە درێژترین ڕۆژی ژاپۆن ناسراوە و لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا بە ڕۆژێکی چارەنووسساز بۆ ئەو وڵاتە ناوزەد کراوە.
گرینگیی ئەو ڕۆژە لەوەدایە کە حوکمڕانانی ئەوکاتی ژاپۆن لە سەرەوە هەموویان شەخسی ئیمپراتۆر "هیرۆهیتۆ" پاش لاساری و ملنەدان بە شکستی دەرەکی، دواجار ملکەچی بڕیارێک بوو کە دواتر بوو بە دەستپێکی کۆتاییهاتن بە "فەردگەرایی" و هەڵتەکاندنی باوەڕی کۆن کە گوایا ئیمپراتۆر "کوڕی خوا"یە و "بڕیارەکانیشی ئاسمانین" و، بەدووره لە "هەڵە و پەڵە"کردن.

هێرشی هەوایی ژاپۆن لە ساڵی ١٩٤١ بۆ سەر ناوگان و کەشتییە شەڕکەرەکانی هێزی دەریایی ئەمریکا لە دووڕگەی هاوایی، کوژران و بریندارببوونی ٣٦٤٠ سەرباز و مەلەوانی ئەمریکایی لێکەوتەوە. ئەم هێرشە هەم زەربەیەکی قورس و لەناکاو بوو لە ئەمریکا و، هەمیش سەرەڕای سیاسەتی بێلایەنیی واشنگتۆن، ئەو وڵاتەی پەلکێشی شەڕی دووەمی جیهانی کرد. بۆیە لەو وڵامی ئەو هێرشانە و، بۆ ڕاگرتنی سەرەڕۆییەکانی ژاپۆن کە بە لاساییکردنەوەی بریتانیا و ئیتالیا و فەڕانسە وەکوو وڵاتێکی کۆلۆنیالیست، دەستی بەسەر ئوقیانووسی ئارام و وڵاتانی ناوچە داگرتبوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەهۆی گوێنەدانی حاکمییەتی ژاپۆن، لە ماوەی سێ ڕۆژدا، "هیرۆشیما" و "ناگاساکی" دوو شاری هەرەگەورەی ئەو وڵاتەیان بە بۆمبی ئەتۆمی وێران کرد و، سەرەوەی ٢٢٠ هەزار کەس تێیدا کوژران.
ئەم هێرشە بەتەواوی ئێمراتۆریی ژاپۆنی تووشی دوشداماوی و وڵاتەکەشی لێی ئاڵۆز کرد. بەتایبەتی کە "ترۆمەن" سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئامریکا گوتی: ئەوە قامکمان لەسەر پەلەپیتکەی سێیەم بۆمب داناوە! ئیتر ژاپۆن ناچار بوو بەرەبەرە هێزەکانی بکشێنێتەوە و خۆی بەدەستەوە بدا. بەڵام بەمەش کۆتایی نەهات تا کاتێک ئیمپراتۆر "هیرۆ هیتۆ" قبووڵی کرد کە "جاڕنامەی ئینسانیبەت" بڵاو بکاتەوە و، بەم جۆرە ژێنراڵ "داگلاس مەک ئارتۆر" شکۆی خوادرۆینەی ژاپۆنییەکانی شکاند و، ناچاری کرد لە ئاسمانی لووتبەرزییەوە پێ بنێتە سەر ئەرزی واقع و دان بە هەڵەکانیدا بنێ.
گەلی ژاپۆن پاش ٦٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی هیرۆ هیتۆ کە کوژرانی میلیۆنان کەس و هەژاری و برسیکردنی خەڵکەکەی بەرهەم هێنابوو، لە بەیانیی ڕۆژی ١٥ی ئاگۆستی ١٩٤٥ گوێیان لە دەنگی ئیمپراتۆر بوو کە گوتی: "من هیرۆ هیتۆم! من کوڕی خوا نیم و بەرپرسی هەموو شکست و هەڵەکانم!"

ئەم کورتە پەیامە لە خۆیدا واتایەکی گەورەی هەبوو یانی کۆتاییهاتن بە خواسالاری لە وڵاتان! چۆن تا ئەوکات بەپێی یاسای کۆنی ژاپۆن کەس بۆی نەبوو نە سەیری ئیمپراتۆر بکات، نە گوێی لە دەنگی بێ!
خواسازکراوەکەی خەڵکی ژاپۆن شکا و، تەنانەت هێندێک لە شوێنکەوتووانی خۆیانیان کوشت! بەڵام وەلانانی لەمپەرێک بەناو "کوڕی ئاسمان" کوڕ و کچانی سەرزەوینی ئەو وڵاتەی وەگەڕ خست، هەتا کەمتر لە ٢٠ ساڵ بە گەشەی زانستی و خۆماندووکردن و وازهێنان لە قەیرانخوڵقاندن! چاکتر لە جاران وڵاتەکەیان ئاوەدان بکەنەوە و هەردوو شاری کاولاشکراوی "هیرۆشیما" و "ناگاساکی"یان بە جوانی بونیات نایەوە.

هەڵبەت لە بیرمان نەچێت ئەم ملدانی ئیمپراتۆر بۆ نەجاتی ژاپۆن و، بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەو وڵاتە بوو. دواتر وەکوو پۆستێکی تەشریفاتی و بێدەستێوەردان لە کاروباری وڵات مایەوە.

## ئێران و نوێنەرانی بەناو "ئیمامی زەمان" و حکوومەتی ئیلاهیی کۆماری ئیسلامی!

هەر ئەوکات کە بەشێک لە خەڵکی ئێران بە چیرۆکی دیتنی خومەینی لە قاپی خڕی مانگەشەو فریو دران و تا ئەوەی کە "فەرەیدوون ڕووحانی"، هەمان حەسەن ڕووحانیی سەرۆککۆماری پێشوو لە سەروبەندی ئینقلاب نازناوی "ئیمام"ی لەسەر "ڕووحوڵڵا خومەینی" دانا، بێگومان دوای ئەو نازناوە دەرگای لەسەر هەرچەشنە نیزیکبوونەوە لە خومەینی و ڕەخنەلێگرتنی لێ داخرا. چونکە بەپێی ئایینی شیعە "ئیمام" کەسێکە کە بێبەرییە لە گوناح و هەڵە ناکات و جێگرەوەی پەیغەمبەری

خوایه و، خەڵکیش دەبێ لە دنیا و قیامەت سەری پێبسپێرن.

کە خومەینی بۆ بە "ئیمام" بەپێی هەمان شەرعییەت "خەڵخاڵی" وەکوو حاکمی شەرع، خەنجەری "حوکمی شەرعی" لە ڕوو بەست و، بێبەزییانە بەر بووە گیانی جیابیران و ڕەخنەگرانی ئیمام خومەینی! ئیعدامەکانی سەربانی مەدرەسەی "رفاه" و تەپۆڵکەنی "ئێڤین"ی تاران تا فیتوای هێرش بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان و درێژەکێشانی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق بەشی زۆری بۆ ئەو نازناوە ئاینییە دەگەڕێتەوە کە دەیان "جینایەتی موقەدەس"ی لێکەوتەوە. شوێنکەوتووانی بۆ ئەوەی بچنە "بەهەشت" کوردستانیان کردە "دۆزەخ" و بە چەک و چەقۆی "فیتوا" جیابیرانیان لە پێتەختی وڵاتانی دنیا کوشت و، "تیرۆر" بوو بە "ئەمر و واجب"ێکی ئایینی بۆ ڕەزامەندیی "نایبی بەرهەقی ئیمامی زەمان." پاش خومەینی، خامنەیی، دامەزرێنەرێکی دیکەی ئەو ڕێژیمە کە تامی کۆیلایەتیی مەزهەبی و سەرسپاردنی خەڵکی فریوخواردووی چەشکە کردبوو، لە چیرۆکێکی هاوشێوە و یەکشەوەدا کرا بە "وەلیی ئەمری موسلیمین" و ناوەندە ئایینییەکان تەنانەت لە سەردەمی تێکنۆلۆژیاشدا وازیان لە خورافە و درۆهەڵبەستن نەهێنا و، مەقامێکی بەرزیان بۆ خامنەیی دەسنیشان کرد. "سەید عەلی"ش کەیفخۆش بوو بەم نیابەت و حوکمڕانییە کە گوایە میراتێکە و لە نیوەڕۆی ڕۆژی "عاشورا"وە بۆ ئەو بەجێ ماوە! هەر ئەم کەسە کە کاتی خۆی دەیگوت: دەبێ خوێن لە چاومان بێ بۆ میللەتێک کە من "ڕێبەر"یان بم، خۆویستیی دیکتاتۆرانە وایان لێکرد کە پارەکە گوتی "من لە جیاتی "خوا" قسەم کردوە! کاتی خۆی "تەیمووری لەنگ"یش دەیگوت: ئەمن قامچی خوام بەسەر خەڵکەوە و نادرشای ئەفشاریش خۆی بە زۆڵفەقاری ئیمام عەلی لە قەڵەم دەدا بۆ سەربڕینی خەڵک!

تەنزی تاڵ ئەمەیە کە تەنانەت ئەحمەدینەژاد لەم خۆنواندنانە بەجێ نەما و لە کاتی سەرۆککۆماریدا کە سەردانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردبوو، هەر دوای گەڕانەوەی بەپەلە خۆی گەیاندە لای "ئایەتوڵڵا جەوادیی ئامۆلی" و ڕایگەیاند: کە لە کاتی وتاردان، دەوروبەرەکانی "هیلال و گڕی نوور" یان لە دەور سەروسەکتی دیتووە. ئەمە کێ شاهیدی ئەم موعجیزەیەیە؟ "محەممەدڕەزا ڕەحیمی" کە بۆ ئەوەی زیاتر جێگای خۆی بکاتەوە ئەو درۆیەی هەڵبەستبوو. قسەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: درۆزنێک تەماحکارێکی خەڵەتاند" و تاقە شاهیدی "گڕەی نووری" ئەحمەدینژاد پاشان بە ئیختلاسی میلیاردی ڕەوانەی زیندان و خانەنشین کرا.

هەر لەسەر ڕێچکەی تەقەددوسی ئایینی ئەوە زیاتر لە سی ساڵە ئیمپراتۆریی "ویلایەتی فقیه" دەستی بەسەر هەموو جومگەکانی ئەو وڵاتە داگرتوە و بڕیارەکانی "ئایەتوڵڵا خامنەیی" ئەو وڵاتەی تووشی دەیان گرفتی بنەڕەتی کردوە کە تەنانەت بە نەمانی ئەویش بەئاسانی بنبڕ نابن.

بەشی دووهەم

هەرچەند خامنەیی بوێری و نیشتماندۆستیی ئیمپراتۆرەکەی ژاپۆنی نیە هەتا لە قوناخە گرینگەکاندا بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرەوەی خۆی و بیرکردنەوەی دابنێ، بەڵام چەندین ساڵە سامی ڕەخنەگرتن لە "نایبی بەرهەقی ئیمامی زەمان" کە ناههقییەکی ئێگجار زۆری لە خەڵکی ئێران کردوە شکاوە و، ئەو هەیمەنەیە کاتێک ڕووخا کە لە شەقامەکان و لە کاتی ڕاپەڕینەکان وێنەکەیان سووتاند و ڕۆژ نیە تەنانەت لە نێوخۆی وڵاتیش لاتاو لە خۆویستیی دیکتاتۆرییەکەی نەدرێ. بەتایبەتی پاش شەڕی ١٢ ڕۆژە کە هەرجارەو بە ترسەوە لە حەشارگەی دێتە دەرەوە و نەهامەتییەک لەسەر نەهامەتییەکانی دیکە کەڵەکە دەکا و دەگەڕێتەوە حەشارگەکەی!

لە ئێستادا کە زەخت و گوشارەکانی سەر ئێران و پەنگخواردوویی تووڕەیی نێوخۆیی دەستی لە بیناقاقای ئەو ڕێژیمە ناوە و تارانی لەسەر دووڕێیانی "شەڕ و ئاشتی" داناوە، دەزانێ هیچ دەرفەتێکی مانەوەی لە بەردەمدا نەماوەتەوە و نە شەڕی پێدەکرێ و نە تەنانەت بە "ئاشتی"ش لە ڕووخان ڕزگاری دەبێ!

بەڵام سەیرە کە هێشتا دەوروبەرەکانی ڕێبەری نیزام نایانهەوێ دان بە شکستی ئایینی و ڕێبەرایەتیی ئەو بهێنن و لە کۆڵی نابنەوە کە بڵێ: من خامنەییم و بەرپرسی یەکەمی چارەڕەشییەکانی ئێوەم! هەرچەند تازە وتن و نەوتنی نە قازانجی بۆ خۆی هەیە و نە بۆ خەڵک، کەچی وتەبێژی دەوڵەتی پزشکیان، دەستەوەستاوترین سەرۆککۆماری مێژووی ئێران لەم ڕۆژنەدا دەڵێ: هەرچییەک ڕێبەری بڵێ، ئێمەش دەبێ بڵێین: ژنەفتمان و گوێڕایەڵین (سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا). ئەمەش دەستەواژەیەکی قورئانییە و مانای تەسلیمبوونە بەرانبەر بە فەرمانی خوا و، درێژەی هەمان "وەهم"بەخشینە بە خامنەیی وەکوو "نوێنەری خوا" لەسەر زەوی!

بە پێی بێزراویی خەڵک لە دامودەزگا ئایینییەکان و سەرجەم دەستوپێوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە، گوشاری نێوخۆیی و زەختی زلهێزان، دوور نیە ئەمساڵ بۆ کۆماری ئیسلامی درێژترین ساڵی ئەو ڕێژیمە بێ، هاوشێوەی درێژترین ڕۆژە مێژووییەکەی ژاپۆن. دوا ساڵی حکوومەتی "خواخۆسەپێن و ناخۆشەویستەکان"ی کۆماری ئیسلامی بێ.

بەم جیاوازییەوە کە بە پێچەوانەی ئیمپراتۆر هیرۆ هیتۆ"، نە خامنەیی و نە شوێنکەوتووانی هیچ دەرفەتێکی دیکەیان جگە لە تێداچوون لە بەردەستدا نەماوەتەوە.

**ژێدەر:** دانشنامە ملل، ماڵپەڕی میلیتاری. ماڵپەڕی زانیاریی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## کورد یەکەم قوربانیی ئیسلامی سیاسییە ( لە گرووپی "هونەرگەی وڵات"ەوە بۆ سەمای "فلامینکۆ"ی ئیسپانیا)



ئەگەر بمانهەوێ بەکورتی و خێرایی ئاوڕ لە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران و ناوچەکە بدەینەوە، دەتوانین هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بە قوناخێکی کردەیی و گرینگ بزانین لە پەرەپێدانی ئەم ڕەوتە ترسناکە و، لێکەوتەکانی ئەم شێوە حکومەتدارییە تەنانەت لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبیندرێ.

ئیسلامی سیاسی لە بنەڕەتدا بەرانبەر بە بیرۆکە ڕۆژئاواییەکان و شەپۆلی نوێخوازیی سیاسی سەریهەڵداوە و، لە سەدەی بیستەمدا، دژ بە هەر جۆرە سێکۆلاریزمێک وەستاوەتەوە.

لە ڕوانگەی ئیسلامی سیاسییەوە، هەست بە مەترسیی لەنێوچوونی ئوسوول و بنەماکانی دینی ئیسلام دەکرێ و، پێیان وایە کۆمەڵگە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ قۆناخی زێڕینی ئیسلام، واتە ٣٠٠ ساڵەی یەکەمی حکومەتی ئیسلامی لە پێغەمبەری ئیسلامەوە، تا سەردەمی خولەفای ڕاشدین و " تابعین". بۆ ئەم مەبەستەش بەسەر دوو دەستە دابەشکراون:

**دەستەی "جیهادی" و دەستەی "لاجیهادی" واتە ڕێگە توندوێژی و ڕێگەی تەبلیغ و ئیرشاد.**

ڕووداوەکانی باشووری کوردستان لە شەڕی دووهەمی کەنداو لە ساڵی ٢٠٠٣وە لەسەر گەشەی سەلەفیگەریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوێندانەریی خۆی هەبووە. بەڵام چاوگە و بەستێنکەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی دەسەڵاتێک بەناوی کۆماری ئیسلامی، کە ڕاستە لەسەر بنەمای "شیعەی دوازدە ئیمام" دامەزراوە، بەڵام بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرووپە ئیسلامییە سوننەکان مامەڵەی جۆراجۆری کردووە.

حکومەتی تاران تا کاتێک ئیسلامی سیاسیی سوننە چ وەکوو تاک و چ وەکوو گرووپ بەدژی خۆی نەبێ، چاوپۆشی لە چالاکییەکانی دەکا و نموونەش زۆرن کە تەنانەت بەمەبەستی ئەمنی و بەئامرازکردنیان هاوکاریی کردوون. بەداخەوە لەم نێوانەدا تەنیا خەڵکی کورد و بەرژەوەندییەکانی خەساری لێکەوتووە و ئەم خۆسەپاندن و بیری توندڕەوییە کەلێن و قەڵشتی خستۆتە نێو ماڵی کورد و، دەیان ڕۆڵەی کوردی لەو پێناوەدا لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات یان لە کابول و تکریت و ڕەققە بەکوشتن داوە.

بە پێی توێژینەوەیەکی زانکۆی ئیسفەهان، کوردستان لەبارترین شوێن بووە بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و لە مێژوودا شەڕی بەربڵاوی ئایینی لە ناوچەکانی کوردستان ڕووی نەداوە. بەڵکوو "کوردبوون" خاڵی هاوبەش و بەهێز بووە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و، تەنانەت مەترسیش نەبوون بۆ سەر دراوسێکانیان.

ئەم تایبەتمەندییە بەنرخە، بەهۆی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و پەرەپێدان بە ئایینسالاریی حکومەتی، تاڕادەیەک خەوشی تێکەوت و، ئەگەر حیزبە سێکۆلارەکان هەوڵیان بۆ جێخستنی شوناسی نەتەوەیی نەدابا، بێگومان ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبوو بە ناوەندێکی مەترسیدار بۆ زاوزێی بیرۆکەی توندئاژۆیی ئایینی.

ئەگەرچی بە هۆکارگەلێک لە دوو دەیەی ڕابردوودا شاهیدی هەندێک چالاکی و دەرکەوتنی توندڕەوانە بووین بەڵام بە سەرنجدان بە کۆی گشتیی خەڵکی کورد، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەپۆشە و فەزای زاڵی خەڵکی کوردستان بیری "شوناسخوازی و نیشتماندۆستی"یە، هەتا پەرەپێدان بە کۆنەپەرەستی و فەرزکردنی فەریزەی ئایینی بەسەر کوردایەتی!

ئەم ژیریی سیاسییە، بەکگراوەندی مێژوویی هەیە و حیزبیکی ڕیشەدار وەکوو حیزبی دێموکرات بۆ ناساندن و جێخستنی سێکۆلاریزم هەوڵی زۆری داوە و، کەسە یەکەمەکانی ئاڵاهەڵگری بوون.

بە چاوخشاندنێک بەسەر نووسین و وتارەکانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ پەسەندکراوی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، پاتەوپات هەست بە دەروەستبوونێکی ویژدانی دەکەین لە هەمبەر واقیعەتی کۆمەڵگە و، هەوڵدان بۆ چەسپاندنی سێکۆلاریزم و دووربوون لە ململانێی ئایینی.

کەواتە کاتێک باس لە بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی کورد و بیری توندڕەوی دەکرێ، نابێ لە قوناخی داعش و تەنیا لە مەدحی پارچەیەکدا قەتیس بکرێتەوە. بەڵکوو خۆڕاگریی خەڵکی ڕۆژهەڵات لەنێو بەرداشی ئیسلامی سیاسیی "شیعە و سوننە" بۆ لێفێربوون و وەبیرهێنانەوەش دەبێ. ئەگەر ئێستاکە سەرەڕای ئەوەی گرووپە ئایینییەکان بێکێشەتر و ڕەهاتر لە ڕێکخراوە سێکۆلارە ناسیۆنالیستەکان، خەریکی تەبلیغ و چالاکین و زۆرینەی خەڵک بە هەڵسوکەوتی خۆیان لایەنی نیشتمانی و کوردبوونەکەیان بۆ گرینگە، ئەوە مێژوویەکی لە پشتەوەیە و پێمان دەڵێ کە خەڵکی کورد چیتر ناچێتە خانەی شەڕی ئایینزایی و توندڕەویی ئاینییەوە.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە هەرکات شاهیدی هەڵوێستێکی توندڕەوانە دەبین لەلایەن هێندێک مەلا و وتاربێژانی "نانیشتمانی"یەوە! نابێ پەرچەکرداری ئێمە خەسار لەو پلۆرالیزمە بدا کە گەلی کورد تێچووی بۆ داوە.

وڵامدانەوەی فیکری و وەستانەوە بەدژی بیری توندڕەویی ئایینی لەگەڵ بێڕێزیکردن بە باوەڕی باوەڕمەندانی ئایینی دوو شتی تەواو لەیەک جیان و، ئەوەی کە پێگەی حیزبی دێموکراتی لەچاو لایەنەکانی دیکە بەرزتر کردوە هەمان ڕێزگرتن لە پلۆرالیزم و خۆدوورگرتن بووە لە بێڕیزی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە گەلی کورد ئیسلامی قبووڵ کرد و وەکوو "دین" لە جێگەی خۆی داناوە. هەروەها زۆرن ئەو ڕێبەرانەی ئێمە کە هەر لە حوجرە و مزگەوتەکانەوە بانگی حەقخوازییان سەردا و بوون بە پێشەنگ! ئەمڕۆکەش کەسایەتیی ئایینیمان زۆرن کە بە بیانووی یادی خودا، خەمی خەڵک و وڵاتیان لەبیر نەکردوە. بۆیە لە کاتی هەڵوێستگرتنەکان دەبێ ئەوان لە گەڵ توندئاژۆخوازان جیا بکرێتەوە.

لەم ڕۆژانە بەهۆی گرووپێکی هەڵپەڕکێی کوردی دیسان باڵاپۆشی و جلوبەرگ بوو بە بیانوویەک بۆ بێڕیزیی دوولایەنە! پێویستە وەبیری خۆمانی بهێنینەوە ئەو جلوبەرگەی کە ئیسلامییەکان پەسندی دەکەن و ناویان لێناوە "حیجاب"! بەشێکە لە فەرهەنگی عەرەب کە ئاساییە گۆڕانی بەسەردا بێت. نەتەوەی کوردیش بەپێی هەڵکەوتەی جوغرافیایی و کولتووری ژیان و خەباتی، جلوبەرگی خۆی هەیە و ئەم گەلە نابێ بەناوی خوا و باوەڕی دینییەوە چیتر بچەوسێتەوە.

## بەشی دووهەم

### مەولەوی وتەنی:

**ئەگەر پەی خاسان حیجاب خاس مەدی**

**ئافتاب و مەهتاب هیچ کەس نمەدی!**

لە لایەکی دیکەش هەر خودی کولتووری کوردی بۆ نموونە هەڵپەڕکێ، کە دەگوترێ تێکەڵەی "بەزم و ڕەزم"ە، لە لایەنی "ڕەزم"ەکەیەوە نواندنێکی سیبمۆلێکە بەدژی دژبەران و ناحەزانی جوانیکوژ. هاوشێوەی "سەمای فلامینکۆ"ی ئیسپانیا دێتەبەر چاو کە دەگوترێ تووڕەییەکی مانادار و مێژوویی لەو سەمایەدا خۆی دەنوێنێ. ڕیشە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی داگیرکردنی ئیسپانیا لەلایەن موسڵمانە عەرەبەکانەوە لە سەردەمی خەلافەتی ئومەوی، کە ماوەی ۸۰۰ ساڵی خایاند.

پاش داگیرکردنی "ئەندەلۆس" دەگوترێ "فاتحین" لە ڕێگای جیاجیاوە دەستیان دایە چەوساندنەوەی خەڵک، بەتایبەتی چینی جوتیار و خوارەوەی کۆمەڵگە و، ژنان و کۆیلەکانیان ناچار دەکرد لە بەزمی شەوانی ئەشرافیی دەسەڵاتداردا سەما بکەن.

هەر بۆیە تووڕەیی لە کۆیلایەتی و هەستی پەنگخواردوو بۆ ئازادی و پساندنی کۆت و زنجیری یەخسیری چۆتە ناخی سەمای "فلامینکۆ"ی ئیسپانیا و ئێستاش وەکوو هونەری ئیعترازی لەنێو ئاخنیدا، بەجوانی ماوەتەوە.

**ژێدەر:**

ظهور و گسترش سلفی‌ها در کردستان ایران
کتێبی ۸۰ ساڵ خەبات لە پێناو ڕزگاریدا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ۱۹ی ڕەزبەری ۲۷۲۵



سەرچاوە
Serchawe

## بۆچی کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد؟! (خوێندنەوەیەکی سەرپێیی بۆ خۆبەکەمزانینی نەتەوەیی!)



لەوانەیە هەموو کوردێک بۆ جارێکیش بووبێ ئەم شێعرەی مامۆستا "فایق بێکەس"ی وەبەرچاو کەوتبێ یان گوێی لێ بووبێ، کە دەڵێ: "کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە". لایەنی نێگەتیڤی ئەمەیە کە زیاتر بۆ دڵساردکردنەوەی خۆمان لە هەوڵنەدان و ڕەخنەنەگرتنی جیددی لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتن و شکستەکانمان بەکاری دێنین و، وەکوو تابلۆیەکە بۆ ڕاوەستان و دەستەوەستانی کە چما "نەگەیشتن بە مەقسەد" قەدەرێکی نەگۆڕ و چارەنووسی ئەبەدیی ئێمەیە.

بەڵام هەر لەو دێڕە شێعرەدا بە جۆرێک هۆکار و هۆکردی ئەم "نەگەیشتن "و پاشکەوتنەمان ئاماژەی پێدراوە کە زۆر جار لە بەرجەستەکردن و باسکردنی خۆمان دەبوێرین، ئەویش "نۆکەریی بێگانەیە!"

کەواتە بە خوێندنەوەیەکی هێرمێنیوتکیی ئەو دێڕە شێعرە، "نۆکەری" نەکردن بۆ "بێگانە" دەتوانێ ڕەمزی گەیشتنمان بە "مەقسەد" بێ! بە زمانی ساناتر هەرکات توانیمان زنجیری کۆیلایەتیی فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە "بێگانە و دژبەران" بپسێنین، ئەوە هەنگاوێکی مەزنمان هەڵێناوە بۆ گەیشتن بە سەرمەنزڵی ئازادی و، پێویست ناکات بۆ ئەو "گەیشتن"ە تا "ئەبەد" دەستەوەستان بین.

ئەگەر بمانهەوێ پێوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیەک لەگەڵ "بێگانەپەرەستی" بدۆزینەوە بێگومان ئەوە لە ڕەهەندی "خۆکەمزانینەوە" تێپەڕ دەبێ.

هەر ئەم "خۆبەکەمزانینە" کە لە واقیعدا نەخۆشییەکی دەروونییە، گەر لەگەڵ پرسێکی کۆمەڵایەتی لێکی بدەینەوە، دەتوانین باس لەو خەسارە ژێرپێستی و پرکاریگەرییە بکەین کە "خۆبەکەمزانین" بەرەبەرە دەبێتە هۆی "خۆنامۆبوون" و، ئەمەش دەستپێکە بۆ قبووڵکردنی ڕوانینی سەرەوە بۆ خوارەوە؛

واتە خۆت و کۆمەڵگەکەت، بچووکتر و سووکتر دەبینی لە "ئەویتر."

**لەم پێوەندییەدا ئەم چەند خاڵە جێی سەرنجن:**

**لاسایی‌کردنەوە و چاولەدەست‌بوون و نەبوونی ئیرادە**

لە ڕوانگەی "خۆبەکەمزانینی نەتەوەیی"یەوە تۆ ئەکتەرێکی لاساییکەرەوەی "ئەویتری."

نەتەوەی باڵادەست بە کولتوور و مێژوویەوە، ئاوێنەیەکە بۆ خۆڕێکخستنی تۆ، بەو شێوەیە کە "ئەو" پێت دەڵێ، نەک خۆڕێکخستنت بۆ دژڕاوەستان یان خۆدوورگرتنت لە ئەو.

بە زمانی ساناتر نەتەوە ژێردەستەکان ئەگەر دەمارەکانی ئیرادە و شایی‌بەخۆکردنیان نەبزوێ، لە ڕاستیدا دیلکەوتووانێکن کە تەنانەت ستایشی زیندانوانەکان دەکەن و، لە ئەنجامدا بە زیندانێکی ڕازاوە و جارجاریش بە بزەی لێوەی زیندانوان دڵخۆش دەبن و، بەرەبەرە لەنێو فەرهەنگی باڵادەستدا، ئەگەریش بەتەواوەتی نەتوێنەوە، بەدڵنیاییەوە ناتوانن لە هەمبەریان بزۆز بن و، خەونی "سەرهەڵدان ژیانە" ببینن.

دەروونناسان هۆکارەکانی "خۆبەکەمزانین" بەتایبەتی بە کەشوهەوای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گرێ دەدەنەوە بە نەبوونی باوەڕبەخۆبوونی تاکەکان و لاوازیی ئیرادەی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو تەوژمە داگیرکەرە.

بۆ نموونە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر جار شتەکان یان بەپێچەوانە یان گەورەتر لەوەی کە هەیە، پیشان دەدرێ و،

ئەم وێناکردنە ناڕاستە، تاکەکان لە خۆیان و لە هەمبەر خۆیان دڵیان دادەمێنێ و، هەست بە نسک و داماوی دەکەن.

ئەمەش کاتێک کارەساتبارترە کە بەرۆکی هەستی نەتەوەیی ئێمە بگرێ و پێمان وابێ ئێمەی کورد نزمتر و ناشارستانیترین لەچاو نەتەوەکانی دیکە (بەتایبەتی لێرە مەبەست نەتەوەی سەردەستی فارسە.)

## شوبهاندنی کەسییەتی و کەسایەتییەکانی خۆت بە "ئەویتر"

کاتێک خۆت خوارتر لە "ئەویتر" پێناسە بکەی و ئەم هەستە ڕووخێنەرە بچێتە نێو مۆخی ڕوانگەی کۆمەڵگەوە، ئەمەی لێ شین دەبێ کە باشترین بژاردە و لێهاتووانی خۆت هەر لەگەڵ ئەوەی نەتەوەی سەردەست بەراورد دەکەی و، ڕەوایی خۆت لەوان وەردەگری.

سەیری ئەم نموونانە بکەن؛ بە "نالی" شاعیری کورد دەڵێن "حافزی کورد"، بە فلان پێشمەرگەی ئازا و چاونەترس دەڵێن "گیڤارای کورد"، بە فلان هەڵبەستوان دەڵێن "فیردەوسی کورد"، بە فلان ژنەنووسەر دەڵێن" فرووغی کورد"، دەیان نموونەی دیکە کە بۆ تێڕامان دەبێ.

## بۆچی تەنانەت لە بژاردە و سەرکەوتووەکانیش، هەر بنکەوتووانە خۆمان پێناسە دەکەین.

ئەم "نەیارشەیدایی"یە وای کردوە کە لە قوناخە گرینگەکانی مێژوودا، ئیرادەمان سست و لەرزۆک بێ و، نەتوانین ڕاشکاوانە مافەکانی خۆمان بچەسپێنن و تەنانەت لە هەندێک ڕووداوی چارەنووسازی سیاسیدا پاشکۆیەتیمان پێوە دیارە. ئێستاشی لەگەڵ بێ، هیچ دەستەبژێرێکی سیاسیی ئێمە لە دەرکەوتنی میدیا "غەیرە کوردەکان"دا، ئەو مافە بە "ماف" نازانێ کە داوای وەرگێڕ بکا، کە لەو ڕێگایەوە بیسەلمێنێ کە زمانەکەی ئەو چیتر ژێردەستەی نەتەوەی سەردەست نیە.

## کارتێکەریی "خۆکەمزانین" لەسەر جڤاک و دوورەدیمەنی خەسارەکانی

لەم ڕۆژانەدا بەناوی "بلاگر" لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کە دەرفەت و تکنیکێکی لەبارە بۆ خۆزیندووکردنەوەی نەتەوەیی، بەڵام بەداخەوە هەندێک جار خراپی بەکار دەهێنین و دەبێ وەکوو مەترسی و کەمایەسییەک قامکی ڕەخنەی لەسەر دابنێین.



سەرچاوە
Serchawe

دەبینین بەدەیان "بلاگر" بە جلی کوردی، بەڵام بە فارسی ڤیدیۆ بڵاو دەکەنەوە و بانگەشەی شار و ناوچەکانی کوردستان دەکەن.

ئەمە نابێتە بووژانەوەی بازار و گەشەی کەرتی گەشتیاریی لەکاتێکدا کە خۆت خاوەن خاک و ماڵ نیت، بەڵکوو هەم لە باری فەرهەنگییەوە لاساییکردنەوەیە، هەم بەپێی زانیارییەکان لەم ڕێگایەوە هەندێک لە باشترین زەوی و خانەباخ و خانووەکان، لە هەورامان و سنە و مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان فروشراون بە "غەیرە کوردەکان" و، خەڵکی کورد بوونەتە کرێکار و کاربەڕێکەری بەردەرکەی ماڵ و باخی "بێگانە."

ئەم دیاردەیە بەدەر لەوەی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە کاریگەریی خراپی هەیە، لە باری دێموگرافییەوە تۆ خاکی خۆتت بە دەستی خۆت فروشتوە، کە سبەی بە ئاسانی بۆت ناکڕێتەوە! بەسەرهاتی فەلەستین و جووەکان هەتا ناوچەکانی باکووری ئێران، لەو بارەوە نموونەیەکی بەرچاون.

هەروەها بە پێی زانیارییەکان بەداخەوە بۆتە باو کە شایەر و گۆرانیبێژانی کورد لە شاییەکاندا پاش نیو ساعەت گۆرانی کوردی، لەهیچوخۆڕا دەست دەکەن بە وتنی گۆرانی فارسی و جاری وایە یەک میوانی فارسیشی لێ نەبووە و ئەم ڕەفتارە ناڕەوایە خەریکە لە زۆربەی شاییەکانی کوردستان جێ دەکەوێ. لە بیرمان نەچێتەوە کە "جێکەوتنی ئاکاری خراپ لە خودی ئاکارە خراپەکە، خراپترە."

هەروەها لە بواری دیزاینی جلوبەرگیشەوە ئەگەر سەرنج بدەین بە بیانووی نوێگەراییەوە خەریکی لاساییکردەنەوە و تێکدانی فۆرمی جلی کوردین و دەبێ دیزاینەر و بەرگدرووی ئێمە لەو مەترسییە ئاگادار بکرێنەوە کە نابێ فۆرم و شێوازی ڕەسەنی جلی کورد تێکبدرێ، بەڵکوو دەبێ فۆرمە ڕەسەنەکان بە وردبینییەوە بە ئەمرۆیی بکرێ نەک دیزاینەکەیان، تێکدەرانە و لاساییکردنەوەی "بێگانە" بێ.

## خۆبەکەمزانینی نەتەوەیی و ڕۆڵی نێگەتیڤی هەندێک لە ڕووناکبیران

لە هۆکاری "خۆبەکەمزانین"ی ئێرانییەکان دەگوترێ کە هەندێک ڕووناکبیر و "منورالفکر"ی فارسی "ئورووپادیتوو"، لە بنکۆڵکردنی ئیرادەی خەڵکی ئێران و خۆبەکەمزانینان ڕۆڵیان هەبووە و بە گوتەی کۆمەڵناس "حوسێن بەشیریە" "نەتەوەی شکست خواردوو و خۆبەکەمزان، هەر بەو جۆرە کە لە هەمبەر نەتەوەی زاڵ، هەست بە نسکۆ و داماوی دەکا، لە هەمانکاتدا بە گاڵتە و تیتاڵییەوە نەتەوەکانی دیکە دەچەوسێنێتەوە."

هەر بۆیە ڕۆژانە جیا لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لە لایەن ئاخێوەرانی "فەرهەنگ و زمانی سەردەست"ەوە بە دەیان جۆر شاهیدی بێڕێزیکردن بە نەتەوەکانی دیکەین.

بەشی دووهەم

بەداخەوە هاوشێوەی هەمان ڕەفتار لە کۆمەڵگەی ڕووناکبیریی کوردیش نموونەمان هەیە کە دەبێ ڕووناکبیری ئێمە بە وردییەوە سەرنجی بدات. نابێ لەژێر ناوی "فاشیستنەبوون" و "گلۆباڵبوون"! مافویستی و هەر چەشنە ویستێکی نەتەوەییمان بخرێتە پەراوێزەوە. لەبنەڕەتدا ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکردارێکە لە هەمبەر دەسەڵات و بیرۆکەی فاشیستیدا! بەگوتی "فێدریکۆ فێلینی" فیلمسازی ناسراو، کە لە دەزگای فاشیستیی مۆسۆلینی فیلمساز بووە، دەڵێ: "فاشیست" ئایدۆلۆژیا و بیرۆکە نیە، بەڵکوو تکنیکێکە کە دەبێ بەزۆریش بێ، "تۆ" لەگەڵ "من" بیت.

بزاڤی شوناسخوازانەی کورد تائێستا نەچۆتە خانەی فاشیستییەوە؛ چونکە کورد لە هەمبەر زۆرلێکردن وەستاوەتەوە، نەک بیهەوێ زوڵم و زۆر لە نەتەوەکانی دیکە بکا.
کەواتە ئەگەر هەوڵ نەدرێ بۆ پساندنی پەت و تەنافەکانی "خۆبەکەمزانینی نەتەوەیی"، بێگومان "بێگانەپەرەستی" لە هەموو ڕوانگە و ڕوانینی ئێمەدا پەرە دەستێنێ و کۆمەڵگەش لە هەمبەر چارەنووسی خۆی بێتەفاوت و خەمسارد دەبێ و، لە کۆتاییدا بە گوتنەوەی "کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد" هەر چاوەڕێی ڕزگاریدەر دەکا. قورسکردنی کۆی ئەم گرفتانەش لەسەر شانی حیزبە سیاسییەکان، واتە ڕاکردنی تاکبەتاکی کۆمەڵگە لە ئەستۆگرتنی ئەرکی نەتەوەیی خۆیان.

بەڵێ!

بۆ ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ "خۆبەکەمزانینی نەتەوەیی" دەبێ هەموو شوێن و جومگەکانی کۆمەڵگە، ڕۆڵی سەرەکییان هەبێ! لە نووسەر تا کاسبکار، لە "بلاگر" تا بازرگان و، لە ڕۆژنامەنووس هەتا تاکێکی ئاسایی کۆمەڵگە، خۆی بە تێکۆشەر و، شوێن و حاڵی ژیانیشی بە سەنگەرێک بزانێ بۆ داژداری کردن لە "کورد و کوردستان ."

کە وامان بیر کردەوە چیتر گەیشتن بە "مەقسەد"ی ڕزگاری خەون نیە و، بەڵکوو ئاسۆیەکی نیزیک و ڕوونە.

ژێدەر:

دیوانی فایق بێکەس"ڤەژینبۆکس"
ماڵپەڕی هماندیشان
دیباچەای بر آسیبشناسی سیاسی حسین بشیریە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٥


سەرچاوە
Serchawe

## تەوسی تاڵی ژینی خەڵک و، مافیای "فیلم و فووتباڵ" لە ئێران



دەرهێنەرەی بەناوبانگی ئەمریکایی "تۆنی سکۆت" لە فیلمی (لایەنگر١٩٩٦) فامک لەسەر شەیدایی و وەسواسیی کاراکتەرێک دادەنێ کە نغرۆ بووە لە لایەنگرییەکی دەمارگرژانەی لە یاریزانێکی تیمی "بەیسباڵ" و، تەنانەت لەو پێوەندییەدا کە نایهەوێ لەگەڵ واقعیەتی تاڵ، ڕووبەڕوو ببێتەوە، دەبێتە چەقۆکێش و مرۆڤکوژ!

ئەو فیلمە پێمان دەڵێ ڕاستە سەیرکردنی کێبەڕکێ و لایەنگری لە یاریزانان حەزێکی ئاساییە، بەڵام کاتێک نائاسایی دەبێت کە تووشی ئێلیناسیۆن بی، بە واتای غەرقبوون لەو حەزە و، بێئاگابوون لە هەقیقەتەکانی تەنیشتت.

ئەگەر لە ئێستای فەڕانسە و ئیسپانیا، خەڵک بەهەستتر لە ئێران لاینگەری "تیمی نەتەوەیی تۆپی پێ"ی وڵاتەکەیان بن، مادام بنەما دێموکراتیکەکان و گەشەستاندنی وڵات جێ کەوتووە و، "وەرزش" لەژێر ڕکیفی دەسەڵات، ڕزگاری بووە، دەتوانێ بەشێک لە ئۆغژنیی ژیان بێ، بەڵام گەمژەییە کە تاکێکی کوردی بەشمەینەت یان بەلوچێکی بێرێزکراو، بەرۆکی خۆی بۆ "تیمی میللیی کۆماری ئیسلامی" دادڕێ، کە بە مەیل و ویستی حاکمیەتی سەرکوتکەرە و، هێشتا کێشەی ڕۆیشتن و نەڕۆیشتنی ژنان بۆ یاریگە، ئامرازی دەستی ناوەندە ئەمنییەکانە کە هەر کات بیانهەوێ شل و توندی دەکەن و، شەقامی

ناڕەزایەتیی پێ سەرقاڵ دەکەن.

نموونەی ئەم چاوداخستنە جەمعییە، لە ئێستای کۆمەڵگەی ئێران بە جوانی دەبیندرێ و، بە سەرنجدانێک دەتوانین پەی بە قووڵایی ئەو کارەساتە ببەین کە "مافیای فیلم و فووتباڵ" لە ئێرانێک کە تەنانەت لە ئاستی جیهانیدا لەو دوو بوارەدا قسەی وای بۆ گوتن نییە و، شانازییەکی ئەوتۆی بە دەست نەهێناوە، بەڵام چەندە لە پەکخستن و دوورخستنی کۆمەڵگە لە هەقیقەتی ژیان و دۆخی سیاسیی وڵات بەئەنقەست و بەمەبەست بەکار هێنراون.

لە حەوتووی ڕابردوودا هەواڵێک بڵاو بۆوە کە سۆپەرستارێکی فیلمە گاڵتەجاڕییەکانی ئێران (کە پێی دەڵێن تەنز)، کە پێشتریش یاریزانی تۆپی پێ بووە، بە تاوانێکی گەورە بانگهێشتی دادگا و پاش دەستبەسەرکرانی چەند ڕۆژە، بە بڕی ٢٠٠ میلیارد تمەن وەسیقە، بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.

هەڵوێستگرتن بەرانبەر بەم هەواڵە، هەڵگری تێڕوانینی زۆرینەی خەڵکی ئێرانە کە چەندە هەستەکی و نابەرپرسانە ڕووبەڕووی ڕووداوەکان دەبنەوە.

بەدەر لەوەی کە نێوەڕۆکی دۆسییەی "پژمان جەمشیدی" چی بێ و چی نییە و، چەندە ڕاستە یان درۆ، نەفسی کاردانەوە گشتییەکان جێگای سەرنجن، کە بەداخەوە "ناو و ناوبانگ" چۆن دەتوانێ ببێتە هۆی "بۆتسازی" و، ببێتە بکوژی مەنتقی مرۆڤ و، جڤاک پڕ بکات لە بڕیاری "هەیەجانی" تا عەقڵانی.

ئەم هەواڵە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنییەوە و، لە خەڵکی ئاسایی تا دەستەبژێرانی بواری "فیلم و فووتباڵ" هەوڵیان دا تا لە تاکێکی کۆمەڵگە، کە دەتوانێ هەڵگری نەخۆشیی دەروونیش بێ، "قەداسەت"ێک ساز بکەن لەسەر "بەناوبانگ"بوون و، جێی داخ ئەوە بوو کە ناسراوبوون و دەوڵەمەندبوونیان دەکردە پەرژینێک بۆ پاراستنی! ئەمە بەرهەمی هەمان نەخۆشیی "لایەنگریی دەمارگرژانەیە" کە چاوت دەبەستێ و، تێڕوانینت کوڵ و کورت دەکاتەوە.

لووتکەی کارەساتەکە ئەمە بوو، خەڵک بێ ئەوەی بزانێت نێوەرۆکی دۆسییەکە چییە جێگای "تاوانبار" و "قوربانیان" گۆڕی؛ واتە لە کەیسی بەناو دەسدرێژیی سێکسی، بە پاساوهێنانەوەی نابەجێ، هەمدیسان ژنیان بە تاوانبار لەقەڵەم دەدا، مەبادا پیاوەکە چونکە "ئەکتەرێکی ناسراو و خاوەنی پلە و پارەیە لە "مافیای فیلم و فووتباڵ"، پرێستیژی خەوشی تێ کەوێ.

لەوانەیە بگوترێ چونکە دەزگای دادی ئێران جێی متمانە نییە، بۆیە خەڵک وا هەڵوێستیان گرت، بەڵام ئەمە بەمەرجێک ڕاستە کە لە کاتی سزای ئیعدام و زیندان و دوورخستنەوەکانی ناڕازییان و زڵملێکراوانی ئەم دواییانە، بە چەشنی بنەماڵەی دادخوازانی ڕاپەڕینی ژینا، هەمان دید و هەمان هەوڵ هەبێت؛ نەک هەقیقەت ببێتە قوربانیی "شهرت"! ئەویش لە کۆمەڵگەیەک کە عەدالەتیی شارۆمەندی بۆ درەوشانەوەی لێهاتووانی بوارەکانی فیلم و فووتباڵ بۆ هەمووان یەکسان نییە!

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا دەیان کەس بە پەلەپەل دادگایی و لەسێدارە دران، چونکە نە خەڵک کاردانەوەی وایان نواند، نە تیمی کارکوشتەی وەکیل و پارێزەری پارەنەویست! فریایان کەوتن.

## مەبەست لە مافیای "فیلم و فووتباڵ" چییە لە ئێران؟

لە کاتێکدا بەهۆی دەسەڵاتی ناخەڵکیی کۆماری ئیسلامییەوە، ژیانی ئاسایی لە ئێران لە تەوسێکی تاڵ دەچێت، زۆری و بۆری فیلمە کۆمێدییەکان لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی و پلاتفۆرمەکانی دیکە، پاتەوپات لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتەکان و ڕووداوە سیاسییەکان پێوەندی هەیە و، دەرخەری ئەم ڕاستییە کە ناوەندە ئەمنییەکان چاک لە خەڵکی ئێران تێگەیشتوون و، هەر کات پێویست بووە ڕێگایان خۆش کردووە بۆ زۆربوونی فیلم و سریاڵی نێوەرۆکتەوس و ئەم گەپجارییەش، هێندێک جار بە چاوپۆشینی دەزگای سانسۆر، هێڵە سوورەکانیشی تێپەڕاندووە.

سناریۆی کلێشەیی و گاڵتەوگەپی جینسی و دووپاتەکردنەوەی سووژە دێمۆدە و، تیکراریبوونی ئەکتەرەکان، خاڵی هاوبەشی کۆی بەناو فیلمی تەوسی ئەم ڕۆژانەی ئێرانن کە زیاتر لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەی مافیایی دەچێت هەتا گرینگایەتیی ژانری تەنز لە هونەری حەوتەمدا.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لە ماڵپەڕی "فیلمنگار" ڕێژەی فیلمەکۆمێدییەکان لە ئێران بەپێی دەوڵەتەکان و دۆخی ئەمنی و سیاسیی وڵات گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

لە پاش شەڕی ئێران و عێراق لە سەردەمی ڕەفسەنجانی بۆ هێورکردنی لێکەوتەکانی دوای شەڕی ٨ساڵە، فیلمی تەنز لە ئێران پەرەی گرت.

## بەشی دووهەم

لە سەردەمی خاتەمی لە کزی دا و، لە پاش ڕووداوەکانی ساڵی ٨٨ دیسان ئەم ڕەوتە جێیگومانە! سەری هەڵدایەوە، هەتاکوو دوای ڕاپەرینی ژینا، کە بەڕاشکاوی دیارە دەسەڵات، دەسئاوەڵایی بە دەرهێنەران و بەرهەمهێنەران بەخشیوە بۆ پەرەپێدان بەم جۆرە بەرهەمانەو، مەبەستەکەشی ڕوون و ئاشکرایە.

دیارە بە هۆکارگەلێکی کۆمەڵناسانە بە میلیاردیش دەفرۆشرێن چونکە لە تەنیشتی ئەم بێسەروبەرەییە، ڕەخنە جیددی و دەنگی جیاواز نییە کە بە خەڵک بڵێ: فریوخواردوویی ئێوە ملئەستۆری ئیستبدادی بە دواوەیە و هەندێک شت بۆ گاڵتەکردن نابن بەڵکوو بۆ ڕووبەڕووبۆنەوە دەبن! وەکوو ڕانت و بەرتیل و گرانی و کەتنە کۆمەڵایەتییەکان.

بە زمانی سادە لە سینەمای بەناو تەنزی ئێران هەموو کێشە بنەڕەتییەکانی وڵات چونکە جڵف و سەرسەرییانە باس دەکرێن، بڤە نین، بەڵام کە کران بە نێوەرۆکی بابەتێک نووسەرەکە دەسبەسەر و، ماڵپەڕەکەش دادەخرێ.


ئەم قسەی "هێگڵ" لەو بارەوە تەواو ڕاستە کە دەڵێ: کاتێک گاڵتەکردن جێگای "کردەوە" دەگرێت و، پێکەنین جێگای ڕووبەڕووبوونەوە، ئێمە بەرەبەرە لە ئەخلاق و لە هەقیقەت و لە ئیمکانی ئاڵوگۆڕ دوورتر دەبینەوە.

"فووتباڵ"یش بەهەمان شێوە، لە ئێران مافیاییەکی سیستەماتیکە بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک و، هەر بەپێی ناوی تیمەکانیان، پێرسپۆلیس" (شاری فارسەکان)، "سپاهان" و هەتا تیمی "تاج"، خۆسەپاندنێکی ناوەندگەرایانەیە.

لە سەردەمی ڕۆمی باستان، ئەگەر گلادیاتۆرە کۆیلەکان ببوون بە ئامرازی سەرقاڵیی دەوڵەمەندەکان، لە ئێستای ئێرانی بەڵالێدراو، ئەوە سلێبریتییە دەستڕۆیشووتەکانی "فیلمی تەوس و فووتباڵ"ن، کە خەڵک بەخۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن و، لە هەقیقەت دووریان دەکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

## خەڵک ئیتر ئەسپی زینکراو بۆ دەسەڵات نین! (لە پێوەندی لەگەڵ پینەوپەڕۆکردنی کۆماری ئیسلامیدا)



تایبەتمەندیی سەرجەم دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان بەکارهێنان و کەڵکئاژۆ وەرگرتنە لە خەڵک! چ وەکوو هێزی جەماوەری و چ وەکوو چەمکێکی کۆمەڵایەتی/سیاسی.

ئەگەر ڕێژیمی پەهلەوی بە ئێرانشاریگەرایی و دروشمی "خودا، شاه، میهەن" بۆ ماوەی ٥٣ ساڵ دەسەڵاتی ئێرانی وەکوو قەبارەیەکی نوێ، بەدەستەوە گرت، ئەوە کۆماری ئیسلامیش بە هەمان شێوە لە جێگای "شا"، "ئیمام و ڕێبەری" داناوە و، بۆ گرێدانی خۆیان بە خودا، "کریدۆری ویلایەتی فقیه"یان کردۆتەوە. لەم نێوانەدا لەجیاتی وەتەن و نیشتمان، زیاتر جەختیان خستۆتە سەر خەڵک!

بەڵام هەر لە دەستپێکی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئیسلامی کە خومەینی دەیگوت "کارەبا و ئاو" بەخۆڕایی دەدەین و، خەڵک بە "مەقام و پلەی ئینسانی" دەگەیەنین، هەر لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا ڕوو بە بەردەنگەکانی دەیگوت: ئێمە "شا"مان لەنێو برد، جا ئێوە کێن و چ کارەن!؟ ئەم قسەیە دواتر لە درێژەی تەمەنی سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی

## بەشی دووهەم

دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە زیاتر دەرکەوت،کە ئەوەی بەلایانەوە گرینگ نییە، خەڵکە و، لە چاوی ئایدۆلۆژیستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵک ئەوپەڕەکەی سەرێکن بۆ سەربڕین جا چ بۆ شایی بێ! چ بۆ ماتەم و پرسە!

بەکار گرتنی دەستەواژەی خەڵک، لە لایەن حکوومەتە ئایدۆلۆژیکەکانەوە زیاتر خۆهەڵواسینێکە بۆ ڕەواییدان بە هەر چەشنە خەمساردبوون لە ویستی بنەڕەتیی کۆمەڵگە و، خۆسەپاندنێکی سیاسییانە و نادێموکراتیکە لەهەمبەر کێشە و گرفتەکاندا.

وێکچوونێکی مێژوویی هەیە لەنێوان کۆی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی سەدەی بیستەم، کە ئەویش بەناوی خەڵکەوە پەرە بە جینایەتەکانی خۆیان دەدەن.

جۆرج ئۆروێڵ لە مەزرا خەیاڵییەکەی کە ناوی "مەزرای ئاژەڵان"ە، لە سەروبەندی شەڕی دووهەمی جیهانی، بەجوانی دۆخی ڕێژیمە سیاسییەکانی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی نەخشاندووە.

کە چۆناوچۆن گەندەڵیی سیاسی و ئیستبداد و لەنێوچوونی بنەما دێموکراتیکەکان، پاش شۆڕشەکان، بە فریودانی خەڵک دەست پێدەکات و، ئەم گەندەڵی و داخراوییەش هەر بەناوی خەڵک و لە قامووسی خەڵک بە پیرۆزییەکی ساختەوە جێ دەخرێ.

کۆماری ئیسلامی لەو ڕێژیمانەیە کە پاش ٤٥ ساڵ دەسەڵاتی ناخەڵکی و بەشێوەی ئۆلیگارشیی مەزهەبی لە قۆناغە هەستیارەکان وەکوو هەڵبژاردن و ناکۆکییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە، خەڵکی کردۆتە بیانوو؛ خەڵک لە دیدی کۆماری ئیسلامییەوە دەستوپێوەندەکانی خۆیانن و جگە لە خەڵکی "خودی" هیچ کەسی دیکە ناگرێتەوە کە ئەوانیش لە پایتەخت و شارە گەورەکان ناترازێ؛ بەڵام بۆ ئاژاوەگێڕی و قوربانیکردنیان خەڵک زۆرن و دەستی درێژی ماف زەوتکردن، هەتاکوو گوندەکانی سەرسنووریش دەگات!

خومەینی و دارولەلەکەی نەتەنیا خەڵکیان بە "مەقامی ئینسانی" نەگەیاند، بەڵکوو لەبەر پاوانخوازی و چەقبەستووییەکی سەرەڕۆییانە، کەرامەتی ئەو خەڵکەیان تا ڕادەیەک شکاندووە کە بە چاوخشاندنێک بە هەڵسوکەوتی خەڵک دەبینین کە چ کۆمەڵگەیەکی بەتاڵ لە هیوا و دارماو لە ڕۆحی شارۆمەندی و گیرۆدەی خەمساردییەکی بێوێنەن؟

لە ئێستادا دروشمەکان و خەڵک فریودانەکان ناتوانێ واقعیەتی کۆمەڵگەی ئێران داپۆشێ و، ئامارەکان لە هەموو بارەوە باس لە کارەساتباریی دۆخی خەڵکی ئەو وڵاتە دەکەن.

"هاینرش بێل" نووسەری دژە شەڕی ئاڵمانی دەڵێ: دەزگای سەرکوتکەری نازی، بەدەر لەو هەموو گیانە کە ئەستاندی زەبرێکی گەورەتری وەشاند، ئەویش بەکارهێنانی هێندێک چەمکی پیرۆز و گران بوو بۆ پاساوی جینایەتەکان و مرۆڤکوژییەکانی.

دەزگای نازی تەنیا خەڵکی نەکوشت! بەڵکوو بە پڕوپاگاندای ناجوامێرانە باری مانایی وشەگەلێک وەکوو یەکسانی، مرۆڤ، ئازادی، سەرکەوتن و سەربەستی تا ئازادی و کەرامەتی مرۆیی لەنێو برد و زوڵمێکی قەرەبوونەکراوی لێ کردن.

هەر بەم ڕوانگە بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامیش جیا لە نیزیک بە نیو سەدە ستەم و ستەمکاری، دەستەواژە پیرۆزی وەکوو "جمهوری"، خەڵک، هەڵبژاردن و "مساوات و برابری"، بە درۆکردن و فێڵکردن، لە مانا حەقیقییەکان بەتاڵی کردوون و بگرە خەڵکیش لە هەندێک لەم چەمکانە ئیتر بێزار و ماندوون.

لە ئێستادا کە زۆرینەی خەڵک بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان، نەمان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامییان دەوێ و، لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێژیمە تا لایەنگرانیان ڕۆژ بەدوای ڕۆژ بێزراوتر دەبن. شاهیدی هێندێک هەوڵ و نمایشی پۆپۆلیستین بۆ "پینەوپەڕۆکردن"ی جەستەی پەڕتووکاوی ئەو ڕێژیمە کە بە هەموو دەوڵەتەکانییەوە چ خەسارێکی ماددی و مەعنەویی بەو خەڵکە نەگەیاندووە؟!

ڕاستە تا ئەمرۆکە بە هۆکارگەلێک بۆ نموونە "نەبوونی پرۆژەی سیاسیی ڕوون" و، جێگەرەوەیەکی جێیباوەڕ، ئێمە کۆدەنگییەکی بەربڵاو بۆ نەهێشتنی ئەم دەسەڵاتە نیوەگیانە نابینین! بەڵام هەر ئەم خەڵکە تێچوویەکی قورس و گرانیان داوە، کە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان ڕا دەمێنی، تێدەگەی چەندە تینووی تێپەڕبوون لەم ڕێژیمەن و، چەندە لە دەموچاوەکانی ڕاست و چەپی ئەم حکوومەتە بێزارن.

لە پاش شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا، ڕۆژانە شاهیدی گلەیی و گازەندی بەرپرسانی ڕێژیمین بە مەبەستی قوتارکردنی حاکمییەت لە هەڵدێری ڕووخان و، فریودانی خەڵکیان بە شێوەی جۆراجۆر دەست پێ کردۆتەوە.

لە سەرۆککۆمارەکانی پێشوو تا ئەوەی ئێستاکە! بە جۆرێک قسە دەکەن چما تاوانی خەڵکە؟! و پێیان وایە خەڵک لە بیری

چووتەوە، کە تەنانەت دەوڵەتی ئیسلاحخوازانیش لە کارنامەیاندا کوشتنی "قەڵەم و ئەندێشە"ی جیابیران، لەژێر ناوی قەتڵگەلی زنجیرەیی بەخوێناویی ماوەتەوە.
هەتا دەوڵەتی "تەدبیر و هیوا" کە بە ئاسانی ناڕازییانی سەرشەقامی گرانی و بێنانی، شەلاڵی خوێن کرد.

کاربەدەستان و دامەزرێنەرانی ئەم ڕێژیمە کە مانەوەی خۆیان، ئەم حاکمییەتە بە ئەولەوییەت دەزانن و پێکەوە لە "کەشتی"یەکەی شەمخانی دان! هەر بۆیە بە شێوەی جۆراوجۆر کەوتوونەتە گەڕ بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک، هەتا گەڕێکی دیکە، دەسەڵات بە دەستیانەوە بمێنێ.

لە دیدی ئەوانەوە پێیان وایە خەڵک هەمان "ئەسپی زینکراو" و ئامادەی جارانن کە لە تەنگانەدا دەتوانن بە کەیف و ویستی خۆیان لێی خوڕن.

ئەوان پێیان وایە لە ئاخر شەڕی و خەزانی "ویلایەت فقیھ" و، قامکی تاوان ڕاداشتن بۆ خامنەیی، ئێران بە جۆرێکی دیکە، هاوشێوەی کووبا و کۆریای باکوور یان رووسیەی دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، دەتوانن بەڕێوە ببەن و هەر بۆیە بە "گوتاردەرمانی" و خۆدزینەوە لە ئەسڵی بابەتەکە واتە کۆتاییهاتنی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، ئیتر وازیان لە وادە و بەڵێن هێناوە و بە ڕەخنەگرتنی توند لە ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەر کەس لە هەوڵدایە خۆی و دەوڵەتەکەی لەم دۆخە لیخنە بێبەری و خاوێن نیشان بدات.

لە واقیعدا بەم هەولانە دەیانهەوێ زامی بەسەرچوویی تەمەنی ڕێژیمەکەیان سارێژ بکەن.

بەڵام بە خۆشییەوە هەڵسوکەوتی خەڵک لە وەڵامی دەموچاوە درۆینەکان و دەمڕاستەکانی ئێستا و پێشووی ڕێژیم، نیشاندەری ئەمەیە کە تەنانەت ڕاوێژکارە باڵاکانی ئەو نیزامە بە چەشنی عەباس عەبدی و سەعید شەریعەتی دەڵێن: ئەوەی لە ئێستادا مانای نەماوە "خەڵک و پشتیوانی خەڵکە"، کەس ناپرسێت چۆن "چاک" دەبێت؟ بەڵکوو پرسیار لەسەر شێوە و کاتی "ڕووخان"ی ڕێژیم دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## خۆخۆریی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی! (لە پەراوێزی ناشارەزایی لە ڕەخنەگرتندا)



**هێنری کیسێنجەر، سیاسەتوان و دیپلۆماتی بەناوبانگی ئەمریکایی دەڵێ:** "هەرکات بەرپرسانی کۆشکی سپی لەسەر چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پرسیاریان لێ کردووم کە چ بکەین؟ گوتوومە: هیچ مەکەن! چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکی خۆخۆرییە و، بێ ئەوەی پێویستی بە هێز و هێرشی دەرەکی هەبێ، خۆیلەخۆیدا دەپووکێتەوە!

"خۆلەنێوبردن" یان هەمان خۆخۆری کە کێشەیەکی دەروونییە، بریتییە لە: کۆمەڵێک ڕەفتاری بەئەنقەست یان نائاگاهانە، کە دەبێتە هۆی سازبوونی لەمپەر و کۆسپ و دڵساردی، هەروەها هۆکارێکی بەهێزی خۆپەکخستنی مرۆڤە بۆ نەگەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەم دیاردەیە لە دەروونناسیدا بە گرفتێکی زیانمەند پۆلێن کراوە، کە هەڵگری چەند تایبەتمەندییە کە بەرچاوترینی بریتییە لە: خەسار بە خۆ گەیاندن و، بەرد لەسەر ڕێی سەرکەوتن خستن و، دژبە خۆڕاوەستانی هەمەلایەنەیە. ئەگەر بمانهەوێ ئەم چەمکە دەروونییە لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، کە پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ کورد بەگشتی و بەتایبەتی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرێ بدەینەوە و ئەم بابەتەی پێ ڕاڤە بکەین، پەی بە کارەساتێکی خۆماڵی دەبەین بە ناوی "خۆخۆریی نەتەوەیی" کە وەکوو نەخۆشیی تەبەق، نمەنمە هەنگاوی ئیرادە و

باوەڕبەخۆبوونی نەتەوەییمان شل و سست دەکا و، بە شەلەشەل وەسەر ڕێگایەکمان دەخات کە ڕێگای ئێمە و خەباتی ئێمە نییە.

ئەم "خۆلەنێوبردن"ی نەتەوەییە کاتێک سەرهەڵ دەدا و، پەرە دەستێنێ کە هەست بە گرنگایەتی و، هێڵی سووری نیشتمانی نەکرێ و، ئەوەی کە پێی دەگوترێ بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە ئاسانی لەبەر ویستی تاکڕەهەندی، یان مەزنخوازیی سیاسی ڕەچاو نەکرێ.

لەبنەڕەتدا سیمبۆل و هێما نەتەوەییەکانی گەلانی دونیا، یەکشەوە لەدایک نابن! یان شینبووی دۆخی کارەساتباری خەبات و ملنەدانی خۆڕاگرانەن، یان هەڵگری "بیرەوەریی گشتی"ن. هەر بۆیە ڕێزگرتن لەو هێما و سیمبۆلانە لەنێو هەموو نەتەوەکان دەچێتە خانەی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە. چون پێش لە لێکترازان دەگرێ و، ئەڵقەی پێکەوەبوونیان لە هەمبەر ئەوی دیکەدا پتەوتر دەکا. بەرژەوەندیی نەتەوەیی تەنیا لە هێژمۆنی سیاسی و سامان و سروشتی ژێئۆپۆلێتیکیدا، کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو پاراستن و دوورخستنەوەی هەرکام لە هێما نەتەوەییەکان لە سووکایەتیپێکردن، بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی دێتە ئەژمار.

بە پێچەوانەکەشی ڕاستە کە ئەگەر هێما و نیشانە نەخشێندراوەکان لەجیاتی ڕێزگرتن لە ئێستا و دواڕۆژدا، بێڕێزییان پێ بکرێت، بێگومان وەبیرخەرەوەی هەمان گرێی دەروونییە کە پێی دەگوترێ "خۆخۆریی بەکاوەخۆ". بەم جیاوازییەوە کە لە "خۆخۆریی نەتەوەییدا"، کێشە تەنیا تاکەکەس نییە، بەڵکوو زەبر لە ئێستا و دواڕۆژ و کۆی ئەو دەستکەوتە نەتەوەییانە دەدرێ کە بە خوێن و خەباتی گەلێک بەدەست هاتوون. نووسەرێکی یۆنانی دەڵێ: تەنیا سەرداره ڕەشید و تێکۆشەرە خۆنەویست و مرۆڤە فیداکارەکانن کە موڵکی گشتی و نەتەوەیی نین، بەڵکوو دیمەنێکی جوانی مێژوویی و کەنارێکی لەباری سروشتی، هەتا شێعر و ئاوازێکی ناخبزوێنن تا دەگاتە بزەی منداڵێکی هاووڵاتی، دەتوانێ موڵکی نەتەوەیی بن. کەواتە گەر بەم دیدە بەربڵاو و گشتگیرە بڕوانینە هێندێک هەڵسوکەوتی ئەم ڕۆژانە، هەست دەکەین کە چەندە کەمتەرخانە دەجووڵێینەوە و، بە ناوی کردەوەی سیاسی، خەریکی "خۆکوژیی ناسیاسییانەی نەتەوەیی"ن.

لە سەدەی بیستەمدا و لە مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، کۆماری کوردستان و لێکەوتەکانی بەرچاوترین و کاراترین ڕووداوی سیاسی بووە، کە کورد بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێ، خۆبەڕێوەبەریی ئەزموون کردووە و ڕێچکەیەکی کردۆتەوە بۆ چەسپاندنی مافە دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی. هەر ئەمە کە ڕەفتاری سیاسی و ژیرانەی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکرات کاریگەریی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازانەی پارچەکانی دیکە دانا و، ڕووناکیبەخشی

"ڕێی خەباتی ئەوان"یش بووە، نیشانەیە لەوەی کە بەپێچەوانەی ئینکار و چەواشەکاریی نەیاران، کۆماری کوردستان و لێکەوتەکانی، کە باشترە بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکرات و دەستکەوتەکانی، یەکێک لە فۆنداسیۆنە بەهێزەکانی بەرژەوەندیی نەتەوەیین.

ئەمە بە مانای پیرۆزکردن و بڤەکردنی مێژووی ئەم حیزبە نییە بۆ ڕەخنەگرتن و قامکدانان لەسەر کەمایەسییەکانی ئەم حیزبە هەشتا ساڵەیە. بەپێچەوانە زۆرترین ڕەخنەکان لە حیزبی دێموکرات هەر لە نێوئاخنی ئەو حیزبەدا بە کادر و پێشمەرگەکانەوە تا ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە سەری هەڵداوە و ڕەخنەگرتن تەنانەت بە شێوەی زانستی و نازانستیش هەر لەنێو بەدەنەی ئەو حیزبەدا هەبووە تا ئاست لێکترازانی تەشکیلاتیش ڕۆیشتووە.

بەڵام کە باس لە "خۆخۆریی نەتەوەیی" دەکرێ کە خۆرەی گیانی مێژوومان بووە و بەداخەوە لە ئێستاشدا هەر بە شێوازی جۆراوجۆر دەیبینین. لە کات و ساتێکدا کە گەلی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هێژمۆنی شوناسە باڵادەست و دەسەڵاتدار و چەکدار و جێکەوتووەکانی فارس و تورک، هەڕەشەیەکی مرۆیی و کولتووری و سیاسین بەسەرمانەوە، گرنگیدان بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پاراستنی هێڵە سوورەکان ئاکارێکی شۆڕشگێڕانەیە و، بەپێچەوانەش لەژێر هەر بیانوویەک دەستبردن بۆ ڕەمز و سیمبۆلەکان و ڕەچاونەکردنی میتۆدی ڕەخنەگرتن، لێدانە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پەرەپێدانە بە "دەردەگولەی خۆخۆریی نەتەوەیی!"

بەڵێ! ئەمە حەقیقەتە کە قازی محەممەد و کۆمارەکەی، موڵکی گشتین! پێشمەرگە و سروودەکەی موڵکی گشتین! شەهیدان و فیداکارانی نیشتمان موڵکی گشتین! سەرجەم ئاڵاهەڵگرانی کۆچکردووی ئەم "ڕێنسانسە نەتەوەییە" موڵکی گشتین، هەتا لێزانیی دوکتور قاسملوو ئاسا و خەمخۆریی "کاک فواد"ەکان موڵکی گشتین! ئەوەی وا ڕۆژێک بۆ سەرخستنی ئەم گەلە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا بێ و، هەنگاوێکی بە کردەوەی هەڵهێنابێ، موڵکی گشتین و، بە هێڵی سوور زانینیان بەشێکی گرینگ و گرانن لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێمەی مافخوراو و چەوساوەدا.

ئەم هێڵی سوورە، مەبەست لە دوورخستنەوەیان لە ڕەخنەی زانستییانە، کە پێویستییەکی ئەمرۆیی بۆ سەرکەوتن نییە، بەڵکوو کوردیش وەکوو گەلانی بەختەوەری دونیا پێویستی بە ڕێزگرتن لە سیمبۆلەکانی خۆیە، نەک بە دەستی خۆی سێرە لێگرتن و ڕووشاندنیان. جیاوازیی هێڵی سووری نەتەوەیی کە بەزاندنیان خەسار و خۆکوژیی نەتەوەیی لێ شین دەبێ، لەگەڵ ڕەخنە و ڕوانگەی خەسارناسانە لەوەدایە کە هەروا کە دەوڵەت - نەتەوەکانی دیکە بۆ خۆسەپاندنیان هێما و ڕەمزی خۆیان زەق دەکەنەوە، دەی ئێمەش با لەم "شەڕگە"یەدا بەگوێرەی پێویست هێما و سیمبۆلەکانی خۆمانمان خۆش بوێ و،

## بەشی دووهەم

بیانپارێزین و دەستی ناوەندە زانستییەکان و کەسانی شارەزاش ئاوەڵا بهێڵێنەوە بۆ ڕەخنەی زانستییانە لە قۆناغە سیاسییەکانی بزاڤی کورد؛ نەک ململانێی سیاسی بکەینە ئامرازێک بۆ لێدان لە هێماکان.

لە دونیای بەربەرەکانیی سیاسەتدا، تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بانگەشە بکەی بۆ "ویترین"ی سیاسەتی خۆت، بە زمانی سادەتر، لایەنە کوردییەکان مافی خۆیانە بە بانگەشە و تەبلیغ بۆ شێوەی خەبات و مودیرییەتی وڵات لەگەڵ یەکتر بکەونە ململانێی سیاسییەوە؛ بەڵام کاتێک بۆ خۆفەرزکردن و سەپاندنی خوت، کار گەیشتە لێدان لە هێما و سیمبۆلەکان و بزاندنی هێڵە نیشتمانییەکان، ئەوە ئیتر ڕەکەبەریی سیاسیی نییە و ڕەقئەنگێزییەکی دوژمنکارانەیە بۆ خۆپووکاندنەوە. کەواتە هەر چەشنە دەربڕینێک کە هێرشبەرانە بێت بۆ سەر هێما سازبووەکانی گەلی کورد، کە بەشێکن لە "بیرەوەریی گشتیی" ئێمە، هاوشێوەی هەمان نەخۆشیی "خۆلەنێوبردنە" کە وەکوو پەتا و ئێپیدیمی، کەسانی دیکەش ئالوودە دەکات.

**"بوودا" دەڵێ:** پێش وتنی هەر قسەیەک، دەبێ بەم سێ دەروازەیەدا تێپەڕێ! ئەو قسە دروستە کە دەیکەین؟ ئەو قسە پێویستە کە دەیکەین؟ و ئەو قسە مێهرەبانی تێیدایە یان نە؟ بە چاوخشاندنێک بە شێوەی قسە و دەربڕینی ئەم ڕۆژانە هەست دەکرێ کە نە دروستن، نە پێویستن و نە سۆزێکی نیشتمانییان تێدایە و بەشێکی زۆری دەچێتە خانەی هەمان خۆخۆریی نەتەوەییەوە! بۆ نموونە: لێدان لە ڕەمز و شکۆی خەباتکارانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هیچ نەبێت لە بەرانبەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، ئاڵای "کوردبوون" و خۆڕاگرییان ڕاگرتووە و مەکتەبێک بوون بۆ وانەی شوناسخوازی و لێفێربوون، کە زۆر کەسی فێر کردووە! ئەگەر بۆ ڕێزگرتنیش نەبێ، لانیکەم قسەی نەستەقی کوردییە کە گوتراوە: "لە کانیاوێک ئاوت خواردەوە، بەردی تێ ماوێ"با چیتر کانیاوەکانی نەتەوەیی، بەردیان تێ ناوێین!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## کوردبوون! (سووکەئاوڕێک لە ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین)



هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، کە ناوەندی کێشمەکێش و شەڕ و ئاژاوەکانە و وەک دەڵێن "ئێرە ڕۆژهەڵاتی ناوینە و بە چەکمە و نەیزەوە دەبێت دابەزی". هەر ئەم هەڵکەوتەیە بەتایبەتی پاش دابەشبوونیان بەسەر چوار وڵاتدا، هێندەی دیکە چارەنووسی کوردەکانی ئاڵۆزتر کرد.

ئەو بەشەی کوردستان کە بە ناوی جیاجیاوە دەنووسرێت و، بەدەر لەو ناو و دەستەواژانەی کە بە کاری دەهێنن، کە هەر کامەیان هەڵگری باری مانای خۆیەتی؛ وەکوو "ڕۆژهەڵاتی کوردستان" یان "کوردستانی ڕۆژهەڵات"، کە لە واتادا دژبەیەکن و لە ئەساسنامەی حیزبەکاندا، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی و "ڕیالپۆلەتیک"ی سەردەم بە "کوردستانی ئێران" ناسراوە و ئەم ناوهێنانەش هەر لە ڕۆچنەی شێوەخەباتی سیاسییەوە پێناسە کراوە و چەمکێکی نەگۆڕ نییە.

**ئەوەی کاکڵی ئەم بابەتەیە، "کوردبوون"ە لەو بەشەی کوردستان کە هەتا دێت بەرفراوانتر و بنچینەییتر جێ دەگرێت.**

لە سەربردەی کۆکراوەی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، تێکۆشەری سەردەمی کۆماری کوردستان لەژێرناوی "کوردبوون" بۆمان

دەردەکەوێت کە ئەم بوونە لە بوونێکی سروشتییەوە، بە چەرمەسەری و ملنەدان و هەوڵدان، پاڵ دەنێتە هەڵبژاردن و ئەرکلەخۆگرتن. واتە "کوردبوون" بە هۆکاری ئەمنیی و سیاسی و دۆخی نەخوازراوی زاڵی کۆمەڵایەتی، دەبێتە ڕێچکە و ڕێبازێکی موبارەزاتی.

مێژووی ئێران بە ناوەندگەرایی و شێوەی دەسەڵاتی تاکڕەوانە، وەکوو پاشایەتی گرێ دراوە و، لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئەوەندە بەڵگە و دۆکیومێنت هەیە کە باس لە شێوەی حکوومەتی خۆسەپێن و خۆویست و دیکتاتۆرانە دەکات.

مێژووی ئێرانی نوێ هاوشێوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو، وەبیرخەرەوەی شۆڕشی کۆیلەکانە کە بەم پرسیارەوە شکستیان دەخوارد کە پاش ئەم پاشا و ئاغا و کوێخایە، سەرلەنوێ کێی دیکە دەبێتە ئاغامان و ئێمە کۆیلەی کێ دەبین؟! دەی جیاوازییان چییە؟ ئەم بێت یان ئەو؟ مادام کۆیلەبوون چارەنووسێکی چەقبەستووی بەسەرهاتمانە! هەر بۆیە دەگوترێت چەند سەد ساڵ مێژوو شاهیدی شۆڕشی کۆیلەکان بووە بە دژی دەرەبەگایەتی و هەر بە دەوری ئەم پرسیارە بێدەسکەوت و ناسەرکەوتووانە جووڵاونەتەوە.

کەواتە لە یەکەیەکی جوگرافیایی وەکوو ئێراندا، کوردەکان بەتەنیا نەیانتوانیوە یەکلاکەرەوەی کێشەکان بن و، بەم جیاوازییە جەوهەرییەوە کە نەتەوەی باڵادەست و دەسەڵاتدار بەرانبەر هیچ داگیرکاری و هێرشێکی دەرەکی سەر نەکەوتوون و بگرە بوونەتە دارەدەستی ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات! بەڵام کوردەکان نەک تەنیا تەواوی ملیان نەداوەتە کۆیلایەتیی ناوەند، بەڵکوو پەرشوبڵاویش بوون هەر بە گژ داگیرکارییدا چوونەتەوە.

خۆڕاگرتن و دەست بە کولتوور و زمان و شوناسەوە گرتن لە ئێرانێک کە قەت دیموکراسی و حکوومەتی خەڵکی ئەزموون نەکراوە، تەنیا هونەری خۆڕاگرانە و شوناسخوازانەی کوردەکان بووە و گەلانی دیکە نەیانتوانیوە ڕەنگی شوناسی خۆیان هاوشێوەی کوردەکان بپارێزن.

بە بەراوردکردنی کوردستان لەگەڵ گەلانی دیکەی نێو جوگرافیای ئێران بۆمان دەردەکەوێت کە ناکۆکیی کوردەکان، تەنیا لەسەر مافی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و شارۆمەندیدا نییە، بەڵکوو کێشەیەکی بنەڕەتییە بەناوی "کوردبوون" و نەتەوەخوازییەوە. خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە بەتایبەتی لە ڕاپەڕینی ژینادا ئەم سنوور و هێڵبەندییەیان بە تۆخی دیار کرد.

## بەشی دووهەم

هەموو کات پرسیار دەکرێت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چاو پارچەکانی دیکە بۆچی دوا کەوتووە؟ لە کاتێکدا خاوەنی یەکێک لە کۆنترین و پڕجەماوەرترین حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە و، لە بەرەنگاربوونەوەی نەیارانیشدا ڕچەشکێن بووە. خودی ئەم بەراوردکردنە، واتە قیاسی دۆخی سیاسی و ژێئۆپۆلەتیکیی ئێران لەگەڵ عێراق و سووریا و تورکیا، نالۆژیکییە و، چارەنووسی سیاسیی کوردەکان لە هەرکام لە بەشەکان و شێوەی خەباتیان لەگەڵ یەکتر جیایە و بۆ بەراوردکردن نابێت.

گۆڕینی دەسەڵاتەکان و خۆڕێکخستنی حاکمییەتەکانی ئەو سێ وڵاتە کە کاریگەریی هەبووە بەسەر دۆخی سیاسیی کورد لەو وڵاتانەدا، لەگەڵ ئێران زۆر جیاوازە. بەڵام ئەوەی کە دەبێت هەموو لایەنێک وردتر سەرنجی بداتێ، شێوەی خەبات و کوردایەتیکردنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەتوانێت لە ئاستی درێژخایەن و بەرژەوەندیی نەتەوەییدا تەنانەت وانە و چاوگەیەک بێت بۆ بەشەکانی دیکە. واتە ئەو پۆتانسییەلەی تێدایە کە ناسیۆنالیزمی کوردیی پێ ساغ بکرێتەوە.

هەر نموونەیەکی مێژوویی ئەوەیە، لە سەرووی سەد ساڵە هەبوونی نەتەوەی کورد لە عێراقدا دانی پێدا نراوە و زمانی کوردی بە فەرمی ناسراوە. بەپێچەوانەوە، لە ئێران و ڕژێمەکانی سەد ساڵی ڕابردوودا هەتا ئەمڕۆکە، زۆر بە ڕژدی و بەجیدییەوە لە ڕێگای فەرهەنگییەوە هەتا فیزیکی هەوڵیان داوە بۆ ئاسیمیلەکردنی کورد و بۆ ئەم مەبەستەش، زمانەکەیان بە قەدەغە و بڤەکردن، کردوویانەتە ئامانج. چونکە ناسیۆنالیزمی فارس لەسەر کۆڵەکەی زمان و کولتووری باڵادەستەوە دانراوە.
دەبینین دەوڵەتەکانی ئێران لە شەڕگەی بێدەوڵەتیی کورددا لانیکەم لە ڕووی فەرهەنگ و زمانەوە کە "شادەماری نەتەوەییبوونە"، سەرکەوتوو نەبوون و، هەر بەو دێڕە کە دەڵێن: "دوژمن دەبێتە هۆکاری خێر"، ئەم قەدەغە زمانییە خۆناسینێکی سیاسییانەی بەو بەشەی کوردستانی بەخشیوە.

لە شۆڕشە مەزنەکەی مامۆستا "شەریف حوسێنپەناهی"یەوە لە دەیەی هەشتای هەتاوییەوە، کە تەنیا لەو هاوینە زێڕینەدا نزیک بە ٣ هەزار مامۆستای ڕێنووسی کوردیی پێ گەیاند، هەتا ئەمڕۆ کە "ئیدریس مەنبەرییەکان" بە هەناسەگەرمیی "عەزیز یووسفی"یەکانەوە لەسەر "کوردبوون" دەچنە زیندان و مامۆستا قانع وتەنی:

بیری ئازادیم لە زیندان‌دا فراوانتر دەبێت
قوڕ بە سەر ئەو دوژمنە، هیوای بە بەندیخانەیە
چەکی شۆڕشگێڕیی من نووسین و بیر و باوەڕە
ڕاپەڕینە، هەڵمەتە، پڕ نەعرەتەی کوردانەیە.

بەشی دووهەم

ئەم چەمکە گرنگە، واتە "کوردبوون"، هەر جارە و لە ڕەهەندێکەوە خۆی دەنوێنێت و بووەتە ڕەنگی تایبەتیی سیاسەتی ئێمە بەرانبەر بە "ئەوی"تر.

"داستایۆڤسکی" نووسەری بەناوبانگی جیهان، لە ڕۆمانی "براکانی کارامازۆڤ"، کە گێڕانەوەیەکە لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و مێژووی ڕووسیادا، دەڵێت: زۆر کەس هەن لە ڕووسیا ئامادەن گیانی خۆیان لە ڕێگای ئەم وڵاتە بەخت بکەن، بەڵام کەم کەس هەن ماندووبینەناسانە و بە کۆڵنەدان، هەوڵ بدەن بۆ گۆڕینی دۆخی خراپی ڕووسیا.

بە چاوخشاندنێک بەسەر بەسەرهاتەکان و ڕەوشی ئێستای نیشتمانە خۆشەویستەکەمان، پەی دەبەین کە کەم نەبوون ئەوانەی بە فیداکاری و دەست لە گیان و ماڵ شوشتن، چرای سەرڕێی کاروانی خەباتیان گڕ بەخشیوە و هاوتەریب لەگەڵ سەنگەری کۆڵنەدانی پێشمەرگانە، لە ئەمڕۆدا دەبینین زۆربەی بوارەکانی نیشتمان بۆن و بەرامەی سەنگەری مافخوازیی لێ دێت. ئەمە ویست و خواستی سەقامگرتووی "کوردبوون"ە، کە ئەو پارچەیە لە پارچەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.

لە پارچەکانی دیکە ئەگەر ڕەوتێکی زاڵ ئاراستە بە کۆمەڵگە دەبەخشێت یان زۆر جار بەپێچەوانەی یەکدی هەڵدەسووڕێن، لەم کوردستانەی ژێر دەسەڵاتی "شا و شێخ"دا شەقام و ڕێکخراوە سیاسییەکان تەواوکەری یەکترن بەو مەرجەی دەنگی بڵندی شەقام کە هەمان "کوردبوون"ە، ببیسترێت و ببێتە دەزوویەک بۆ گرێدان و پێکەوەبوونیان.

لەم ڕۆژانەدا لە گرتەڤیدیۆیەکی بڵاوکراوەدا لە گرووپێکی شاخەوانی لە سەرپێڵی زەهاو، کیژۆڵەیەکی کەڵهوڕ یان لەک یان فەیلی، زۆر لەسەرەخۆ و بەشاییەوە گۆرانییەکی مامۆستا ڕەزازی دەچڕێت و تابلۆیەک بوو پڕ لە دیمەنی جوانیی نیشتماندۆستی و "کوردبوون."

ئەمە هەر ئەو سەرپێڵ و کرماشانەیە کە لە سەردەمی سەفەوییەوە هەوڵی دابڕانی دراوە لە ملکی خۆیان و لە باوان و شوناسی کوردان.

**بەڵام خەباتی ئێمە براوە بووە، چونکە بە زەبری چەکی میلیشیایی، خەڵک نەهاتوونەتە سەر ڕێچکەی وڵاتدۆستی! بەڵکوو بە ویست و حەزێکی چێنراو و جێکەوتوو، بە شەونخوونیی شەریفترین فیداکاران لە مەیدانی کوردایەتییدان و، لە ئێستادا بە سەربەرزییەوە دەتوانین بڵێین: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، "کوردبوون" تەنیا سروشت نییە، بەڵکوو هەڵوێست و هەڵبژاردن و سنووری جیاکەرەوەی هەر چەشنە توانەوەیەکە لە فەرهەنگ و شوناسی باڵادەستدا.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی سەرماوەزی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## سەدساڵەی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێران و، ماڵی جاڵجاڵۆکە!



لە کۆتاییەکانی سەردەمی قاجار، بەهۆی شکستەکانی ئێران لە شەڕی لەگەڵ ڕووسیە و گۆڕانکارییەکانی جیهان و لێکەوتەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، بیرۆکەی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی سەری هەڵدا و دواتر لەگەڵ هاتنەسەر دەسەڵاتی پەهلەویی یەکەم، ئەم بیرۆکەیە بە هێز و گوشاری جۆراوجۆر جێبەجێ کرا.

بیردۆزانی سەردەمی ڕەزاشا بە تێکەڵکردنی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی و ناسیۆنالیزمی فەڕەنسی، ویستیان ئێرانی فرەچەشن لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی ناوەندی، یەکڕەنگ و هاوئاهەنگ بکەن. هەربۆیە ڕەزاشا بە لاساییکردنەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەتایبەتی شێوەی حکوومەتی "بنیتۆ مۆسۆلینی" لە ئیتالیا و "ئاتاتورک" لە تورکیە، هەوڵی دامەزراندنی ئێرانێکی نوێی دەستی پێ کرد و بۆ ئەم مەبەستەش بەربووە گیانی گەلانی دیکە، هەتا بە قەدەغەکردنی کەلتوور و زمانیان، جلوبەرگی ئێرانی - فارسی لەبەر هەمووان بکات.

ئەم دامەزراوەیە، واتە ئێرانی نوێ، بە هۆکاری ژێرخانی و مێژووییەوە ڕەوتی ئاسایی خۆی تێپەڕ نەکردووە و لە ماوەی ئەم سەد ساڵەدا هیچ کات بێکێشە نەبووە و هەمیشە مانەوە و ڕاگرتنی، جێی خەم و دڵەڕاوکێی لایەنگرانی ئێرانشاری

بووە.

لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەت - نەتەوەکانی ئەمریکا و فەڕانسە نموونەیەکی سەرکەوتوون، چونکە لەو دوو وڵاتەدا خەڵک و بەشداریی خۆخوازانەی خەڵک لەو پرۆسەیەدا هۆکارێکی بنەڕەتین. بەپێچەوانەوە، ئێرانی نوێ بە زەبری ژاندارم و قەزاق دامەزراوە و هەربۆیە بەلەرزۆکی دەمێنێتەوە.

**کۆمەڵناسی ئێرانی هۆمایوون کاتوزیان لەو پەیوەندییەدا دەڵێت:** ڕەزاخان ئیلهامی لە ئایدۆلۆژیای ئاریایی و فارس - تەوەر وەردەگرت کە لەنێو ئێرانییە نوێخوازەکاندا پەرەی سەندبوو. ڕۆشنبیرە گەنجەکان و نوخبە ناسیۆنالیستە فارس - تەوەرەکان بناغەی ئەم ئایدۆلۆژیایەیان دانابوو.

هەر بۆیە هەر لە دەستپێکەوە بۆ سەقامگیرکردن و جێخستنی ئێرانی نوێ، ڕەزاشا کەوتە لێدانی فیزیکی و فەرهەنگی لە زمان و کەلتووری گەلانی دیکە و قەدەغەکردنیان و هەوڵی ئەوە بوو بیری شاپەرەستی و ناوەندگەرایی بەسەر هەموو خەڵکی ئەو جوگرافیایەدا بسەپێنێت.

قەڵەمبەدەستانی ئێرانگەرا لە "ڕەشید یاسمی"یەکانەوە تا "جەواد تەباتەبایی"یەکان، هەوڵیان ئەوەیە کە یەکپارچەیی ئێران و زاڵکردنی تاکگەرایانەی "شا" بەسەر خەڵکدا، لەژێر ناوی دەوڵەت - نەتەوە، گرێی بدەنەوە بە ئێرانی باستانەوە و زنجیرەی هەخامەنشی بە شکۆمەندییەوە باسی لێوە دەکەن کە گوایە کۆنترین دەوڵەت - نەتەوەی جیهانە! ئەم "وەهم" و خۆبەزلزانییە تەبیعەتی ئەو وڵاتانەیە کە تووشی شکست بوون لە جەنگەکان و دەیانەوێ هەر خەون بە ڕابردووەوە ببینن.
لە بەرانبەر ئەم وەهمگەراییە مێژووییەی کە بە پرۆپاگاندای زۆرەوە بەداخەوە لەنێو هەندێک لە دەستەبژێرانی کوردیشدا تەشەنەی کردووە. "جان مانوێل کوک" شوێنەوارناسی بەریتانیایی دەڵێت: ئیمپراتۆرییەتی ئێرانییەکان، لە بواری ئەدەب و فەلسەفە و ئەندێشەدا، بێبەش بووە لە هەر جۆرە دەق و داهێنانێکی جێی باوەڕ. تەواوی زمانی فارسیی کۆن کە هەڵگری بیری ئێرانشاری بووە، لە ٣٥٠ بۆ ٤٠٠ وشە پێکهاتووە کە تەنیا بۆ پیاهەڵدان بە پاشاکاندا تەرخان کراوە. کەواتە، کەلتوور و بیری ئێرانشاری بریتی بووە لە هەمان ئەفسانەکانی پاشاپەرەستی، کە ئەرکی شەرعییەتدانی بە دەسەڵاتی پاشاکان و سەرووەریی پارسەکانی لە ئەستۆ بووە.

بە سەرنجدان بەم قسەیەی پسپۆڕی مێژوو و بە لێکدانەوەی ڕەفتاری دەوڵەتەکانی سەد ساڵی ڕابردووی ئێران، بۆمان دەردەکەوێت کە چەندە بەترس و لەرزەوە ڕاگیراوە و بە چەشنی ماڵی جاڵجاڵۆکە هەرچەشنە سووکەبای ناڕەزایەتی و

**مافویستیی گەلان بە مەترسیی سەر ئەو دەوڵەت – نەتەوەیە دادەنرێت و ئەو وتەیەی "ئاپی مووسا"مان وەبیر دێنێتەوە کە گوتوویەتی: ئەگەر زمانی دایکیی من بناغەی دەوڵەتەکەت دەهەژێنێت، ئەوا مانای وایە کە دەوڵەتەکەت لەسەر خاکی من بنیات ناوە.**

هەر لەو ڕۆژەوەی کە ڕەزاشا بە قەتڵوعامی خەڵکی لوڕستان نازناوی "قەسابی لوڕستان"ی بۆ هەمیشە لەسەر خۆی دانا، لێدان لە زمان و هەوڵی ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی دیکە، بەتایبەتی کورد، بوو بە بەشێکی جیانەکراوەی سیاسەتی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی و لە ژێر ناوی تەجزییەتەڵەبی و جیاییخوازی لە ئێراندا دەستی پێ کرد. تا ئەمڕۆش کە کۆماری ئیسلامی بە شێوازی دیکە درێژەدەری ئەو دەوڵەت-نەتەوەیەیە، ڕوون و ئاشکرایە کە دەوڵەتی خۆیانیان لەسەر شان و پیلی کەلتوور و خاک و زمانی خەڵکی غەیرەفارس، بۆ نموونە ئێمەی کورد، داناوە و هەر جۆرە ناڕەزایەتییەک بە بوومەلەرزەی سەر ماڵ و حاڵی خۆیانی دەزانن.

سەید جەواد تەباتەبایی، یەکێک لە ڕاڤەکارانی ئێرانشاری، هەتاکوو سەری نایەوە، تا سەر ئێسقان بە دژی ویستی گەلانی دیکە ڕاوەستا و دەیویست لەژێر ناوی ئێرانی - فارسی، هەر چەشنە هەستێکی نەتەوایەتیی گەلانی غەیرەفارس، وەکوو کورد، بە زیانی ئێران و بە تەجزییەتەڵەبی ناوزەد بکات و، "خوێنی ئاریایی" بە سوورترین خوێن دادەنا بۆ پاراستنی ئەو کیانەی کە بە زۆرەملێ دانراوە. ئەم وەهمی ئارياییگەراییەش لاساییکردنەوەی نازیزمی ئەڵمانی بوو کە لەژێر ئەو ناو و خوێنەدا چەندین جینایەت و قەلاچۆکردن و کارەسات خوڵقا و، دەوڵەتی نازی کە ڕەزاخان زۆری پێوە دەنازی! بەدەر لە کوژرانی ٧٠ تا ٧٥ ملیۆن کەس، هەر لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی نازیدا ١٧ ملیۆن خەڵک بوون بە قوربانی. مێژووی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانیش لە دەستپێکەوە تا ئەمڕۆ، لە دەوڵەتێکی خەڵکی، زیاتر حکوومەتێکی خەڵکوژ بووە و ئەم میراتە شوومە لە پەهلەوییەکانەوە گەیشتە دەستی کۆماری ئیسلامی بە باکگراوندی شیعەگەرایی سەفەوییەوە. ئێرانی فارسی و شیعەگەرا، بوو بە مۆتەکەی خەونی گەلانی نافارس و هەتا ئەو شێوە ڕوانینەی سەرەوە بۆ خوار هەبێت، هەمان گەلی سەردەست و بندەست، ئێران و دەوڵەتەکانی قەت ڕووی ئاسایش و تەناهی بە خۆیانەوە نابینن. کاتێک هەرجۆرە مافخوازییەکی سیاسی و زمانی و کەلتووری بە "تەجزییەتەڵەبی" باس دەکرێت و بووەتە ڕەمزی شوم و خاڵی هاوبەشیی کۆی دژبەرانی مافی نەتەوایەتیی خەڵکانی غەیرەفارس، ئەم پرسیارە ساز دەبێت کە بۆچی ناوی "ئیستیقلالتەڵەبی" و سەربەخۆییخوازیی لێ نانێن؟ چونکە لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە تەجزییەتەڵەبی ئەتک و هەوڵێکی ناڕەوایە و لەت و پەت کردنی وڵاتێکە! بەڵام سەربەخۆییخوازی لە واقیعدا "ئەتیکێت"ە و مافێکی دانپێدانراوە و بریتییە لە مەیل و ویستی گەلان و هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی سەروەری بەسەر چارەنووسی خۆیاندا. هەر بۆیە لە سەدساڵەی دەوڵەت - نەتەوەی ئێران و بەردەوامیی سیاسەتی ئینکار و چاوخشاندنێک بەسەر ڕەفتاری نەتەوەیی خەڵکی کورد و دانپێدانانەکانی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دووهەم

بەرپرسانی ڕژێم، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ماڵەجاڵجاڵۆکەیە، واتە ئێرانی فارسی، چیتر بەرگە ناگرێت و دەوڵەت - نەتەوەی ئێران و حکوومەتی ناوەندگەرا، بە گوتەی "ئانتۆنی گیدنز" دەچێتە خانەی "دەوڵەت نەتەوەیی نارەسەن" و، ئاکامەکەی هەر هەڵوەشانەوەیە.

ژێدەر

ماڵپەڕی "پژوهش‌های ایرانی"

جامعەشناسی ئێرانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی سەرماوەزی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پێشمەرگە و ئاڵا، لە بیرەوەریی گشتییەوە بۆ هزری گشتی!



دەڵێن وشەی پێشمەرگە مێژووی کۆنی هەیە و بەڵام ئەوەی وەکوو هێزێکی وڵاتپارێز ناوی هاتبێت، تا پێش کۆماری کوردستان بەڵگەی وا بەدەستەوە نییە و زیاتر مانای فیدایی و شەڕکەر بووە کە ئەمەش دەتوانێت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هێزە ڕەسەن و کوردییە بێت.

دروستە پێش کۆماری کوردستان و تەنانەت لە ڕووداوە کۆنە مێژووییەکاندا کوردەکان ملکەچ نەژیاون و زۆریان لە پێناوی سەربەرزی بوونەتە قوربانی. بەڵام فیداکارانی شۆڕشە کوردییەکان خاوەنی ناوێکی دیاریکراو نەبوون و لە نیهایەتدا بە چەکداریی فڵان خێڵ و هۆز یان ئەوانەی کە لە ناوچەکانی جوانڕۆ و هەورامان، کە تەنانەت لە تەرکیبی سوپای میللیی کۆماری کوردستاندا بەشدارییان کرد، پێیان گوتراوە "تفەنگی و تفەنگچی" و بە سەرۆک هۆزەکانەوە دەناسران.

بەڵام لە سەردەمی زێڕینی کۆماری کوردستانەوە ئیتر چەکداری و چەکهەڵگرتن لەژێر ناوی خێڵ و هۆز و سەرکردە دەرهات و، نازناوێکی مانادارتری بەخۆیەوە گرت کە زیاتر لە هەشتا ساڵە لە ئەدەبیاتی سیاسی و لەنێو هزری تاکی کورددا جێکەوتووە و پێی دەڵێن "پێشمەرگەی کوردستان."

ساناترین مانای ئەم وشە ژیانبەخشە، هەمان پێشگرتنە لە مەرگ و نەمان و پەرژینبەستنە بەدەوری باخ و گوڵزاری نیشتمان، بۆ پێشگرتن لە ڕنین و دزین و فەوتان و سڕینەوەی هەر جۆرە سێبەرێکی غەریب و نامۆ بەسەر خاک و قەڵەمڕەوی نیشتمانەوەیە.

جیاوازییەکی جەوهەریی نێوان هێزێکی تەنیا "چەکدار" لەگەڵ پێشمەرگە، کە بە "باسکی بەهێزی گەل" ناسراوە، ئەوەیە کە لە ڕەهەندی جیاجیاوە دەتوانین ئەم چەمکە شۆڕشگێڕییە ڕاڤە بکەین. کە لە ئامرازبوونەوە دەبنە کاراکتەرێکی کارای نێو گۆڕەپانی خەبات و لە سەنگەرە جیاجیاکاندا مانایان بەو دەستەواژەیە بەخشیوە.

لە ڕەوتی شێکلگرتنی «پێشمەرگە» تاکوو ئەمڕۆ، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا هەست بە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان پێشمەرگە و مەرامی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی جڤاکیدا دەکرێت و بووەتە مۆتیڤێکی سۆزدارانە لە بیرەوەریی گشتیدا.

## بیرەوەریی گشتی و شوناسی نەتەوەیی!

مۆریس هاڵبواکس، فەیلەسووفی فەڕەنسیی، لە کتێبی "کۆمەڵناسیی یادەوەریی بەکۆمەڵ"، ڕای وایە کە یادەوەرییەکان تەنیا کۆمەڵێک بیرەوەریی تاکەکەسی نین، بەڵکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین کە لەژێر کاریگەریی چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و ئەو گرووپانەی تاک سەر بەوانە، مانا پەیدا دەکەن. بە باوەڕی هاڵبواکس، بیرەوەرییە تاکەکەسییەکان بەبێ چوارچێوەی گرووپی، مانای خۆیان لەدەست دەدەن و هەر ئەم گرووپانەن کە لە ڕێگەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بیرەوەرییە هاوبەشەکان دروست دەکەن، دەیانپارێزن و دەیانگوازنەوە.

کەواتە بیرەوەرییە گشتییەکان لە پێکهاتنی شوناسی نەتەوەیی، هەستی پێکەوەژیان و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە. یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی شوناسی نەتەوەیی، بیرەوەریی گشتییە کە بریتییە لە: کۆمەڵێک ڕووداو و ڕێکەوتی هاوبەش کە لە زەینی تاکەکانی کۆمەڵگە جێکەوتووە و جیاوازە لەگەڵ یادەوەریی تاکەکەسی، بەڵکوو یادێکی جڤاکییە.

بۆ نموونە، شەڕی جیهانیی دووەم بۆ ئەڵمانییەکان، ماندێلا و خۆڕاگرییەکەی بۆ ئەفریقییەکان و سیمۆن بۆلیڤار و زاپاتا و سالڤادۆر ئالێندە، لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، بیرەوەریی گشتیی ئەو وڵاتانەن.



سەرچاوە
Serchawe

لە نێو نەتەوەی کوردیشدا جیا لە کۆمەڵێک حیکایەت و گێڕانەوەی ئەفسانەیی و مێژوویی و قسەی نەستەق، کەم نین ئەو ڕووداو و بەسەرهات و کەسایەتییە سیاسی، هونەری و خەباتگێڕانەی کە بوونەتە بەشێک لە بیرەوەریی هاوبەش و دەزوویەکی نادیار، بەڵام بەهێزن لە پێکەوەگرێدانی تاکەکان بە کۆمەڵ و ویستی هاوبەشەوە.

بۆ نموونە، هەروەک نەورۆز و بۆنە نەتەوەییەکانی دیکە بیرەوەریی هاوبەشی ئێمەن، حەسەن زیرەک و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی تا دەگاتە پێشەوا قازی محەممەد، لە زەینی تاکی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچنە خانەی بیرەوەریی گشتییەوە.

بەڵام لەمانە بەربڵاوتر، کە نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە پارچەکانی دیکەش لە یادەوەریی گشتیدا جێی گرتووە، پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانە کە لە کۆماری کوردستانەوە بە کۆنکرێتی هاتووەتە ئاراوە و تا ئەمڕۆکە لە بیرەوەریی گشتیی ئێمەدا پاڵی داوەتەوە بە هزر و هزری گشتیی نیشتمانییەوە.

ئاڵای کوردستان ئەگەرچی لە ئێستادا بە فەرمی لە باشووری کوردستان پەسەند کراوە، بەڵام مێژووی هەڵکردنی لەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەتی کۆماری کوردستان، دەستپێکێکی مۆدێرنی سیاسەت و دیاریکردنی کیانی کوردی بوو. چونکە خودی هەڵکردنی ئاڵا هەر بەپێی زانستی "ئاڵاناسی"، دیاریکردنی قەڵەمڕەوێکی تایبەت و بەجۆرێک خاوەندارێتی کردن بووە لە خاک و کیانی خاوەن ئاڵاکان.
بە کورتە سەرنجێک بۆمان دەردەکەوێت، تەنانەت ئەو دوو وشە فارسییەش ڕیشە و ڕەچەڵەکی زمانەوانیی کوردییان هەیە. بۆ نموونە، دوو دەستەواژەی "پەرچەم" و "درفش" بە ئاسانی ڕیشەیان لە کوردیدایە.

پەرچەم کە هەمان پەڕ یان بەری چاوە، کە تا ئێستاش لە ناوچەی گۆران بە چاو دەڵێن چەم و درفشیش دیارە لە درەوشانەوە هاتووە و کاتی خۆی پارچەیەک برۆنزیان وەک نیشانەی ئاڵا هەڵدەگرت کە لە دوورەوە بە تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە و ئەم درەوشانەوەیە هەمان "درفش"ی ئێستایە کە فارسەکان بە شانازییەوە باسی دەکەن.
ئەم دوو میراتە بەنرخە، واتە پێشمەرگە و ئاڵا، لە قۆناغی کۆماری کوردستانەوە تا ئەمڕۆ جێی خۆیان لە بیرەوەریی گشتیی کوردەکاندا کردووەتەوە و چوونەتە نێو هزری گشتییەوە.

بۆ نموونە، پێشمەرگە بەبێ هیچ وەرگێڕان یان وەرگرتن لە دەرەوە، هێمای بەرگری و خۆڕاگرییە لە هەمبەر هەر چەشنە چەوسانەوە و داگیرکاری، و شکۆ و ڕێزێکی تایبەتی لای کۆمەڵانی خەڵکی کورد هەیە، هەر بەو پێیە دوژمنانیش ویستیان

فێڵ لەو خۆشناوییە بکەن و لە سەروبەندی هێرش بۆ سەر کوردستان "پێشمەرگەی موسڵمان"یان داهێنا، کە بەخۆشییەوە سەری نەگرت و هەر ڕیسوایی بۆ خۆیان و داروودەستەیان بۆ مایەوە.

چ لە هونەری بەرگریدا و چ وەک ناونیشانێک بۆ خەباتێکی ڕەوا و بەردەوامی گەلێکی مافخوراو. جێی ئاماژەیە، لە قۆناغی هێرشی داعش بۆ سەر بەشێک لە نیشتمان، ناوی پێشمەرگە لە هێمایەکی لۆکاڵییەوە بووە هێمایەکی گلۆباڵ و جیهانی، بەڵام نابێت هەر لەو ماوە زەمەنییەدا باسکردن و ناساندنی قەتیس بکەینەوە، چونکە ئەمە نادیدەگرتنی جەفاکێشان و قوربانیدانی سەدان و هەزاران پێشمەرگەی خۆنەویست و گەلدۆستە لە قۆناغە جیاجیاکانی بزاڤی کوردیدا.

لە ساڵانی ڕابردوودا کاتێک شەقام، بۆ دەستبژێرانی وڵات لە سەنگەرە جیاجیاکاندا نازناوی پێشمەرگەیان لێ دەنێن و وەک مەدالیایەکی فەخرییە بە بەرۆکی شەریفترین وڵاتپارێزان، ئەمە هەمان پەیوەندیی بیرەوەریی گشتی و هزری گشتییە لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی.
لەبیرمان نەچێت، ئەگەر کاتی خۆی بە ئەبووبەکر مەعرووفی، شوفێرێکی بۆکانی کە لە کاتی گەیاندنی نان، بۆ بوومەلەرزە لێدراوانی کرماشانی شیرین، گیانی شیرینی لەدەست دا و بە درووشمی "پێشمەرگەی نان" پێشوازییان لە تەرمەکەی کرد، یان بە ژینگەپارێزە گیانبەختکردووەکان دەڵێن "پێشمەرگەکانی ژینگە"، ئەمە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەنگەرە مەزنەی کە کوڕ و کچانی ئەم نیشتمانە لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا ئاوەدان ڕایانگرتووە.
ئەگەر ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانیش بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەنگدانەوەیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و لە نێو چین و توێژەکاندا هێمایەکی بەنرخە، دەرخەری ئەوەیە کە پێشمەرگە و ئاڵا لە یادەوەریی گشتییەوە چوونەتە نێو هزر و هزری کۆمەڵایەتییەوە.

**هەر بۆیە هەر جۆرە لێدان و بێڕێزیکردن و هاوردەکردنی هەر ناو و ناونیشانێکی دیکە بۆ جێ لێژکردنی ناوی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی ڕووشاندنی شوناسی نەتەوەیی و خەوشدارکردنی بیرەوەریی گشتییەوە.**

ژێدەر: ماڵپەڕی "فرارو"،جامعەشناسی خاطرات جمعی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## سەرماوەزی تیرۆر، لە شار و شاخ! (لە تیرۆری مامۆستا محەممەد ڕەبیعییەوە، تا شەهیدانی دەروازەی کۆیە)




هەر لەم مانگی سەرماوەزەدا کە هەشتا ساڵە نازناوی ئەندامانی سپای میللی کوردستان و بەرگریکارانی خۆڕاگری نیشتمان گۆڕدراوە بۆ پێشمەرگە، زۆر ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویان داوە کە لەم نووسینەدا هەڵوەستە لەسەر دووانیان دەکەین.

ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی خەڵکی کورد و بەتایبەتی کرماشانی فرەچەشن بە بڵاوبوونەوەی هەواڵێک ماتەمبار و تووڕە بوون، ئەویش هەواڵی ڕفاندن و کوشتنی کەسایەتیی نەتەوەیی و ئایینیی کورد، مامۆستا مەلا محەممەد ڕەبیعییە کە یەکێکە لە پەروەندە ئاوەڵاکانی تیرۆری ڕەخنەگران و جیابیران بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەیەی حەفتای هەتاویدا، کە بە "قەتلگەلی زنجیرەیی" ناسراوە.

"قەتلگەلی زنجیرەیی" بە کۆمەڵێک تیرۆر و کوشتنی جیابیران و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات، لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا دەگوترێ کە بە دەستی وەزارەتی ئیتلاعات و بە ئەمر و فەرمانی بەرپرسانی هەرەباڵای ڕێژیم بەڕێوەچوو. ئامارەکان دەڵێن: نزیکەی ٨٠ کەس بوونەتە قوربانیی ئەم کوشتار و قەتڵە حکوومەتییە.

بەڵام دیسانەوە لەم بارەشەوە غەدر لە کورد و قوربانییانی کورد دەکرێت و لە ساڵیادی ئەو زنجیرە کوشتارەدا لە میدیاکان کەمتر باس لە کوژراوانی کورد لەو پلان و پیلانە ئەمنییە دەکرێ.

مامۆستا محەممەد ڕەبیعی، نووسەر و ئەدیب و بێژەری ڕادیۆی کوردیی کرماشان و تاران، کە وەک کەسایەتییەکی نەتەوەیی و چاکسازێکی کۆمەڵایەتی جێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەتایبەتی لە پارێزگای کرماشان، کردبووەوە، بە هۆی هەڵوێستەکانی و لایەنگری کردنی لە ماف و شوناسی نەتەوەیی و ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی، کەوتە بەر غەزەبی کۆماری ئیسلامی. هەتا ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٥ هەتاوی کاتێک لە ماڵەوە دێتە دەرەوە، ئیتر ناگەڕێتەوە و ڕۆژی دواتر لە تەنیشت گەراجی سنە بۆ کرماشان تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە.

عایشە مەفاخری هاوژینی مامۆستا ڕەبیعی کاتی خۆی لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەرنامەی "ڕۆنان"ی کوردکاناڵ ڕایگەیاند: پاش ئەوەی مامۆستا ڕەبیعی لە نامەیەکدا بە توندی ڕەخنەی لە وەزارەتی ئیتلاعات و هەندێک ناوەندی ئەمنیی و فەرهەنگیی ڕێژیم گرتبوو کە خەریکی ناکۆکی و ئاژاوەنانەوەن، ئیتر مامۆستا محەممەد بە خەستی کەوتە ژێر چاودێریی ئیتلاعات و هەر جارە و بە بیانوویەک دەیانبرد بۆ لێپێچینەوە، هەتا ئەو ڕۆژەی کە ئیتر نەگەڕایەوە.

دایە عایشە لە گفتوگۆیەکی دیکەدا دەڵێ: "پاش دۆزینەوەی تەرمەکەی، کە هێشتا جەستەی گەرم بوو، بە عەباکەی خۆی داپۆشرابوو، مەندیلی لەسەر سینگ و چاویلکەکەی لە تەنیشت دانرابوو، هەروەها جێی دەرزی لێدان لەسەر پەنجەی پێیەوە دیار بوو." جێی ئاماژەیە بەکارهێنانی دەرزی پۆتاسیۆم یەکێکە لە شێوە کوشتنەکانی ناوەندە ئەمنییەکان کە دوایی بڵێن ناوبراو جەڵتە لێیداوە.

دواتر کە ناڕەزایەتییەکان لە هەمبەر ئەو جینایەتە لە شاری کرماشان و شارەکانی دیکەی کوردستان سەری هەڵدا، "ذکرالله ئەحمەدی" نوێنەری پێشووی خەڵکی کرماشان لە مەجلیسی خوبرەگان و بەرپرسی پێشووی دادگۆستەری ئەو پارێزگایە، سەردانی ماڵی مامۆستا دەکات و داوایان لێدەکا ئەم لاپەڕەیە واژۆ بکەن کە مەلا محەممەد بە هۆی ڕاوەستانی دڵ کۆچی دوایی کردووە! کە بە خۆشییەوە ئەو هەوڵە قێزەونە بە توندی لە لایەن خێزانەکەیەوە ڕەت دەکرێتەوە.

ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە مامۆستا محەممەد ڕەبیعی وەک کەسایەتییەکی ناسراو، دەنگی هەڤخوازیی گەلێکی بەشمەینەت بوو، نەبوو بە وتاربێژی "بەیتی ڕێبەری" و دواجار هەر لە پێناوی وڵاتەکەی و لەسەر بیروباوەڕەکانی سەری بەخشی.

## بەشی دووهەم

ساڵێک دوای تیرۆری مامۆستا ڕەبیعی، واتە ١٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی، لە درێژەی تیرۆری تێکۆشەرانی کورد، دەستی ڕەشی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، بە چاوساغیی بەکرێگیراوانی، پۆلێک کادر و پێشمەرگەی لێهاتووی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ناوچەی ئەردەڵانی، لە دوو بۆسەی تیرۆریستیدا ناجوامێرانە شەهید کرد و بەم جۆرە شەهیدان مەنسوور فەتاحی ناسراو بە مەنسووری ڕەشەهەورامی (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، شەهید مەنسوور ناسری (کادری لێوەشاوەی حیزب و جێگری کۆمیتەی ناوەندی)، شەهید ساماڵ ئیسماعیلی (بەرپرسی کۆمیتەی بانە)، شەهید ڕەفعەت حوسەینی و شەهید یەدوڵلا شیرینسوخەن (دوو پێشمەرگەی فیداکار و وەفاداری حیزب)، کە بە شەهیدانی دەروازەی کۆیە ناسراون، چوونە ڕیزی ئەو تیرۆرانەی کە کۆماری ئیسلامی لە خاکی باشووری کوردستان بە هاوکاریی بەکرەشۆڤارەکانی ئەنجامی داون و تا ئێستا گیانی نزیکەی ٣٨٠ تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەو ڕێگەیەوە ئەستاندووە.

### ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆر

کۆماری ئیسلامی بۆ خۆسەپاندنی خۆی، هیچ کات دەستی لە کوشتن و تیرۆرکردن نەپاراستووە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە "ئافەند و پەدئافەند" واتە "هێرشبردن و بەرگری" کردن، وەک یەک وایە و دەچێتە خانەی خۆپارێزیی نیزامەوە. هەر بۆیە ناوەندە ئەمنییەکان بە پشتبەستن بە فیتوا و ئەمر و فەرمانی ئایەتوڵلاکان، بەتایبەتی لە ئاستی بەرزی بەرپرسایەتیی ئەو دەسەڵاتە، دەستیان بۆ تیرۆر و کوشتن ئاوەڵا بووە و ئەم دەستە ڕەش و درێژەش زۆرترین خەسار و زیانی لە تێکۆشەرانی کورد لە سەنگەرە جیاجیاکان گەیاندووە و بە جینایەتی "موقەدەس" لە قەڵەم دراوە.

تیرۆر لە کۆماری ئیسلامیدا ماهیەت و چییەتیی دەسەڵاتێکی ناڕەوایە کە هەر جۆرە لێدان و کوشتن بە مەرجی مانەوەی خۆی بە ڕەوا دەزانێ.

بە پێچەوانەی ئەو ڕێژیمە، تێکۆشەرانی کورد و پێشمەرگەکانی بزاڤی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات تەنیا لە ڕەهەندی بەرگرییەوە چەکیان هەڵگرتووە. لەوانەیە خودی ئەمەش تێبینیی لەسەر بێ کە کاتێک دەڵێن بەرگریی ڕەوا! ئەم سەرنجە ساز ببێ کە خودی "بەرگری" کردن ئەساسەن کردەیەکی ڕەوایە و بۆ دەستەبەندیی کردن لە نێوانی "ڕەوا" و "ناڕەوا" نابێت.

مەبەست ئەوەیە کە ئەو حیزبە نەتەنیا خۆی لە تیرۆرکردن دوور گرتووە، بەڵکوو تەنانەت بە مەسئولییەتی مێژوویی و

نەتەوەییەوە لەگەڵ دۆست و دوژمن هەڵسوکەوتی کردووە.

بە چاوخشاندنێک بە ئاماری کوژراوان و بریندارانی دەستی تیرۆری سیستەماتیکی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی لە نێوخاکی باشووردا، بۆمان دەردەکەوێ کە جیا لەوەی ئەو ڕێژیمە بوونی پێشمەرگە و سەنگەری پێشمەرگانەی بە مەترسیی سەرەکیی سەر وجوودی خۆی زانیوە، بەڵکوو بە مەبەستی تێکدانی پێوەندیی مێژوویی دوو دیوی باشوور و ڕۆژهەڵات، بە خەڵەتاندنی کەس و لایەنی نەفسنزم و نانەتەوەیی! ویستوویەتی بە خوێن و جینایەت، قەڵش و بۆشایی زیاتر بخاتە نێوان بەشەکانی کوردستانەوە.

ڕوانینی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر دژبەرانی، نەخاسما کە دژبەرەکەی لایەنی کوردی بێ، بە دوژمنی ماهیەت و بوونی خۆی دەزانێ و هەر جۆرە زەربەلێدان و تەنانەت کوشتنیان لای ئەوان ڕەوایە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو ڕێژیمە بە تۆقاندن و سێدارە و زیندان کەوتە سەر ڕێڕەوی دەسەڵات و هەتا مابێ کوشتن و تیرۆری بەرهەڵستکارانی ئەو ڕێژیمە کۆتایی نایەت. جیاوازیی ڕەوایی خەباتی ئێمە و دژبەرانی گەل، وەک کۆماری ئیسلامی، ئەمەیە کە خەباتی ئێمە تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گەیشتن بە ئامانج؛ بەڵکوو مانیفێستی جێخستن و سەرخستنی شوناسخوازی و بنیاتنانی دوارۆژی نیشتمانە. بۆیە پاڵی بە هیچ جۆرە ڕەشەکوژی و تیرۆر نەداوە و هەموو کاتیش مەحکوومی کردووە.

**بە گوتەی نیچە فەیلەسووفی ئەڵمانی: "لە شەڕ لەگەڵ دێوەزمە، هەوڵ بدە خۆت نەبیت بە دێوەزمە".**

**لەم سەرماوەزەدا دووپاتی دەکەینەوە کە سەنگەری خوێناویی ئێمە نەتەنیا ئەهریمەنی نییە، بەڵکوو دێوەزمەبەزێنە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## یەڵدای خوێناویی دێموکرات! (لە ئایینی میتراوە، تا دەنگەهەنارەکانی "زامستان")




زۆربەمان هەر لە منداڵییەوە بە ناوی شەوچلە و ئەو بۆنە مێژووییە ئاشناین کە پێی دەڵێن درێژترین شەوی ساڵ؛ شەوێک کە بنەماڵەکان تێیدا لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە و بە دەنگەهەناری دڵخۆشی، پێشوازی لە زستانی سەخت و دژوار دەکەن. شەوچلە یان هەمان یەڵدا، لە بۆنەیەکی وەرزێڕی و سروشتییەوە بووەتە یادێکی کولتووری و چەندین ساڵە وەک نەورۆز، جیا لە یادکردنەوەی خێزانی، بە شێوەی بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەییش لە کوردستان، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچێت.

لەسەر مانا و چەمکی یەڵدا ڕای جیاواز هەیە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی کوردیبوونی ئەم ناو و نەریتە، هەم بەپێی جوگرافیا و هەم ڕۆژمێری کۆنی کورد، لە زمان و کولتووری دانیشتووانی زاگرۆس لە سەرەوە تا خوارەوە نزیکترە.

شەوچلە یان هەمان یەڵدا، ڕووداوێکی گەردوونییە و لەو شەوەدا، واتە کۆتا شەوی مانگی سەرماوەز (٢٠ لەسەر ٢١ی دیسەمبەر)، بەرەبەرە ڕۆژەکان درێژ دەبنەوە و شەوانی درێژی پاییزی کۆتاییان پێ دێت. لە دیدی ئەفسانەییەوە بە شەوی لەدایکبوونی خۆرەتاویش ئاماژەی پێ دراوە.

## بەشی دووهەم

بە وتەی ئەبووڕەیحانی بیروونی، مێژوونووس و ئەستێرەناسی ئێرانی، مەبەستی سەرەکی لە "میلاد" یان "زایین"، لەدایکبوونی خۆر و وەرچەرخانی زستانەیە کە لە ڕۆژمێری کوردیدا بە چلەکان ناسراون.

لە مانا سریانییەکەیدا "یەڵدا" هەمان لەدایکبوونی هەتاو و ڕووناکییە و بە شەوی لەدایکبوونی مەسیح واتە نۆئێلەوە دەیبەستنەوە. بەڵام چ لە باری زمانەوانییەوە و چ کولتووری، مانا و مێژووی زۆر کۆنتری لە سەردەمی مەسیح هەیە و لە بنەڕەتدا وشەی "یەڵدا" لە کوردی و لوڕی و زاراوەکانی دیکەدا مانادارترە تا فارسی و سریانی.

"دا" هەمان دایە و دایکە، زاراوەیەکی زاگرۆسییە و لە سەرەوە تا دوایین گوندەکانی ناوچەی بەختیاری یەک مانای هەیە. "یەڵ" و "یەل" بە مانای گەورە و بەهەیبەت دێت کە ناوی چەند شوێنی دیکەش لە کوردستان هەڵگری هەمان مانایە. وەک شاخی قەڵای یەلان لە ناوچەی لەیلاخ کە مانای قەڵای یەڵە و گەورەکانە، یان گوندی مەنیجەڵان لە بانە.

کەواتە "یەڵدا" دەتوانێ مانای "دایەگەورە" بدات و لەگەڵ ئەفسانەی ئەم شەوە مێژووییەش دێتەوە، کە تا درەنگانی شەو خەڵکی کوردستان لە تەنیشت دایک و باب و کالان پێکەوە دادەنیشتن و گوێیان لە قسەی نەستەق و حەکایەت و چیرۆکەکان دەگرت و چەندین گۆرانی لەم شەوە درێژەدا لەدایک بوون.

هەر بەپێی ئەو پێناسانەی بۆ شەوی یەڵدا یان شەوچلە لە فەرهەنگەکانی دیکەدا دەکرێت، بۆمان دەردەکەوێت کە زیاترین پێوەندیی بە ئایینی میترا و میهرپەرەستییەوە هەیە، کە چاوگەی سەرهەڵدانی، هەمان زاگرۆس و زێدی کوردانە.

لە بەردەنووسی شاخی بێستوون، ٥٠٢ ساڵ پێش زایین واتە ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر، باسی میهر و ئاناهیتا بە شێوەی جۆراوجۆر کراوە.

دەگوترێ خودی میترا دایکەخودایە و ئەفسانەی لەدایکبوونیشی لەگەڵ شەوی چلە جێی تێڕامانە، کە دەڵێن لە دڵی گاشەبەردێک و لەسەر گەڵای نیلۆفەرێکی نێو ئەشکەوتێکی تاریکدا لەدایک بووە. لەدایکبوونی ئەو لە درێژترین شەوی ساڵدا، موژدەبەخشی ڕووناکی و ڕۆژانی بەرەو درێژبوونەوەیە.

ئەمە کورتەیەک بوو لە پێناسە و مانای شەوی چلە یان هەمان یەڵدا، کە بە هەردوو ناو، نازناوێکی سروشتی و کولتوورییە و ئاشنایە بە فەرهەنگ و نەریتی کوردان.

هەر بە پێی هەمان نەریت کە ساڵگارێکە خەڵکی کورد بە خێزانی ڕێز لەو یادە کولتوورییە دەگرن و بووەتە یەکێک لە یادەوەرییە بەکۆمەڵەکانی خەڵکی کورد، وا دەبێتە ٩ ساڵیش کە ئەم یادە مێژوویبە، بووەتە وەبیرهێنەرەوەی کارەساتێکی دیکە لە جەستەی نیشتمان و لە مێژووی پێشمەرگایەتی و زامە گەورەکانی دێموکرات.

## یەڵدای خوێناویی دێموکرات و دەنگەهەنارەکانی زامستان!

شەوچلەی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، هاوکات لەگەڵ شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە دەوری یەکتر کۆ بوونەوە و خەریکی دەنککردنی هەنار و ئامشۆکردن و شەوچەرەی پاییزی بوون، بەشێک لە کوڕ و کچانی هەمان خەڵک و زێد، بەڵام لە سەنگەری دێموکرات و پێشمەرگایەتی، بە هەمان نەریت ئەوانیش لە تەموتومانی تاراوگە و غوربەت، لە درێژەی شەوی خەبات و بە یادکردنەوەی ئەو بۆنە کولتوورییە کە هاوکاتە لەگەڵ شەوی لەدایکبوونی یەکێک لە مەزنە ڕێبەرانی ئازادیخوازی گەلەکەمان، واتە دوکتۆر قاسملووی کوردان؛

لە کۆڕێکی پێشمەرگانە و بە سەمایەکی ئازادیخوازانە و هەڵپەڕکێیەکی خۆماڵی کۆ بوونەوە، بە هەناسەگەرمی شکاندنی زستان و بە پشتئەستووری بە ٢٦ی سەرماوەز، وزەی ڕۆژیان پێ بوو لەگەڵ بریقەی مێهری میترائاسا! بەداخەوە هەر لەو شەودا دوو بۆمب لە کۆڕی پێشمەرگانە و کولتووریی حیزبی دێموکرات تەقێندرانەوە و لە شەوی لەدایکبوونی خۆر و ڕۆژ و قاسملوو، ڕێبوارانی هەمان سەنگەر برینێکی گەورەیان لێکەوت کە پاش ٩ ساڵ وەکوو دەنکەهەناری هەورامان هەر بە سووری ماوەتەوە!

شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات، هاوکات ئاماژەیەکە بە زامێکی دیکە لە مێژووی خەبات و خۆڕاگریی ئێمەمانان، بە هەمان شێوە ناونیشانێکە بۆ ناساندنی دەسەڵاتێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا دیکتاتۆر نییە، بەڵکوو ڕووی دیکتاتۆرەکانی لە زۆر بارەوە سپی کردووە.

کۆماری ئیسلامی، لانیکەم لە دیدی منی کورد و خەباتکارانی کوردەوە تەنیا دیکتاتۆر نییە! بەڵکوو ڕێژیمێکە بەتاڵ لە هەر چەشنە بەهایەکی مرۆیی و ئەخلاقی و حاکمیەتێکی تۆتالیتێرە کە لە بۆنە کولتوورییەکانیشدا دەتوانین شوێنپێی تیرۆر و تاوانەکانی بدۆزینەوە.

پاش تۆپبارانی ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی، نموونەی هەرە زیندووی تیرۆریستبوونی ئەو ڕێژیمە،

کارەساتی شەوی یەڵدای خوێناویی دێموکراتەکانە لە ساڵی ٢٠١٦ی زایینی، کە لەو شەوئاهەنگەدا پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە بەدوور لە باوان و بنەماڵەی خۆیان یادێکی کولتوورییان بە شەویادی لەدایکبوونی یەکێک لە ڕێبەرانی گەلی کورد، واتە قاسملووی زانا، لە سەنگەری سوورخەڵاتی ئەو ڕێبەرە شەهیدەدا بەرز ڕاگرتبوو؛ بەڵام بە تەقینەوەی بۆمب پۆلێک پێشمەرگە بە ناوەکانی عەلی قۆیتاسی، وەهاب میرخزری، ئەرسەلان عەباس‌نیا، سالار باقری و ناسر کەریمی، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی ئاسایشی کۆیە بە ناوەکانی عەدنان عەبدوڵڵا و سەنگەر سەتتار، خوێنیان سەرلەنوێ تێکەڵی ڕووباری ئازادیی کوردستان بوو.

هەر ئەم کارەساتە پێناسەیەکی ورد و مێژوویە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئەگەر لە لایەکەوە لە ڕەهەندی فەرهەنگییەوە خەریکی چەواشەکاریی مێژوویە و بۆنەکانی تۆ وەکوو نەتەوە بە ناوی خۆی تۆمار دەکا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا چاوی بە کۆڕێکی پێشمەرگانە هەڵنایە و بۆمب لە تەنیشت هەڵپەڕکێ دادەنێ و تامی هەناری شەوچلەت لێ تاڵ دەکا.

لە شەوی لەدایکبوونی میترا و دەرکەوتنی مێهر و پەرەستنی ئاناهیتاوە تا ئەو ڕۆژەی وا پێشەوای کوردان و هاوڕێیانی باسیان لە ڕۆژی نەخشێنراوی ناو ئاڵای کوردستان کردووە تا ئەمڕۆ کە یادی شەهیدانی شەوی یەڵدای خوێناویی بەرز ڕادەگرین، ئەم هەقیقەتە بە هیچ تاریکی و تاریکپەرەستییەک ناشاردرێتەوە کە چرای سەربەستی و سەربەرزیمان، چونکە ڕیشەی لە مێژووی ئەم خاک و وڵاتەدا هەیە، ناکوژرێتەوە.

به وتەی داستایۆفسکی: "زستان بۆ کەسێک ساردە کە یادگارییەکی گەرمی نەبێ".

ئێمەی کورد، بەتایبەتی خەڵکی ستەملێکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشمەرگەکانی سەنگەری خۆرەتاو، هێندەمان یادگاریی گەرم هەیە، وەکوو یاد و ناوی لەدایکبوونی ڕێبەر و شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات، کە دڵگەرمتر و بەورەتر لە جاران، بە هیوای جریوەی مەلی ئازادی، لە جەنگەڵی تاریکایی ستەمدا هەنگاومان سست نابێت و هەناومان سارد نابێتەوە.

شەوی یەڵدای ئەمساڵ، واتە شەوچلەی ٢٧٢٥ی کوردی، هاوکاتە لەگەڵ ٩٥ەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی دوکتۆر قاسملووی مەزن، کە چەندین ساڵە خەباتکارانی کورد و خەڵکی بەئەمەگ و لەسەر هەستی کوردستان، لەتەنیشت ئەو یادە کولتوورییە، یاد و ناوی ڕێبەری لێوەشاوەی کورد، شەهید عەبدولڕەحمان قاسملووش بەرز ڕادەگرن.

ئەگەر لە ئایینی مەسیحیدا شەوی یەڵدا بە شەوی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح دەستنیشان کراوە، بۆ سەوداسەرانی ئازادیی کوردستانیش جێگەی خۆیەتی ڕێز لەو ڕێبەرە ئاشتیخوازە بگرن کە بە خوێنی خۆی بەها مرۆییەکانی ئاشتی و دیالۆگ و ئازادی و دێموکراسی نەخشاند.

هەر لە تۆڕەمەی جەلادانی قاسملووکوژ، ٩ ساڵ لەمەوپێش ئاهەنگی شەوچلەی بەشێک لە کچ و کوڕانی تەرەبووی نیشتمان و سەنگەرپارێزانی دێموکرات بە دوو بۆمب تەقێندرایەوە و بەداخەوە لەو کردەوە تیرۆریستییەدا، کە هەر لە کۆماری ئیسلامی دەوەشێتەوە، پۆلێکی دیکە لە پێشمەرگەکانی ڕێبازی ئازادیی کوردستان و مەتەرێزی شەرەفی دێموکرات شەهید کران. شەوچلەی کوردیمان بوو بە شەوی یەڵدای خوێناویی دێموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەو بیرەوەرییە بەکۆمەڵە، واتە بۆنەی مێژوویی شەوی چلە، یاد و ناوی قاسملووی کوردان و شەهیدانی شەختەی ستەم و سەرفەرازانی مێژووی ڕووسووری خەبات بەرز ڕادەگرن.

**چونکە هەر لە مەکتەبی لەدایکبووی شەوی یەڵدا، قاسملووی ڕێبەر، فێربووین کە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدان بە ڕێگایانە!**

**ڕێگا و ڕێبازی شەهیدانی گەل، بە تایبەتی شەهیدانی شەوی یەڵدای خوێناویی دێموکرات، تا سەرمەنزڵی ئازادی بەردەوام.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٩ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## ئێرانێکی هەڵچنراو لەسەر لمی وەهمگەرایی (هنر نزد ایرانیان است و بس؟!)




لەمێژساڵە ناوەناوە گوێمان لە دێڕە شیعرێک دەبێت کە هەرچەندە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەیسەلمێنن لە «شاهنامە»ی ڕەسەنی فیردەوسیدا نییە و دواتر بە مەبەستی ناسیۆنالیستی خراوەتە نێو دەقەکان، بەڵام وەک دروشمێکی ناسیۆنالیزمی ئێرانیی فارستەوەر ناسراوە، کە دەڵێ: «هونەر هەر تەنیا لەلای ئێرانییەکانە!» ئەگەر بمانەوێت لێکدانەوە بۆ ئەم تێڕوانینە بکەین، دەتوانین لە دوو ڕەهەندەوە ڕاسیزمێکی کەڵەکەبوو لەنێو ئایدۆلۆژیای ناوەندگەراییدا ساغ بکەینەوە.

ئەوەی کە ئایا ئەم دێڕە چۆن دروست بووە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی جێی تێڕامانە، ئەوەیە کە لە سەدەی بیست و یەکدا هێشتاکە بەشێک لە نوخبەی سیاسی و جڤاکیی ئێران بە چاویلکەی خۆبەزلزانینێکی ناڕەوا سەیری جیهان دەکەن. پرسیارەکە ئەمەیە کە چۆناوچۆن هونەر تەنیا دەتوانێت لە قۆرخی یەک نەتەوەدا بێت؟ چۆن دەکرێت هونەر تەنیا لای ئێرانییەکان (کە مەبەست لێی مرۆڤی فارسی سەردەستە) بێت؟ یان ئەو هونەرانە کامانەن کە ئەوان تێیدا سەرکەتووترینن؟

کاتی خۆی فرووغ فەڕوخزاد، ژنە شاعیری ئێرانی، کاتێک سەردانی ئیتاڵیا دەکات و چاوی بە شکۆی تەلارسازی و نیگارکێشیی میکێلانژ و داڤینچی دەکەوێت، لە بیرەوەرییەکانیدا بە ڕاشکاوی دەنووسێت: «بە دیتنی ئەم هەموو شکۆمەندییە،

لەسەر ئەو باوەڕەم هونەر لەمێژە لێرە بە تەکامول گەیشتووە و ئەوەی ئێمە دەیکەین هونەر نییە، بەڵکو زۆرجار لاساییکردنەوەیەکی بێزارکەرانەیە! »

لە ڕەهەندێکی دیکەوە، بیردۆزانی «ئێرانشاری» بە هەوڵی کەسانێکی وەک جەواد تەباتەبایی، هەوڵیان داوە لەسەر مێژووی کۆنی شاهەنشاهی، بەرگری لە ناوەندگەراییەکی توند و خۆسەپێن بکەن. ئەم تێڕوانینە زۆرجار لەسەر "وەهمگەرایی" مێژوویی ساز کراوە نەک فەلسەفە و هونەرێکی ڕەسەن. یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەم ڕەگەزپەرستییە، دەگەڕێتەوە بۆ ١٠٠ ساڵی ڕابردوو و قۆناغی بنیاتنانی دەوڵەت - نەتەوەی نوێ لە سەردەمی پەهلەویدا. لەم ماوەیەدا، بەردی بناغەی ئێرانێک دانرا کە کۆڵەکەکانی لەسەر ئینکاری نەتەوەکانی دیکە جێگیر کرابوو. لە ڕوانگەی ئەم ئایدۆلۆژیایەوە، پێگەی سەردەست بۆ "فارسی ناوەندگەرا" بووە و نەتەوەکانی وەک کورد، عەرەب و تورک، لە ڕێگەی فەرهەنگی و سیاسییەوە هەوڵ دراوە وەک شارۆمەندی پلە دوو بناسێنرێن.

لە دیدی دەروونناسییەوە، ڕەگەزپەرستی دەتوانێت دەرەنجامی ترس و دڕدۆنگی بێت؛ ترسی شکست و لەدەستدانی باوەڕبەخۆبوون. هەر بەپێی ئەم ترسەیە کە لە سۆشیاڵ میدیا و قسە و باسی ڕۆژانەدا، بێڕێزیکردن بە نەتەوەکانی دەوروبەر (بەتایبەت عەرەب، کورد و تورک) دەبینرێت. دەسەڵاتێکی ناوەندگەرا کە زۆرجار لە هەمبەر گۆڕانکارییەکاندا هەست بە شکست دەکات، پەنا بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەکانی ژێردەستی خۆی دەبات.

بەشێکی زۆری ئەم نیگا ڕەگەزپەرستانەیە بەرامبەر نەتەوەی عەرەب، ڕیشەی لە شکستی مێژوویی ئیمپراتۆرییەتە کۆنەکاندا هەیە کە تا ئەمڕۆش لەنێو هزری ناسیۆنالیستەکاندا ماوەتەوە. مێهرداد دەروێشپوور ئاماژە بەوە دەکات شکستی مێژوویی ئێرانییەکان بەرامبەر عەرەبەکان، بووەتە هۆی دروستبوونی "هەستی سووکایەتی" کە ئێستا لە ڕێگەی بێڕێزیکردن و ڕاسیزمی پێچەوانەوە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی دەدەن.

**محەممەد بابایی، نووسەری ئێرانی، لەمبارەیەوە دەڵێت:** «١٠٠ ساڵ لەمەوبەر زۆر کەس ناوی کوروشی هەخامەنیشییان نەبیستبوو، بەڵام ئێستا وەک کەرەستەیەکی سیاسی بەکاردێت. کاتێک دەگوترێت مافی نەتەوەکان خوێندنە بە زمانی دایک و لە بەرامبەردا دەگوترێت ئەمە دەبێتە هۆی دابەشبوونی وڵات، ئەمە نیشانەی ئەو ڕەگەزپەرستییە سیستماتیکەیە کە لەنێو جومگەکانی بڕیارداندا هەیە».

ئەم ڕەوتە لە پاش هاتنی کۆماری ئیسلامیش، بە شێوازێکی دیکە و لەژێر ناوی "سەردەستیی مەزهەبی" بەردەوام بوو. خاڵی

## بەشی دووهەم

هاوبەشی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لەم ١٠٠ ساڵەدا، دژایەتیکردنی فرەیی نەتەوەیی و پەرەپێدانی هەڵاواردن بووە. وەک سادق زیباکەلام دەڵێ: «ئێمەی ئێرانی ڕەگەزپەرستین و ئەم ڕەگەزپەرستییەمان ڕیشەی لە نزمیی ئاستی فەرهەنگیماندا هەیە»؛ کەواتە ئەم دۆخە بەرهەمی شێوازی پەروەردەی سیستمێکە کە لەسەر ئینکاری "ئەوی دیکە" بونیاد نراوە.

بەپێی توێژینەوەی هەندێک لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، ئێران لە ڕیزی ئەو وڵاتانەدایە کە ئاستی ڕەگەزپەرستی تێیاندا بەرزە، لە کاتێکدا وڵاتانی وەک سوید و ئاڵمان لە خوارەوەی ئەو لیستەن.

جێی سەرنجە کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کاتی خۆی ئیلهامی لە ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی و حیزبی نازی وەرگرتبوو، کەچی ئێستا ئاڵمان ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە و ئێران هێشتا تێیدا چەقیوە. ئەمە بەرهەمی دوو دەسەڵاتی ناوەندگەرا (پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی)یە، کە بوونە هۆی دارمانی "کەرامەتی مرۆیی" و ئەخلاقی جڤاکی، وەک ئەوەی "ڕۆناڵد دوورکین" پێداگری لەسەر دەکات.

**ڕەگەزپەرستی لەم چوارچێوەیەدا، ڕاستەوڕاست پەیوەندیی بە مەزنخوازییەکی شکستخواردووی حکوومەتە ناوەندییەکانەوە هەیە. بۆیە پێویستە ڕووناکبیرانی کورد و نەتەوەکانی دیکە، سنووری خۆیان لە هەر چەشنە تێڕوانینێکی هاوشێوەی خۆبەزلزانانە بپارێزن و بەرگری لە بەها مرۆییە گشتگیرەکان بکەن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## لە "ڕەشید یاسەمی"یەوە تا "ئێحسان هووشمەند" (دیدێکی ژاندارمی ناوەندگەرا، لە جلکی توێژەردا)



لەم ڕۆژانەدا دیبەیتێکی ئێحسان هووشمەند بڵاو بووەتەوە کە شێوەی قسەکانی وەبیرخەرەوەی تاقمێک توێژەری بە ڕەگەز کوردن کە لە خزمەتی گوتاری فەرمی/ناوەندگەرادان و لە جلکی نووسەر و شرۆڤەکاردا بە دژی شوناسخوازیی نەتەوەیی دەوەستنەوە.

ئەم ڕەوتە هەر لە دەستپێکی شکلگرتنی دەوڵەت - نەتەوەی دامەزراو لەسەر زمان و کولتووری سەردەستی فارس لە ئێران سەری هەڵدا، کە بەرچاوترینیان "ڕەشید یاسەمی"یە کە تێدەکۆشا بە مەبەستی بەهێزکردنی شوناسی ناوەندگەرا، شوناسی نەتەوەیی گەلانی غەیرەفارس، بەتایبەتی گەلی کورد لاواز و تەنانەت ئینکار بکات و، بۆ ئەم مەبەستەش لە وەهمگەراییەوە تا چەواشەکاری و ساختەکاریی مێژوویی هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە "کوردی ڕەسەنی ئێرانی"مان هەیە کە سنوورپارێزانی شوناس و کیانی پارسن.

کە نموونە بەرچاوەکەی حەوتووی ڕابردوو سەرلەنوێ کەوتە ئاخاڤتن و دەریخست قسەکانی پێش ئەوەی لەسەر بنەمایەکی زانستی داڕێژرابن، زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەو دیدگا سیاسی و ئەمنییانەن کە لە ناوەندەکانی بڕیاردان لە تاران گەڵاڵە دەکرێن. هەتا ئەو کاتەی ڕوانگەی ناوەندگەرایی ئێرانی بەسەر فەزای سیاسیی ئەو وڵاتەدا زاڵ بێت، بیستنی ئەم دەنگانە وەک بەشێک لە گوتاری زاڵ بەردەوام دەبێت؛ ئەمەش نیشانەی قووڵیی ئەو عەقڵییەتەیە کە نایەوێت دان بە ڕاستییە

سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بنێت.

ئێحسان هووشمەند، "ئێراننــاس و ئەنـدامی حیزبـی مەهسـتان" کە خـۆی بە کـوردی گەڕووسیی بیجـاڕ دەزانێت! بەڵام کـۆی دەرکەوتن و نووسینەکانی پاساوهێنانەوەیە بۆ ئێرانی باستان و کەتمانکردنی شوناسی نەتەوەیی گەلانی غەیرەفارس و لە تـازەترین دەرکەوتنیدا زۆر بە مەبەست و ئامانجدار دیسان قەوانە کۆنەکەی ئێرانشارییەکانی لێ دایەوە کە هەر چەشنە پەرەپێدان بە زمانی غەیرەفارسی، دەبێتە هۆی لێکترازان و هەڵتەکاندنی وڵاتی ئێران.

بە زمانی سادەتر ڕایگەیاند: مافی میلیی گەلان، بەتایبەتی زمان و شوناسی کوردی، مەترسییە بۆ سەر یەکپارچەیی ئێران و شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆیی لێ دەکەوێتەوە.

پێش ئێحسان هووشمەند و هاوبیرەکانی، هەر لە سەروبەندی پەهلەویی یەکەم و دامەزراندنی ئێرانی نوێ بە فەرمانی وەزارەتی فەرهەنگی ئەوکات لە ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی، نووسەر و مێژووناسێکی بە ڕەچەڵەک کورد بە ناوی ڕەشید یاسەمی، بە نووسینی کتێبی "کورد و پێوەندیی نەژادییەکەی"، ستارتی پرۆژەیەکی حکوومەتیی بۆ تواندنەوەی کورد لە نەتەوەی سەردەستی فارسدا لێ دا. ئەو پشتی لە "تەمموورەی میلکان" کرد و لە کاتی قسەکردن لەسەر حافزی شیرازی لە شاری تاران لە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی دڵی ڕاوەستا.

مەبەست لەو کتێبە ئەوە بوو کە بڵێت کورد نەک تەنیا لە باری نەژادییەوە گەلێکی جیا نین و هاوخوێن و هاوڕیشەی فارسەکانن، بەڵکوو هۆزێک لە هۆزەکانی پارسیی ئێرانە، زمان و کولتوورەکەشی لقێکی دیکەیە لە زمانی فارسی.

کەواتە هەموو ئەو ناوچانەش وا کورد تێیدا دەژی، خاکی ئێرانە و دەستەواژەی "ناوچە کوردنشینەکان" لەو کاتەوە بە مەبەستی ئینکاری "کوردستان" وەکوو نیشتمانێکی جیاواز هاتە ئاراوە و ئێستاشی لەگەڵ بێت لە زاری پانئێرانیستەکان و کەسانی ناشارەزاوە گوێمان لێ دەبێت.

ئەو کتێبە بەجۆرێک ڕاسپاردەی دامودەزگاکانی سەردەمی ڕەزاخان بوو کە زەینیەتی ئارییاییتەوەری و فارسمێحوەری لە کۆی ئێراندا جێ بخات. هەر بۆ ئەو مەبەستەش ناوەندی ڕۆشنبیریی حکوومەتی ئەوکات (ڕەزا شا) لەسەر بنەمای خواستێکی بەهێز و پڕ لە نهێنی، ڕەشید یاسەمییان ڕاسپارد بۆ کۆکردنەوەی مێژوو و دیاریکردنی بنەچەی ڕەگەزی و سەلماندنی ئێرانیبوونی گەلی کورد.


سەرچاوە
Serchawe

هەر بۆیە هەر چەشنە لادان لەو بیرۆکەیە لەو کاتەوە تا ئێستا بە تەجزیەتەڵەبی و تێکدانی وڵات ناوەزەد کراوە.
کەواتە بابەتی "تەجزیەتەڵەبی" پێش ئەوەی پرسی گەلانی غەیرەفارس بێت، بیانوویەکی ئەمنیی بووە بۆ سەرکوتکردنی هەر چەشنە جیابیری و مافخوازیی نەتەوەکانی دیکە.

دوای تێپەڕبوونی نزیک بە ٩٠ ساڵ بەسەر هەوڵەکانی ڕەشید یاسەمیی ئاسیمیلەبووی نێو خەونی ئێرانشاری، کە ئەم "ئاوە لەو ڕژاوە"وە، تا ئەمڕۆ کە ئێحسان هووشمەند تەنانەت بە تەوسەوە بە هەرێمی کوردستان دەڵێت "شومالی عێراق" و زمانی کوردی بە مەترسی بۆ شکۆی وڵاتی ئێران دەزانێت، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە کەتمان و ئینکاری نەتەوەیی ئێمە تەنیا بە هێزی سەربازی و ئەنفال و قەڵاچۆکردن و پشتبەستن بە فیتوای ئایەتوڵڵاکان نەبووە، بەڵکوو دەیان ناوەندی توێژینەوە خەریکی بەرهەمهێنانی کەسانی هاوبیری ئێحسان هووشمەندەکانن، کە لە بەرگی نووسەر و پسپۆڕدا بۆ شەڕگەی سەروەریی نیشتمانیمان تەیاریان دەکەن.

لەو دیبەیتەدا لەژێر ناوی "تریبۆنی ئازاد" هەموو هەوڵی ئەوەیە کە بڵێت ئەو زمانە کوردییەی وا ئێستاکە زۆرینەی نووسەران و ئاخێوەرانی وێژە و ئەدەبی کوردی لەسەری کۆکن، پلانی سیاسیی دژبەرانی ئێرانە و جێی مەترسییە. ئێحسان هووشمەند بێ ئەوەی لە بواری زمانناسییەوە شارەزایی لەسەر "زار و بنزار و زمان" هەبێت، دەربڕینەکانی دەرخەری هەمان ئەو دیدگا ئەمنییانەن کە ڕێژیم سالگارێکە بۆ قەڵش و بۆشایی خستنە نێو ماڵی کورد بە شێوازی فەرهەنگی، هەوڵی بۆ دەدات و ناوەند و ئاکادیمیای بۆ ساز دەکات.
لەم چوارچێوەیەدا، پرۆژەی ناوەند بۆ "پەرەپێدانی زارە ناوچەییەکان"، نەک وەک هەوڵێک بۆ پاراستنی فرەچەشنیی زمانەوانی، بەڵکوو وەک ئامرازێک بۆ دژایەتیکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی بەکار دەهێنرێت. ئەم میکانیزمە، کە لە ڕێگەی هاندانی هەندێک کەسی قەڵەمبەدەستی بێئاگا لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان یان لایەنی فریوخواردوو جێبەجێ دەکرێت، ئامانجی سەرەکیی ڕێگریکردنە لە پرۆسەی جێگیربوونی زمانی ستانداردی کوردی. نەیاران بە باشی دەرکیان بەوە کردووە کە زمان شادەماری نەتەوەیە؛ بۆیە یەکگرتوویی شوناسی زمانی بە مەترسییەکی جیدی بۆ سەر عەقڵییەتی ناوەندگەرایانە و خۆسەپێنیی نادێموکراتیکی خۆیان دەبینن و هەوڵی پەکخستنی دەدەن.

**ئێحسان هووشمەند لە بەشێک لە قسەکانیدا بۆ کەمبایەخ نیشاندانی زمانی فەرمیی کوردی دەڵێت:** ئەو زمانەی وا زۆرینەی چاپەمەنیی کوردی پێ دەنووسرێت "زمانێکی مردووە و" خەڵکی کورد پێشوازی لە زارە ناوچەییەکان دەکەن و بۆ سەلماندنی قسەکانیشی بە سەقەتی نموونەیەک باس دەکات. سەیر ئەوەیە هەر بەپێی داتاکانی ئێران دوای زمانی فارسی،

بەشی دووهەم

ئەمە زمانی کوردییە زۆرترین کتێب و بەرهەمی لێ بڵاو دەبێتەوە! کەواتە ئەمە چ جۆر مردنێکە؟ کە زۆرترین نیشانەی زیندووبوونی گەلێکی پێوە دیارە.
پێویستە بگوترێت ئەوەی کە کوردستانی ئێمە لە باری زار و بنزار و ئایینەوە فرەچەشنە جێی نکۆڵی نییە و ئەوە سەیرە کە ئێحسان هووشمەندی توێژەر، کە بە وتەی خۆی بە وردی و زانستی سەرنجی پرسەکانی کوردستان دەدات، هێشتا نازانێت وشیاریی ئێستای خەڵک لەمێژە وەپێش چەقبەستوویی ناوەندگەراکان کەوتووە و ئەگەریش ناوەناوە بە هاندانی دەزگا ئەمنییەکان یان لە ڕووی نائاگاهی هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە جیاوازیی زمانی و کولتووری کوردەکان بە مەبەستی تێکدەرانە باس دەکرێن، نەیانتوانیوە شان لە شانی باڵاکردنی گەشەی ناسیۆنالیزمی زمانی و شوناسی کوردی بدەن.

چونکە بەشێکی هەرە زۆر لە ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە کە ئێحسان هووشمەندەکان بە ئاژاوە پێناسەی دەکەن، بەو زمانە نووسراوە و وا ئەمڕۆکە بە زمانی ستانداردی کوردی خەریکە جێگەی خۆی دەکاتەوە.
هەوڵی ئێحسان هووشمەندەکان ئەوەیە کە بڵێن "زاری کوردی و وردەکولتووری کوردی هەیە" کە هەر چەشنە گەشەی ئەمانە دەبێتە هۆی ئاژاوەی نێوخۆیی و زیان گەیاندن بە "تەمامیەتی ئەرزیی وڵات!"

ئەمە تەنیا دیدێکی ئەمنییەتییە و بەتاڵ و دوورە لە هەر چەشنە زانین و زانستێکی زمانەوانی و فەرهەنگی. چونکە هەر ئێستاکە لە بیجاڕی کوردستان کە ئێحسان هووشمەندیش لەوێ لەدایک بووە، ویستێکی بەربڵاوی شوناسخوازیی کوردی لە گەشەدایە و چالاکانی ئەدەبی و فەرهەنگیی ئەو ناوچە گرینگە، جیاوازیی زار و ئایینیان نەکردووەتە سنووری نێوان خۆیان و هاونیشتمانیانی ناوچەکانی دیکە، بەڵکوو لەسەر خوێنی "کوردبوون" سوورن و بەرەو لووتکەی سەروەریی نەتەوەیی لە هەڵکشاندان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی بەفرانباری ٢٧٢٥

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٤ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٥ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ عەلی لەیلاخ  بۆ نووسین و ئامادەکردنی  دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**